٩
ڕۆمان



# عەنکاوە
# هەولێر


شێرزاد هەینی

# هەولێر ـ عەنكاوە

بەرگی نۆیەم

شێرزاد هەینی

ڕۆمان / ستۆکهۆڵم / ٢٠١٧




بەرگی ئەم ڕۆمانە بە یارمەتی (          ) چاپ کراوە.




**کتێب:** هەولێر ـ عەنکاوە

**بابەت:** ڕۆمان

**نووسینی:** شێرزاد هەینی

**بەرگ:** نۆیەم

**تایپ:** نووسەر/ ستۆکهۆڵم ٢٠١٧

**دیزاینی بەرگ:** هێمن حوسێنی

**هاوکارو دیزاین:** شۆڕش غەفووری

**ژمارەی سپاردن:** ژمارە (١٤٢)ی ساڵی ٢٠١٨ی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکانی پێدراوە.

**پۆرترێت:** پاستیلی سۆفت/ تارا خەلیل

**تیراژ:** ١٠٠٠ دانە

**چاپخانە:**

## سوپاس بۆ هاوسۆز و هاوکارانم:

سەباح پالاندێر «برای شەهید سۆران»، ساڵح هەولێری «هاوڕێی شەهید سۆران»، مامۆستا نەجیب بۆیا عەزوز، مامۆستا عیسا. جەعفەر خەیات، خالید هەرکی، هێرش سنجاوی، سازان یاسین، جەنگی حوسێن هەلاج، دکتۆر فەرهاد جەلیل خەیات، عەبدولرەحمان سادق بندیان، سروەی هاوسەرم، ئەمیر سەلاحەدین عومەر، وەستا حوسێن ساڵح، حوسێن رەسوڵ سەرگەڕانی، هونەرمەند عەلی ئەحمەد، هونەرمەند سیروان عوسمان، وریا قادر جەمسی، یوسف عوسمان کرمانج، مەستەفا کاکەرەش.

## ژنە نووسەری جەزائیری دکتۆر ڕەبیعە جەلتەیی

شــاری وەهــران ســەیر و نامۆیە، ئــەوەی بێتە ناو وەهران زوو دەبێتــە وەهرانی، لە کۆتایی نۆهەدەکان زۆرتر لە «حەفتا و شــەش» ڕەگەز و میللەتی هەمەڕەنگی تێدا دەژیا .

## با رۆمانی هەولێر بۆ هەولێر بەردەوام بێت:

وتەیەکــی ئینگلیــزی هەیە دەڵێ: (هیچ شــتێک بــێ ماندوبون نایەتــەدی، هەژاری نەبێــت!)، منیش دەڵێم هەموو نوســەرێک بەهۆی ماندوبونەوە هەژارن، ئێشــدەکەن بــەڵام چاویان لە داهاتی ئیشــەکەیان نییە. ســامانی نووســەران تــا کۆنتر دەبێت، زیاتر موڵکیەتی دەچەســپێت. نوســەر بەهۆی هەستی ناســکیەوە لەگەڵ ئازارەکانی میللەتەکەیدا دەژیت.

رۆمانی «هەولێر ــ عەنکاوە» لە نوســینی کاک شــێرزاد هەینی، کە لەبەردەســتی تــۆی بەرێزدایــە، تیچاوێکــی ئــەم مەبەســتەم دەگرێتەوە، ئــەم رۆمانــە بەتامێکی تایبەتی نوســراوە، هەســت و ســەلیقەیەکی کۆن و نوێی ئاوێتەکردووە. نەوەی نوێ لە رووداوەکان و وردەکاری ژیانی بەســەرچو، ئاگادارکردۆتەوە. ئەو گەڵێک رووداوی لەبیرکــراو، یــا بەهەند وەرنەگیــراو لە روانگەی بێوەفاییەوە بــە دۆکۆمێنتی کردون. ئەمەش نیشــانەی هوشیاری و خەمخۆریەتی.

بــۆ ئــەو کەســانەی لەتەمەنی نوســەردا دەژین، خوێندنەوەی ئەم شــاکارەی تام و چێژێکی تایبەتی هەیە ، وێرای ئەوەی گیانی بەرخودانی کەســانێک زیندو رادەگرێ، ئاشنات دەکات بە روداوەکانی رۆژانی سەختی رابردوو و ئەزمونی نەوەی رابردوشت نیشاندەدا و پێیاندەڵێت:

باوکوباپیرانــت بەم شــێوە ژیاوین، کەشــتیەکەیان بەم جــۆرە و بەم ئێش و ئازارانە بەئێــرە گەیانــدوە. بۆیــەش دەڵێم، لە نووســینەوەی ئەم رۆمانە نوســەر، نەک دوو چۆلەکــە بەڵکو پۆلێک چۆلەکەی پێکاوە.

لــە نویســنی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی مێژویی، سیاســی، ئابــوری یان کۆمەڵایەتی،

نوسەر پابەندی چەند رێنماو زانیارییەکە، دەست و قەلەم و هزری سنوردارن، خۆ لە وەرگێران دەست و پێکانت هەر بەتەواوەتی دەبەسترێن، هزریشت لێ سەندراوەتەوە، بەڵام خۆشبەختانە لە بەهرەی رۆمان نوسینا، بەئازادی دەست بۆ پرس و بابەتەکان دەبەیت، پەنجە دەخەیتە سەر زام و کێشەو پرسە ئالۆزەکان، نەریتە نەگونجاوەکان پەلکێش دەکەیت و بەدیدی تایبەتی خۆت چارەسەریان بۆ دەدۆزیتەوە. بەهەرحاڵ، تام و چێژی ئەم رۆمانە بۆ من، فرەرەهەند بو، چونکە من لە سەردەمی ئەو روداوانە ژیاوم، ناسیاویم لەگەل کاراکتەرەکانیدا هەیە، لەگەڵ روداوەکان، لەگەڵ ئازارو زامەکانی کاتم بەسەربردوە، بەحەسرەتی و داخ و کەسەرەوە بەترس و لەرز و بەهەنسکی ساردەوە، بەشێک بونە لە خەونەکانی منداڵیم.

دڵنیام ئەوانەی خولیای خوێندنەوەن، بەتایبەت رۆمان و بەسەرهاتەکان، لەوانەش بەرهەمەکانی نوسەری پایەبەرز کاک شێرزاد هەینی، لەم بەرهەمە چێژێکی تایبەتی وەردەگرن، سودێکی تاک وێنە بەدەست دێنن، خۆ ئەگەر کەمێکیش زانیاریی لەسەر روداوەکان بزانن، پێموایە ئەوانیش دو ئامانج دەپێکن.

بە وتەیەکی نەستەقی ئەڵمانییەکان کۆتایی بە نوسینەکەم دەهێنم:

(جەستە بە وەرزش و خواردن گەشە دەکات، ئەقلیش بە خوێندنەوەو بیرکردنەوە).

**خالید هەرکی**

**٢٠١٧/١١/١٧ ڤێلپ ـ هۆلەندا**

# هەولێر ـ عەنكاوە

به تفەنگ و دەســت و چالاکی هاوڕێیە خائینەکەی، لەکردەوەیەکی ناپاکدا ســۆران مەســیحی شــەهید دەکرێت. ئەگەرنا، ئەو لــەرۆژی یەکەمی راپەڕیــن، بەیانییەکەی زوو دەگەیشــتە ناوشــار. ئەو دوور نەبوو، تفەنگی پێبوو، بەردەوام چەکداریش بوو. هەموو دەزگاکانیش شــارەزا بوو، چونکە زۆر لەناوشار دەمایەوە، زۆر گەڕەک و ماڵ و شوێنیدەناســی و دەزانی، بەســواری ئۆتۆمبێل و ماتۆر و پاســکیل و بەپیادەیی شارەکەی باش و زۆرجار پشکنیبوو.

ئــەو ئازایانــە دەگەڕایەوە ناو عەنــکاوە، بۆنی نێرگزی دایکی دەکــرد. ئەویش لەوێ چاوەڕوانی دەکرد. بەڵام ئەو بەدەستی خیانەت، بۆ سەد دینار و تفەنگێکی جاشانە دەکوژرێت.ئەگەرنــا ئــەو، بەکەمیــن و دوورەتەقە و پەلامــاردان و لوغم نەدەکوژرا، دەمایەوە و دەگەیشتەوە عەنکاوە. زیندوو و سەرکەش دەگەڕایەوە. ئەگەرنا،بەیەکەوە لەنــاو عەنــکاوە، لــە شــەوێکی هاوینــەی فێنکدا دادەنیشــتین، ســەربردەی رۆژانی پێشــمەرگایەتی بــۆ دەگێڕامەوە، نووســینەکەی دەوڵەمەندتر دەکردم. ســەربردە و نەبەردییەکانی ئەویش زۆر ون نەدەبوون:

پیاوێکی نەرم، گەرم و لێزان لە هەڤپەیڤین و بیرەوەری و خۆراگری رۆژە سەختەکان، گوتی:

تەنەکەیــەک نامــەم هەیە،»نامــە بــە تەنەکە« دڵنیــام نامەی سۆرانیشــی تێدایە، نامــەکان: زۆر بــوون. بەداخــەوە، هەمووم دەســتنەکەوتنەوە، لەگەرمــەی ئەنفاڵ و شــەڕی قوورســدا، لەودەمانــە چەک و بەرگــری دەگاتە ناو کونەکۆتــر و دوند و ناو دەوەنی بەرهەتاو وکەلاوەی گوندەکان،لەترسە گەورەکە، من هەموو نامەکانم، نامەی ســۆران مەسیحیشــی تێــدا بــوو، لەنــاو نایلــۆن و پــەڕۆ و دەســتوپەنجە و خەم و

تــرس و نائومێــدی لوولــدەدەم، هەموویان بەیەکــەوە لەنــاو تەنەکەیەکیان دەکەم، بەختیاربووم لەو شاخەدا، لەو شەڕە گەرمەدا، لەو ئابلۆقەیە تەسکەدا، تەنەکەیەکی بەتاڵم دەســتکەوت. تەنەکەکەم لەبناری شــاخێک، لەبن بەردەڵانێکی رک، سێبەر و هەزاربەهەزارا شــاردەوە، خســتمە ژێر خۆڵ و رەگ و دڵنیایی و هیوایەکی پرشــنگ، دوو بــرادەرم لێ ئاگادارکردووە، بەر لەوەی برۆیــن، دووربکەوینەوە، جارێکی تریش ئاورێکم دایەوە، سەیری دوندەکانم کرد، دەستم لە بەژن و قەدی دارەکاندا، بەردەکانم ماچکرد، نەرم نەرم پێیەکانم لەســەر خۆڵەکەش دانا و رۆیشــتم! دوای شەش ساڵ، تیگەیشــتم بــەرد و خــۆڵ و بیــرەوەری و دەوەنیش بزاڤیان هەیــە و دەجوولێنەوە، بۆیە زوو تەنەکە نامەکەم نەدۆزیەوە، بەڵام پاشــان بەشــپرزەیی بەشێک لە نامەکانم ســەرهەڵدەدەن! دەگەنەوە دەســتم، بەڵام هێشــتا تاس و خورپە و ســەرقاڵییەکان بــواری نەداوم، یەک یەک نامــەکان بکەمەوە، دێرەکان بخوێنمەوە، بۆیە نازانم چەند نامەی ســۆرانم هەیە، چی نووســیوە: نامەکانی هەموو پیاوەتی و شەڕ و نەبەردی و سڵاو و هەواڵن.

***

لەبەر ئەوەی ســۆران شــەهید دەبێــت، زۆر لە نەبەردییەکانی نانووســرێتەوە، لەدوا رۆژەکانــی خەبات و چالاکییەکانی خوێنی دەرژێت، خێزانەکەشــی دەگیرێن و قرپیان دەکەن.

پاش راپەڕین، کە بەرەی کوردستانی، حزبەکان دەسەڵات، گومرگیان دەکەوێتەدەست و پارەیــان دەبێــت! حزبەکەیئــەو، بەر لە شــەڕی ناوخــۆ، لە دەروازەی شــارەکە، بەرامبــەر خاچەکەی لەســەر کڵێســاکە بەرزکراوەتەوە، دیواربەندێکــی بیرەوەریی و شــانازی بۆ دروســتدەکەن، تێدا: وێنەی ئەو، بەسمێڵی رەشەوە، بەچاوی جوانەوە، بەجلــی خاکی بەکەتافیە و قژە نەرمەکەی، بڵند و رووناک دەنەخشــێنن و دادەنێن. دواییش، لەگەڵ رســواییەکانی شــەڕی ناوخۆ، کە ئەو هەرگیز تەقەی تێدا نەکردبوو، دیواربەند و وێنەکەی هەڵدەگرن.

ئەگەرچــی نێرگــزی دایک و مام پۆلســی باوکــی، پیاوەکەی نیوەی تەمەنی بەســەر دارتێلــی عامــوودی تەلەفۆنەکانــی هەولێــرەوە بــووە، هەردووکیان لــەوێ نەبوون، خۆیان بە دیواربەندەکەوەبگرن. عەنکاوەییەکان دەترســن و قســە ناکەن، لەودەمانە

مەترانیـــش لـــە دەرەوەی وڵات بوو، شـــەویش بوو، لەوێ دووبارە ســـۆران بەغەدر و ناحەقی شەهید دەکەنەوە!

❊❊❊

چیتر بەرگە ناگرم نەنووسم، تەواو، ئەوە بوو بە چەند مانگێک، نازانم چەند مانگە! ئـــای کـــە مانـــگ، مانگی دەمژمێـــر، نەک مانـــگ و هەیڤەکەی ئاســـمان. مانگ ڕۆژ و شەوەکانی درێژن و تەواو نابن! دەمەوێ بەرنامە و سۆز و ڕازی پەیامەکەم و هەولێر بنووســـمەوە. ناکرێ، دەبێ تەواوی بکەم، ســـەرەتا و کۆتایی دۆخەکان وەک یەکە! خاڵی وەستان و پشوودان ناوەڕاستی نییە، بوەستیت و نەنووسیت، ئەوەیان دەبێتە کۆتایی. بۆیە دەبێ نەوەســـتم و چاوەڕوان نەبم.
بۆ تەواوکردنی بەرنامەکەم کاری زۆرم کردووە، ڕامانی زۆرم گەڵاڵەیە، تا ئەو ساتەی بڕیاردەدەم، ئیتر بەســـە دەبێ بنووســـم. ماوەیەکە دوورکەوتومەتەوە. نانووســـم یان دەســـتم بە نووسینەکە نەکردووە، بیردەکەمەوە. کەسەکان دەهێنم و قسەیان لەگەڵ دەکەم، میوانداریان دەکەم، سەردانیان دەکەم، دەچم چایەک، یان قاوەیەکی تاڵیان لەگەڵ دەخۆمەوە، بۆ ئەوەی قســـەی شـــیرین و دیمانەی دوورودرێژ هاوشان بکەین!

❊❊❊

دیمانەکانم بۆ ئەو بەرگە، بەس لەناوشاری هەولێر نەبوو. ڕازەکەم دەچێتە عەنکاوە، خەمێکـــی گـــەورەی تری مەســـیح دەدۆزێتەوە. بۆیـــەش کەســـایەتی و ڕووداوەکانی ئـــەو چیرۆکـــە، تەنیا لە کافتریایەکی نهۆمی ســـەرەوەی شـــەقامی ئیســـکان نەبوو و بـــەس. لـــەوێ، نزیک هەواری پەیکەرە ســـپییەکە. گەنجەکەی لە ســـەرەتای ڕاپەڕین بەکامیرایەکەوە هاتبوو، لێرەش وا بووە بەبەرد، بەردێکی سپی. بەردەکە شێلگێرانە، دەســـت لـــە کامیراکـــەی بەرنـــادات و بەرنادات، تونـــدی گرتووە، توند لەناو کۆشـــی گرتـــووە. گەنجـــە زراڤە تولاژەکـــەی پەیکەری بۆ دانراوە. لەناو هەولێر، بەدڵســـۆزی چەند کەسێک و دایکی، لە شەقامێکی سەرەکی پەیکەری بۆ دانراوە، بەڵام لە هەموو شـــار و باخەکانی بەهەشت و جەهەنەمیش مەزار و گۆڕیشی نییە.
لەوێ تەنیشـــت نەمامفرۆشـــەکە. جووتیارەکانی زوو ئەو شەقامەیان چاند و شینکرد.

بەرەزامەندی شـارەوانی، بە کۆنتراکت و پارەی سـاڵانە پارچە زەوییە لاکێشەکەیان کێڵا و چاند: گوڵ و نەمام و لاولاو و گوڵەسـەعات و چیمەن و رەیحان و نازنازیان، لەسـەر شـەقامەکە دانا و ئاویاندا و شـوێنەکەیان کردە هێلانەی: شەونم و سێبەر و رەنگ و بۆنیش.

لەبەرامبەر شـوقەکانی ئیسـکان، شـوقە بەردەکانی هەموو: توێژ و ئاکار و زمان و تیـرە و تەمەن و رەچەڵەکی کۆکردبووەوە ـــ پێش ئەوەی برووخێندرێن، تەختبکرێن و ببەنـە ئاپارتمانـە بەرزەکانی ئیسـکانی نـوێ ـــ بەرامبەر خانـووە نەوییەکانی ـــ سـەرەتای شۆرشـی گەلاوێـژی ١٩٥٨ و دامەزراندنـی کۆمـاری، خانـووە بچووک و گەرمـەکان، دیـاری دەوڵەت و سیسـتەمی کۆمـاری و «زەعیم» بـوون بۆ خەڵکی شارەکە.

باخچە و زەوییە لاکێشـەکەی بوو بە گوڵزار، لەوێ ئێواران بۆن و رەنگ و سـێبەر و لەریـن، بەیانییانیش خوناویان دەبەخشـی. نزیک لەو باخچـە پانە گوڵزارە. بۆ ئەو دیمانەیە دەچینە کافتریاکە، لەگۆشەیەک، تێدا فەتولەییەکانی باڵی نەرم و گەورەیان هەبـوو، شـانیان کرابووەوە، دیارە نـەرم و رەنگینیش بـوون. هەوارەکە،دەیڕوانییە شەقامە قەرەباڵغەکەی ژێرەوەیان.

❋❋❋

هێشـتا نەگەیشـتوومەتە عەنکاوە. بڕیارە چەندان شـەو لەوێ بم، ئەگەرچی سۆران نەمـاوە و کەسـیش لە خێزانەکەی لەوێ بـوون و دەنگیان نییە، چونکە زوو، لەگەڵ نەمانـی دەنگی تەقـە و ترپەی پێیەکانی ئـەو، خێزانەکەیان قڕدەکـەن، هەموویان بـەدزی دەکـوژن و فڕێیـان دەدەنـە نـاو بیرێکی لاچەپـی گوندێکـی دووریش، ناو عەرەبان.

لـە گۆشـە و هەوارەکانـی کافتریاکـە دوو دڵدار، دوو دەسـتی گڕگرتووی عیشـق، بـەر لەتەواوکردنی رازەکان. یەکێکیانئەڤینی بەر لـە جیابوونەوەی خۆیدەگێڕایەوە، دووکەڵـی سـووتانی دڵـی پەخشـاندەکرد. بە راز و نیگاوە سـەیرێکی دانیشـتن و هەڤپەیڤینەکەم دەکرد، دەمزانی کیژە باریکە چاو گەشـەکە، لێوەکانیشـی جوانی و خۆشـییەکی تایبەتییان پێوە بوو، بەدەستەخوشکەکەی دەگوت:

«هەرگیز نەمدەزانی ئەو کوڕەی شـێتی سـینگی بووم، وا بەئاسانی دەڕوات! بلۆکم

دەکات. ڕۆیشت و هیچ سەدا و ناو و دەنگی نەما، لەو شارە گەورەیە، چۆن دەنگی دەبێت، ڕەنگی دەبینرێت، ئەگەر ئەو نەخوازێت! بە تۆ دەڵێم، وایە! یان نا! درۆش ناکەم ئێستاش بیری دەکەم، زۆریش خۆشمدەوێت. ناکرێ مێینە، ژن _کیژێکی تینووی وەک من، خۆم دەزانم چەند حەزم لێیە_ جەستە و دەستوپەنجە و لێوەکانی بێ پیاو بێت. پیاو، دەزانی چ دەڵێم، بتوانێت بژیت و هەناسە بدات».

بە چرپەیەکی ناسک، لێوەکانی وەک بولبول جریوەیان دەهات و گوێم لێی دەبوو، دەیگوت:

ئەو بە منی دەگوت:

«تۆ بخەوە، من بێدار و خەفەری بسک و مەمکت دەبم! شەوانە ماچێکت دەکەم، دڵنیام تەمەنم درێژتر دەبێت. دەچم دیواری چینیت بۆ دەهێنم ئەگەر ماچت بکەم _بەگاڵتەوە ئەرێ وڵاتی چین چەند دوورە_! شەیدای رووتی تۆمە، واباشە مەمکت ببێتە منارەی کەشتی شەوانەی من و شەپۆلی هەستم! دڵت ناشکێنم، بەڵام حەزدەکەم، پەرۆشم گۆزە و فنجانەی مەمکت بشکێنم! وەرە شیرین بە و قاوەی تاڵم شیرین بکە. ئەو گەرم بوو، منی دەسووتاند، نەرم بوو، دەستم دەبوو بە جۆگەی ئاو. بەڵام ئەو لەناکاو ڕۆیشت و بلۆکی کردم».

_ چیت کردبوو، بۆ بلۆکی کردی، پەرۆش و هۆگری نەبووی!؟

_ هیچ، بۆیە وا سووتاوم! زۆریش، شەوانە بە کامیراکەم سەرم بەسەر سینە پان و بەمووەکەی دەکرد. ئەویش پەنجە ئەسمەرە چەورە قەڵەمییەکەی لەسەر پیانووی جەستەم دەگێڕا. منیش پێمدەگوت جەستەت گەرمە، ئەگەرچی پەنجەشم پێی نەکەوتبوو، لەکێ ببینم، چۆن بڕۆم، دەترسام لەیەکەم دیمانە، بەو تەنیاییە، لەدیار پەنجەرەیەک، یەکتری تەواو بکەین!

_ ئێستا چ دەکەیت؟! «کچەکە پەرۆشە زۆرتر قسەی بۆ بکات».

_ لەورۆژانە، یەکێکی بەتەمەن، ناو و دەنگێکی ئارام، بەڵام نەوسن، وریام دۆزیوەتەوە، ئەو و منیش گومان لەوە ناکەین، هیچ بکەین، ئەگەرچی ئەوەی لەگەڵ کورەکە کردم، هیچ نەبوو، کەم بوو، جاروبار بوو، بەڵام ئەو پیاوە لێزانە، هەموو شەوێک!

_ هەموو شەوێک چ دەکەن، دیارە لەمێژە ئەوەت لە من شاردیتەوە!؟

_ هەموو شەوێک نا، بەڵام زۆر لە شەوەکان، لەجیاتی ئەستێرە، لەجیاتی خەون

دەمخەوێنێت، هارم دەکات، ئەزموونە دوورودرێژەکەی لەسەر جەستە فەریکەکەم، بە شیلەکەی ئاوێتە دەکات! هەر جارێک و تامێکم دەداتێ. هەر شەوە، بەشێکی پێستەم دادەماڵێت. دێتە ناو قژە درێژەکەم و خۆی ون دەکات! دێتە ناو باوەشە وردەکەم خۆی گەورە دەکات! پەنجەکانم دەکاتە لاسکە گوڵ. رۆحم دەبێتە پەپولەی ناسک ناسک، وادەزانم لەسەر سینگی دەنیشم! بەڕاستی شەوانە دەگەمە سەر سینگی. دەزانم ئاگام لە خۆمە، کە لەناو دەستوپەنجەکانی، قەڵەم و کتێب و شەوەکانی چیم لێ دێت! دەڵێ دوور مەبە، بڕۆیت و نەڕۆیت تۆ سێبەری سەر سەری منی! زوو بە منی گوتووە:

چاوی تۆم نەبینیوە، دووربەدووری قسەدەکەین، بەڵام دەزانم لەورۆژەوە، لەوکاتەوە، وادەزانم ئاسمان، ئاسمانە شینە گەورەکەم، دوو ئەستێرەی زیادکردووە.

ـ پیاوە سەرسپییەکە ئێستاش ماوە؟ «وەک ئەوەی کیژەکەی تریش، کەوتبێتە داوی کەسێکی وا، دەیەوێ لاسایی بکاتەوە».

ـ ماوە، تازە بەئاسانی لەداوی دەربازم نابێت! ئەویش بڕوات من ناتوانم! شەپۆلی زەوقی، شەوانە لەسەر کەناری ران و سینگمە! دەستی پەنجەکانی، راز و چاوەڕوانییەکانی، زۆرتر هۆگرم دەکات! بومەتە پشیلەیەکی نەرم لەناو ئامێزی، شەرم ناکەم پشیلەم، کۆترم! لەوانە بچووکتریش ئەنگوستیلەیەکیش بم. ئەو دەخەویت، من بێدار و گڕدار، ئەو برسی من شێتێکی عاقڵ! ئەو پیرێکی سەرسپی و نەرم، منیش وەک ئەو پیردەبم، خەوم نامینێت، ئارام دەبم، نەرم دەبم، وەک ناولەپی دەستەکانی وەک سینگی، دەتوێمەوە، ئێستا دەزانم پیاو بۆ ژن چەند خۆشە، چەند پێویستە!

ـ ئەو دڵە زیندووە، ئەو جەستە پیرەت چۆن دۆزیەوە؟

ـ نازانم لەبیرم نییە، لەسەر شۆستەیەک چاوەڕوانم دەکرد تەڕبم، ببمە خوناو، بارانێکی خۆش دەباری، ئەو چەترێکی بۆم راگرت! نازانم، لەگەڵ لاپەڕەیەکی مێژووی شارەکە دۆزیمەوە! قژە درێژەکەم شانە دەکرد، داویکی قژم کەوتە سەر مافوورەکە، لەبەرامبەر ئاوێنەکە بووم، دەنگێک هات گوتی، نەرم نەرم شانەکە رەقە ئازاری قژت مەدە، فەرموو پەنجەکانم! دڵم دەکوڵێتەوە. هاتبووە ناو چاوم، ناو ژیانم، ئاگام لێ نەبوو، نەدەمزانی! دەڕۆیشتم و لەناکاو ئەو دەبێتە سێبەرم. کچێ سووتاوم، جانتاکەم، هەموو وردەواڵەیەکی ژنانەی تێدا بوو، بەس پیاوی تێدا

نەبـــوو! پەنجەیەکی لەگەڵ قەڵەمێکی لێو و نووســـینم تێکەڵببوو، ڕوومەتی هاتبووە نـــاو ئاوێنەکـــەم، ئەو پیاوە گەورە بەتەمەنە، لەناو ئەو جانتا بچووکە ڕەشـــم جێگای ببووەوە.

لەو کافتریایەی زۆربەی گۆشەکانی ناز و گوڵ و ڕازی تێدا گەشە دەکرد، هاڵاو ئەوم دەبینی، جوولەی ناسـکی شـەرمنم لەنێوان جوولە و چاو و نیگاکانی دەبینی! گوێم لێ دەبوو، دەیگوت:

بە هەناسـەت گەرمم بکەوە، هەناسـەمان، با بچێتە ناو گەروو و دڵ و ڕۆحی یەکتر!

***

هێشـتا نەچوومەتە عەنکاوە، ناوێرم زوو بکەومە ناو خەمەکە، خیانەتەکە، کوشـتن و برین و هەڵگرتنی دیواربەندی شـەهیدەکە. لەوێ وەسـتایەک، «سـەیری ئاکاری ئـەوم دەکرد، لە گەنمەشـامی، لە ناسـکەنان دەچوو، نـەرم و تەنک. لەگەڵ هەموو تاڵی و ئازار و ڕاکەڕاکەی دووری ژیان، نەرم و ناسـک دەردەکەوت» کە قسـەی بۆ دەکردم، باسـی ڕۆژانەی کرێکاری و وەسـتایەتی خۆی دەکرد. باسـی ئەو ڕۆژانەی قەڵابە کەرپووچی کوورەکانیان دەکردە سـێبەر و ژوور و نوای ئاسـوودەیی و ژیان. لەوڕۆژانـە، لەگەڵ ڕۆژەکانـی تەمەنی ئەو، ئارەقـەی ماندووبوونی خۆی و کرێکاری فێنکی دەنواند. ئەوان شـارێک، گەڕەک بە گەڕەکیان دروسـتکرد و سـەریان گرت، بوون بە هەواری پانی بەر سـینگی ئاسـمان و هەور و بارانیش.

ئیسـتاش، لـەو تەمەنـە، پـاش گوزەرکردنی ڕۆژەڤـی زۆر جیاواز و پێشـهاتی زۆر مەترسیدار و ساتەکانی کامەرانیش. ئەو کە لەبەردەم دیواری قەسرێکی گەورە، یان خانووی مامۆستایەک، کە ناوی لە لیستی هەڵبژاردنەکانی مامۆستایان دژ بە لیستی پارتی بوو دادەڕوات، شانازە.

لیست و هەڵبژاردنەکەش بۆ ئەوە بوو، بزانن کام یەکێتی و نەقابەی مامۆستایان، دەبنە نوێنەری مامۆستایانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەولێر و دواناوەندی ئازادی و کوردسـتان و سەلاحەدین و خنسـاء و گەلاوێژی کچانیش، هەموو سەرەتاییەکانی شـار و هەموو لیواکە _هێشتا ناوەکەی نەببووە پارێزگا_ و ئامادەیی کشتوکاڵی _ ئامادەیی پیشەسازی بەهەردوو بەشەکەی کارەبا و میکانیک و بازرگانیش لە هەولێر نەکرابوونەوە_ و ئامۆژگەی پێگەیاندنی مامۆسـتایان _تاکە پەیمانگای مامۆستایان

بوو لەسەرانسەری عیراق، دەرچووی ئامادەیی بەهەردوو بەشەکەی، بەڵام بە نمرەی کەم وەردەگرت_. هەموو ریز و دیوار و دانانی دەڕاب و بەرمیل گواستنەوە و قووڕ و کا و رۆژی سەبەکەی لەبیرماوە. نەجارەکانیان، پیاوێکی جوانی لوتف شیرینی دیانی عەنکاوە بوو.

لەو خانووە، ئەورۆژانەی باش لەبیرماوە، کام بەشی ژووری دیوەخانە پان و بەرینەکەی، کەرپووچی بەشێوەی پیتی تی ئینگلیزی لێداوە، بەشێکی بەشێوەی پیتی یونانی لێداوە. «ریزە دیوارەکانی کەرپووچ و نیوەکە ناوی وابوو». لەبیریەتی، وەستا سوورەکەی وەک ناسکەنان مابووەوە، چۆن لەگەرمەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی دوو نەقابەی مامۆستایان، کە ئەو دیواری بۆ مامۆستاکەی عەنکاوە دەکرد، ئەوەی ناوی لە لیستی شیوعییەکان، ژمارە دوو بوو. مانگێک و چەند رۆژێکیش مابوو، بەیانە مێژووییەکەی یازدەی ئازار، پەیمانی ئۆتۆنۆمییەکەی نێوان بەغدا و گەلاڵە کۆتایی دەهات. لەودەمانە مامۆستایانی هەموو عیراق، بەکوردستانیشەوە، سەرقاڵی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی نەقابەی مامۆستایان بوون. هەردوولا، هەردوو بەرە، شیوعییەکان تەنیا لە کوردستان لیستیان هەبوو، ئینجا بەڕووی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دەوەستنەوە و دەدۆڕێنن.

***

کە سەرکردایەتی سیاسی، پێداگری لە برگە و داواکانی بەیانی یازدەی ئازار دەکات، وەستاکە دیواری دەکرد، کەرپووچی وەردەگرت، بەنووکی چەکوچە سەرسووک و دارکورتەکەی وەک شمشاڵ دەبریسکایەوە، بەر لەوەی رۆژانەکان وەربگرێت. بەر لەوەی داوا بکات خێتەکەی بۆ بپێچنەوە، شاورەکەی لەبیرنەکەن، دەیگوت:

تەوشییەکەم جوان بۆ خاوێن بکەنەوە، بەمەرجێک ناوەکەی پشتی جوان دیار بێت!

لەکاتی دروستکردنی چەکوچەکە لە موسڵ، ئاسنگەرەکە، کارگەچییەکە داوا دەکات تا ناوی وەستاکەی بەکاریدەهێنێت نەزانێت، ناوەکەی لەسەر هەڵنەکۆڵێت، دروستی نەدەکرد. ئەویش وەستا سوورەکەی روومەتی وەک گەنمەشامی بوو، باوکی ناوی سوورەی بۆ خۆی بردبوو، بۆیە ئەویان بە گۆجە، ئەگەرچی دەستەکانی کارمەند و کارزانیش بوو، پێیان دەگوت گۆجە! ناوی لەسەر چەکوچەکە بۆ هەڵدەکۆڵن.

خێت و شاقوڵ و چەکوچ و فیتە و دەستەسڕ و دوو سێ بزمار و چەند وردە درهەم

و چەنـد دە فلوسـییەک و کڵاوێکـی نـەرم و چەرخێک _ئەگەرچی جگەرەکێشـیش نەبـوو_ و قەڵەمبڕێکـی ئیرانـی دوودەمـی باریکی دەسـک دارگوێزی لەنـاو جانتا پەڕۆیـە نەرمەکەی سەرشـانی دەنا، بـەر لەوەی ڕۆژانەکانیش بە سـەر کرێکارەکان دابەشبکات، بەیەکێکیان دەڵێت:

بگـرە، نەچیت شـەو بە دۆمینـە بیدۆڕێنیت! کەمێکیش بەنەرمی دەسـتی بادەدات، بـەڵام! لەبەردەم کوڕەکانیتر، خەڵفە و کرێکارەکان پێی ناڵێیت:

عەیبـە ژنەکـەت بە بەرگـدووری منداڵەکانت دەژێنێت، تـۆش پارەکەت بە دۆمینە و چوونە سـینەما تەواو دەکەیت. دۆمینە بکە بەڵام لەسەر پارە نەبێت، ڕۆژانە هەشت سەعات لەبەر ئەو سوورەتاوە ماندوو دەبیت، ئێواران ملحیز، خۆت قەڵۆش دەکەیت و دەگەڕێیتـەوە، غیرەتـی ئەوەت نییە، شـفتییەک، بـۆ ژن و منداڵەکانت دوو نانی فڕنی و کیلۆیەک قەسـپیش لەگەڵ دەستی خۆت ببەیتەوە.

***

حیکایەت و کاروانی من لەو شارە، دووردرێژە! باوکم شانسی هەبووە، پێیانگوتووە سـاڵحە سـوور، منیش سـوورەبووم، بەڵام بە منیان گوتووە، گۆجـە! منداڵ بووم، هەموومـان لەماڵـەوە، لە دووکانەکـەی باوکم تووتنمان دادەگرت، قامیشـمان پڕ لە تووتن دەکرد. سـەرەتا باشـم نەدەزانی، ئاسـان نەبوو، تووتن لەو قامیشـە باریکە بکەین، تووتنی درشت و کونی تەسک و باریک، سەدان کونی باریکی ورد، بچووکتر لـە دەمی کێشـکەش. کەسـیش قبووڵـی نەبوو فێرم بـکات، یان وا تێدەگەیشـتم، نەدەبوو من سـەیری دەسـت و پەنجەیان بکەم و لاساییان بکەمەوە، فێری قامیش و تووتنداگرتـن وئەو وردەکاری و لێهاتووییەبم.

دەسـت و پەنجەم لەوە ڕانەهاتبوو، ئەوان لە من گەورەتر بوون، کە قامیشـەکانیان پڕدەکرد، دەیانوشتاندەوە، کەس دەسـتوپەنجەی نەدەبینین، بەخێرایی ئیشەکانیان دەکـرد. بـەڵام من وا نەبـووم. هەموومان لەو ماڵە، ڕۆژانە سـێ هـەزار جگەرەمان دادەگرت، دەمانوشـتاندنەوە، جگـەرە باریکەکانمان لەناو پاکێتـی تایبەتی دەکرد. پاکێتـە مقەبایـە تەنکەکانبە ڕەنگی شـین نـاوی کارگە و دووکانەکانی ناوشـاریان لەسـەر بـوو، بازاڕیشـی بـاش بوو. لەناوشـار و لـە ناوچەکـەش، لەبـەر بۆنداری تووتنەکەی دەگەیشـتە شـارەکانی تریش. جگەرەکان باش بوون، تا کارگەی جگەرە

زۆر دەکرێنــەوە، جگــەرەی غــازی و تورکی و لۆکس و دوایی جمهــوری پەیدابوون، یەکێکیان لەشــاری ســلێمانیش کردەوە، جگەرە و توونی خۆمان بازاڕی کز دەبێت و دوایی نامینێت.

«جگەرەکانی کارگەی ئەو ماڵە، ئەو دەســت و پەنجانەی دایاندەگرت و دەیانبەســتا و لــە پاکێتیــان دەکرد، یازدەی بــە دە فلوس بوو». من نەرم نەرم پەنجەکانم لەناو جگــەرە باریکەکان رانەهاتبوون و دەترســام، دەلەرزین، بۆیــە پێیان دەگوتم دەڵیی گۆجەی، گۆجە! ناوە ســوورەکەم، ناوە ناسکەکەم بەرنەکەوت!

منیــش، کــە تەنیادەبــووم، لــە گۆشــەیەکی دووکانەکەمــان، لەماڵەوەش ســەیری پەنجەکانی خۆم دەکرد، یەک یەک، باسکم رووتدەکرد، هەردوو دەستم خوار نەبوون، گــۆج نەبووم، باســکم ســپی لووس، پەنجەکانــم نەرم و جوان بوون. بــەو پەنجانە، منداڵ بووم، بەو دەســتەش هەر لاساربووم، بەو پێیانە زۆرتر بە عامودەکەی کارەبا دەچوومــە خــوارەوە. کەم دەرگای حەوشــەم بەکارهێناوە. دەچوومە ســەربانەکەی دەیڕوانییــە کۆڵانەکەمان، عامــودە ژەنگاوییەکەی لەبــن دیوارەکەمان بوو، رووناکی شــیرین و پیرۆزی دەدایە کۆڵانەکە، کارەباکەش بەس بۆ رووناکی بوو، هیچی ترمان نەبــوو، نــەک ئێمە، زۆربــەی ماڵەکانی کۆڵانەکــە، کارەباکەمان بــەس بۆ رووناکی، دواییش، بەڵام درەنگ، بۆ پێکردنی تەلەڤزیۆنێکی رەشوســپی بەکارهێنا!

❊❊❊

زوو پاســکیلێکم هەبــووە، دەبوایە بەو پاســکیلە، یان لەخۆشــی ئــەو دەرکەوتن و دەســکەوتە، لــە ئاشــەکەی ئەحمەد چەڵەبــی، ئێــواران چارەکە بەفرێــک ببمەوە ماڵــەوە ـئــەوان بەفریــان بەقاڵــب و نیو قاڵــب و چارەکە قاڵب دەفرۆشــت، بەڵام دووکاندارەکان، بەشی یەک ماستاو و یەک فافۆنە ئاو بەفریان دەبڕی. پارچە بووزە باریکــە لاوازەکە، لەناو پەڕۆیەک لوولدەدرا: کەســی پیــر دەیبردەوە، ژن لە چارۆگ و بەرانپیل دەکرد، منداڵ لەناو دەســتە نەرمە و ترســاوەکەی، کیژی بســک و کەزی گــەورەش لەنــاو زەمبیل، گوندییەکانی بەیانییان دەهاتنە شــار، ئەوانیش لەناو کا و گوش دەیانبردەوە، مەشروبخۆرەکانیش بۆ عەرەق دەینابرد. بەفرەکەم لە پشتەوەی دەبەســتا، تا دەگەیشــتمەوە ماڵەوە، کۆڵانە دوورەکەمان نیوەی دەتوایەوە، بەڵام! بەشــی ماستاو و ئاوی ســاردی دوو سێ کەسی هەر دەکرد. لە ئاشەکە، لە کاروانی

ڕۆژانەکەم، گرتە و دیمەن و تامی زۆرم کردووە و ئێستاش هەر ماوە:
ئێواران لەوێ دەبووم، سەیرم دەکرد، زوو، ئەودەمانە گەرمەی هاتوچۆی ترێنەکەی نێوان هەولێر و بەغدا بوو. دیارە گەورەم، تەمەنم زۆرە، زۆریش لەناوشار هاموشۆم کردووە! لەوێ دەبووم، کە ئێواران پاسکیلەکەم رادەگرت دەمبینی، بەدیار کەوا و لوتف و فەرمانی چەڵەبی، دوو سێ جووتیار، کرێکارەکانی ناو ئاشەکەش، دەهاتن دەستیان دەگەیاندە کۆڵ و جۆگە تەنەکە هەڵواسراوەکەی، بۆ ئاودانی باخ و شینایی ئەوبەری سکەکەی دانرابوو، هەڵیاندەگرت، دووریاندەخستەوە تا شەمەندەفەرەکە دەهات و دەڕۆیشت، ئینجا دووبارە کۆڵ و ئاوەکەیان لەسەر سکە ژەنگاوییەکە، تەختەدارە بەژانە گرانەکان، بەردەکانی ئاسن وردی کردبوون، دەپەڕاندەوە. تا ئاو بگاتە ناو، لاسکی شیانییەکان، گوڵەکانی تەماتە، پەلکە گەورەکانی باینجان و خاسە خەوتووەکانی باوەشیان بۆ بەشە نازی زۆر دەکردەوە. زۆر لە رۆژەکان، ئێواران لەدیار ئەوە دەوەستام، منیش ئاوەکەم بۆ پەڕاندنەوە هەڵدەگرت و دامدەنایەوە! ئاشەکە بۆ لێکردنی گەنم و باراش بوو، بەڵام کارگەی بەفریش بوو، هەردووکیان سپی، یەکێکیان بۆ هەناو فێنککردنەوە، ئەوەی تریان بۆ تێربوون و هەڵکشانی باڵا، بۆ ئەوەی چاوەکان گەش و جوان بن و ئاسۆ بەڕوونی ببینن.

❊❊❊

لەوێ یەکەمجار، هەستدەکەم گەنجم، زەوقم هەیە، دەزانم ژن چییە، رەحەتدەبم! چوومە ئاشەکە، هێشتا قاڵبە بەفرەکان دەرنەچووبوون، کەس لەوێ نەبوو، کارگەکە تاریک، فێنک، دووکەڵ و تەپوتۆز، تەڕ، لەو کەشەدا، لەو دیمەنە سینەماییە ترسناکەدا، کیژێک لە خۆم گەورەتر، سینگی دوو مەمکی وەک هەناری پێوەبوو. عەزییەکەی، فستانەکەی تەڕ، زۆریش بەجەستەی وەنووسابوو، هەستم بە هەموو ئەندامە شیرین و نەرمەکانی دەکرد، مەمکی وامدەزانی رووتە، سمتی ببووە بەفر و لە حەژمەتا دەتوایەوە. کیژە برسییەکە، لە من گەورەتر بوو، لە سمت و شان و مەمک و گەرمایی جەستەی دیاربوو، گەورەبوو، ئەو منی بینی، بەڵام من زووتر ئەوم بەڕووتی بینی.
ئەو نەترسا و شەرمی نەکرد، بۆ ئەوەش هاتبوو، توند و گەرم وەک جەستەی باسکی گرتم! گچکە بووم نەمدەزانی، وامزانی بارێکی پێیە، من بۆی هەڵگرم. وامزانی لە

تەقەتەق و هاژەهاژ و چکەچک و شەقەشــەق و خشەخشــەکە گەورەکەی ناو ئاشەکە دەترسێت. لە من، یان لە خۆی دەترسێت، نەوەک قایشێکی پانی ئاشەکە ببپسێت، بە سەرم بکەوێت و پاسکیلەکەم لە دەرەوە بێناز بمینێتەوە! وامزانی هەستیکردووە زۆر تینووم، دەمبات جامە ئاوێکی ســاردم دەداتێ. یان دەڵێ وەرە فێرە پاســکیلم بکە. منیش بڵێم تۆ کیژی چۆن دەکرێت! ناورانت لەو کوشنە رەقە بخشێنیت؟ چۆن دەکرێــت! ئەگــەر بەربیتــەوە. لەناو ئەو درِک و بنکــە تەماتە و پووش و دار و وردە ئاســنی سکەکە ئازارتبەردەکەوێت! ئەویش رەنگە پێم بڵێت:

«کورِ چییە، کیژ چییە! وەرە!».

ئیســتاش دیمەنی کیژەکــەم لەبەرچاوە، چۆن لەبیری دەکەم، هەر کەســێکی تریش بێت، ئــەو دیمەنەی دیبێت، ئەوەی کردبێت هەرگیز لەبیری ناچێتەوە!

ــ وەرە کورِەکــە، نــاوت چییە؟ «کیژەکــە چاوەکانی رەش، ئیتــر چیتر چاوەکانی ئەوم نەدیتەوە».

ــ ناوم سوورەیە!

ــ ســوورە، سوور... ئۆیش لەو ناوە خۆشە! وەرە.

دەســتی گرتــم، توند ئای کە دەســتی خۆش بوو، ئەودەمانــە زوو نەمزانی چییم لێ هــات، وەک پەرِەمــووچ و کۆلارە و کوچکوچە، وەک ســوکانی پاســکیلە شــینەکەم لــەدوای رۆیشــتم، دەخشــیم، دەتوامەوە و دەبوومە جۆگەیەک ئــاو، ئاوم بۆ گوڵ و ســینگ و لاســک و قەد و هەنار و رەیحان و گەرمایی و لێوەکانی ئەو دەبرد. چۆن ناچم، پەریشانیش دەچووم، دەچم چۆن ناچم! نەگەرِامەوە، چۆن بگەرِێمەوە کیژێکی جوان، بەتەمەن، رووت و تەرِ رامکێشێت چۆن دەگەرِێمەوە. ئەو گرِی گرتبوو، سوور و نــەرم و منــی بــردە پەنایەکی تاریک، ســەر تەختەدارێکی رەق و نەرمیش، ســەر نەرمایی بندیوارێکی ئەســتوور، ناو بێدەنگییەکی خۆش و ترســاو، منی لەســەرخۆی درێژدەکرد، منی دادەگرتەوە خوارێ، بەڵام توند و نەرمیش، بەرزیدەکردمەوە، ئینجا هــەر تێرنەدەبوو، فســتانە تەرِەکــەی لەبەرکــردەوە، رووت رووت، چییم بینی! چیم بەسەرهات!

کیژەکــە زۆر ئــازا بوو، زۆریش شــەیدا و گەرم بوو، رووت هاتە ناو باوەشــم، ســەر ئارەقــە و ماندووبــوون و چڵکــی چەنــد رۆژەی ســینگ و بنهەنــگڵ و ناورانم، کیژە خاوێنەکــە، هەمــوو بۆنێکی خۆشــی لێ دەهــات، لووس لــووس وەک بەفرەکەی بە

زەبــری قایش و شــوورە شــووڕی ئاوەکە دروســتدەبوو! من هیچم لــەو نەکرد، ئەو هەموو شتی لە من دەکرد، منی رووتکردەوە، منی دەمژی، منی دەکوشت و زیندووی دەکــردەوە، منــی منداڵکردەوە، منی کردە پیاوێکی گەورەی بەریش و ســمێڵ و تۆ و گونــی گــەورەی بەموو. ئەو زۆر برســی بوو تێر نەدەبوو، ، پــاروو لەدوای پاروو دەیخواردم، دەیکرۆشتم، دەیجوییم، منیش بە نیگایەکی بەپەلە «نازانم بۆ» سەیری فســتانە گوڵزارە نوێیەکەی لەپشــت سەرمان فرێدرابوو دەکرد. ئای ئەو فستانە چی شــاردبووەوە، چی بۆم هەڵڕشــت، چ میوە و شەکراوێکی لەبن بوو ئەو فستانە. جلی وا رەنگین و قوماشــی وا ناســکم لەبەر کیژەکانی کۆڵانی خۆمان نەدیبوو، قوماشێک بــوو لــە دەرەوە هاتبــوو، لــە بەغدا دوورابــوو. لەبیــرم نییە چەند لەگــەڵ کیژەکە مامەوە، نازانم چی لێدەکردم، بەڵام تێگەیشتم لەناکاو هەڵسایەوە و زوو فستانەکەی لەبەرکردەوە و ســەیری نەکردمەوە، نەوەک بیناسمەوە، یان رەنگە ترسابێت نەوەک دووبارە زەوقی لە منی ســوورە هەڵبستێتەوە!

رۆیشــت و منیــش چــاوەڕوان بووم، تــا قاڵبە بــووزەکان دەرچوون و بەشــی خۆم کرد، پارچە بووزەکەم بە چوپی پانی پاسـکیل کە دەیان وردە پەنچەری ســووری پێوە بوو، لە پشــتەوەی پاسکیلەکەم بەســتا و بەرەو ماڵەوە تێمتەقاند. لەورۆژەوە بوومــە پیاو و دەســت و هەنگاو و چاو و زەوقیش. ئەوەنــدەی چوومە قوتابخانە تا بتوانــم خوێندەواربــم، بەڵام تەواوم نەکرد. ئیشــی دووکان و ناوماڵ و هاتوچۆی ئەو دوو شــوێنە منــی ماندوودەکرد. لەورۆژەوە لەو شــارە گەورەیە، لــەو بازاڕە گەرمە، کاســبیم کردووە، ماوەماوەش سەرم بۆ پێشمەرگایەتی و حزبایەتی خوراوە، لەوەش بەشــدار و پەرۆش بووم. بەڵام دەســتی نەرمم لە کاسبی رەق بوو، تەمەنی درێژم لە ماندووبوون و راکەراکە، ئەو ســەر و ئەو ســەری وڵات ســەرفکرد، دوایی ئەو سەری دونیاشــم تاقیکردەوە، چوومە ناو بەســتەڵەکی جەمســەری سەرووی دونیاش. لەوێ بوومەوە شــەختە و بەفری ســپی، وەک جەستە ســپییەکەی کیژەکەی بەهەرزەکاری تەڕبوونی خۆی پێ وشک کردمەوە!

***

باوکم دووکانداربوو، لەو بازاڕە دووکانی جگەرەی دانابوو. توتنی لە قامیش دەکرد. هەوار و کاروانی بۆ خزمەکان دانابوو. نزیک گەراجەکەی تەنەکە، لەبەر سێبەرەکەی

مزگەوتی بازاڕ، کە بۆنی خواردنی کوشرەی جوولەکەکانی لێوە دەهات! دووکانەکەی دوور بوو لە قەیسەرییەکان، پێیاندەگوت:

لەو قەراجە دووکانت داناوە!

ئەودەمانە زەوییەکانی نیشتەجێبوون هەرزان بوو، بە گوریس _دەڵێن درێژی یەک باڵە گوریس، نزیکەی چوار مەتر بووە_ بەڵام پیوانیش هەبووە. لەوێ لەناو دووکانەکەی ئەو دەمبیست، لەو شوێنە، سەرووی سینەمای حەمرا، کە ئێستا سەما و جوانی و پاڵەوانییەتی فیلمەکانی تێدا نەماوە و کوژاوەتەوە، ژنە جوانەکان پیربوون و ماسولکە و شیر و قەڵغانی پاڵەوانەکانیش توانەوە و بوونەتە کەرەستەیتر. سینەماکە نەماوە و عیشقە پاکەکەش بوون بە: دووزمانی و دووروویی و دووگیرفانی و دووری.

لەوێ ئەرز هەرزان بووە، یەکێک لەوانە گوتبووی لەوێ خانوو دروستبکەم! بۆ من مراوی بەخێودەکەم، گۆمە، چڵکاوە، «زوو بەو ناوچەیان گوتووە گۆمەپیس». لەناو جگەرەداگرتن و قەمیشهێنان و بۆنی تووتنی قاچاخ و کاسبی و ئاوەدانی گەورەبووین، تا شۆرشی چواردەی گەلاوێژ بەرپابوو. ئەوەم لەبیرە دەیانگوت: تەها مامەر، شاعیرە میللییەکەی ئەو شارە، پشتیوانی کردووە، لەنزیک ئەو شوێنەی دوایی ناوی دەبێتە کۆتری سەلام، گوتوویەتی:

«عانە بە عانەی گەرگەری، نوری سەعید سەرسەری!».

هەر لەناو بازاڕە کۆنەکە ماومەتەوە، نەچووم بۆ عەنکاوە، تێدا لەساڵی ١٩٨٨ بەعسییەکان، زۆرداری و کۆمەڵکوژییەکەی «شمۆنی»ی ناو مێژوو بەسەر خێزانی سۆران عەنکاوەیی دووبارە دەکەنەوە. لەبەر چاوی ژنەکە، دایکەکە ئەندامانی خێزانەکەی دەکوژن!

***

ئێمە لە گوندەکە نەدەڕۆیشتین، نەدەهاتینە شار، «پیاوەکەی پاش چەندان ساڵی نائومێدی و کارکردن و شەڕەکانی عیراق، تا کوڕێکی ببێت، لەسەر هەموو نەهامەتییەکانی ژنی دووەم دەهێنێت، سمێڵی ڕەشدەکاتەوە یان لە خەنەی نابوو، لەبەردەرگای ماڵەکەیان دووکانێکی گچکە، بۆ منداڵان و قوتابییانی قوتابخانەکەی نزیک خۆیان دەکاتەوە» دایکم دەستی لە دونیا بەردابوو، بەڵام سەرکەشانە و

بەشەلەشەل ئێمەی دەژیاند.

ڕۆژانــە، لەودەمانــەی مەکتەب دەکرایەوە، ئەگەر لە گوندەکە دەوام هەبوایە. ژنەکە، بەپارەیەکــی کەم، ڕۆژانە بەچەند درهمێک، هــەردوو کوپەی قوتابخانەکەی پڕ ئاوی خاوێن دەکرد. ئاوی لە بیرەکەی گوندی، دوور لە ماڵی خۆیان و لە قوتابخانەکەش، بە دەوڵک ڕادەکێشــا و دەردەهێنا. شــەربە شەربە، ئاوەکەی بەشانی و بەشەلەشەل دەبرد،کوپــەی ئاوخواردنەوەی مامۆســتاکان، کوپەی ئاوخواردنــەوەی قوتابییەکانی پڕدەکرد.هەر ئەو ژنە، زوو مێردەکەی دەمرێت، بەڵام بڕوا ناکات مێردەکەی مردووە! ژنەکە لەبەر ئەوەی بڕواناکات، مێردەکەی مردووە. وادەزانی سەفەری کردووە. کابرا ناوی هاتووە و چووەتە تەجنید و بوویتە سەرباز. ئاغاکەی گوندی بڕوای پێکردووە، یان بەنادڵی بە ئیشــێکی دووری ناردووە. پیاوەکە دیار نییە، دیارە چوویتە ناو بیر و کارێزێک، ســەرچاوەکەی پاکبکاتەوە. ڕەنگەســەردارەکەی لە شــاری موسڵ بێت. لەوێمابێتەوە، بۆ ئیشکردن چووبێت.دووریش نییە لەوێ ژنێکی سەرگەردان و ئاوارەی هێنابێت، وەک ژنەکەی خۆی شــەلە نەبێت. لەوســەردەمە _ئاوارەیی و سەرگەردانی زۆر بووە_ ئەرمەن و شکاک و جۆرجی و خەڵکی موکریان و ڕەشە عەبدەکانی سودان و حەبەشە و ئاشوورییەکانی تورکیا و هیندی و نەتەوە و ڕەچەڵەکی زۆر: دەهاتن و وندەبوون و دەکەوتن و ڕەشــدەبوونەوە و ئاوێتەدەبوون. بنەماڵە گەورەکان، تەکیە و خانەقاکانیش، زۆر لەوانە، لەناو خانووە لاچەپ و شــڕەکانی گوندەکانیان. ژووری نــەوی تاریکی ناو حەســارەکان. بەر ئاگــردان و خۆڵەمێشــی کونجێکی دیوەخان و ســەراکانیان ماونەتەوە. نان و ئاویان دەستکەوتووە. بۆیەشماونەتەوە.کاریانکردووە. ڕەنجیان کێشــاوە. بەچاوی عەبدیش سەیریانکراوە، هاوسەرگیریشیان بۆ کردون.

***

پیاوێکی هەولێری بۆی گێڕامەوە: داپیری گەورە پیاوێکی ناوداری ئەو شارە. پیاوی بنەماڵەیەکی دیار و موڵکدار،ژنێکی دیلی داسنییەکانی ئێزدی بووە. ژنەکە، کیژێکی ناســک، ئەســتێرە و ئاســمانیش بووە. مێلاقەکە ڕێواس، گوڵ و گوڵزار، تاوســێک بووە. چاو و نیگا و برۆ و نازەکانی، ئەو پەرەســێلکەیە، تاوســە نەرمە. بەفەرمانی پاشای گەورەی ڕواندوز، لەجیاتی یارمەتییەکانی بابی گەورەیان: نانی بۆ سوپاکەی ناردووە. بە زێڕ و جلوبەرگ و ئاو و لباد و بەرماڵ یارمەتیداوە. پیاوی بۆ هاوکاری

ناردووه .ئەو ویســتویەتی دەســتی پاشا و ســوورەتەکانی قورئان بەسەر مەسحەفی ڕەش زاڵ بێــت. ویســتویەتی و حەزی کردووه. تاووســەکان دیــل بکرێن.بەو جۆره پشــتیوانی پاشــای کردووه. ئەویش جوانترین و باشترین دیاری بۆ ناردووه، کیژێکی نــازداری دیلی داســنییەکانی پێشکەشــکردووه! لەو ژنە، لەو هاوســەرگیرییە، لەناو خانــووه گەورەکــە. لەبەر شــەوق و ئاوێنەیــی نەخشــی دەرگا و پەنجەرەکانی، لەو قەڵاتە، نەوه لەدوای نەوه: خوێن، ڕەنگ، مۆراڵ، ڕەنگی چاو، بەژن، ناسکی پەنجە، ریتمــی دەنگــی دوو نەوه، دوو هەرێم، دوو تۆ،دوو توخــم، دوو ئاینیش ئاوێتەبوون. ئەو ئاوێتەبوونەش لەناو ئەندام و نەوەکانیان، بەڕوونی دیاره. چاوی کەسک، لووتی باریک، بەژنی کورت و درێژیش، زیرەک و گەمژه و کاڵفام، یەکێک بەردەوام وەنەوز دەدات، ژنێــک ســیحری چــاوی ئاگرینــە، پیرێــک زۆر دەژیت و نەخــۆش ناکەوێت، منداڵێکیان زوو بەسەرڕێدەکەوێت، ئیتر نەوەکان، هەمەڕەنگ و فرەئاکار و جیاوازن!

❊❊❊

ژنەکــە نایەوێ بڕوا بکات، مێردەکەی مردووه، دەڵێت:
مــن نەخۆش بــووم، گرانەتام بــوو، بێهۆش بووم، کە هەڵســامەوه چــاوم کردەوه، کــوڕ و کیژەکــەم هەردووکیــان منداڵ بــوون، ئەوانم بینی. ئەوان پێیــان نەگرتبوو، نەیاندەتوانــی بڕۆن و مابوونەوه، بەڵام پیاوەکەم دیار نەبوو!
ژنەکــە چاو دەگێڕێت، بــۆن دەکات، لەدڵەوه دەڵێت، ڕاز و هەســتی دەورووژێنێت، بەڵام ســمێڵی کابرا، دەســتی ماندووی، ئارەقەی جووت و سینگ و مووه ڕەشەکەی نابینێت. پیاوەکە لە ژوورەکەی نەبوو. لەناو حەوشەکە دەست بە مەسینە دەستنوێژی هەڵندەگرت، خووری مەڕ و مووی بزنەکان گەرمیان دانەپۆشــیبوو.
ئــەو ژنە وادەزانێت مێردەکــەی نەمردووه، نایەوێت لە گوندەکــەش بڕوات. نایەوێت شــوو بە شووبراکانی بکاتەوه. دەیەوێ هەموو پیاوەکانی گوندەکە، گوندەکانی تری نزیک خۆیان ببنە برای ئەو. دەیەوێ هەموو منداڵەکانیش ببنە منداڵی خۆی. ئەوەی لە تەمەنی کوڕەکەی بوو، ئەوانەی ساوا بوون! شیریان دەخوارد، بەتایبەتی کچەکان ببوونە خوشــکی کوڕەکە. شیری دابووه زۆریان، هەموویان.
هەمــوو کیژەکانــی گوندەکە، هەمــوو کوڕەکانی گوندەکە، جارێک یان زۆرتر شــیری مەمکی ژنەکەیان خواردبوو. ئەوان بەخۆشــییەوه شــیری مەمکی دەمژن و دەخۆن،

بەشــی ئەویش دەخۆن. شیرە ســپییەکەی مەمکی ژنەکە دەمژن. هەموو منداڵەکانی گوندەکە، هەژار و دەوڵەمەندەکان. ئەوانەی دوو مەڕ و یەک بزنیشــیان هەبوو. بۆیە دەبوایە ژنەکە، لەبەر کوڕەکەی، دواییش لەبەر کچەکەی لە گوندەکە، بەرەو شــار بار بکات.

ژنەکە، لەبەر ئەوەی مێردەکەی ونکردووە، وادەزانێت لە شوێنێکی زۆر قەرەباڵغ لێی ونبووە: وادەزانێت لە شارێکی گەورەیە. لەناو بازاڕەکەی چەندجار سەردانی کردووە. پیاوەکەی هەر دەدۆزێتەوە. دەیەوێ بچێتەناوشــارەکە، تا بتوانێت کوڕەکەی گەورە بکات، هاوســەرگیری بکات! کچەکەیلەوێ شــوو بکات. ئــەو وادەزانیت هەموو دونیا دوو شــوێنە، گوندەکەیانــو شــارەکە. دڵنیایە لە گوندەکــە، ناتوانێت ژن بۆ کوڕەکە بدۆزێتــەوە، چونکــە شــیری بە هەمــوو کیژەکانــی گوندەکە داوە. هەمــوو بوونەتە خوشــکی ئەو.بە شیری سپی مەمکەکانی خێری کردووە، زوو مێردەکەی بدۆزێتەوە، منداڵــە برســییەکانی تێرکــردووە. ئــەو بە چ خێر بــکات! تەنیا شــیری مەمکەکانی هەبووە.کوڕەکەی برسیکردووە و خێری بە شیرەکەی مەمکەکانی کردووە! ئەدی ئەو مەمکی بۆ چییە، خۆ پیاوی گەورە و سمێڵی دڕی نەمابوو! منداڵەکەی برسیکردووە، بەڵام بە شــیرەکەی منداڵانی گوندێکــی تێرکردووە. ژنەکە خێری کردووە، بە هیوای ئــەو خێــرە گەورەیەهاوســەرەکەی بگەڕێتەوە! تــا خۆشەویســتەکەی چیتر و زۆرتر ســەرگەردان نەبێت، تا باوکی کۆرپەکەی بێناز و سەرگەردان نەبێت!

ژنەکــە تــا مرد، تا دەبێتە پارچە گۆشــتێکی نەرم، دەمێکی بێ ددان، پشــتێکی بێ ئێسقان، دەست و پەنجەی بێ نینۆک، سەری بێ قژ ــچونکە بە نەخۆشی کارانسەر دەمرێــت ــ ژنێکی بێ مێرد، هەر چاوەڕوانی گەڕانەوەی مێردەکەی دەکرد.

***

ئەگەرچی شارەکە زستانی تەڕ بوو. بارانی وەک تیشکی خۆری هاوین بەردەوام بوو. بۆیــەش کەنــد و بەســتەکانی، جۆگەکانی خوڕە و هاژەیان هاتــووە. ژنە داماوەکەی چاوەڕوانــی گەڕانــەوەی مێردەکــەی بوو، کوڕ و کیژەکەی لەو شــارە گەرمە، گەورە دەکات! ئەوان گەورە دەبن، کوڕەکە زۆرتر، کچەکە ماوەی چەند ســاڵێک دەخوێنن. ئــەوان، دوو ســێ گــەڕەک و کۆڵان و حەســاریش دەکــەن. خێزانــە جوانەکە، ماڵە ســارد و گەرمەکە، ئاوەدان بوو. چونکە لەبــەر هیوای دایکیان، وایاندەزانی باوکیان

ماوە، سەفەرێکی دووری کردووە. پیاوەکە ڕۆژێک، شەوێکیان ئەوان خەوتوون و باوکیان دەگەڕێتەوە. ئاسوودەیی زۆرتر، شیرینی زۆرتریان لەوێ، لە هەوارەکەی بۆ دەهێنێتەوە. خوشک و براکە هەردووکیان یەکتریان خۆشدەوێت، بەیەکەوە، هەموویان بە وردەواڵەفرۆشی، بە دووکانی بەردەرگا، بە خزمەتکردن، بە لۆبیافرۆشی، بە کلاودوورین و جەمەدانی هۆنینەوە، بە خێر و سەدەقە و زکات و قوربانییەکان گەورە دەبن! کوڕەکە دەبێتە پیاو و ژن دەهێنێت. کیژەکەش دەبێتە دایک، لەیەکتری دووردەکەونەوە! بەڵام زۆر دوورناکەونەوە، بەردەوام، شەو و ڕۆژەکان ئاگاداری هەموو جوولە و وردەکارییەکانی ژیانی یەکتری دەبن. دوو ماڵ و دوو خێزان، بەڵام لەناو یەک بازنە و یەک هەناسە و لەبەریەک تیرۆژە هەتاودا دەژین.

ژیانی کلۆل و کەساسی تەمەنە درێژەکەیان، چاوەڕوانە تاڵەکەی دایکیان _دەڵێن عاشقەکان شێتن، سەرگەرمن، سەرکەشن، ڕاستە بۆیە ژنە عاشقەکە، بڕواناکات مێردەکەی، سمێڵەکەی، دەرپێیە سپییەکەی، جەمەدانییە کۆنەکەی نەمابێت و نەلەرێتەوە و مردوو بێت_ هەموویان دڵسۆزی یەکتری دەکات! ژیان و مانیان لەو شارە، شارەکەیان لەبەر چاو شیرین دەکات، دەژین! گەورە دەبن، چونکە دەزانن و هەستی پێدەکەن لەو شارە، پیاوێکی دەوڵەمەند، ئەوەی ئارد و کارەبا و بەفری شارەکەی دابیندەکرد، نان و پارە و خواردنی دوو سەد سێ سەد خێزانی داوە. خۆی ماڵ بە ماڵ شەوانە، بەتاریکی، بەتەنیا سەردانی کردون! خۆی ماندوو دەکرد، دەستی بە سامانەکەی وەدەگرت، دینار دینار کرێی هەموو دوکانەکانی وەردەگرت، دەسکەوت و سەرمایەکانی دەژمارد، دەیزانی، وردبین بوو. هانی هەر سێ کوڕەکەی دەدا، بۆ ئەوەی لە شێوەی ئەو کاسبی بکەن _کە نەیاندەکرد_ ئەوان برسی نابن! چۆن برسی دەبن لەو شارە هەر چواردەورەی کارێز و باخچە و گەنم وجۆ و نیسک و نۆکە! ئەگەر لە دەشتی هەولێریش دانەوێلە بەشیان نەکات، دیانەکانی عەنکاوە، بە بەرەکەتی کڵێسا و دادە شمۆنی دانەوێلە و بەرهەمی زۆرتر سازدەکەن!

برسی و هەژارەکان، بێوەژن و هەتیوەکان، ماندوو و برسییەکان، ڕاونراوە سیاسییەکان، کەساس و ڕووتەکان هەموویان جوانن. سەربردەی شیرینیان هەیە. ژنێک تا دەمرێت، کوێر دەبێت، ئیفلیج دەبێت، منداڵەکانی گەورە دەبن، وادەزانێت مێردەکەی دێتەوە! مەعقوڵە شێست ساڵ پیاوێک سەفەر بکات و دوایی سەلامەت و گەنجیش بگەڕێتەوە! جەستەی مرۆڤ، پێیەکانی، دەست و پەنجە و شان و

ئەژنۆکانــی بەرگــەی ئەو ڕێگایە، ئــەو کاروانە چۆن دەگرێت؟! عوســمانییەکان، بۆ شــەڕەکانی بەڵقان، بــۆ ناو یونان گەنجــی زۆر و لەشــکردی گەورەیانراپێچکردبوو. بە دوو ســێ ســاڵ، دڵســۆزەکانیان تێگەیشتن کەســیان نەماوە، هەموویان بە ئاوی ســوێری دەریا، سەرمای بەستەڵەکی سرب و چیاکان، بە سیحری تۆقێنەری باردوت لەناوچوون! «چونکە ئەورووپی و لەشــکرەکانیان، زۆر پێش عوســمانییەکان بارود و چەک و تۆپیان سازکردبوو».

لوبنانییەکان، زوو ســەفەر دەکەن، زوو قۆناخ بە قۆناخ دەڕۆن، هەســت بە مەترسی وڵاتەکــە و داگیرکــەرەکان دەکەن. زیــرەک و خوێندەواربوون، دەزانــن، لوبنانەکەی جاران نەما، کۆچدەکەن، وەک ڕەشــەبا، لەو جیهانە بڵاودەبنەوە. دەڕۆن و کەســیان نەهاتەوە، تەرمی مردووێکیان نەگەڕاوە، نامەیان دەنارد، دوایی، شــیعر و نووسین و خەم و پارەیان ناردووە، بەڵام ئەگەر هەندێک لە زیندووەکانیان بۆ هاوســەرگیری و پەیمانێکــی زارەکی گەڕابنەوە، ئەگەرنا تەرمی یەک مردوویان نەگەڕایەوە.

***

ژنە داماوەکە، نەخۆشەکە، تەمەن و کەساسییەکانی ئێسقانی کلۆرکردبوو، وایدەزانی مێردەکەی ماوە، ڕۆژێکیان ئەو دەستی لەناو هەویرە،لەدەرگا دەدات و لێی بەژووردێ دەکەوێت. کەس نەبوو پێی بڵێت، ئەگەر زیندووش بێت، چۆن قاچەکانی ڕێدەکەن، چاوەکانــی چــۆن دەبینــن، زمانی کــوردی چۆن لەبیرمــاوە، چۆن ناونیشــانی ئێوە دەزانێت، چۆن تۆ دەدۆزێتەوە، چۆن تۆ دەناســێتەوە! لەســەر دوا رازەکە قســەی هەبوو:

من ئەو دەناســمەوە! دەنگی دەناســمەوە، ڕەنگی دەناســمەوە، «ئەگەرچی بینین و چاوەکانی نەمابوون» خەمی ئەوەتان نەبێت، بە خودا و دەســەڵات و دووری و ڕێگا و شەڕەکان بڵێن، پیاوەکەم بۆم نزیک بکاتەوە، بیهێنەوە، دەیناسمەوە. ئەویش من نەناسێتەوە، من باش دەیناسمەوە!

ژنەکە شێست و چوار ساڵ چاوەڕوان بووە، ئینجا دەمرێت. ئەو یەک مانگ نەخۆش بــووە، کــە نەخــۆش دەکەوێت، گەنــم فەریک بووە، کــە هەڵســاوەتەوە پیاوەکەی نەمابــوو، گەنمەکــەش دەدوورایەوە. هەموو جولــە و چالاکییەکی بۆ لای مێردەکەی بووە، بەردەوام گوتوویەتی:

دەچم بزانم دیار نییە. نان ئامادە دەکەم نەوەک بگەڕێتەوە. دەرگاکە کلیل مەدەن، ئەو دێتەوە!

***

پیاوێکی ئەو شارە، باوکی ١٧٣ دوکانی گچکە و گەورە و بەرز و نزم و شووشەبەند و داری، لەناو جەرگەی شاردا هەبوو. ئەویش سادە، ئاسوودە، بەجلێکی خاکی، بەپانتۆڵێکی شلی کەتان، پێڵاوێکی قوماش، رووخۆش، نەرم، وریا یەکەم فڕنی ئۆتۆماتیکیهەولێری بەڕێوەدەبرد. فڕنەکە سەموونەکانی لەسەرخۆ دەردەهێنا، کڕیاری کەم بوو. ئەوەی بۆ رێستورانتەکان دەفرۆشرا، ئەوەی تر، کابرا بە پیکەبە سەرداخراوە سپییەکەی، سەندوق بە سەندوق سەمونەکانی باردەکرد، بۆ فرۆشتن بەسەر دووکانی ناو گەڕەکە دوورەکانی هەولێری دەگێرا:
دووکاندارەکەی بەستەپیازە، ئەوەی هەردوو قاچی لە شەڕەکانی ١٩٧٥ بە سەربازی پەڕیبوون، زۆریش لەگەڵ خەڵکەکە باسی سەفەری برین و نەشتەرگەرییەکانی نەخۆشخانەکانی لەندەنی دەگێڕایەوە .ئەویش سەموونەکانی ئەوی وەردەگرت، لەوێ دانەدانە منداڵێک، کرێکارێکی سەر پاسکیل، پیاوێک بەبێجاماوە سەموونیان لێی دەکڕی. رۆژانە، بەردەوام بەسۆزەوە، لەسەر ئەو هەموو سامان و موڵک و کۆشک و دووکانەکانی باوکیان، سەموونەکە دابەشدەکات. وردەوردە چارەکە عەرەقەکەشی، بەیەک خەیار، لەناو پیکەبەکەی دەخواتەوە! زۆریش سەموونی بەخێر و بەخۆڕایی دەدایە خەڵک.

***

کوڕەکە دوودڵ بوو لە گوتارەکەی دایکی، دەیزانی باوکی نەماوە، بڕوای نەدەکرد، باوکی لە ژیاندا مابێت، بەڵام کیژەکە متمانەی بە قسەکانی دایکی کردبوو، هیوا و ئومێدی گەڕانەوەی باوکی گەش بوو. بەڵام کوڕەکە تا دەبێتە سەربازیش، دەبێتە فەرمانبەریش، بیری لەدڵنیایی دایکی دەکردەوە، دەیویست هیوایەکی کز بداتە دایکی، خۆش و سەرفراز دەبوو، لەو تەمەنە باوکی بدۆزێتەوە، پەرۆش بوو، ئەگەر مابێت، وەک دایکی بانگەشەی ژیان و هەناسە و سەفەرەکەی دەکات. ئەو

پــەرۆش بوو بزانێت باوكــی پیاوێكە رەنگی وەک گەنمە، بەژنی وەک گوڵەبەرۆژەیە، ئــەو قامیشــێكی وشــكە، یان هەتــاو برژاندویەتــی، بۆیە ختوكەیەک دەكات، ســەر دەهەژێنێت:

باشــە ئەگەر باوكم بگەڕێتەوە، ئێســتا تەمەنی چەندە، چەند نەخۆشــی و ئیفلیجی پێوەیــە! چیرۆكی ســەفەرەكە چەند درێژە و دەتوانێت بۆیــان بەتەواوی بگێڕێتەوە. تاقەتــی دەبێت، هەموو وردەكارییەكان دەگێڕێتــەوە، یان گوڵبژێریان دەكات، چەند ســاڵ و هەوار و رووداویش ئاودیودەكات، چاپۆشــییان لێــدەكات! هەر ئەو وا نییە، هەمــوو ئەوانــەی بوونەتە رەمــز و كاریزماش، لاپەڕە شــەرمەزاری و شــكانەكانیان ناگێڕنەوە، تووڕەدەبن، پەلاماردەدەن، ئەگەر دەنگێكی تر، قەڵەمێكی تریش باسیان بكات. لەبەر ئەوەی بیرەوەرییەكانی قرتان و بڕان و درۆ و زێدەڕۆییان تێدایە، بۆیە بوونەتە كەرەســتە و بابەتی تفت، شیرین و نازدار دەرناكەون!

ئەو دوو كەسی لەناو بازاڕ دەناسی. ئەوان، كە باوكی ونبووە، رۆیشتووە وەک دایكی دەڵێت:

دووكانیــان هەبووە، یەكێكیان زوو دووكانی جگەرە و قامیش و تووتنی داناوە، خزم و ناســیارەكانی هاموشۆیان كردووە! ئەو پێیدەڵێت:

مــن لەو شــارە، كۆنــە، زوو دووكانم داناوە، بێجگە لەو كاســبییەش كەســێكی بزێو و چالاكیــش بووم، زۆر گــەڕاوم، لەگەڵ ئەفەندییەكان، ئاغاكان، ســەربازەكان دوور رۆیشــتووم، هێشــتا كوێــت بەشــێک بــوو لە بەســرا، بەســەردان و بــۆ دونیادیتن، لەگەڵ «خدری پاشا» رۆیشتووم. لەوێ شێخەكانی ئەو خوارە، رێزی زۆریان گرتین. ماوەیەكی باش ماینەوە. لەو كاروانەی ژیانم، باوكتم نەدیوە، بەڵام گوێم لێبووە، لەو گوندانە زۆر خەڵكی داماو و بەلەنگاز، بە پەتا و نەخۆشــی و گرانەتا مردن!

❊❊❊

لەوە دەپرســێت، دوایی دەچێتە چایەخانەی كرێكاران، كن پیاوە ســمێڵ رەشەكەی، ئــەوەی پەڕۆیەكی ســووری لەبــەر پشــدێنەكەی دەبەســتا، جەمەدانییەكی بچووكی نەرمی لەســەر بوو، جەمەدانیش نەبوو، پارچە دەســتماڵێک بوو، فێربوو، دەیگوت: بەردەوام لەبەر سەماوەر و چا و رەژوو و دووكەڵ و هەڵم و شیرینی چاش جەستەم وەک تەنــدوورە و گەرمامە، ئارەقە دەكەم:

وەســتا عەلــی پیاوێــک بــوو، خۆی شــەکر بــوو، یان ئەوەنــدەی تێکەڵاوی شــەکر ببــوو، بۆیە شــیرین ببــوو. هەموو خۆشیاندەویســت: وەســتاکانی دیواریان دەکرد، خەڵفەکانیــان، ســپیکار، لەبخچییەکان، ئەوانەی تازە فێرببوون کاشــیان لە دیواری مەتبەخ و تواڵێتەکان دەدا، شــوفێرەکانی قەلابی گێچ و کەرپووچ و خۆڵ و بەرد و بلۆک و شــێلمان و شــیش و تێکەڵەیان بارکرد. ئەوانەی دەیانزانی بلەیەر و حەمام و کورخان لەناو خانووەکانی لەســەر رووبەری پێنج ســەد و شــەش ســەد مەتر بە کەرپــووچ دەســتکران، دابنێــن. ئەوانــەی دەهاتن وەســتا و کرێکار ببیــن، پارەیان بدەنێ، بزانن کەی دەســتیان بەتاڵ دەبێت. هەموو عەلی چایەچییان خۆشدەویست، رێزیان دەگرت، نۆکتەیان لەگەڵ دەکرد، پارەیان لێی قەرزدەکرد، نامە و راســپاردە و داوا و پێشــنیاریان، لەکن ئەو جێدەهێشت:
ئــەو هەمــووی جێبەجــێ دەکــرد، هیچــی لەبیــر نەدەکــرد، دروســت داوا و پارە و راسپاردەکانی دەگەیاند.
کوڕەکەی دایکی دیگوت باوکت ماوە و دیار نییە، دەچێتە ئەو چایەخانەیە، پێیدەڵێن ئێــواران زۆرە قەرەباڵغــە، تــۆ بەیانییان برۆ، لەوێ وەســتا عەلــی هەموو خەڵکەکە دەناســێت، هەمــووی لەبیــرە، کێ هاتووە، کێ لەو شــارە کرێکاری کــردووە، لەکام دەڤەر هاتوون! لێی بپرســە، ئەویش خەڵکی گوندەکانی ئێمەیە!
رۆژی یەکەم وادەزانێت کابرا زۆر ســەرقاڵە، کوڕەکە ناتوانێت لێی بپرســێت:
وەســتا من کــوڕی کابرایەکم، لەو گونــدەی نزیک گوندەکەی ئێــوە، بەرەچەڵەکیش خزمین، دایکم دەڵێ نەمردووە و ماوە، بەڵام دیار نییە! لێی ناپرســێت، دەســت لە گیرفانــی شــەرواڵەکەی رادەکات نیو درهمێک دەربهێنێــت و پارەی چایەکەی بدات، بەڵام وەســتاکە دەســتە پیاڵەیەکی پڕی گەرمی شــیرینی لەناو دەستی بوو، لەدیار دەســت و گیرفــان و نیو درهمەکەی ئەو ناوەســتێت، ئەویش نــەرم نەرم لێی نزیک دەبێتــەوە تــا هەموو پیاڵە چایەکان دادەنێت و پارەکەی بۆ درێژ دەکات:
_ تــۆ یەکەمجارە دێتە چایەخانەکەی من، پارەت لێ وەرناگرم!
_ وەســتا حەزدەکەم پارەکەم لێ وەربگریت! «شەرمن و حەپەساو»
_ نا کاکە، دوایی تۆ هیچ ئیشێکت نەبوو، وەستایەکت نەبینی، لەگەڵ حەمباڵەکەی شــیش باردەکات قسەیەکت نەکرد، پارەم ناوێ، سەرچاو!
کــە پــارەی چایەکە نــادات، پێش ئەوەی بیر لــەوە بکاتەوە بچێت کوبەی ســەیدی

بخوات، بەو پارەیە لە سـێکوانەکەی نزیک چایەخانەکە، بەرداخێک شـەربەتی مێووژ لەلای حاجی سەدیقی شەرەبەتفرۆش دەخواتەوە.

***

جـاری دووەمیـش کوڕەکە چایەک لەکن مـام عەلی دەخواتەوە،دیسـان ئەو، پیاوە سـمێڵ ڕەشـە دەنگە گەورەکەی لەناو جەنجاڵی چایەخانەکـەی دەلەرییەوە، پارەی لێ وەرناگریت.دوایی، کوڕەکەی دەچوو لەسـەر قسـە و هوڕێنەی دایکی سـۆراخی باوکی بکات، دەزانێت ئەو کابرایە»چایەچییەکەی، بەدەسـت و چاو و سـەر و لوتفە شـیرینەکەی وەڵامی هەمووان دەداتەوە»، هەموو خەڵکەکە دەناسـێت. دەزانێتفلانە وەسـتا لەکام خانوو کاردەکات. کەی دەستیان بە دیوارکردن کردووە، نەجارەکەیان کێیە، کێ بلۆکی بۆ بڕیون»ئەودەمانە بلۆک لەنزیک ئەرزەکە بۆ تەواوی دیوارەکەبە قاڵـب دەبـڕا»! کێ نۆرەی لەپێش کێیە! کێ، کام وەسـتا زۆرتر حەز دەکات بچێتە عەنـکاوە و لە خانووەکانی جەمعیە دیوار بکات.دەیزانی مامۆسـتایە مەسـیحییەکان کام وەسـتایان دەوێت!دەیزانی و بەئاسانی پارەی چای لە میوانەکانی وەرنەدەگرت: پارە وەرناگرێت، ئەگەر نەزانێت، ئیشـی بۆ کابرا دۆزیوەتەوە. پارەی نەدەویسـت، ئەگەر تێنەگات وەسـتاکە پارەی ئیشـەکانی تەواو وەرگرتووە! ئەوەی بۆ پرسیارێک دەچووە چایەخانەکە، چایەکی ڕەشی شیرینی گەرمی بەتامی سەرپێی دەخواردەوە، پـارەی لـێ وەرنەدەگرت! ئەوەی چاوەڕوانییەکی کـورت و خێرای دەکرد و چایەکی دەهاتەپێـش دەیخـواردەوە، سـەیری پیاڵەکـەی دەکـرد و لەدڵـەوە دەیگوت، ئەو چایـە بۆ وا خۆشـە، پـارەی لێ وەرنەدەگرت! ئـەوەی نەیناسـیبوایە، ئەوەی ناوی نەزانیبوایە،باوکـی نەناسـیبوایە، ئـەوەی بـرادەری نەبوایە، ئـەوەی گاڵتەی لەگەڵ نەکردبوایە، ئەوەی بیست چا و دیشلەمەی لەسەر مێزەکەی، لە کتری و سەماوەرەکەی ئـەو نەخواردبوایە، پارەی چای لێ وەرنەدەگرت.

ئەو خەسڵەتی وابوو، ئەگەر نەیزانیبوایە، کابرا میوانی کام وەستایە، لەگەڵ کام قەڵاب هاتووە! لەکێ خانوو دروسـتدەکات، کەی تەواو دەبێت، ئیشیوەسـتاکەی پێ باشە، سـپیکارەکەی بەدڵە، پـارەی وەرنەدەگرت. پیاوێک بـوو، دەیزانی فلانەکەس چەند چـای خواردیتـەوە. چەند ڕۆژە نەهاتووە، چەند ڕۆژە چای لەکن ئەو نەخواردیتەوە. دەیزانـی کام لـە وەسـتا و کرێـکارەکان دوو چا دەخۆنەوە، کـێ دەخواتەوە و کێ

پاره دەدات! کێ تاڵ و ڕەش و گەرم و سـار و قەندئاو و بەپەلە و درەنگ و سـەبر و تەنـگاو و بەپێـوە چـا دەخواتـەوە. دەیزانی کێ لە میوانەکانی چـا دەرێژن، مێز و عەردەکە و شـەرواڵ و پێڵاوەکانیان پیسـدەکەن! دەرچوو ئـەو چایەچییە نەبوو، ئـەو زۆرزان و پیاوچـاک و لێـزان و براگەورە و خەمخۆرێکی پیرۆزی شـارەکە بوو. هەموو وەسـتاکانی دەناسـی، دەیزانی کامیان ئیجازەی بەلەدییەی هەیە، یان هێشتا وەرینەگرتووە، زۆریش هانی وەسـتاکانی دەدا بچنە شـارەوانی، خۆیان نیشانبدەن و مۆڵەتی وەسـتایەتی وەربگرن و ئاسانکارییشی بۆ دەکردن! چونکە لە مامۆستاکانی خانووی گەورە و نەخشـەی غەربییان دروستدەکرد، دەیانپرسی: وەستاکە ئیجازەی هەیە و کەی ئیجازەکەی وەرگرتووە. شوێنەکەی شوێنی چایە و سەماوەر و ئاگردان و پیاڵە و تەخت و مێز و دۆمینە و ئەزنیف و تەقەتەقی پوول و نووسین و قەرەباڵغی نەبوو، جڤاتێکی کۆمەڵایەتی سـەندیکایی جەماوەریی هاوسۆزی شیرین بووە.

«وەسـتا عەلی»، چایەخانەکەی مەیدان و بازاڕ و دیمانەی هەموو وەسـتا و خاوەن خانووەکان بوو. بەڵێندەرەکان، ئەندازیارەکان، شوفێرەکان، زەرعچییەکان، ئەوانەی بەرمیل و دراپیان بەکرێدەدا. ئەوانەی بۆ ئیشـکردن دەچوونە موسـڵ و شـارەکانی خـواروو، لـەوێ کۆدەبوونەوە. پارەیـان دەدا، قەرزیان دەکرد، ئیشـیان بۆ یەکتری دەدۆزییەوە! هەموو ماندووەکانی ڕۆژە درێژەکەی بەر هەتاو و برسیەتی، نەیاندەتوانی ئەگەر بە تاکسـی، بە ئۆتۆمبێلی خاوەن ماڵەکە، بە پاس، بە پاسـکیل و بەسـۆز و دڵسـۆزانە، ئێواران دەهاتنە ئەو چایەخانەیە. دەهاتن تا وەسـتا عەلی، ڕاسپاردە و قەرز و قسـە و داوا و ناسـین و ناو و هەواڵی نوێیان پێبڵێت:

بۆیـەش بـە کوڕەکەی هاتبـوو بزانی، باوکی کـە لەماڵەوە دەرچووە سـەردانی ئەو چایەخانـەی کـردووە، ماوەیەک لەو چایەخانە وەک کرێکار و خەڵفە و شـوفێر لێرە دانیشـتووە، ئیشی دەسـتکەوتووە، تووڕە بووە، پارەی خوراوە، فێڵی لێکراوە، یان نا!

ئەویش پێی دەڵێت:

پارە دەرمەهێنە، تۆ میوانی، باوکی تۆم دەناسی، منداڵ و گەنجی یەک ئاقار و کەند و دەشـت و بەرهەتاو و سـێبەربووین! دەمناسی، بۆیە بەدڵنیاییەوە دەڵێم:

ئـەو نەهاتووتـە ئـەو چایەخانەیـە، نەهاتووتە ناو هەولێـر! قەڵاتی نەدیـوە! لەناو بازاڕەکەش گوێی لە یەک وشەی تورکیش نەبووە. خۆت ماندوو مەکە. کەی خانووت

دروســتکرد، وەرە وەســتا و کەرپووچ و قەڵابت لەســەر من، ئینجا کە هاتی و چات خــواردەوە، پــارەت لێ وەردەگــرم و «بەپێکەنینەوە» ئەگەر یەک دیناری شــینش بدەیت وردەشت نادەمەوە!

دوایی، پاش چەند ساڵ لە مردنی ژنەکە و ئومێدی بەردەوامی گەڕانەوەی مێردەکەی، من و کوڕەکەی و کچەکەی و کەسە نزیکەکانی تێدەگەین، ئەو ژنە نەیویستووە کەس بــە بێوەژنی بزانێــت! بەردەوام گوتوویەتی مێردم هەیــە و دەگەڕێتەوە، من بێوەژن نیــم. کە تەمەنی بیســت ســاڵ بــووە مێردەکەی بــە گرانەتا مــردووە، ئەو نەخۆش بووە، ئاگای لە نەخۆشبوون و مردن و ناشتن و پرسەی پیاوەکەی نەبوو ـــپرسە و شــێوەنیان نەگێڕاوە، چونکە پەتاکە، قاتوقڕییەکە کارەســاتبار بووە، خەمەکان زۆر بوون، ژنەکەشــی هۆشــیار نەبووە و بوراوەتەوە، کەس شــینی بۆ نەگێڕاوەـــ ژنێکی مێلاڤ، شــیرین، چاورەش، ســینگ گەورە، روومەت پەمبە، دەنگســاز، ئەسمەرێکی گــەرم، کەمێــک دەشــەلی، ئەوەش لەنجــەی زۆرتری پــێ دەبەخشــی، بۆیە حەزی نەکــردووە پێــی بڵێن بێوەژن: چاوی لە پیاو و ژووان و شــەوچەرە و ســۆز نەبووە. ویســتوویەتی کچ و کوڕەکەی گەورە بکات، بە خەڵک و خزم و شــووبرا و کوێخا و دێــوەرە و دەنگخۆش و ســەپانە ئازاکانی ســەرپاڵە بــوون و جووتیارەکانی خەتیان راســت بوو، بڵێت: من مێردەکەم ماوە و دەگەڕێتەوە و بێوەژن نییم.

***

سۆران، لەو ساڵانەی لە دەرەوە بوو، زۆر هاتووتە ناوشار، لێرەولەوێ لە ماڵان و لەسەر دەواجن و باخچە و کارگەکان ماوەتەوە، هەموو ئاکار و رەفتار و پێشوازییەکی لێیان دیبوو، لەکەس نەترســابوو، بڕوای بە رێکخســتنەکان هەبوو. شەوێکیان، لە ماڵێکی گەرم، لە دیمانەیەکی دۆســتانە، لەگەڵ پیاوێک هەموو دیاردە و هەڵســوکەوتەکانی مەردانە و جوان بوو، زۆرتر لەوانە جلە کوردییەکەی و پشــدێنە شــینەکەی بە گوڵە زەردە وردەکانییەوە.

لەگەڵ پیاوەکەی پشــدێنەکەی زۆر جوان بوو، شــەو بەیەکەوە دادەنیشن، ئەو باسی رۆژانەی شەهید «موحەمەد عەجەم»ی بۆ دەگێڕێتەوە. قسەکان بۆ سۆران دەکات، فێربێت، بترســێت، هەڵوەســتەیەک بکات، وەک با، وەک هەتاوی رووناک و تیژڕەو روو لەناوشــارەکە نــەکات. بەچەکــەوە نەچێتەوە نــاو عەنکاوە ـــعەنــکاوە بچووکە

هەموو دەیناسـن، دەرگای ماڵەکانیان کراوەیـە، دیوارەکانیان نەوییە، زوو دەیبینن، ئەگەرچـی شـارەکە زامـدارە، کادیری زۆریان لـە کاروانی چەپ و شـیوعیەتی تێدا بونەتە قوربانی_ بەسـە وا سـەبر سەبر حکومەت لە شـەڕەکانی ئیران، خۆی توند گرتووە، گوندەکان، تا شـاری قەڵادزەشـی وێرانکرد، مەترسی کاولکردنی شارەکانی تریش هەیە.

«نمونەی ئەوم بۆ دەهێنایەوە، دەترسـام رۆژێک، شەوێکیان وەک کوڕەکەی دەستە جلەکـەم بـۆ بڕیبوو، نەمدووری و شـەهید بوو. قوماشـەکەی داوای کردبوو لەبەری نەکرد، زوو شـەهیدیان کرد. لەناو قەبرسـتانیش کورژا، تا ماندوو نەبن، بیگوازنەوە و بینێژن!».

لە رۆژانی سـەرەتاکانی هەڵگیرسـانەوەی شۆرشی نوێ، کۆتایی حەفتاکان، زوو زوو «موحەمەد عەجەم» دەهاتە ناوشـار، بەچەکـەوە دەهات، خەڵکی دەبینی، ئازایانە سـەری لە زۆر ماڵ و کەسـایەتی شـارەکە و کۆنە برادەرەکانی بڕوای پێیان هەبوو، داوە.

دەچێتە ناو قەیسەری، ئەو لەسەر مەکینەکە هەڵدەگرێت، پێیدەڵێت وەرە پیاسەیەک بکەیـن. بەیەکـەوە مەکینەکـە پاڵدەدەنـەوە ژوورەوە، دوو سـێ تۆپە قوماشـەکە هەڵدەگرنەوە، سەیرێکی چواردەورەی خۆیان دەکەن، نەوەک یەکێک بێت، برادەرێک دیـار بێت! دیسـان هـەر بەیەکەوە قەپەنگە باریکە تەسـکە نەوییەکـە دادەخەن.لە قەیسەرییەکە دەردەچن، وەستاکە سڵاو لە دوو دووکاندار دەکات، لە مەلایەک نزیک دەبێتەوە، هەواڵی دەپرسێت:

_ خێرە وا زوو قەپاتت کرد؟ «مەلاکەی مەندیلێکی سـپی لەسـەربوو، دەپرسـێت. ئەو زووتر هەر لەو دووکانە نەوییەی وردەواڵەی دەفرۆشـت، باوکی ناسـیووە، ئێستا لەگـەڵ خەیاتـە گەنجەکە نێوانیان خۆشـە. کوڕەکە بەپێکەنینە نەرمە شـیرینەکەی مەلاکـە، دڵی دەکرێتەوە، زۆریش بەکەلکی هاتووە».

_ مامۆسـتا راسـت دەکەیت، بەڵام ئیشـێکمان هاتەپێش، دوورمانیشم کەم هەبوو، بۆیە دەڕۆم.

_ دەباشـە لەسـەر خێر و بەرەکەتی خودا! رەزق چەند بێت، هەر ئەوەندەیە.

_ وایە، وایە مامۆسـتا چ نووسـرابێت هەر ئەوەیە! «بە مەلاکەی نەدەگوت دەستت ماچ دەکەم».

ــ دیــاره بــرادەری مەلاشــت هەیــە؟ «پیاوەکەی هاتبــوو بیباتە دەرەوەی شــار و قسەیەکی لەگەڵ بکات».

ــ مەلایەکــی چاکە، لەوەتی هاتووتە شــار، خەریکی دینداری و کاســبییە، خۆشــم دەوێــت «بە کابراکەی زوو لە دووکانەکە هەڵیدەگرێت و دەڕۆن دەڵێت».

* * *

دووروونزیک، هاوشــان و لەدوای یەکتری سەبرســەبر دەڕۆن، لەناو بازاڕ و شێخەڵاش دەردەچــن. لە حەمامەکەی ســەرووی مزگەوتەکە تێدەپەڕن ودەگەنــە ناو فیتەران، هەردووکیان ئۆتۆمبێلیان نەبوو، نە ئەوان، نە فیتەرەکانیش_ وایەرمەن و تۆرنەچی و تەنەکەچییەکان_یەکتریــان نەدەناســی. فیتەر و شــاگردەکانیان، ئەوانەی دانێک دەچوونــە مەکتەب و دانێک دەهاتنە دووکانەکان، خەریکی چەند ئۆتۆمبێلێک بوون. لە مەخفەرە ســپییەکەی ســەیداوە کەمێک خۆیان لاردەکەنەوە، ئەگەرچی خەیاتەکە زۆربەی پۆلیســەکانی دەناســی، بۆ گەنجەکان جلی کوردی دەدووری، دوایی دەگەنە حەســارە گەورەکانی گامێشەوانان، کە ببوونە گەراج و کەلاوە، تا ئاوبارەکە، پارچە گیــا و ســەوزایی و دارتووەکــەی بــەردەم بیرەکە دەڕۆن. لەپشــتی خانــووە بەردە حکومییــەکان، لەناو کۆڵانــە باریکە قووڕەکانی ســەیداوە دەڕۆن. لەکن تەنکییەکە، دەگەنــە شێســتمەتری. لەوێ لەناو خانووەکانی ئیســکان و مزگەوتی حاجی قەرۆک دەڕۆن، بــەڵام ناگەنــە باداوە. لەنــاو تەبارە گەنمەکەی نزیــک خانووەکانی گەڕەکی رووناکی دادەنیشن، وردە وردە لەگەڵ راز و قسەکردن گوڵەگەنم دەقرتێنن، فەریکە گەنم لەناو دەمیان دەنێن، لەوێ:

ــ قەسەم بەو چەقۆیە «چەقۆیەکی لەبن پشدێنی دەردەهێنێت» دەمەوێ قسەیەکت لەگەڵ بکەم، داوایەکم هەیە، قسە و داوای خۆم نییە، ئەوانیش داوایانکردووە، گوتیان تۆ پیاوێکی دیاری، کەسێکی رابردووت باشە، ناوت هەیە، وا باشە چاودێری بکەیت، ماوەیەک هاموشــۆی بکەن، دوایی پێی بڵێ: دەمەوێ ئیشــمان لەگەڵ بکەیت!؟

_لەکــێ، کام ئیــش! ئــەدی من خەیــات نیم، تــازە دووکانی خۆم هەیــە، زۆر نییە لــە دووریبنی شــەرواڵەوە بومەتــە خەیاتێکی ناودار، لە هەڵبڕینی جۆرک و کیســە و دەرپێی سپی بوومەتە بەرگدووری گەنجان!

ــ دەزانــم. ئیشــی سیاســەت دەڵێــم!؟ «موحەمەد عەجەم ســەری بۆ بــادەدات و

بزەیەکی بۆ دەکات».
چەقۆکەی لەناو دەستی دەنێت و دەڵێت: ئەگەر قبووڵت نەکرد، بەو چەقۆیە سەرم ببڕی باشترە، نەک ناوم بێنیت و باسم بکەیت!

***

ئیتر لەورۆژەوە، ئەو دووکەسە دەبنە هاوڕێ و هاوخەبات، تا شەوێکیان لەناو تاریکی کۆڵانێکی گەڕەکی باداوە، دوور لە رووناکی، دوور لە شەقامێکی قیرتاو. لەناو قووڕ و چڵکاوەکانی بەڵاشاوە دێتەدەرەوە، لەناو کێڵەکانی گۆڕستانی باداوە «سەید مارف» بە پلان و دەستی خۆفرۆشێک، لەناو گۆڕستانەکەی سەید مارف تەقەی لێدەکەن و غافڵگیرانە خۆی و هاورێکەی خالید سابیر ناسراو بە نەبەز شەهیدی دەکەن! دەڕوات و ناگەڕێتەوە، مردوو، چۆن دەگەڕێتەوە پایزە و گوڵ نادات، ئینجا لەناو مردووان، بەدیار گۆڕ و کێڵەکان! رۆیشت و تازە ناگەڕێتەوە، ئەویش چیتر نەگەڕایەوە ناو رێکخستنەکان.
موحەمەد عەجەم. پیاوە سەرکۆتەکەی حەزی نەدەکرد جەمەدانی ببەستێت، زۆر شارەزای هەولێر بوو، منداڵی ئەو شاربوو. ئەو لە گەڕەکێکی میللی شارەکە لەدایکببوو، لەوێش گەورە دەبێت، هەژار و ماندوو و کەساس ژیاوە. باوکی، دەگوترا ناوی»حوسێن» بووە، یان بەو ناوە ناسرابوو. پیاوەکەی پاش رووخان و شکان و لەسێدارەدانی قازی موحەمەد گەنج بووە .لەگەڵ ژانەکە، خەمە گەورەکە، ترسە مەزنەکە ئاودیو بووە. هاتووە و پەڕیوەتەوە و سنووری نەبینیووە، هاتووە و هەستی بە گۆڕینی زمان و پەیڤ و ئاخاوتن و جلوبەرگ و شەو و رۆژەکان نەکردووە. بۆیە هاتووە و نەگەڕاوەتەوە. هاتووە و بەرەو کێندەرێ بگەڕێتەوە، هێشتا تەرمە پیرۆزەکەی قازی، لەوێ، بە دار هەڵواسرابوو. بگەڕێتەوە ناو برینەکە، ناو شیوەنەکە. ئەو ئازاش بوو، بەپەلە و زوو و بەر لە دانانی دارەکە دەربازی دەبێت. چالاک بووە، خۆی نەشاردوتەوە، چاوەڕوانی نەکردووە، لەگەڵ با هاتووە و لەشاری هەولێر بەناوی حوسێن ناسراوە. خەڵکەکەش پاشناوی عەجەمیان بۆ داناوە، زمانی تورکی و ئازەری زانیوە، بۆیە پێیان گوتووە عەجەم.
ئەو پیاوە، کوڕە گەنجەکە تەمەنی چەند بووە؟ کە هاتووتە ناوشار؟ ژنی هەبووە، یان بەتەنیا وەک گەنجێکی تووڕە و شکاو هاتووە؟ هاتووەبۆ دڵسۆزی دۆزەکەی،

خەمخۆری بەرنامەکەی پەڕیوەتەوە و هاتووتە هەولێر. لەو شارە لەسەر کەندێکی ئەو شارە، «هەژارەکانی ئەو شارە، لادێیەکانی ڕاودەنران و دەهاتن. برسییەکانی دەهاتن لەو شارە کرێکاری بکەن، دابمەزرێن، ببەنە پۆلیس، چیتر چاوەڕوانی باران نەکەن. ئەوانە زوو لەسەر لێواری کەندەکان، نزیک گۆمەکان، وەک مراوی بە بێچووە مل باریک و ساوا و برسییەکانیان، ژنە دەست قەڵشتییەکانیان، لەنزیک بەستەکان، خانوویان دروستکردووە، ماڵیان داناوە» لەپەنایەک، وەک هەموو ئاوارەکان، ماندووەکان، شکاوەکانی پاش کۆتایی شەڕی دووەمی جیهان و کۆچ و گۆڕانەکانی، ئەویش لێرە دامەزراوە.

ئەو شارە خەڵکێکی زۆر، خێزانی هەمەڕەنگ، زمانی زۆر، ڕەنگی زۆر. ژنێک بە دوو منداڵی ساوا، یەکێکیان نەخۆش و پەیکەرێک لە ئێسقان. پیاوێکی چوارشانەی سمێڵ گەورە بە کیژێکی مێلاقی تەڕەوە. پیرێک لەگەڵ کوڕێکی مێردمنداڵی لاوازی بەر سەرما. دوو هەرزەکار، کوڕ و کیژێک دەست لەناودەست و وریا، دەگەنە ئەو شارە: پیاوێکی گەنج، ئازا، تفەنگچی، ئاگادار پاش رووخانی کۆمارەکەی قازی و چاوی مهاباد دەگاتە هەولێر. ئەو حوسێنە، زیرەک بووە، زوو لەناوشارەکە، لەگەڵ برسیەتی، ماندووبوون و شکانەکە ئاوێتە دەبێت!

خەیاتەکە، پیاوەکە پەیڤەکەی ورد و جوان بۆ سۆران دەگێڕێتەوە، ئامۆژگاری دەکات و بەبیری دەهێنێتەوە، پێی دەڵێت:

ئاگات لە خۆت بێت، دەترسم وەک موحەمەد عەجەمت لێ بێت! ئەویش وەک تۆ بەور بوو، پیاوی شەو و ڕۆژیش بوو، بەڵام دەستی خیانەت زوو کوشتی!

***

موحەمەد عەجەم دەچێتە دەرەوە، زوو زووش دێتەوە ناوشار، کابرا ئەوە بۆ سۆران دەگێڕێتەوە، پێیدەڵێت تا ئەو ڕۆژەی شەهید دەبێت ئامۆژگاریم دەکرد، زۆری نەخایەیاند و شەهید بوو.

ڕۆژێکیان، لەنزیک مەخفەرەکەی ئیسکان، من پیادە، ئەو لەناو لادایەکی کەسک بوو. ئەو بە برادەرەکەی لاداکەی لێدەخوڕی دەڵێت:

ـــ ڕاگرە، لەکن ئەو پیاوە خاوێنە! «بێگومان خاوێن بوو، جلەکانی نوێ و دوا مۆدیل دووراببوون، دەبوایە وا بێت، تا بازاری گەرم بێت و کۆڵانە تەسکەکەی

قەیســـەری ئاوەدانتر بکاتەوە، دیزاینی جوانی داهێنابوو».
_ کام پیاو، ئەوەی جلە کوردییە جوانەکەی لەبەرە! «شـــوفێرەکە پێیدەڵێت».
_ دەیناســـم! «تا کابرا نەمناســـێت بەناوێکی تر قسەم لەگەڵ دەکات».
ئەو ســـەرفراز و گەرم، منیش بە دیتنی ئەو یەکســـەر دەشەلەژێم، دەترسێم ئاوڕێکی بەپەلـــە دەدەمـــەوە، چاوەکانـــم زەق دەکەمەوە، نامەوێ زۆر دوابکـــەوم، زۆرتر لەکن لاداکە ببمە ســـێبەر. ئەویش چەکی پێبوو،زوو چەکەکەم بینی، نەیشاردبووەوە. ئەو نەدەبوو چەکی بشـــارێتەوە، دەبوایە سوار و ئامادەش بێت.
لاداکـــە چەنـــد هەنگاوێـــک لـــە دووری مەخفەرەکـــەی ئیســـکان، لەســـەر شـــەقامە قیرتاونەکراوەکەی بەرەو باڵاخانەکەی بۆ نادی کرێکاران دروستدەکرا وەستابوو. جوان ریشی تاشیبوو، بۆنی لە یەخەی قەمیسەکەی دابوو، قژە رەشەکەی دەبریسکایەوە. قســـەکانی لەبـــەردەم جامـــی کـــراوەی لاداکە کردمان هەمـــووم لەبیر نەمـــاوە، بەڵام باســـی بابەتی ترســـناک و کوشتن و رێکخســـتنی نەکرد، هەواڵی پرسیم، منیش وەک ئـــەوەی نەزانـــم پێشـــمەرگەیە، وەک ئەوەی چاوەکانـــم _ئەگەرچی هەمـــوو تەقەڵی دەرزییـــە باریـــک و وردەکانم باش باش دەبینی، چەکەکەی ناو دەســـتی، گوللەکان، دووکەڵەکەم دەبینی_ چەکەکەی بەر پشـــدێن و ناودەســـت و تەنیشـــتم نەبینیبێت، قسەم لەگەڵ کرد و وەڵامم دایەوە.

***

لەوێ، لەســـەر ئەو شـــەقامە ســـەرەکییەی تا خانووەکانی موفتی و رووناکی قیرتاو کرابوو. هێشتا باداوە، گوندێکی دە دوازدەماڵی قووڕ بوو،هەموویان خزمی یەکتریش بوون. هێشـــتا شـــوقەکانی ئیسکان بە بەرد و سێ نهۆم دروستنەکرابوون، یان تەواو نەببوون، بەڵام لەودەمانە لە سێکوانێکی بەرچاوی شەقامە سەرەکییەکانی ناوچەکە، ئیشـــیان لە باڵەخانەکەی»قەسری شیماڵ» دەکرد، دەیانگوت:
ئـــەو بینایـــە دوو نهۆمە، موڵکـــی هەولێرییەکانە، پارەیەکی باشـــیان بۆی داناوە، کە تەواو بوو، باڵەخانەکە: دەبێتە رێستورانت و باڕ و هوتێل. کە بینایەکە تەواودەبێت، سەرەکەی دەکەنە هوتێل، بۆ ئەوانەی لەوێ دادەبەزن، هەر لەوێش بخۆن و بخۆنەوە. ئەگەرنـــا، ئەوێ،بـــۆ خەڵکی شـــارەکە، شـــوێن و شـــێوازەکەی دوور و گرانیش بوو. ئەوەی لەناوشار مەبەستی خواردنەوە بوایە، زووتر و نزیکتر هەواری دەخست، زووتر

مەزەی داوا دەکرد، لەپێشـــتر دادەنیشـــت و برادەری زۆرتر و باشـــتری دەدۆزیەوە. لە»یانەی مامۆستایان«، یان لە یانە گەورەکەی «فەرمانبەران»ی بەرامبەر «باخی شـــار» و نزیک مەرقەدەکەی «شـــێخەڵا»، بەردەم مەزارەکەی: لەناو هەموو گۆڕ و کێـــڵ و چێورمـــەکان تەنیا مابووەوە، چەندان پەڕۆی کۆن و نوێی کەســـکی لەســـەر دەشەکایەوە.

ژنان بۆ دەستی نەخۆشەکان، منداڵەکانی زوو پێناگرن، زۆر دەرشێنەوە، زۆر دەگرێن، پارچەیەکی باریکیان وەک موتفەڕەک لێ دەکردەوە. یان پەڕۆکە کەسکەکان لەبەر با و گەرماشیتاڵ شیتاڵ دەبوون وهەڵدەوەرین و پارچەی نوێیان لێ دەبەستیەوە،یانەی کرێـــکاران ـــئێســـتا پـــاش نۆژەنکردنـــەوە و گۆڕیـــن و دەستاودەســـتکردنی زۆر، دەرئەنجـــام دەبێت بە یانە و بارەگای لقی هەولێری نووســـەران ـــ شـــارەکە شـــوێنی زۆر بـــوو بـــۆ شـــەوچەرە و خواردنەوە، رەنگە هەموو کەســـێک، نەتوانێـــت بێتە ئەو بارە. ئەو رێســـتورانتەی پێشـــوازی و رووبەندە شووشـــەییە تاریکەکەی، لەسەر چار رێیانی شـــەقامە ســـەرەکییەی ئیســـکان و شێســـتەمەتری بوو. مێزە گەورەکانی بە چەرچەفی ســـپی گەورەی لووســـی حەریر دادەپۆشـــران، قاپ و کەوچک و بەلەم و بەربەلەمانەکانی ناوی هوتێل و هەوارەکەیان لەسەر نووسراو بوو. جاروبار بۆ جوانی و نازداری کەوچک و چەنگاڵەکانی، هەندێ لە مەشروبخۆرەکان، گەنجەکان، ئەوانەی ســـەرگەرم دەبـــوون، لەجیاتی پارە زۆرەکەی دەیانـــدا، لەبڕی گرانی خواردن و مەزە و خواردنەوەکانیان ـــئەگەرچی بیرەکانیان زۆر ســـاردبووـــ دوو دانە، یەک کەوچک، چەنگاڵێکی گرانبەهای سەر مێزەکەیان لە باخەڵ دەنا ودەیانبرد، شانازیش لەماڵەوە دەریاندەهێنا، بۆ یادگاریش هەڵیاندەگرت.

***

ئەو جارەی موحەمەد عەجەم بە شـــوفێری لاداکە دەڵێت: راگرە با قســـەیەک لەگەڵ پیاوە بکەین، بۆنی خۆشـــە، بۆندارمان دەکات. لەو دیمانەدازۆر قســـە ناکەن، باسی مەترســـییەکانی ناوشـــار و کەمبوونـــی متمانـــەی بۆ ناکات، بـــەڵام زووتر و جاری تر پێیگوتبوو:

ـــ چەندجارە پێتدەڵێم واز لەناوشـــار بێنە، بەسە.

ـــ خەمی منت نەبێت، حکومەت، ئەمن و هەموو بەعسییەکان، منیان پێ ناکوژرێت،

بەڵام! ڕەنگە بە دەستی دڵسۆزی خۆم، ئەوانەی بڕوایان پێدەکەم، ئەوان بتوانن، ئەگەرنا کەس ناتوانێت من بگرێت و بمکوژێت!

_ دەمەوێ بێم رانکوچۆغەیەکم بۆ بدووریت!

_ بەچاوان بەڵام، چۆن دێیتە ناو قەیسەری!

_ دێم ئاساییە، لەکێ بترسم.

_ ئەگەر بزانم دێتە ناو قەیسەری بۆ پیوان و بڕینەکە، ئەوە دڵنیابە بۆت نادوورم! خۆم قیاسەکەت دەزانم و بۆت دەدوورم و بۆت دەنێرم، قبووڵ ناکەم بێیتە ناو قەیسەری، هەموو خەیاتەکان تۆ دەناسن، دەزانن برادەری من بوویت و بوویتە پێشمەرگە، بەردەوام دووکانەکەم ئاوەدانە.

_ باشە! بەڵام من لە خەیاتەکەی کۆڵانەکەتان ناترسم، لە میوانەکانت ناترسم!

_ باشە باشە، بەڵام بەڵێن دەدەی نایەیتە دووکانەکەم.

_ بەڵێندەدەم، بەڵام با قوماشەکە ڕەنگی کەسک بێت.

_ زەیتونییم هەیە!

_ باشە.»قوماشە زەیتوونییە ئەستوورەکە هەڵدەبڕێت و دایدەنێت، بەڵام شەهیدبوونەکەی زوو دەبێت، بۆیە نایدوورێت».

بڕیار بدەیت نەترسێت، ئاسان نییە. ئەو لە چ بترسێت، چەند دیاردەیە مرۆڤ دەترسێنێت! برسیەتی، هەڕەشەی کردووە و هەبووە، بەڵام ئەو برسی نەبوو. بۆ ئەو هەموو ماڵ و هەیوانێک زەخیرە و خواردن و نان بووە. دەیەوێ لەو ژیانە بەس برسی نەبێت، بتوانێت بڕوات، دوو نانیش بۆ هاوسەرەکەی و کوڕەکەی هەر دەبێت بیخۆن. پیرییش جۆرێکی تری ترسە. لەوەش ناترسێت ئەو گەنجە، کوڕێکی شیکە، بەژنی یەک بست سەرووی پیاوانی ترە، ئاکار شیرین، قژ نەرم و ڕەش، لەوەیان ناترسێت... لە چ بترسێت، لە مردن! ئەوەی لەبەردەم سەنگ و قوورسە، چونکە بڕوای بە ئایندە و زیندووبونەوە نەبوو، بەڵام وایدەزانی ئەوانەی بڕوایان بە زیندووبوونەوەش هەیە، هەر لە مردن دەترسن!

***

ئەورۆژە، پاش ئەوەی لاداکە دەڕوات، ئەو لە شوێنەکەی خۆی تا بزر دەبن، تا تۆزیان دەڕەوێتەوە، رادەوەستێت، بیر لەوە دەکاتەوە، ئەو کوڕە بووەبە پێشمەرگە،

ڕۆژەکەی ڕۆیشت بەگەرمی ماچیکردم، گوتی دەڕۆم، با کوڕەکەم ئەمانەتی تۆ بێت، ڕۆیشــتم و نامدۆزیتەوە. ناگەڕێمەوە، من و شــار تەواو، تازە حزبایەتی لەو شــارە، لەنــاو ئەو حکومەتە زەحمەتە، ناگەڕێمەوە تەواو!

***

«سۆران بواری نابێت، ناگاتە ئەو ڕۆژەی بە دڵسۆزەکانی بڵێت، ئاگاتان لە کیژەکەم بێت. کیژەکە لە تەمەنی چل ڕۆژی، هێشــتا مەلۆتکە بوو، لەماڵەکە، نازانن ســێبەر و باوکــی مەســیحین، قورئانێکــی لەبن ســەری دادەنێن. منداڵەکە لــەوێ دەگیرێت، کۆرپەکــە بە تــاوان و تومەتێکی گەورە دەگیرێت. منداڵە چــل ڕۆژییەکە بە تومەتە گەورەکە بەشــەو، بە هەڵکوتانە ســەرماڵەکە، بە تاوانی خیانەتە مەزنەکە دەگیرێت، بۆیــەش زوو بێ مەحکەمە گوللەبارانی دەکەن».

بــەڵام ڕۆژێکیــان، تــازە دوو ســێ ڕۆژ بــوو مەکینــە پەپولەکەم فرۆشــتبوو، چیتر تاقەتی ئەوەم نەمابوو بەو مەکینە، قوماشــەکان بدوورم، کرەکان بدوورم، ئەگەرچی دوورمانیشــی ورد بوو، بــەڵام لەناوەکەی دیارە پەپولە،ژنانەیە، هەر چەند ســەیری وێنــەی باڵ و ڕەنگ و ناســکی پەپولەکەی پێشــەوەی مەکینەکــەم دەکرد، لە داو و پــەڕی زەردی پەپولەکــەی شــەرمم دەکرد. پەرۆشــبووم و دەمویســت مەکینەیەکی بــرازەر، جۆکــی، باڤ و ســۆنگەر بەکاربهێنــم. دوورمانی ئەوانەم پێ خۆشــتر بوو. ئەڵمانییــەکان، مەکینــە ژاپۆنییەکان تازە هاتبوونە نــاو خەیاتەکان، ناو بازاڕ و ئەو خێزانانــەی ژنەکانیــان وەک لۆکە و گێــڵاس جوان بــوون و بەکاریاندەهێنا. مەکینە نوێیەکــەم بە ســەد و یەک دینار کڕیبوو، پارەشــم نەبوو، بــەڵام دڵنیابووم دەتوانم پارەکەی بدەمەوە. لە خەیاتێکم کڕیبوو، ئەو بازاڕی نەبوو، کەم خەڵک هاموشــۆیان دەکرد، لەناو بازاڕەکە قسەی لەگەڵ سی و نۆ کەس نەبوو. دڵم بە مەکینە نوێیەکە زۆر خۆش بوو، دەمزانی کەم دەرزی دەشــکێ و دوورمانی جوانە، دەتوانی قاپووتی پێ بدووریت ئەوەندە باشــە! بۆیە ژنەکان، لە ماڵان لێفی ئەســتووری بەلۆکەیان بۆ خۆیــان و بــۆ بازاڕیــش پــێ دەدووری.

کۆڵانــە باریکەکەی قەیســەری ناو خەیاتەکان، هەموویــان جلی کوردییان دەدووری. هەمــوو یەکتریان دەناســی. دەنگی مەکینــەکان، باڵی قوماشــەکان، کرەکانی زاخۆ و مەرگــە و بێتواتــەی بەریــن _لەهەمــوو کرەکانی تر بەریان بەرینتــر بوو، لەنێوان

چوارده تا هەژدە سانتیمەتر بوو_ بە هەموو رەنگ و درشتەکانیشی لەکن خەیاتەکان بازاڕیـان گـەرم بـوو، گەنجـەکان روویان لە جلی کـوردی بوو، سـەیران و بەهار و شـاییەکان بەجلـی کوردییـەوە جوان و خۆش خـۆی دەنواند. خەیاتـەکان بازاڕیان گـەرم بـوو، نۆرەی زۆریان دادەنا، بەڵام ئەو، خەیاتەکەی زۆر حەزی دەکرد مۆدیلی جلی پیاوانە، قوماشـەکان، شـوێن و شێوەی کرانەوەی سینگ و قۆڵ و شەرواڵەکان بگۆڕیـت، جلـی تایبەتـی بـۆ گەنجی باڵابـەرزی رووخـۆش و ناودار باش و شـیک دەدووری تا بناسـرێت. بڵێن ئەوە مۆدیلە لەلایەن کێ دووراوە! مرادخانی، چاکەتی بەشـان، کراسی و شووشـەیی و سـواری، هەموو ئەوانەی دەگۆڕی و دەیرازاندەوە. بەرینی دەکرد، تەسـکی دەکردنەوە، بەپێی رەنگ و جۆری قوماشـەکان دەستکاری دەکرد و نوێکاری تێدا دەنواند.

❋❋❋

رۆژێکیان، لەسەر مەکینەکە خەریکی دوورین بووم، دوو میوانیشم هەبوو، چام بۆیان بانگکردبـوو. یەکێکیان رۆژنامەیەکی هاوکاری لەدەسـت بـوو. زووتر لێم وەرگرتبوو سـەیری لاپەڕەکانـی ناوەوەمکردبوو، چەند سـەرە دێرێکیشـم خوێندبووەوە، زۆرتر سـەیرێکی دوالاپەڕەکەشـمکردبوو، نـاوی چەنـد گەنجێکـم لە پۆسـتەی خوێنەران خوێنـدەوە، یەکێـک لەوانە هاتبوو یەخەی کراسـییەکەی بێ قۆچپـەی بۆ بکەم، لە وەڵامی شـیعرەکەی بۆ بڵاوکردنەوەی ناردبوو، بۆیان نووسیبوو:
ببوورە، شـیعرەکەت شـێوەی نووسین و کێش و سـەرواکەی زۆر خۆرسک و نوێیە، زۆرتر بخوێنەوە و کەمتر بنووسـە. چاوەڕوانـی بەرهەمی داهاتووت لێدەکەین، بەڵام کۆشـش بکە لە شێوە و ستایلی ئاسایی زۆر دوورمەکەوە!

❋❋❋

پیاوێکی کەلەگەت، سپی وەک هەور، گەورە وەک ئاسۆس، لە کۆڵانە باریکەکەی ناو خەیاتەکانی قەیسەری دێتەژوورەوە، شان و هەنگاو و کەللەسەری: هەموو خەیاتەکان، میوانـەکان، مەکینـە و مەتر و قایش و قوماشـەکانی راچلەکاند. دووکەس بوون کە دەهاتن، سـێ کەسیتریان لەگەڵدا بوو. یەکێک لە دوو کەسەکەی پێشەوە، کەسێکی

ناسراوی هەولێر بوو «نامەوێ ناوی بێنم، باش نییە» پیاوە هەولێرییەکە منی بەناو دەناسـی، هاتبـووە لام، چەندان جار جلـم بۆی دووریبوو، بـەڵام خاترم نەدەگرت، پارەم بۆی نەدەشـکاند. چونکە دوورینی من، دەستکردی من، هونەری بوو، عیشقی تێدابـوو. نـەرم نەرم لەگەڵ ریزەکان، لەگەڵ تەقەڵەکان، لەگەڵ چکەچکی مەکینە و قومـاش و داوەکـە ئاوێتە دەبووم، چاوم لەسـەر بەکرە و دەرزی و ریزی دوورمان و تەقەڵ و راسـتی هێڵەکان بوو، بۆیە پارەی خۆم وەردەگرت! ئەوم دەناسـی، بەڵام پیاوەکەی لەپێشـی دەڕۆیشـت، ئەوەی بە جلوبەرگ و شـێواز و سمێڵ و قژ و تیف تیفەکەی جیاواز بوو، ئەوم نەدەناسـی. ئەویش منی نەدەناسی.

ئەو بە راسپاردە و هەواڵ و ناساندنی من هاتبووە ناو قەیسەری،دیاربوو، زۆر سەیری بنمیـچ و دەرگا و کـۆڵان و کەرپووچەکانی قەیسـەرییەکەی دەکرد. نەک پەرۆشـی قوماش و دەرزی و دیزاینی دوورین بێت. ئەو هاتبوو، بزانێت ئەو قەیسەرییە، لەگەڵ قەیسەرییەکانی شارە گەورەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، دیمشق، تاران، ئەستنبۆل، حەلەب، موسـڵ چەند جیاوازە. چییان لەیەک نزیکە.

لەناو کۆڵانەکان، هەموو خەیاتەکان، میوانەکان، گەنجەکانی بۆ پیاسە و سەرسووڕان هاتبوونـە ئەو کۆڵانە باریکە تاریکە، ئەوانیش سـەیری هەیبـەت و جلەکانی ئەویان دەکـرد. ئەویـش هاتبـوو جلی بۆ بـدوورم! هاتبـوو بـە مەکینەکـەم، پەنجەکانم، مقەسـەکەم، دوورمانەکەم دەسـتە جلێکی تایبەتی بۆ ببڕم، بدوورم و ئوتوی بکەم و هەر بەخۆم، قوماشـەکەی کەس دەسـتی لێ نەدات. هەر بەو مقەسـەی دەسـتم، بـەو داوانە، بەو مەکینەیە، دەسـتە جلەکە بدوورم. هـەر بەخۆم ئوتوی بکەم. خۆم دەقـی بکەم. لەناو دوو لاپەڕەی بەرینی کۆنە رۆژنامەیەکی وەرزشـی لوولی نەدەم. دەسـتە جلەکە دەسـتی کەسـی بەرنەکەوێت. کەس پێی نەزانێـت، کە دەدوورێت. خەیاتەکە، مقەسـەکە، سـەر مێزەکە کەسـی لەکن نەبێت، میوانی لاسـار و بزێوی نەبێت. بۆ تەلەفۆن وەڵامدانەوەش بانگی نەکەن. ئەگەر مام خەلیل لە هێنانی چا و دیشلەمەکەش دوابکەوێت، لەکاتی دوورینی قاتە کوردییەکەی بندەستی هەڵنەستێت و بچێـت بە مام خەلیل بڵێت:

ـــ وەسـتا، میوانەکان وادەڕۆن، تۆش دوو چا و دیشلەمەکەت نەهێنا!

ـــ وایە وەستا، شەرمەزارم، چای نوێیم داناوە، با دێم بدات، بەچاوان. «مام خەلیل، لەگەڵ قسـەکانی دەستەسـڕە نەرمەکەی لەبەر پشدێنە شلەکەی دەردەهێنێت، نەرم

نــەرم دەســتی پێ وشــکدەکاتەوە و لەبــەر باخەڵی دەپەســتێتەوە، بە شــەریتیش خەریکبوو وێنەیەکی تیپی منداڵانی هەولێر لە دیوارە بەرتەسکەکەی ناو چایەخانەکەی دەدا، کە رزگار خۆشــناو و وریا ئەحمەد لە چالاکی قوتابخانەکان دایانمەزراندبوو».

کابرای میوان دەستە جلێکی دەویست بەنهێنی بدوورێت، بەنهێنی ئوتوبکرێت. کەس نەزانێت کەی تەواودەبێت. کێ دەیباتەوە. بەڵام دەزانن و پیاوەکەش دەیەوێ بزانن، ئەو بەکردنیداوە. ئەو پارەکەی داوە. ئەویش شــانازە بەو دەستە کوردییە.

ـــ کاکە، رۆژباش! «دەمە گەورەکەی لەبن باخی ســمێڵی دەجووڵێت».

ـــ هەمــوو کاتت بــاش. «خەیاتەکــە، وەڵامیش دەداتەوە، بەڵام زۆر سەرســامە بە هەیبەت و شــێواز و دەنگ و راوەستانەکەی».

ـــ وەســتا گیان باشی. «پیاوە هەولێرییەکەی لەگەڵی هاتبوو، هونەرمەندەکە».

ـــ ســوپاس باشــم، لەمێژە دیار نیت! فەرموون دانیشن « دوو لە میوانەکان لەسەر کورســییە باریکــە کورتەکــە هەڵدەســتنەوە، تا ئەوان دانیشــن، بــەڵام قەلافەت و جلوبــەرگ و شــان و رانی ئەوان، هی ئەوە نەبوو، لەســەر ئــەو دوو کۆتەرە باریکە لەرۆزکە دابنیشن».

هەر بەپێوە، پیاوە کەلەگەتەکە، هونەرمەندە باڵابەرزە روو شــیرینەکەی هەولێریش، لەتەنیشتی وەستابوو، سەیری دەموچاوی دەکرد،چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد، قسەیەک بــکات، بەڵام بەخۆی قســەی نەدەکرد، ئەگەرچــی دەیزانی پیاوەکە لە بەغدا بۆ چی هاتووە. لەوێ میوانە کوردەکانی، برادەرەکانی کە باس لە هونەر و شــیعر و کتێبی کــوردی دەکەن، بەیەکەوە دەخۆنەوە، شــیعر و نوکتــە و بەزمی خۆش رادەبورێرن. لــەوێ پێیدەڵێــن لــە هەولێر گەنجێکی خەیات هەیە، پیاوێک هەیە، بە دوو ســاڵیش لە دوورینی قوماشــی نەرم ورەق و تەنک و ئەســتووریش یەک دەرزی لەبن دەســتی لە مەکینەکەی ناشــکێت. بــەو دوورمانە،بە مەکینە ئەڵمانییەکــەی خەریکە مۆدیلی نوێی جلی پیاوانە ســازدەکات. گەنجەکان، هونەرمەندەکان، عاشــقەکان، بۆ نەورۆز و وێنەگرتن و شــانازییەکان،لەکن ئەو جلی نوێی کوردی بەڕادان دەدەن. لە بەغدا، لەناو ئۆفیســە گەورەکەی، باس لە دووکانە بچووکەکەی ئەویان کردبوو، گوتوویانە: بــەس ئەو دەتوانێت دەســتەجلێکی شــیاوی شــیک و پوخت و شایســتە بدووریت. ئــەو ئەوەندە شــارەزایە، لە کار و دیزاینەکانی کــەس ناتوانێت رەخنەی لێ بگرێت. بۆیەش پیاوەکە هاتبوو، دەســتەجلێکی کوردی شایســتە بەدیــاری، بەبۆنەی رۆژی

لەدایکبوونــی ســەدام حوســێن لە ڕێکەوتی ٢٨ی نیســان بدووریێت و بــۆی بنێرێت، ئەگــەر لوتفیــش بفەرمووێت قبووڵ بکات و دەرگا و ســالۆنەکەی بۆ بکەنەوە، خۆی بەشانازییەوە بۆی ببات.

***

ســاڵانە گــەورە دەســەڵاتدارەکانی حزب و حکومــەت لە بەغدا، لیژنــەی باڵا بۆ ئەو یــادە دادەنێــن، عیزەت دووری، یان ‌ یاســین تەها ڕەمەزان، سەرپەرشــتی دەکەن، زۆری تریش ماوەیەک پێش ڕۆژەکە ســەرقاڵ دەبن. لە هەموو پارێزگاکان، لیژنەیان بــە ســەرۆکایەتی پارێزگار و بەرپرســی حزبی دادەنا. کێکی گەورەیان ســازدەکرد. دەستەدەســتە منــداڵان، کیــژ و کــوڕان نمایشــیان ســازدەکرد. مەشــقی زۆریــان پێدەکردن، جلی ڕەنگین، گوڵی بۆنداریان دەپۆشــی و ئۆپەرێت و ســتران و شاییان دەکــرد. گۆڕەپانە گەورەکەی ئاهەنگەکانی بەغدایان دەرازاندەوە. سەرشــەقامەکان، ســەرپردەکان، کۆرنیشــی ســەر ڕووبارەکان، نــاو دائیــرەکان، ژووری هەموو دەزگا ڕەســمییەکان دەرازێنەوە. ســاڵانە زۆرتر لە چوارسەد تابلۆی وێنەی ئەویان دادەنا.
ســاڵێکیان ڕۆژنامەی حەیاتی لەندەنی نووسیبوی: بە قسەی بەرپرسە عیراقییەکانی لە سەدام نزیکن:
یادی لەدایکبوون و ئاهەنگ و شــادی و دیاری و شــیرینییەکانی ئەو یادە، پارەکەی گەیشــتووتە نزیکەی بیســت و ‌ پێنج ملیۆن دۆلار. تێدا ســەدان دەســتەی قوتابی، بەجلی ڕازاوە و گۆرانی شادی، لەبەردەمی سەمادەکەن. چەپلە دەکوتن، هەڵدەپەڕن. نەک بەس عیراقییە داماوەکان، میللەتەکەی هەڕەشەی شەڕێکی گەورەشی لەسەرە. لــەدەرەوەش هاتوون ئەو یادە گەرم و پیرۆز بەڕێبکەن:
ســێ سەد و پەنجا کەسایەتی میسری ـ پەرلەمانی، حکومی، ڕۆشنبیری، میدیایی و هونەری ـ هاتوون، لە ئوردنیش زۆرتر هاتوون، ژمارەیان گەیشتووە بە چوار سەد و هەشتا کەس.هەر لەورۆژە بیست پەیکەر بۆ سەدام کراوە، سەد دیواربەندی ڕەنگینی ڕووناکی بڵند دانراوە.
بە فرۆکەیەکی تایبەت، لە بەهاری جوانی مۆسکۆوە وەفدێک هاتوون، پاش ئەوەی بەســتەڵەک و شــەختەی زســتان هەراســانیان دەکەن، دەیانەوێ بێنە ئــەو بەهارە ــبــۆ ئــەوان بەهــار بوو، ئەگەرنــا لەو وڵاتە کەساســی و خوێن و کوشــتن بەردوام

بوو_ بەشـداری ئاهەنگەکە بکەن، سـەد و دە کەس،دەگەنە فڕۆکەخانەی سـەدام و دەسـتەیەک سیاسەتمەداری وەزارەتی دەرەوەش پێشوازییان دەکەن.

***

پیاوەکـەی هاتبـووە نـاو قەیسـەری، لەلای خەیاتەکـەی ئارەزووی دەکـرد مۆدیلی نوێـی جلی پیاوانـە بدوورێت، مارکەکـە بەناوی ئەو بێت. پەرۆش بـوو: گەنجەکان لـە گازینـۆی لەیالی. لەکاتی سـەیرکردنی فیلمی سـینەماکان. لەرۆژانی نەورۆز. کە کۆڕێکـی ئەدەبی دەکرێت، پێشـانگایەکی هونەری شـێوەکاری دەکرێتەوە .کە تیپی میللی شـایی دوورنە بەدەنگی جەلال سـەعید دەکات. قوتابییە زیرەکانی ئامادەیی کوردسـتان مۆدیلی جلە کوردییەکەی ئەو ببین. ئەوانە دەستەدەستە رووی تێبکەن، قوماشـیان بۆ ببڕێت. گەنجەکانئاسوودە بکات، قوتابییەکان کە زانکۆ تەواو دەکەن، خـەم لـەوە نەخۆن پاش تەواوبوون، دەبنە عەسـکەر و ژیـان و خوێندنو بڕوانامە و گەنجی و دۆستەکانیان بەفیڕۆدەچێت.

پیاوەکە، ئەوەی لەگەڵ هونەرمەندێکی بالابەرزی هەولێر هاتبوو، بە بەژن و قیافەتی هونەرمەندەکە، دەستە جلێکی جوان بگرێت و بدوورێت، بۆ دیاری رۆژی لەدایکبوونی سەدامی ببات:

پیاوەکە دەسـت بەریش و سـمێڵی دادەهێنێت، دەست لەسەرشانی هونەرمەندەکەی هاوشـانی هاتبوو دەدات. بە خەیاتەکە دەڵێت دوو دەسـتە جلی کوردیم بۆ بدوورە، یەکێکیـان بـۆ ئەو پیاوە، ئەوی تریان بۆ سـەرۆک سـەدام. هەردووکیان بە بەژن و ناوقەد و شـانی ئەو پیاوە بگرە «هێشـتا دەستی لەسەرشانی هونەرمەندەکە بوو».

دیـارە خەیاتەکـە دەڵێت بەچاوان. ناڵێت ئیشـم زۆرە، بازاڕم گەرمە، خەڵکی ترتان لەپێشـە، ناتوانـم جـەژن نزیکە، ناکـرێ وا زوو تـەواو بێت، چونکە نـەورۆز زۆری نەمـاوە! ناتوانێـت بڵێت نۆرەبـڕی بکەم گەنجەکانـی تەیراوە، سـێتاقانییەکان لێم عاجزدەبن، زوو دەڵێت بەچاوان.

دووبـارە پێیـان دەڵێـت دانیشـن، ناکـرێ هـەر بەپێوەبـن، هـەردوو میوانەکەش هەڵسـابوونەوە، بەپێیان لەبەر شـان و شـەوکەت و پۆشـاک و بۆن و دەستوپەنجە و ئەنگوسـتیلەکانی پەنجـەی پیاوە میوانەکە، دەوەسـتن. بەڵام پیـاوە کوردەکەی لە بەغدا هاتبوو، زۆرتر چاوی لەسـەر بنمیچی قەیسـەرییەکە و دەرگا دارەکە بوو،

دانانیشـێت، یەک دوو هەنگاویش دووردەکەوێتەوە، سـەر لە کۆڵانەکەی بەرامبەریان هەڵدەکێشـێت. خەیاتەکـەش، مەترەکەی سەرشـانی دەهێنێتە خـوارەوە، دەفتەرە ئەسـتوورەکە دەکاتـەوە، نازانێـت لاپەڕەکە بەنـاوی کێ بنووسـێت: ئەگەر بەناوی سـەدام حوسـێن دەنووسـێت! ئەوە ئاسـان نییە، دەکـرێ ناوی ئەو لـەو دەفتەرە بنووسـرێت، زۆرکـەس، میللەتێکـی گـەورە و کەسـاس رقیان لەو ناوەیـە، زۆریان بەزەبـری ئەو خوێنیـان رژاوە. کێ بڕوادەکات دەفتەرەکەی ئـەو، قەڵەمەکەی ئەو، بـازاڕ و کۆڵانەکـەی ئەو، ناوی ئەوی تێدا بنووسـرێت و قوماش بۆ ئەو ببڕێت، ئوتو بـۆ جلی ئەو، یەخەی ئەو، جلی کوردیش بکرێت!

***

کابـرا، بەتەقەتـەق دەگەڕێتەوە بـەر قەپەنگە نوێیەکە، کن چکەچکـی مەکینەکە، بەلوتفەوە دەڵێت:

هەر بژیت وەستا، هیوادارم جلە کوردییەکە جوان بە بەژن و قیافەتی سەرۆک بێت.

گوتیان ئەوەیان لەدەسـت و مقەس و دوورمان و مەکینەکەی تۆ دەوەشـێتەوە.

خەیاتەکە، لەو بەهارە، هێشـتا گەرما نەهاتبوو، قەیسـەری فێنکییەکی هەر تێدایە، بەڵام ئەو دوو ریز ئارەقەی زیوین، شەرمی لەسەر نێوچەوانیدانابوو، خۆی نەیدەزانی ئارەقەی چییە وا بەسـاردی دەبریقێنەوە و ریزیان بەستوە!

کابرای لە بەغدا بۆ ئەو کارە و دیداری تر و پرۆژەیەکی گەشـتیاریش هاتبوو، جانتا رەشەکەی ناودەستی دەکاتەوە، سەفتەیەک پارە دەردەهێنێت، بە خەیاتەکە دەڵێت:

وەسـتا حەقت چەندە بەچاوان، دوو دەستە جلی کوردی دەکاتە چەند!

ئەویش، لەودەمانە، بەپەلە چەند بیرۆکەیەک لە مێشـکی گوزەر دەکات:

بڵـێ پـارە وەرناگرم، با ئەوەش دیاری من بێت، دیاری بازاڕی قەیسـەری و هەولێر بێت بۆ سـەدام، بەشـێک بێت لە هەموو ئامادەکارییەکانی جەژنی لەدایکبوونی ئەو، وا لە میسـر، لە رۆمانیا، لە ئوردن، لە گوندەکانی یەمەن، ئەمریکای لاتین شـانازی پێوەدەکـەن، با ئەوەش دیاری من بێت، پارە وەرناگرم.

ئەگەر ئەو لەو حاڵەتە پارەکەیوەرنەگرتبوایە: رەنگە ئیمڕۆ، «لەو ساڵانە قەیسەرییەکە نـۆژەن نەکرابووەوە»، ئەگەر پارەکەی وەرنەدەگرت، گەنجەکان دەیانزانی، ئەوانەی ببوونە مودیلی جلەکانی نەفرەتیان دەکرد، چیتر هاموشۆیان نەدەکرد، بازاڕی سارد

دەبــوو، دەبوایە مقەســەکەی هەڵبگرێتەوە، قوماشــەکان، تۆپە کوتاڵــەکان تۆزیان لەســەر بکەوێــت و مشــک و مۆرانە بیانخــۆن، برزن، کاڵ و ســپیببنەوە. چۆن پارە وەرناگرێت، بۆ لەناوی ســەدام بترسێت و بیەوێ سازشی بۆ بکات:

چۆن ســازش بکەم، ئەدی من هاوڕێی نزیکی موحەمەد عەجەم نەبووم. ئەو پیاوەی زوو شــەهید دەکرێــت، ئــەو تفەنگ و دەمانچەیــەی لەناو هەولێر زۆر سەرکەشــانە، ئازایانــە تەقــەی لە پیاوانی رژێم دەکرد. ئەویش داوای لێــم کردبوو، یەکەم منداڵم، لەســەر داوای ئەو ناوبنێم «مەبەســت». ئێوارەکەی ئەوم لەناو لاداکە بینی، چەکی پێبوو، کابرام نەدەناسی، نەدەمزانی لەگەڵ کێ سوار بووە، بەنیازی چییە، شەوەکەی چوومە یانەی کرێکاران، بیرەی یەکەمم خواردەوە، لەگەڵ ساردی و کەفی شووشەی دووەمی شــەهرەزادەکە، لەناو باخچەکە، گوێم لە دەسترێژێک دەبێت:

شارەکە ئەودەمانە ژاوەژاو و قەرەباڵغی و هاتوچۆی کەم بوو، زوو دەنگەکان دەگەیشت، تەقەکان دەبیســترا، گوێم لە تەقەکان بوو. لەسەر کورسییەکەم هەڵسامەوە، لەدیار مێزەکە دوورکەوتمەوە، بە خەیاڵ یەکسەر گەیشتمە ناو لادا کەسکەکەی ئێوارە ئەوم تێــدا بینــی، گەڕامەوە، بەردەم لادا کەســکەکەی بەیانی بینیم. زانیــم تەقەکان لەو کراوە، چونکە هەســتم بە ژان و برینەکانی ئەو کرد. لە شــوێنەکەی خۆمەوە، زانیم دەســتیان لێ وەشــاندووە. گوللەکانم لێــوە دیاربوو، شــوێنەکەم دەبینی. برینەکان ناســیەوە. بەڵام، تا ئێســتاش و پاش چەند ســاڵیش تەرمەکــەم نەبینی، گۆڕەکەم نەبینی. ئەو یەک کەس بوو، بەتەنیا شــارێکی هەراسان کردبوو. یەک دەمانچە بوو، تۆپەکانی دەترســاند، رەشاشــەکانی بێدەنگ دەکرد! پیاوێکی بێکەس بوو، بەڵام بۆ میللەتێــک خەباتــی دەکرد. یەک منداڵی هەبوو، شــارێک، حزبێک و مێژوویێک چاوی لەو کوڕەی ئەو بوو! ئەویش وەک ســۆران عەنکاوەیی بەدەســتی خیانەت و بەپلانی پارە شــەهید دەبێت. ئەو دوو کەســە، بە خیانەت شەهید دەکرێن، یەکەمیان هێشتا شــۆرش ســاوا بوو، مەفرەزە سەرەتاییەکان، بەشــەویش لە گوندە سەرسنوورەکان، پارێــزراو نەبــوون، ئاســمان و ئــاو و موختار و شــەو و ســێبەر دژایەتــی دەکردن. سۆرانیش لە دۆخێک شەهید دەکرێت، ناوچە ئازادکراوەکان دەگیران، ئاوەدانییەکان ببوونە ســوتماک، سێبەریش نەمابوو، زاد و ئاو زەحمەت بوو.

***

ڕۆژێکیـــان، نیوەڕۆ بوو، بازاڕ گەرم، قەیســەری ئــاوەدان، لادێیەکان زۆرتر هاتبوونە شــار کەرەســتەکانیان بکڕن، جلوبەرگ بــدوورن. بیرم لەوە دەکــردەوە، حیکایەتی مــن و ئەو قەیســەرییە، من ئــەو مەکینەیە، من و ئەو دوورمــان و داو و دەرزییانە! دوورە، کۆنــە، لەوە دەســتپێدەکات، کــە باوکم، نا بیوورن باپیــرم منی بەرخەوان، بیوومە کوڕی باپیرم،نەمدەویست لەگەڵ باوکم بێمە شار، بەرخەکانم خۆشدەویست، حەوشــە گەورەکەمان، سەگەکەمان،چونکە ســێبەر و پاسەوانەکەی خۆی پێ پیرۆز بوو! ئەوانە جێناهێڵم! هاتووم، لەگەڵ باپیرم، ریشــە ســپییەکەی، قەنە و تووتن و دوعا و پەلەکردن و گۆپاڵەکەی، شــەرواڵێکم بۆ ببڕن، بۆ بدوورن، دڵم بکەنە شــەکر و شایی. بەڵام باپیرم، لەبەرچاوی من، لەوێ وەک دوو سێ بست لە بەژن و پیاو و تەمەن و بۆچوون وەســتابووم، بە خەیاتەکە دەڵێت:

کوڕەکەم، زوو هەڵدەدات، زوو گەورە دەبێت، با شــەرواڵەکەی نیو بســت، قوڵانجێک درێژتــر و گەورەتر و بەرینتر بێت!

خەیاتەکەش، لەســەر قســەی ئەو، بێ ئەوەی حیســاب بۆ بەژن و زەوقی شــیرینی منداڵی من بکات، شــەرواڵەکەم درێژ و گەورە و فش و بەرین و ســەقەت دەبڕێت و وای دەدوورێت، دوو ڕۆژ پێش جەژن شەرواڵەکە دەگاتەوە گوندی، بەڵام ناگاتە ناو دڵ و ویســت و بەژن و گەمە و غاردان و هەوەســی هەرزەکارییم!

دوایــی هاتمــە شــار و بوومە خەیات. هاتمــە بەر مەکینە، گەمەم بــە باڵی ڕەنگینی مەکینــە چینییــە پەپولەکــە کرد و زەوقم وەرگــرت. هەنگاو بە هەنــگاو کورتەکمان دەدووری و بەرەکەمان نەدووری، شەرواڵمان دەبڕی و دەماندووری، بەڵام کورتکمان دەبــردە مــاڵان، بەردەســتی ژنەکانــی پەنجەکانیان وەک ماســی نەرم و شــل بوو. ژنەکانی جوولەی جەستەیان، نازی پێشوازییەکانیان بۆ منی گەنج و وەستاش، ئاگر و شــکان و دووکەڵیــش بوو. ئەوانە، ئەو ژنانەی وەک گوڵەبەرۆژە دەدرەوشــانەوە، بەریــان لەبــەر کورتکەکان دەدووری. ئێــواران، زۆربەری ئێواران، بــەر لەوەی ئێمە بچینەوە، بگەڕێینەوە ماڵە دوورەکانمان لە شــار و لە قەڵاتەکە. پێش ئەوەی تاریک دابێــت، باوەشــێک کورتکمــان دەبردە ماڵێک، کــن ژنێک، کەدەرگای حەوشــەکەی دەکــردەوە، کە حەوشــەکەم دەبینــی: ڕەیحان، ڕووناکی، لوتف، شــیرینی، نازم بۆ دەکرایــەوە. ئەو، ژنەکە بەری کورتەکەکانیبە دەســتی و لەســەر کۆش و بەرباخەڵ بۆمان دەدووری، من ئەوەم دەویســت، بەڵام ئەو دەیویست:

ببمە کوڕی، ببمە زاوای، مەکینەکە بهێنمەوە ماڵەکەی ئەو، ناو ژوور و بەرهەیوانەکەی، لـەوێ بژیـم و دوورمان بکەم! بە کیژەکەی بڵێـم من یەک و تۆش دوو! فەرمووە دڵە سـوورەکەم لێوتی پێ سوور بکە! فەرموو ببینە بەرد و ئاویش.

***

خەیاتـە گەنجەکە، کوڕەکـەی تازە دووکانێکی پەیداکردبوو، لەناو قەیسـەری ببووە خاوەن دووکان، ببووە خاوەن مەکینە، دەستی لە بڕین و دوورمان و کڕین و فرۆشتن راهاتبوو. دەیویسـت کاسـبی بکات، زۆرتر شـارەزا بێت، باشـتر خـۆی بگرێتەوە، خوشـک و براکانی بژێنێت، باوکی رازی بکات!

ئـەو کیـژی ژنە نازدارەکـەی ناوماڵەکەی دیبوو. کە دەرگای دەکـردەوە، کە دایکی کورتەکەکانـی لـێ وەردەگـرت، کیژەکە تیشـکی بەردەکـەوت، هـەوای کۆڵانەکەی پێدەکـەوت. ئەگەرنـا، بسـکی، سـینگی، بەژنـی، نـاوی، خەونەکانـی: وەک لقـی دارهەنارەکە، وەک گوڵە سـوورەکە، وەک سـێبەرەکە، رادیۆیە داپۆشراوەکە، وێنەی حاجییەکـەی لەنـاو چوارچێوەکە دانرابوو، لێفەکانی لەمێژبوو لەسـەر سـەندوقەکە دانرابـوون، لەنـاو ماڵەکـە دانرابـوون کیژەکە بسـکی، ماکسـییە زەردەکەی، گوڵە سـوورەکانی سـەر سـینگ و یەخەی، نیگایـە نەرمەکانی، ئەگەرچـی چەندان دەریا و بەربەسـتمان لەنێـوان بوو، منـی تونـد بەتەختەدارەکەی تەنیشـتی دەرگاکەیان گیردەکـرد، منـی دەهەژانـد، یەکسـەر دەگەیشـتمە باوەشـی، لەوەتـی هاتبوومـە ناوشـارەکە، لەوەتی لەدەسـت باپیرم و باوکم دەربازم ببوو. من لەو شارە دەخوێنم و کاردەکەم. لەوەتی بوومەتە خەیات و شـارەکە دەدوورمەوە، کاردەکەم، دەخوێنم، کوردایەتـی دەکەم، سەرپەرشـتی ماڵەوە دەکەم، کتێـب دەخوێنمەوە، برادەری زۆر بەرێدەکـەم، بـەڵام بەداخەوە ناتوانم چیتر بەری کورتەکەکانم ببمە کن ژنەکەی منی وەک چاوەکانی خۆشدەویست، منی دەپاراست، تا لە کۆڵانەکەیان ئاوا دەبووم، گوێم لێ دەبوو دوعای بۆ دەکردم:

لە بۆ خاتری سولتان موزەفەر، بەرماڵەکەی سەر سینگی، قورئانەکانی سەر تاقەکان و مەولوودەکانـی تێدا دەخوێندرێن، ئەو کوڕە، ئەو وەسـتایە بەردەوام کۆڵانەکەمان بناسـێتەوە، دەرگاکەمان بدۆزێتەوە، بۆنی رەیحانی حەوشـەکەمان سەرفرازی بکات،

بــەژن و ســینگی کیژەکەم هەرگیز لەبیر نەکات! ئەگەر ئــەو کوڕە دڵی بکەوێتە بەر پەنجەرەکەمــان، حەزی بچێتە دار هەنارەکەمان، کیژەکەی خۆمی بۆ دەکەمە بووک، چــۆن بووکێــک، کــە لە حەمام دەیشــۆن: هەموو ژنەکان بە جەســتە و نەرمی رانی و ســینگ و مەمکی سەرســام بــن! ئەو کیژەی من قابیلی ئەو کــوڕە وردە نەرمەیە، خۆزگە کۆتری دڵی لەو حەوشــەیە دەنیشێتەوە .

❊❊❊

خەیاتەکــە، کــە قاتــە کوردییەکــە بۆ پیاوە شــان گەورەکە، ســەر و قــژ درێژەکە دەدوورێت بۆ دیاری ســەدام، پارەکە وەردەگرێت، چۆن پارە لەوانە وەرناگرێت:
بەیانــی، مانگێکی تر، دوایی دەیان ســاڵ مێژووەکەم، منــداڵ و کۆڵانەکەم، مەکینە ســۆنگەرەکەم، دوور مــەڕۆ مقەســەکەی _لەبیریەتی کــەی کــڕاوە، لەورۆژانە بوو، لەنــاو دووکانەکەی دانیشــتبوو، زەوی، عەردەکە شــانی هەڵتەکانــد، جوولا، نەرمە بوومەلەرزەیــەک قەومــا، زۆربەی خەڵکەکە، بەڵام ئەو نا، بــەرەو مزگەوتەکە، گوایە ئەویٚ ســەلامەت دەبێــت و ناڕووخێت رادەکەن، ئەوناچێــت، دەمینێتەوە . لەورۆژانە بــوو، ئەو مقەســە کڕابوو، هاتبــووە دووکانەکەی، دوایی دەبێتــە موڵکی ئەو و تێدا مۆدیلــی نوێی جلی پیاوانــەی پێدەبڕێت و ناو دەردەکات_ناو دەســتم، جیرانەکان، ئەوانەی لەسەر کۆتەرە بچووکەکەی ناو دووکانەکەم،بێ ئیش و بەرنامە دانیشتبوون، هاتبوون گوێبگرن، قســەبکەن، برســیبن تا بگەڕێنەوە نان بخۆن، قســەوەربگرن تا بیگێڕنــەوە . پیاوەکــەی لــە بەغــدا هاتبوو، هونەرمەنــدە باڵابەرزە چــاو گەورەکەی هاوشــانی بوو، رەنگە ئەویش گەواهییم لەسەربدەن، بڵێن:
ئێمە ئاگادارین، دەزانین ئەو پیاوە قاتی کوردی نایابی بۆ دیاری رۆژی لەدایکبوونی ســەدام حوســێن دووری و قبوولی نەکــرد، پارەکەی وەربگرێــت، دیارییەکەی کردە دیاری نازدار و ویستی خۆی . دیاری: دووکانەکەی، کۆڵانەکەی، مقەس و مەکینەکەی، کارەباکەی سەری، بۆنی سەوزەکانی نزیک ئەو دەفرۆشران، پەنیرەکەی لە کوێستان لەنــاو پێســت دەهات،دەیکاتــە دیــاری جوانــی و زەردەخەنەی هەنگویــن، دەیکاتە دەســتەگوڵی گەمە و ئاوازی گوێزەکانی لەناو فەردەکانیش غلووردەبوونەوە!
چــۆن پارەکــەم وەرناگرم و دوورینە نازدارەکەم دەکەمە دیاری، بۆ کێ!؟ بۆ ئەوانە، چۆن لەبیرم دەچێت، ئەو کەســە بوو، هەموو سازشــێکی لەگەڵ ئیران کرد، بەس بۆ

ئەوەی دان بە مافی کوردان دانەنێت. ئەو پیاوە، بەسەرکەشی و پلانگیری شەڕێکی سـەخت و پەلامارێکی گەورەی بەرپاکردووە، تێدا رۆژانە سەدان گەنج و دارخورما و ئـاو و لوتکەی بەفر و هێلانەی کەوی کردوتە قوربانی!

مـن چـۆن دیاری بۆ ئەو دەنێرم، ئەفسـەرەکەی ئـەو بوو، کە دەگیرێـم، رۆژێکیان لەسـەر ناسـینیکۆنە برادەرێک و پەیوەندییەک دەگیرێم، ئەفسـەرەکە، پێش ئەوەی یەک قسـەم، لەگەڵ بکات، بەر لە هەموو شـتێک شەقەزلەیەکی توندم لێدەدات، هەر دەگێڕمەوە، دەڵێم ئیسـتاش روومەتم، لاملێکم، شـانم بەو شـەقە ژان دەکات، چۆن پارەیان لێ وەرناگرم. سـەرمایە و کاسـبی چەند سـاڵی دووکان و مقەس و چاوم، دەبێتە بەرتیل و سـەرانە و چاوپۆشین، تا لە گیرانەکە ئازادکرام.

***

قاتـە کوردییەکـەی دووری و هاتـن بردیانەوە، کردیانە دیاری، بـەڵام دووکانەکەی، مقەسـەکەی، تەختەکەی بەردەسـتی، دەفتەرەکەی پیوانەکەی لەسـەر نووسرابوو، دووکانەکـەی بەرامبەر، بنمیچی دووکانەکەش گلەیی دەکەن، دەڵێن:

بۆ نەتگوت من بەرگدوورنیم! من لەناو ئەو کۆڵانە، ئەو قەیسەرییە باریکە تەنگەبەرە مەکینـەی تراکتـۆر بـۆ جووتیارەکانی زەوی دەکێڵـن و چاوەڕوانی بـاران دەکەن، دەکەمەوە! من کارەباچییم باوەش باوەش، پیکەب پیکەب، وایەر و عامود و فنجانم بۆ دێت و دەفرۆشـمەوە! من وەسـتام و کاشی گەڵاڵە بە چیمەنتۆ و کوتکی لاستیک لێدەدەم! من کەناسی بەلەدییەم! بۆ زوو نەتگوت، جاران باوکم لەگەڵ سابیر خەیات و کەریم عەدۆ و خدر خەیات و یوسـف و مەلا یوسـف هەرکی و ئەوانی تر خەیات بووە، من وازم هێناوە. من خەیات نیم هاتووم لێرە وەستاوم و وێنەیەک بۆ یادگاری بگرم. هاتووم و دانیشتووم و دیوەخانێکی بچووکم داناوە. رۆژانە بەس چا بۆ خەڵک دەکرم. رۆژانە، تا دووکانەکەش دادەخەم، هەر نامەی سـەرباز و قوتابی شـارەکان دەدەمەوە خاوەنەکانیان.

لێـرە دانیشـتووم تا ئەوانەی لە گونـدەکان دێنە ناوشـار، کەلوپەلەکانیان لەکن من دابنێـن. ئەگەرنـا من کار ناکەم. کاسـبی نەماوە، پیشـە و بازاڕ بە شـەڕەکان ئاگر دەگـرن و سـووتان. بازرگانییەکە بە گرتنی وڵاتێک، بە کاولکردن و سـوتماککردنی دەڤەرە جوانەکان، سـاردە و هەر نەماوە. من لێرە ماوم، شـەوانە لەگەڵ پۆلیسەکە،

ئـەوەی ماتۆرێکی هاتوچـۆ لێدەخورێت، کە دەخۆینەوە، زۆرجاریش سەرخۆشـیش نیـن، بەیەکـەوە کودەتا دەکەیـن، حکومـەت دەرووخێنین. بێترس بـە ماتۆرەکەی ئـەو، بڵاوکراوە دابەشـدەکەین، بریندارێش دەگوازینەوە. پێشـمەرگەش هەڵدەگرین. دەمانگوت، کە حکومەتمان رووخاند، من دەبمە پارێزگار و تۆش ببە بە بەڕێوەبەری هەموو پۆلیسی هەولێر!

***

هەر لەو دووکانە، لەو کۆڵانەی شەوانە دەرگا دارە بەرینەکەی دادەخرا، بەڵام زووتر پاکدەکرایەوە، یان زوو بەیانییان بەر لە هاتنی دووکاندارەکان، زەبڵ و پاشماوەکان هەڵدەگیـران. کەناسـەکە بە کەر و جواڵ و دەسـت و نینۆکەکانیان، جوان جوان و باش پاکیان دەکردوە _ئەودەمانە زبڵ و پیسـایی کەم بووـ دانیشـتبووم، هێشـتا مۆدیلی قاتەکانم ناویان باش دەرنەکردبوو، نەناسرابووم، ئاگاداری رێکخستن و لڤینی شـۆرش و پێشـمەرگەش بووم. بەیانی بوو، بەڵام دەزگاکانی حکومەت کرابوونەوە، کەبابـی زۆریـش لەو شـارە، لەنزیـک منیش لێدرابوو. سـەوزە و میـوەش هاتبوو. لەسـەر مەکینەکە بووم، کەسـم لەکن نەبوو، تەنیا دووکانەکەی بەرامبەرم، رادیۆی کردبـووەوە، گۆرانییەکـی لێدەدا، گۆرانییەکە دروسـت بۆ دڵ و مەزاج و هەوەسـی گەنجییـم بـوو، بەس بۆ من بوو، منی دەهەژاند، کیـژی ژنەکەی بەرە کورتەکەی بۆ دەدوورین بەبیرهێنامەوە. نازانم بۆ ئەوم بەبیرهاتەوە، بۆنم دەکرد، دەسـتم گەیشتە جامـە ئاوەکـەی بۆی راگرتبووم. هەسـتم بە جریـوەی مەمکەکانی کـرد، مەمکیش دەجریوێنێت. بەڵێ بیرم رۆیشـتبوو، لەناکاو، موحەمەد عەجەم، بە بەدلە شینەکەی بەری، بە قیافەتە گەورەکەی، چەشە و زەوقە گەرمەکەی گەیشتە سەر سەرم. سەر مەکینە و قوماشەکانی زووتر بڕیبووم.

دیارە ئەو رۆژە هێشـتا نەچووبوە سـەرکار. ویسـتوویەتی پێش ئەوەی بگاتە سـەر تراکتۆرەکەی دائیرەی کشتوکاڵ زەبرێک بوەشێنێت. لەو شارە کپە تەقەیەک بکات، لە کەشـە سەرکەشەکەی بەعس، ئاژاوەیەک بنێتەوە .لەناو ئەوانەی بوونەتە بەعسی، دەیانەوێ خەڵکی بەزیو و ترسنۆک بۆ ناو فرقە و مەنەزەمەکان راوبکەن. نارنجۆکێک بتەقێنتەوە. بەرۆژ، لەناوشـار، بەر لەوەی بچێتە دەوام، تەقە لە کۆنە بەعسـییەک دەکات. پیاوێک لەرۆژانی حەرەس قەومییەکانی ساڵیشێسـت و سـێ دەکوژران، ئەو

رادەکات. لە شـارەکانی باشـوور و بەغدا بووە، پاش نسـکۆ گەڕاوەتەوە. لەیەکێک لـە دەزگا کارتونییەکانـی ئۆتۆنۆمییەکـە بوویتـە بەڕێوەبەرێکی باڵادەسـت. بەڵام دەمانچەیەکی شاراوەی ناو بەدلەیەکی شینی کرێکارێکی زراعە، گەنجێکی ڕێکخستن، تووڕەییەک، فەرمانێکی کۆنی ساڵانی شێستەکان، ناپاکی سەردەمی حەرەس قەومی و بەعسـییەتی ئێستای، دەمانچەی لێ هەڵکێشراوە و تەقەی لێکردووە.

ــ وەسـتا، ئەفەندییەکم تۆپاند، دڵنیام دوو سێ گوللەی بەرکەوتووە!

ــ کێ بوو، پیاوێکی ناوداری شـارەکەیە، مێژووێکی رەشی هەیە.

ــ کوشتت، مرد؟

ــ نازانـم بەڵام مـن زۆر لەنزیکەوە لێمدا، دەزانـم گوللەکانی منی بەرکەوت ــمنداڵ بووم باوکم فێری دەکردم، چۆن گوللە بەدەسـتوپێی دوژمن وەبنێم، چۆن لەناوشـار تەقە لە خۆفرۆشـان بکەم ــ شار و دائیرە و خەڵکەکەم راچلەکاند.

***

ئـەو رۆژەی دەسـتە رەشـە خائینەکە، شـوێن و کات و جۆری چـەک و جلی بەری و چـی خـواردووە، کـەی دەردەچێت، کێـوە دەچێت بە مەفـرەزە و چەک و پلانی بەڕێوەبەرایەتـی ئەمـن ــئەودەمانە باو باوی ئەمن بوو، موخابەرات و ئیسـتخبارات و حزب نەبووــ دەڵێت، ئەوانیش مەفرەزەیەکی بۆ دەردەکەن، لەناو گۆڕسـتانەکەی باداوە، دەستدرێژی لێ دەکەن، دەیکوژن.

لـەو رووداوە بەتەنیـا نەبوو، کادیرێکی کۆن و پێشـمەرگەیەکی شۆڕشـی ئەیلول و ئەندامێکـی چالاکی ڕێکخسـتنی بەنـاوی «نەبەز» لەگەڵ دەبێـت. ئەویش بەر ئەو کەمینە دەکەوێت. ئەو زووتر، هەر لەسـەردەمی خوێندکاری لە ئامادەیی کشـتوکاڵی هەولێـر، خەمـی وڵاتی بووە، لە ریزەکانی قوتابییان، لەناو هێزەکانی پێشـمەرگەش پەرۆش و خەباتگێڕ بووە.دوایی کوڕەکەی کە دەبێتە پزیشک، ناوی ئەو لە شەقامی پزیشـکانی هەولێـر بەرز رادەگرێت. برادەرەکانی رۆژانـی خەبات و خوێندنی منداڵی و گەنجـی و گوندەکانـی بنەماڵەکـەی تێـدا ژیابـوون ــبەتایبەتی دایکـی، ژنەکەی لـە تەمەنی بیسـت سـاڵی مێردەکـەی نامینێت، ژنانـە منداڵەکانی گـەورە دەکات، کوڕەکـەی بەنـاوی هێمن کرابـوو، دەبێتە دکتۆرــ شـاناز منداڵە نەخۆشـەکانیان، خۆیـان کـە نەخۆش دەبن، دەچنە کلینکەکەی و باسـی ئازایەتی «نەبەز»ی باوکی

بۆ دەگێڕنەوە:
لە ناوپردان بووین، ئێمە خوێندکارانی ئامادەیی کشـتوکاڵ، لەو دەڤەرە، بە چەندان فەرمـان و ئەرکـی پێشـمەرگایەتی و حزبی سـەرقاڵ بووین، گوتیان، ئێوە، شـەش حەوت کەسـن، پێویسـتە بچنە پێنجوێن، لەوێ قۆناخی دواسـاڵی خوێندنتان تەواو بکەن، شـۆرش تەنیا شـەڕ و حزبایەتی نییە. لەوێ هەموو قوتابییەکانی دواقۆناخی ئامادەییەکانـی کشـتوکاڵ کۆدەکەنەوە: هەموو پێداویسـتییەکانمان بۆ سـازکردون، بڕۆن. ئیتر ئێمە، بەیەکەوە بیرمان لەوە کردووە، چۆن دەگەینە ئەو شـوێنە، دەبێ چەندان شـاخ و دەشـتودەر ببڕین. لە چەندان گوند نان بخۆین، شـەوانە لە چەندان مزگـەوت بخەویـن. پێنجوێن لەکوێیە و ڕێگاکەی لەکێوە دەسـت پێـدەکات. نەبەز، لـەوێ ناوی خالیـد بوو، ئەو سـەرقافڵەی کاروانەکەمان بوو. لـەو دەرچوونەنیوەی کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتمان کرد. چەندان شار و تەرمینال و پاسمان بینی. لەو ڕێگایە سەرسامبوون بە شەقام و گۆڕەپان و خواردنەکانیان، هیلاکبووین، بەڵام خۆش بوو، دووریـش بـوو، بەڵام حەزمان دەکـرد، خانە و مەهاباد و سـنە و مەریوانمان بینی، گوندەکانمـان بینی، ئینجـا ئاودیو بووینەوە، چوینە هەوارەکەمـان، ناو کەپرەکان، دڵمـان خـۆش لەگەرمەی شـەڕەکان ئێمـە دەخوێنیـن و تاقیکردنەوەی دواسـاڵی ئامادەیی کشـتوکاڵ دەکەین. کوڕە دکتۆرەکە،باوکی نەدیبوو، دایکیشـی کەم لەگەڵ ئـەو ژیابـوو، بۆیە پەرۆش و شـەیدا، گوێ لە پەیڤی میوان و نەخۆش و سـەردانی برادەرەکانی باوکی دەگرێت.

***

پیاوەکە دوو سـێ شـەو، لە ماڵ و کۆگا و شوێنی ئیشکردنی خۆی، سۆران بێچەک، بەجلـی ئەفەنـدی دەحەوێنێتـەوە، بەئۆتۆمبێلیش کەمێک لەناوشاریشـی دەگێڕێت. ئێوارەیەکی درەنگیش، وەک باران لە پەنجەرە و دەرگای ماڵی خزمێکی لە عەنکاوە دەدات. لەو کاروانە، لەترسـانا نەبوو، ئاگاداری دەکاتەوە، پێیدەڵێت:
سـۆران، ڕەوشەکە باش نییە، سەیری دۆخەکە بکە. حکومەتشەڕەکانی لەگەڵ ئێران سـاردکردیتەوە، سـوپاکەی دەکێشـێنێتەوە، چالاکی و داواکارییەکان لەسـەر ئێران بۆ ڕاگرتنی شـەڕەکە گەرمە ـــچونکە ئەو وادەزانێت غەدریلێکراوە، بەشـێکی زۆری سـامان و خـاک و گیانـی وڵاتەکەی زیانی کوشـندەی بەرکەوتووە، ئاسـانیش نییە

ئاشـتی و دراوسێیەتی نیازپاکانە لەگەڵ بەعسـی سونەمەزهەب بکات_ کوردەکەش زۆری بەناوی فەوجەکان، پارە و ناونووسـین و دەوامنەکردن بێدەنگ بوون. واباشـە تۆش کەمتر دەربکەویت.

_ خۆ هەر من نیم هاتوومەتەوە، مەفرەزەی زۆرمان هەیە، لە گەرمیانیش خەڵکمان هەیە! «سۆران پێیدەڵێت».

_ دەزانـم ئـاگادارم، بۆیـەش دەڵێم لەورۆژانە دیارە «هوشـیارە سـوور» و چەند کەسێکی تری لەگەڵە، گیراون!

_ بڕوامەکە، راست نییە!

_ راسـت و درۆ، تۆ ئاگات لە خۆت بێت!

***

ئـەوە بەشـێکە لە سـەربردەی ئـەو. بڕۆ سـەردانی یەکێکی تر بکە، ئـەوە ژمارەی تەلەفۆنەکـەی و نـاوی «پاشـا»یە. لە تەمەنـی خۆمانە، سـەربردەی جوانی هەیە «هەوشـار پێیدەڵێـت». ئێمە گەنج بوویـن، لەماڵ، لەقۆناخەکانـی خوێندن، لەناو کۆڵانەکـەش هـاوڕێ بوویـن. ئەویـش وەک مـن، نیوەڕۆیانی هاوینـان نەدەخەوت. لەماڵەوە نەوەک تەقەتەق و خشەخش و هاتوچۆ بکەم منیان دەردەکرد. بەڵام ئەو، خۆی حەزیدەکرد لەدەرەوە بمینێتەوە.

ئەویش لە ژوورەوە ئۆقرەی نەدەگرت، دەیگوت شـار و کۆڵان: سـێبەر و ناودووکان و سەرشەقام و سینەما و چایەخانەی تێدایە! دەتوانی پەنایەک بۆ کات بەسەربردن بدۆزیتـەوە. بەردەرگای ئەو ماڵەمان پـێ خۆش بوو، تێدا پیرەژنەکە، داپیرەکەیان، ژنەکەی دەیانگـوت بەڕەچەلەک عەجەمە، بە قاوەگرتنەوە خێزانەکەی بەڕێوەدەبرد. ئاوەدانـی و هاتوچـۆ و جوولـەی خەڵکەکە، کرانەوەی دەرگا و ئـاکاری هەمەڕەنگی خەڵکەکە سێبووری بوو و دەیخافڵاندین.

***

لەگـەڵ پاشـا زۆر نزیکبووین، بەیەکـەوە جگەرەمان کێشـاوە، جگەرەیەکمان قووم قـووم تەواوکردووە. بەیەکـەوەش هەندێجار بەدوای «عەولای پۆخچی»دا دەچووین.

ئەو _بەپارە، بەڵام پارەیەکی کەم_دوو تەنەکە گووی لە بیرەکانمان هەڵدەکێشا و پڕدەکرد. تەنەکەکانی لەدوو سەری دارێک ئەستوورتر لە گۆپاڵ،باریکتر لە دارقازمە دەبەستا. دارەکەی لە سەرشانی دادەنا، تەنەکەکانی دەبرد و دەڕۆیشت. ئێمەش دەمانویست بزانین، گوو و میزی ئێمە، ئەوەی لەناو بیرەکانمان دەریدەهێنا کێوەی دەبات. دوو تەنەکە لەکوێ بەتاڵ دەکات!بەدوای بۆنی پیساییەکانمان دەڕۆیشتین! ئەو کە دەهات بۆن عەرەقی لێدەهات، بەڵام کە دەڕۆیشتەوە دوو بۆنی لێدەهات! ئێمەش بەدوای دەکەوتین.

هەر بەیەکەوە نیوەڕۆیان، دەچووینە سەرشانی یەکتری، لە پەنجەرەکانی قشڵەکەی نزیکمان، سەیری ناوەوەمان دەکرد، تا بزانین سجن چییە، چەند کەسی تێدایە، سەیری دەموچاوی خەڵکەکەی ناوەوەی بکەین، بزانین، ئەوانە چۆن بێ هەتاو و خەڵک و ماڵەوەیان دەژین! دەموچاوی کز، بێجامای خەتخەت، سەری پووت و گوێی گەورە، دەستوپەنجەی درێژ و ئاکاری کەساسی گیراوەکانی ناو حەوشەکەمان دەبینی. پەرۆشبووین دەنگمان بڕوات و بپرسین، ئێوە لەوێ چیدەکەن، گرتن و زیندان چییە! نەماندەزانی سجنەکە بۆ دیوارەکەی وا بەرزە، بۆ ئەستوورە، پەنجەرەکان بۆ بەرز و شیشبەندن!

پۆلیسەکان، ناوی زۆربەیانمان دەزانی، پیاو باش بوون، دەست بەچەک و شەوانەش لەدەرەوە و لەکۆڵانە باریکەکە هاتوچۆیان بوو، نەماندەزانی بۆ وادەکەن، بۆ ناچنە ژوورەوە، شەوانە سەرمایان نابێت، بێزار نابن! هەر لەنزیک ئەوان منداڵبووین، دەمانبینی، ناو حەوشە و بەردەم قشڵەی سواری شوێنی ترای ئۆتۆمبێلی شارەکەش بوو.

***

پاشا گەنجێکی جوان، قوتابییەکی زیرەک، رۆژانە بە قەمیسە سپییەکەی پۆلەکەی دەگەشاندەوە. هەموومان گرەومان دەکرد رۆژێک، کوڕ و کیژەکانیش _لەودەمانە ئامادەیی بازرگانی هەولێر تێکەڵاو بوو، بۆیەش زۆر لە دەرچووانی ناوەندی حەزیان بەو ئامادەییە دەکرد_ نەیاندەبیوو ماکێک، چڵکێکی روو زەردی تەنک، شوێن پێی وردی رشک و ئەسپێیەک، تۆزی پاسە سوورەکەی ئەو سەر و ئەو سەری هەولێری دەکرد. هەرگیز کەس لەسەر قەمیسە سپییەکانی پاشا، تۆزێک پیسی، گەردی رێگا،

ماکی ئارەقە و سـڕینەوەی نێوچەوان و شـوێنی لێ خشـاندنی سەردەسـتەکانی بە شیشبەندەکانی بەردەم ئۆرزدی باک، تۆزی تەباشیر و شوێنی سڕینەوەی نیوچەوان و پشـتەملی لەسەر قەمیسە سپییەکەی نەدیبوو.

***

ناوەکەم نووسـی، ژمارەی تەلەفۆنەکەم پەیدا کرد، تەلەفۆنم کرد، خۆم پێیناسـاند، خۆشحاڵ بوو کە گوتم دەمەوێ بتبینم، دەمەوێ پاشا ببینم، ئەویش گوتی من پاشا نیم، من سـەرباز و دەفتەری نووسـین و پرۆژەکەی تۆم! بڵێ ئامادەم!

پاشـاکە هـات، بـە ئۆتۆمبێلێکی حکومـی ژمارە بچووک، بە قەمیسـێکی سـووری نیوقۆڵ، خاوێن، زۆریش نەرم بەرەو رووم دەهات، بزەیەکی شیرین و سادە، دەمزانی تەمەنێکـی هەیـە، بەڵام ئاکار و بۆیەی قژی و پێسـتی دەموچـاوی، ریتمی دەنگی، هەموویـان ئامـاژەی گەنجـی دەگەیاند. ئـەو دوانەکەوتبوو، من زووتـر لەوێ بووم، لـە کافتریاکـەی ناویان نـاوە «ئەوروپا کافـی» چاوەڕوانم دەکرد، بـەڵام هیچم بۆ خواردنەوە داوا نەکردبوو، بەڵام ئاوە ساردەکەم شکاندبوو، قووڕگم پێی تەڕکردبوو.

ئـەو هـات، بەیەکـەوە لەسـەر مێزێکـی چوارگۆشـەی بچووکی ناسـک دانیشـتین، کافتریاکـە وابـوو، کورسـی و مێزەکانـی ورد و بچووک و ناسـک بوون، شـوێنەکە وا بـوو، رووبەرەکەی بەهاداربوو. کە هات زوو لەبەری هەڵسـامەوە، ئەویش شـانی گرتـم و توخوا ناکرێ دانیشـە، من رووبەڕووی خەڵکەکـە، ئەویش رووی لەناوەوەی کافتریاکـە دانیشـت، کـە ماوەمـاوە توانجێکـی ناسـک و کورت و رازێکـم بۆ داوی قژێـک، سـمتێکی تەڕ و نەرم ـــبـۆ ئەوانەی لەدوورەوە دیاربـوون، لەبوتیکە براندە جیهانییەکانـی مۆڵەکـە دەهاتنە دەرەوە، یان نۆرەی ئەسانسـۆزرەکەیان دەگرت بۆ دابەزین، دەبینی__ ئەویش بەشەرمەوە گوتی:

منت بەرووی کافتریاکە داناوە، خۆت بەرامبەر خەڵکەکە دانیشـتوویت!

دیـارە منیـش گوتـم بڕوابکە مەبەسـتی ئـەوەم نەبوو، بـەڵام وارێکـەوت، کە هاتم بەتەنیابووم، دەبوایە رووم لە ئاوەدانییەکە بێت. ئەویش بەروویێکی شـیرین گوتی:

__ گاڵتە دەکەم.

منیش گوتم:

__ دەتوانین شوێنەکانمان بگۆڕین.

بەڵام ئەو بەرووێکی شـیرین دیسان گوتی:
_ گاڵتە دەکەم.

***

لەو دیمانەیە، زۆر قسـەمانکرد، لەسەرەتای دانیشتنەکەمان، هێشتا قاوە تاڵەکەمان فڕنەکردبـوو، زوو دڵ و ڕازەکانمـان بـۆ یەکتریکردەوە. گەنـج بووینەوە، چووینەوە سـاڵانی هەشتاکان، سـەرەتای ئەو ساڵانە، تێدا نەماندەزانی زوو پیر دەبین، تەمەن ئەوەنـدە درێـژە، ریش وا سـپی دەبێت، دەسـت دەلەرزێت، دەسـتوپێمان ناسـک دەبـن، ژمارەی سـاڵەکانی تەمـەن دووردرێژە و چاوەڕوانیش هـەر دەمینێت. ئێمە کـە گەنجبووین، سـادە و ڕووخۆش، چەند ترسـاو، ئەوەنـدەش ئازابووین. ئای لەو سـاڵانە چەند گۆڕان و ڕۆژەڤی سـەیر و نوێ هاتن و ڕۆیشـتن! هەندێک لەوانە زۆر مانـەوە، گران و زیانبەخش لاربوونەوە و هەڵنەسـتانەوە. هەبوون، بەچاوتروکانێک، بەئاوڕدانەوەیەک، بەشەوورۆژێک هات و تەواو بوو! بە ناو و ڕۆژانە و بیرەوەرییەکان، هەردووکمـان گەنج بووینەوە، من گەڕامەوە، کۆڵان و چڵکاوەکەی بەسـتەپیازە، ناو خانووەکەی چەند سـاڵێک تێدا ژیام. سـێ کچی تریشـمان لەوێ لەدایکبوون، بەڵام هاوسـەرەکەم هـەر بەهیوای کوڕێکیتر بـوو، داوایدەکرد کوڕەکەمـان تاقانە نەبێت، منداڵی دەویسـت، بەڵام ڕازی نەدەبووم، پاش پازدە شـازدە ساڵ، توانی شەوێکیان فێڵم لێ بکات.

لەو خانووە و گەڕەکە، بەکۆششـی زۆر توانیم کاشـی بۆ بکڕم و کاشـی بکەم، پاش تەواوبوونی خانووەکەم حەزمان لە گۆڕینی کرد و فرۆشتمان. گەڕامەوە، ئەوڕۆژانەی ژنەکـەم زۆر کەیفـی بـە کڕینی دەسـتەیەک گلاس و تاخمی شووشـەی وەکیلەکەی ئۆرزدی باکی کۆڵانەکەمان دەهات.

دیمانەکەمان خۆش بوو، ئەگەر ئەویش سـەرفرازیش نەبووبێت، من خۆشـحاڵبووم، لەسـەر کورسـییە باریکە تەسـکەکە ئاسـوودەبووم، ئەوانە، کافتریـاکان، نایانەوێ خەڵـک زۆرتـر بمینێتەوە و وەنەوز بکات، بۆیەش کورسـی پـان و نەرم و گەورە و نـەوی دانانێن. ماوەیەکی باشماینەوە، دانیشـتین، چووینە ئامادەیی بازرگانی، کە تێکەڵاو بوو، کە چاوی ڕەش و سـمێڵی نەرم و بۆنی ئارەقە و نازی باسـکی ڕەش و تەنوورەی کورت، ئاسـوودە بەیەکەوە و ژوورەکانیان کردبووە باخچە و مێرگ!

پاشـا، گوتی ماوەیەک چەند مانگێک لە کەرکوک سـەربازی ئیحتیات بووم. شـەوانە لەترسـی ئەوەی نەوەک سـواری زیلمان بکەن، بەرەو بەرەکانی باشـوورمان ببەن، لەو ترسـە خەومان نەبوو. بەرۆژیش بە مەشـق و ئیهانە ریسـواکردن و سـەخڵەت بوویـن. خـۆم رادیـۆم نەبـوو، کە زۆریـش حەزم لێ بوو شـەوانە گوێ لـە گۆرانی بگـرم، دوو رادیـۆی قیسـارەم بۆ وەرگرتنی مۆلەت و پسـولە و دابەزینی ماڵەوە بۆ ئەفسـەرەکەمان لە هەولێر کڕی، دەمدایە ئەفسـەرەکەمان. ئەویش شەرمی نەدەکرد ئەفسـەرەکەی ئیستخبارات، بەجلی سەربازی و بەشەوقی نەجمەکانی سەرشانییەوە، ژمارەی پێڵاو و رەنگی و شـێوەی دەدامێ، لە هەولێر و لە گەڕانەوەمان بۆی بکڕم. شەرمی نەدەکرد ئەو ئەفسەرە دەیگوت شەممە کە گەڕایەوە حەفازەم بۆ بێنە، دوو دەسـتە، سـەرەتا نەمدەزانی حەفازە چییە، لە ماڵی ئێمە، لە گەڕەکەکەمان، لەناو خزمەکانم،نەمزانیبووکەس منداڵی سـاوای بە حەفازە گەورە بکات!

***

لەو کەشـە تاڵە، لەگەڵ گێڕانەوەی رۆژە تاڵەکانی سـەربازی و فیراری بابەتەکەمان گـۆڕی، زۆرتـرم لەسـەر ئەوە بیسـتبوو، زۆرتـر حەزم دەکـرد بچینـەوە منداڵی و کۆڵانەکانی هەولێر. ئەو گوتی:

منداڵبـووم، زۆریـش بچووک نەبووم، لەناو کۆڵانە باریکەکەی لە ناوەندی جۆگەیەکی ئاوی پیسـی پێدا دەڕۆیشـت. کوڕ و کچ، زۆر گچکە و گەورەش بەیەکەوە شـادمان یارییمان دەکرد. هەموو ماڵەکانی کۆڵانەکە، یەکتریان دەناسی، ئەوەی تازەش بەکرێ دەهاتـە ناو خانووێکی کۆڵانەکەمان، بێ ئەوەی بیانناسـین، خزمان نەبوون، لەیەک بنەماڵـە و عەشـیرەتیش نەبووین، کوردیـش نەبوون. کلیلی خانـووە بەتاڵەکەیان، کلیلـی دەرگای حەوشـە و ژوورێکیشـیان، لـەلای یەکـەم دەرگا و یەکـەم خانوو و یەکـەم کـەس بوو، کـە بەرەو بـار و کاروانەکە دەهات وەردەگـرت و دەیانکردەوە. هەمـووش بەیەکـەوە کەرەسـتەکانیان بـۆ دەگواسـتنەوە، نەرم نـەرم ئاوێنەکەیان هەڵدەگـرت. بـاش و وریـا، جەڕە و گۆزە و تەنکـە و فەردەکانـی زەخیریان بۆیان دادەگرت. نانی ژەمەکەیان، برسـیبوونی رێگا و بارکردنیان لەسـەر ئەوان بوو. زوو ژنـەکان، منداڵەکان دوایی پیاوەکانیش دەبوونە ناسـیار. ئـەو کۆڵانە، خانووەکانی بۆ خاوەنەکانیان کۆن بوون، ئەوانەی باری ئابوورییان باشـتر دەبێت، لە شـوێن و

گەڕەکــە نوێیــەکان خانوویان کردبوو. کۆنە خانووە کەرپووچــە چاتیە نەوییەکانیان بەکرێدەدا.خانــووەکان هەمــوو ڕەنگ و ڕەگەز و ئاکار و کاســبی تێدەکەوت. خێزان هەبــوو، بە پارەیەکی کەم و مانگانــەی جاران تێدا مابوونەوە، وەک ئەوەی خانووی خۆیــان بێت. جاروباریش هەر بەخۆیان دەســتێکیان تێوەردەدا. دەرگایان دەگۆڕی. ســتارەیان بڵندتر دەکرد. پەنجەرەیەکیان بەرینتر دەکرد. بەرحەوشەکەیان چیمەنتۆ و لووس و خاوێن دەکرد. سەردەرگایان بۆ دەرەوەی دادەنا. پلاک و گلۆپیان دەگۆڕی و زەنگــی بەردەرگایانتێدەخســت! خانووەکانی ئەو کۆڵانــە و کۆڵانەکانی تریش، ئەو گەڕەکە هەمووی وابوون. نیشــتەجێبووەکان، کەســیان، گەورەکانیشــیان ئارەقەیان لەگــەڵ خشــت و کاریتــەکان ئاوێتە نەببوو. کەســیان خۆیان لە شــارەوانی مۆڵەتی دروســتکردنیان دەرنەهێنابوو. هیچ لە خێزانەکان، ئاو و کارەباکانیان بەناوی خۆیان نەبــوو. هەمــوو کرێچی بوون. هەموویان مانگانە کرێیەکی کەمیان لە دووکانێک، یان لەکن خزمێکی خاوەن خانووەکانیان دادەنا.

❊❊❊

خێزانێکیان پیاوەکەیان مەندیلێکی ســپی دەبەســتا.ساڵانە یەک کاروانی حەجی بە پەســتە کۆنەکەی دەکرد و دەگەڕایەوە. پەستەکەی لەتەنیشت حەسارەکە رادەگرت. منــداڵان، تــا ماوەیەکــی زۆریش خۆڵە وردەکەی ســەر بۆدییەکەی ســەرەوەی، بەر دەرگاکانی، بەر شووشــەکانی، سەر ســووکان و ناو بۆدییەکەیان، بە پەنجە و تیلک وەک شــەکر، کونجی، هەنگوین، ئاجی، وردەبەفر و دڵۆپەی باران و تیشــکی خێر و بەرەکەت دەخوارد. خۆڵەکەیان بە زمانیان دادەهێنا و دەیانگوت موتفەرکە، پیرۆزە، خــۆڵ و لــم و گەردی ماڵی خودایە! گەورەکانیش لەبــەردەم رادیۆکەی ماڵی ئەوان، سەرســام و پەرۆش دەبوون، چونکە دەیانزانی لە حەج هاتووە!
خێزانێــک لــەو خانووانە کرێچی بوون، لە ســینەماکە نزیک خۆیان ســاردی بیبســی دەفرۆشــت. ژنەکەش لەناو بەرگدوورەکانی قەیســەری باربار بەرگە کورتک و لۆکەی دەهێنــا، لەگــەڵ منداڵەکان لۆکەیان لە کورتکەکان دەپەســتا،هەموویان شــەورۆژ و بەردەوام دەیاندووری!

❊❊❊

ماوەیەک کوڕە گەنجە چوارشـانەکەی ریزی ماڵەکەمان، ئەوەی یاری ئاسنی دەکرد، دەیانگـوت لەنـاو ماڵەکەیـان، لـە ژوورێکی لاچەپ چەند ئاسـنی دانـاوە، ئاوێنەی راگرتـووە تا لەکاتـی بەرزکردنەوەی ئاسـنەکان، ئەسـتووربوون و بریقە و دەماری ماسـولکەکانی بـاش و بەزەوقەوە ببینێت. ئەو روونی لـە قژیدەدا، دەیانگوت روون لە شـان و ماسولکەکانیشـی دەدا. نیوەڕۆیەکیان، کوڕە شانەگەورەکە، بەزەحمەتی لـە دەرگا باریکـە تەسـکەکەیان دێتەدەرەوە. من نەمزانی و تێنەدەگەیشـتم ئاکاری شـلەژان و نیگەرانـی پێوەبـوو. دیاربـوو هەیبـەت و شانوشـەوکەتی دەلـەرزی، دەچەمایەوە، نەیدەتوانی هەنگاویش باوێت، نەیدەزانی بەرەو چەپ بڕوات و هەشـت و نـۆ خانـوو ببڕێت، یان یەکسـەر لـە دەرگای یەکەم خانوو، پێـچ بکاتەوە. لەبەر ئـەوە نەبوو دوودڵ و شـپرزە بوو، بەڵام نەماندەزانی، مـن و کوڕ و کیژەکانی لەبەر جۆگەکـە، لەبـن دیوارەکـە گەمەمـان دەکرد. ئەو پاڵەوانە، ئەو دەسـت و شـان و پشتەی بە ئاسن بەرزکردنەوە ببوون بە بەرد و شاخ! کوڕەکە هێشتا بڕیارینەدابوو، کام رێـگا بگرێتەبەر، وەسـتابوو، واماندەزانی وەسـتاوە سـەیری ئێمە دەکات، یان شـتێکی لەبیرچـووە، دوودڵـە بچێتە دەرەوە یان بگەڕێتـەوە ماڵەوە. «دوایی پاش رووداوەکە،پاش چەندان سـاڵ، ئینجا تێگەیشـتم کوڕەکە بۆ لەنـاو دەرگاکە، لەبەر ماڵەکـە، لەپەنا دیوارەکە حەپەسابوو،نەیدەویسـت بـڕوات» بانگی منی کرد، ناوی دەزانیم، منیش لە بازنەی گەمەکە دوورکەوتمەوە، گەیشتمە بەر سێبەر و ناو خەون و بەرنامەکەی، بەر ویسـت و هاژەی هەڵچوون و شەیداییەکەی:

«نازانم دەسـتی بەسـەرم داهێنا، یان نا، نازانم ئێستا باشم لەبیر نییە، ئەو سەیری دەموچاوی من و گەمەی منداڵانەی ئێمەی کرد، یان سەیری دەرگایەکی ناو کۆڵانەکەی دەکـرد» بـە منی گوتبوو، داوای کردبوو، ئەگەرنا من چ کارم بەو بەزمە هەبوو».

__ لەو دەرگایە بدە! «کوڕە شـان گەورەکە بە منی گوت: پاشـا بۆم دەگێڕێتەوە».

__ کام دەرگا؟ «وەک لۆرییەکەی بە تێلی ئەستوور و باریک و فافۆن و سەرەسیفۆن و داری کرێمستی و کەرتە لاستیکی تایە دروستمان کردبوو، تەلەڤزیۆنەکەی یەکێک لە کیژەکان بە شـخاتەی بەتاڵ تەلەڤزیۆنێکی دانابوو لەبەردەم کوڕەکە دەوەسـتم، __ئەوانە کەرەستەی گەمە و بەکارهێنانی عەقڵ و دەست و کاتمان بوو__ « بە لۆری و تەلەڤزیۆنەکە گەمەی بەرائەت و سـادەیی و عەقڵمان دەکرد.

ـ دەرگای ماڵـی وەسـتا. «بەدەسـت ئامـاژەی بۆ دەرگا ئاسـنەکەی سـەرەوەی چوارگۆشـەیەکی بەتاڵی شیشەبەندی پێوەبوو، دەکات».
ـ بۆ!؟ « لەبەردەم شـانوپیلە گەورەکە، دەستە گەورەکە، جورئەتی ئەوەم کرد».
ـ کە دەرگایان کردەوە ئەو پارچە کاغەزە بدە بەدەسـتی کیژەکەیان.
ـ باشـە! «راسـتە لـە گەمەکە دابـڕام، لە دیوارەکـە دوورکەوتمـەوە، لە جۆگەکە پەڕیمەوە، بەڵام ئیشـەکە، داواکە، بۆ ئەو من ئاسـایی بوو، نامەیە، نەمدەزانی نامە چییـە، پارچـە کاغەزێک بوو، دەقکرابوو، بێگومان بەقەڵەمی رەساسـی منداڵەکانی خۆیان نووسـرابوو، چەند دێرێکی کورتیش بووە».
پارچـە کاغەزەکەم لە کوڕە کەلەگەتە رەشـتاڵە سـەر گەورەکە وەرگرت. دەرکەوت ئەوەی من، بەسـادەیی وەرمگرتبوو، پارچەیەک کاغەز نەبوو، نامەش نەبوو، چونکە نامـە مـوژدە و هەواڵ و پەپولـە و رازی کۆترە، ئەوەیان هاڵاوێکـی گڕگرتووی ئاگر بـوو. کەرتـە شـەختەیەکی تیژ بوو. نـا نا کێردێکـی ئەڵمـاس. نارنجۆکێکی بزمار دەرهێنـراوی ئامـادەی تەقینەوە بوو. نەرم نەرم دەسـتە بـە خۆڵەکەم، پەنجەکانی زووتـر لەترسـی ریزبوونی بەیانی و داری مامۆسـتا، نینۆکەکانم بەکەرتە مووسـێک کردبـوو. لە دەرگای ماڵەکەمدا. لـە دەرگامەدادا و کوڕەکە گوێی لە تەقەی دەرگاکە نەبـوو، نەیزانـی من لە دەرگامـداوە، یـان پەشـیمانبومەتەوە، نامەکەمکردوتەوە و خوێندومەتـەوە. یـان چوومەتەوە ماڵـەوە و نامەکەم بە دایکم نیشـانداوە، ئەویش دەیکاتەوە و دەیداتە خوشـکێکم، یان باوکم لە ماڵەوەیە دەیخوێنێتەوە، یان لەگەڵ منداڵەکانی تر، ئەوانەی لە بازنەی گەمەکە، بەیەکەوە لەبن دیوارەکە، لەسەر خۆڵەکە گەمەمان دەکرد. نامەکە، پارچە کاغەزە قەدکراوەکە دەکەینەوە، کێ دەیخوێنێتەوە، بەهەموومـان هەر یەکە و وشـەیەک، دێرێک، ناوێک و کلیلەکـە دەکەینەوە، ناوەکە دەناسـین، مەبەسـتەکە تێدەگەین! نامەکـە دەردەهێنین و بەجۆگـەی چڵکاوەکەی دادەدەیـن. پیتەکانی نامەکەبە قەڵەم رەسـاس و بەکالی نووسـرابوو، بەسـەرئاوی کەفاو و چەور و سـپی و کەسـک و چڵکاوەکەدا دەڕوات، ناز و ناو و داواکە ئاوەکە دەیبـات، جۆگەیەکی باریکی کۆڵانەکە دەیباتە نـاو جۆگەیەکی تری گەورەتر پانتر، قووڕاوی تر، تێدا بێجگە لە چڵکاوە شـینەکەی وردەکرم و وردەبۆق و کلکەماسیشی تێدایـە، نامەکـە دەڕوات و دەگاتە سـەری کۆڵانەکە، دەگاتە نـاو زێرابەکە، دەگاتە سەرشـەقامەکە و ژێـر تایـەی لۆرییەکە! نا مـن بزێو و ئەوەندە لاسـار و جەربەزە

نەبووم، دەستکاری نامەکە بکەم، خۆزگە و سەدخۆزگە نامەکەم دەدڕاند، پەیامەکەم دەسووتاند، رازەکەم وەک هەناری باخەوانێک هەڵدەڕشت، داواکەم رەتدەکردەوە، قسەکانم ئاشکرا دەکرد، کاغەزەکەم دەشاردەوە و لەناو کونە مێرووستانێکم دەپەستا، لە درزی دوو کەرپووچم دانا . نەک بچم لە دەرگاکە بدەم، ژنێکی سینگ پان، بسک درێژ، مەمک گەورە، قژ بەستراو، بەپێخواسی دەرگام لێبداتەوە و منیش نامەکەی بدەمێ و پێیبڵێم:

دادە، ئەو کوڕەکەی بەرامبەرتان، ئەو ماڵە، کوڕە شانە گەورەکە، تازە ئەو پارچە کاغەزەی دامێ گوتی بیدە کیژی ئەو ماڵە .

***

ژنەکە، منی دەناسی، ناوی دەزانیم، بەڵام ئاگای لەوە نەبوو، من گەمەم دەکرد، تۆپە لاستیکە بچووکەکەم لەناو ئاوەپیسەکە دەرهێنابوو و پاکمدەکردەوە، کە ئەو نامەکەی لە ناودەستم نا .ژنەکە لەگەڵ دایکم زۆریش لەسەر راماڵینی جۆگەکەی بەرماڵان، داوای عەبا نوێیەکەی و کەرتە سابوونێک، ئاوی ساردی بەرهەیوان و چەقۆە تیژەکە، قیمەکێشە دارەکە، چوونە حەمام، دەرمانی حەمام و چوونە سەر غەرەکەی بابەگوڕگوڕ و زۆر کاری ژنانەیتری دیکە، بەناحەق و گەمژانە و لەسەر حەقیش، لالووت دەبوون، تووڕەدەبوون، ئەگەرچی ئاشتیش دەبوونەوە، بەڵام بەیەکەوە نەدەچوونە بازاڕ. ئەو دوو ژنە، دایکم و ژنەکەی بەرامبەرمان ئەوەی من نامەکەم لەناودەستی دانا و پێمگوت:

ئەو کوڕە بەرامبەرتان گوتی ئەوە بدە کیژەکەی ئەو ماڵە .

بەیەکەوە لەگەڵ دایکم نەدەچوونە کن یەک خەیات، لەحەمامیش سەرشۆریان یەک نەبوو. لەسەرقەبران رووبەروو نەدەبوونەوە، لەسەیرانی چوارشەمموان دۆڵمەیان بەیەکەوە نەدەخوارد، چوونە وەکاشە و نەبی یونس و مەولوودی سوڵتان موزەفەریان بەیەکەوە نەدەکرد!

ژنەکە کاغەزەکە وەردەگرێت، دەرگاکەش زۆر توند دادەخات، «من نەمزانی بۆ تووڕە بوو، بۆ زوو دەرگاکەی داخست» تەقەی دەرگا ئاسنەکە دەگاتە کوڕەکەی چەند هەنگاوێکیشدوورکەوتبووە . گوێی لە تەقەی دەرگاکە بوو، بەڵام نەیزانی دەرگاکە بەتوندی بەسەر من داخرایەوە، «باشە بۆ کوڕەکە نامەکە دەداتە من،

لەناو دەستی منی دەنێت، بۆ من لە گەمەکە دووردەخاتەوە. کوڕەکە نازانێت دایکم لەگەڵ ژنی ماڵەکە، دایکی کیژەکە زۆرتر ناکۆک و بەگازاندەن». کوڕەکە دەگاتە بن گوێچکەکانی دایکی، کە لەماڵەوە خەریکی هەڵوەشاندنەوەی بەرگە لێفێکی شەعادەی سپی و ناوەند شینی نەرم و لووس بوو. یان دەنگی تەقەی دەرگاکە دەگاتە دووکانی ئوتوکەی سەری کۆلانەکە. منداڵەکە بەو تەقەیە، ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕێت، دەترسێت و بەرەو ماڵەوە رادەکات، دەچێتە بن قاڵدرمەکە، نێوان کوپە و سەبەتەکەی بەسەر مەنجەڵێکی بچووک سەرنخون کرابووەوە، بەردێکی لەسەر دانرابوو.

کوڕەکە لەناوماڵەکە دەبێتە داودەرزی. دایکی و بن قاڵدرمەکە و دڵۆپەی تەڕی بن کوپەکە، وادەزانن کوڕەکە گەمەیەکی سادەی منداڵان دەکات. خۆشاردنەوەکە کاتییە و بۆ خۆشییە، دیوارەکە، قاڵدرمەکە، دایکەکەش وادەزانن منداڵەکە هاتووە خۆی لە برادەرەکانی کۆلانەکە بشارێتەوە.

بەڵام، خۆشاردنەوەی کوڕەکە زۆر ناخایەنێت، ترسەکە کاتی نەبووە. نامەکە پارچە کاغەزێکی سادەی منداڵانە نەبوو، نامەیەکی سادە و داوایەکی حەلاڵ نەبوو، هەواڵپرسین و شرۆڤەکردنی پرسیارێکی ئاڵۆزی جەبر و کیمیا و زمانی عەرەبی نەبوو، شیعرێکی ئەدەبی خوێندن نەبوو. لە ئەنجامی خوێندنەوەی نامەکە و رازی سووتاوی ناو دێرەکانی ژنەکە، دایکەکە شێت دەبێت، بەپەلە، بەهاوار و جنێو دێتە ناوحەوشەکە، قژی دایکی کوڕەکە دەگرێت، سینگی دەکوتێت، دەکەوێتە سەری، سینگی ماکسییەکەی دادەڕێت، دەنگی بەرزدەکاتەوە، قیژەکەی دەگاتە هەموو ماڵەکانی کۆلانەکە، کۆترەکانی ناو لیسەکان، پەڕەسێلکەکانی بن کاریتە و شیلمانەکان، جنێوی ژنەکە، بۆ ژنەکە و بۆ کوڕەکە توند و پیس بوون!

ژنەکە بەنەرمی و بەسەلامکردن و هەواڵپرسین، لەدەرگادان و ڕوویەکی ژنانەی شەرمنناچێتە ناوحەوشەکە .دەچێت و رقی کۆن و تومەتی ناڕەوا دەخاتە ئەستۆی ژنەکە، مێردەکەی «ئەو نەک لە ماڵ نەبوو، لە هەولێریش نەبوو». ئەو زووتر خەریکی بەزمە خۆشەکانی هەوەس و مێبازییەکانی بوو، زۆرتر بەدوای ژنان، دەچووە شارەکانیش!

ژنەکە، دایکم و دوایی باوکیشم هەراسان و سەخڵەت دەکات. پاش ماوەیەک دەرئەنجامی شەڕەکە، هەڕەشەکە، پەلاماردانەکە، نامەکەی کوڕێکی هاوسێمان

بـۆ کیژەکـەی بەرامبەرمـان نووسـیبو. ئێمە لەو کۆڵانـە دەڕۆیـن، باردەکەین. ئەو بارکردنـە، تووڕەبوونەکـەی دایکم، بێ ئاگاییەکانی باوکـم، چوونە گەڕەکێکی دیکە، ناو خانووێکی و ژوور و سەربان و بەرحەوشەی دیکە، منی کز و پووتکرد، لاوازبووم، ماوەیەکی باش لەو کۆڵانە، لە نیگا و پرسیار و جلوبەرگ و ناوی منداڵەکانی کۆڵان و گەڕەکە نوێیەکە، نیگەران و ترسـاو بەگومان بووم. دڵم شـکابوو، زوڵمێکی گەورە لـە من دەکرێـت. گەمەم تێکدەدەن. لاسـتیکی بێجامام دەهێنە خـوارەوە. نەفام و ساویلکە بووم، تومەتێکی گەورەم دەخرێتە پاڵ. هیچم نەکردبوو، لەجیاتی خەڵکیتر سـزادەدرێم. یەکەمجـارە هەسـت بـەوە بکەم، دەسـت و کەس و مۆراڵـی بێتاوان، لەجیاتی زوڵم و دەسـتدرێژی سزا دەدرێت.

***

منداڵبووم و نەمدەزانی کوڕە چوارشـانەکەی ئاسـنی هەڵدەگرت و قۆڵ و باسـک و ناوشانی گەورە دەکرد چی نووسیبو، «رەنگە کیژەکەی نامەکەشی بۆ نووسرابوو، هەر لەبەر شـانوپیل و وەرزشەکەی، شەیدای بووە» باشە لەو هەموو منداڵە، هەموومان بەیەکەوە لەبندیوارەکە، گەمەمان دەکرد، بۆ تەنیا ئەو منی هەڵبژارد، نامەکە بدەمە کیژەکە، بۆ منیش ئەوەندە بێبەخت بووم لەجیاتی دەستی نەرمی بەخەنەی کیژەکە، بـۆ لەجیاتی کزییـە درێژەکانی، چاوە رەشـەکانی، قامەت و ماکسـییە تەنکەکەی، دەسـت و کتێبەکەی، دایکە قەڵەوەکەی، ژنە سـەر بەسـتراوەکە، قژ پەخشـانەکە، مەمکـە زلەکـە، دەرگای لێکردمەوە! من ئەودەمانە نەمدەفامـی، نەمدەزانی دەبوایە نامەکـە وەرنەگرم، لـە دەرگای ماڵەکە نەدەم. بەتەنیا نەچم. هەموو منداڵەکانی ناو بازنەکە، بندیوارەکە، بن سـولاوکەکە لەگەڵ خۆم ببـەم. بەیەکەوە بچین. بەیەکەوە شەپشـەپ لـە دەرگاکە بدەین. ئەویش کە دەرگاکـە دەکاتەوە: هەمووومان بەیەکەوە بە ژنەکەمان بڵێن:
پلە، ئەو پارچە کاغەزەمان لە کوڕە شـان پانەکە وەرگرتووە، بیدەینە کیژەکەتان!

***

ئەودەمانـە، لـەورۆژەی نامەکـەم بـرد، لـە دەرگاکەمـدا، نامەکـەم لەناو دەسـتی

دایکـی کیژەکـە نا، منداڵبـووم، نەمدەزانی. وامزانی کۆترێکم، نامە دەبەم. دەسـت و پەنجەکانـم ببوونـە دەندووکی کۆترێکی شـەرمن. کۆترێکی لایەدی میوانی سـەر ستارەکەی بەرامبەرمان.

بـەڵام لـە هەرەتـی گەنجـی، لەدواقۆناخـی ئامادەیی بازرگانی، ریشـم تاشـیبوو، سـمێڵە نەرمەکەم، قژەرەشـە چەورەکەم، قەمیسە سـپییەکەم، پانتۆڵە شارڵستۆنە بەرینەکەم، شـانازبوون. هەمووشتم دەزانی. ماوەیەک بوو لەناو پۆلەکەمان، بەچاو، بەنیگایەکی شەرمن، بەشەرمێکی ترساو، ترس لە زۆر شت: لەناو و ئاکاری کیژێکی ناسک. ترس لە مامۆستا و بەڕێوەبەرەکەمان. ترسی گەورەش لە پۆستە گەورەکەی باوکـی. ترس لە پۆلیسـە پاسـەوانەکانی. ئۆتۆمبێلەکەی بەیانییان ئەو لەپشـتەوە دادەنیشـت، بەتەنیا لەبـەردەرگا گەورەکـەی قوتابخانەکەمان دایدەنـا. رۆژ نەبوو، بەیانی نەبوو، نیوەڕۆیک نەبوو، ئیرەیی بە ئۆتۆمبێلەکە،بە کوشـنەکەی پشـتەوەی نەبـەم. دەوەسـتام، دوور، لەپەنا دارێک، لەنـاو مووریتکەکان، لەبـەر دووکانەکانی بەرامبەرمان، لەنزیک عارەبانەکانی وردەواڵەیان دەفرۆشـت.

چەند مانگێک بوو کیژەکە، هاتبووە پۆلەکەمان.من نەمدەزانی بۆ هاتووتە پۆلەکەمان، ئاسان نەبوو قوتابی هۆبەکەی بگۆڕێت، بەڵام ئەو هاتبوو، دوایی تێگەیشتم، دەزانم، لەبـەر من، داوایکردووە بێتە ئەو پۆلە.

کیژەکـە لەسـەر رەحلەیـەک دادەنیشـت، دوو ریز لـە رحلەکەی منـەوە دوور بوو. ریزەکـەی ئـەو تێدا بوو، بـاخ و رەز و مێرگیش بوو، بۆنی سـازگاری لێوە دەهات، سـێبەر بوو، گەرم ونەرم و فـراوان و پانتاییەکی گـەورە بوو.وامدەزانی رەحلەکەی ئـەو لـە داری تایبەتی دروسـتکراوە، نەخشـی وردی لەسـەرە، رووناکترە، رووناک دەکرێتەوە، نەرمە، دارێکی نەرمە وەک لۆکە، تەختەیەکی راسـتە وەک راسـتە. من وامدەبینـی، بەڵام کەم سـەیرم دەکرد، کـەم دەوێرام چاو لە دوگمەکانی قەمیسـی ببـڕم. نەدەوێـرام داوای قەڵەمێـک، مسـاحەیەکی لـێ بکەم. یان گـوێ لە چرپەی دەنگـی بگـرم. نیگای چـاوی، کرانەوەی زۆرتری دەرزی سـینگی بۆ مـن بڤە بوو. جورئەتی هیچم نەدەکرد، ئەوەندە لێی دەترسـام وامدەزانی، پۆلیسـەکەی دەیهێنێت و دەیباتەوە لە ژوورەکەش لەگەڵی دانیشـتووە، دەسـت بەتفەنگ، قەمەیەکی پێیە، لەبەردەرگاکەی دەرەوە، بەرامبەری پۆلەکە دانیشـتووە!

جـوان و ناسـک بوو، دیـارە دایکی جوان بـووە، بۆیەش ئەو وا دەرچـووە. هەموو

سـەیریان دەکرد، ئاخیان بۆ هەڵدەکێشـا، بیانوویێکیان دەدۆزیەوە، قسەیەکی لەگەڵ بکەن، تا گوێیان لە ئاوازی دەنگی بێت. لەنێوان هەموو دەرسەکانا، کە مامۆستایەک دەهاتە ژوورەوە، یان کە دەردەچوون سەیریاندەکرد.بەس منی ترسنۆک، بە منداڵی منیان ترسـاندبوو، نەدەوێرام، لەپشتەوەش سەیری سمتی بکەم، لەدوورەوەش ناوی لەبەر خۆم بڵێمەوە، حەقم بوو، قیژەی ژنەکەی کۆڵانەکەمان، هاواری ناڕەزایی منی ترسـاندبوو، منی لە کۆڵان و برادەرەکان دابڕیبوو، دەترسـام، جوولەیەک، نیگایەک بەرووی ئەو کیژە بکەم، بەدڵنیاییەوە کارەسـاتەکەم بۆ دووبارە ببێتەوە: بەڵام لەو تەمەنە، لەگەڵ پیاوە دەسـەڵاتدارەکەی باوکی، ئاسان نەبوو، دەترسام!

لەنـاو هەمـوو کیـژەکان، کیژەکـەش لەنـاو هەمـوو کـوڕەکان، کـوڕ هەبوو:باوکی دەسـەڵاتدار، دەوڵەمەنـد، بەخزموکـەس، بەقەسـر و بـاخ، بـۆ بووینـە بـرادەر؟ بـۆ دڵـم لەسـەر قردێلەکەی ئەودەنیشـێت؟ بـۆ بوومـە زنجیرە باریکـە نەرمەکەی تەنوورەکـەی؟ بۆ بوومە قەڵەمە رەساسـە باریکەکەی دەسـتی؟ نازانم چۆن بوومە پۆلیسـەکەی هاتوچـۆی پێدەکرد؟ هەموو وردەکارییەکانـم لەبیرنەماوە. نازانم چۆن پەیوەندییەکەمان، دۆستایەتییەکەمان، دڵی من و دڵی ئەو، چاوەکانی من و هەردوو چاوە رەوشنەکانی ئەو، ئاوێتەبوون. ئیستا دەمەوێ قسەکان، نیگاکان، جۆری رەنگ و دەسـت و جوولەکانـی ئـەوم بەبیربێتەوە! ئاسـان نییە، چونکـە رووداوێکی تاڵی بەسەرداهات، منی راچڵەکاند، ترساند.

***

جاری یەکەم بەمنداڵی نەمدەزانی کە نامەکەم برد، بیوومە کۆتر. بیوومە دەسـتێکی شـەرمن، بەڵام وا گەورەم، سـووتاوی کیژێکم، دەمزانی ئەو ئاگرە دەمسـووتێنێت، دەترسام ناوەکەی بەخۆم بڵێم، هەرگیز بڕوام نەدەکرد، بتوانم بەیەک کەسیش بڵێم. ئەگەر باوکم دەیزانی لەماڵەوە دەریدەکردم. بەڕێوەبەرەکەمان لەبەردەم قوتابییەکان، لەناو گۆرەپانە گەورەکە منی ریسوادەکرد. باوکی دەهات، شۆفلی دەهێنا، دینامێتی دادەنایـەوە، دیوارەکانی دەتەقانـدەوە. هەردوو نهۆمـی قوتابخانەکەی دەرووخاند. کارەبـای لەسـەر قوتابخانەکـە، هەموو گەڕەک و شـەقامە گشـتییەکانیش دەبڕی. ئەودەیتوانی بەڕێوەبەرەکەی سـی سـاڵ مامۆسـتا بووە، بووە بە بەرێوەبەر بەیەک تەلەفۆن بگۆڕێت. لەجیاتی ئەو پیاوێکی بەعسی تەلەعفەری بەلەز و بێمنەت دابنێت.

دەتوانێت من بگوازێتەوە پۆلی شەشــەمی ئامادەیی کشــتوکاڵ، بمگوازێتەوە ئاسکی کەلەک، سەر زێیەکە. دووریش نەبوو، رۆژێکیان هەردوو پەلم بگرن و فرێم بدەنە ناو ئاوەکە. هەموو مەلەوان و ماسـیگرەکانی گوندەکانی کەناری ئاوەکەش،تەرمەکەم بۆ دایک جەرگسووتاوەکەم نەدۆزنەوە. دایکیشم بەو حەسرەتەوە دەمرد، ئەوەندە ساڵە باوکــە مێبازەکەم، باوکە لاســارەکەم نەیکوشــت، نەیتوانی دایکم ســەخڵەت بکات، پشــتی بشــکێنێت ئەوە من دەیتاوێنمەوە. بەوەیان دایکم دەبێتە فەردەیەک رەژوو، بەرمیلێکی نەوت، نەخۆشێکی بەردەوامی بەردەم کلینکی دکتۆر عەبدولرەزاق دەباغ!

❊❊❊

پاش ئەوەندە ســاڵە دەمەوێ بەبیرم بێتەوە، چۆن لەگەڵ کیژەکە گەیشــتمە ترۆپکی ناســین وســۆز و بەڵێن و خۆشەویســتی! نیگاکانــی زووم لەبیرنەمــاوە، چرپەکان، رەنگــی دوگمەکانــی قەمیســەکەی، چیمانگــوت، چــی پێمدەگوت، من چــۆن رەنگم دەگــۆڕا! بــەڵام دەزانم گەنجێکی ئازابووم، عاشــقێکی شــێتبووم! کــوڕە هەژارێکی لاســاربووم، کوڕێکی شــیک و خاوێــن، دەفتــەر و کتێبەکانم خاوێن بــەرگ دەکرد، ناوی خۆم لەســەر دەنووســین، گوڵم لەســەر دەنەخشــاند، خۆشمدەویستن. هەموو هاوڕێیەکانم کیژەکانیش، مامۆستاکانیش دەیانزانی عاشقم، لێدراوم، سووتاوم، بەڵام نەیاندەزانــی، لەگــەڵ کام ئەکتــەری ناو تەلەڤزیۆن، کام ژنــە گۆرانیبێژ، یان لەگەڵ کیــژی جیرانەکانمان لەســەربان، بەرۆژ لەســەر چوارپایــەی دایکوباوکی ئەو دەبێتە کۆتر و دێتە ناو باوەشــم، منیش پێیدەڵێم:

کــێ رۆحــی تۆیە، ئەویش بەناز و گەرمییەوە دەڵێت بەس تۆ! ئەو پێمدەڵێت: چەنــد جــار بــە قوربانم دەبیــت، منیش دەڵێم زۆر! بــەڵام ئەو دەڵێــت چەند بڵێ، منیــش گەنجــم، ســووتاوم، زوو کۆتری مەمکی، هەنــاری گەرمی خــوارەوەی لەناو دەســتم دادەنێت! ناترســێم حەقی خۆمە، ئەو بۆم هاتووتە ســەربان، ســینگی بۆم رووتکردیتەوە، تواوەتەوە، برژاوە، سووتاوە، بۆیە پێیدەڵێم هەزارجار!بەڵام ئەو بەر لــەوەی رەحەت بێت، بەنازەوە دەڵێت هەزارجار کەمە!

وادەزانن من کیژێکی رەشتاڵەی گەرمی ناو ئارەقە و بەر سێبەری حەوشە و هەتاوی ســەربانەکەمان خۆشدەوێت! وادەزانن عاشــقی کیژە پوورێکی خۆمم، بەیەکەوە سەر لــە کتێب یەکتری دەورووژێنین و زۆرتر چاوم لەســەر ســینگ و گەردەنیەتی، بەڵام

لەســەر دەفتەرەکــەی بەردەممــان من وێنەی دڵ دەکێشــم، ئەویش تیرەکە لە دڵم دەچەقێنێت. دەســت بۆ ســینگی دەبەم، بە رەنگی سووری قەڵەمە دارە سوورەکە، چەند دڵۆپەیەک خوێن لەبن تیرەکە دەنەخشــێنم!

کەسیان، نەیاندەزانی من کیژەکەی ناوی «سەما»بوو، ناوەکەی لە هەموو کیژەکانی ئامادەیی بازرگانی، لە هەر سێ پۆلەکان، خۆشتر و ناسکتر و عاشقانەتر بوو، بەچاو یەکترمــان خۆشــدەوێت. نــە ئەو دەوێرا، نــە منیش جورئەتی ئەوەم دەکرد قســەی لەگەڵ بکەم، پێیبڵێم:

تۆم خۆشــدەوێت، رۆژانی هەینی کە دەوام نییە، سەرســام و پەریشــانم! ئێوارانیش دەچمەوە بەر دیواری قوتابخانەکەمان، بەر پەنجەرەی پۆلەکەمان، بەر سێبەری دارە گەورەکانی ناو حەوشــەکەی. دەمەوێ لەگەڵ فەراشــەکە دەست بدەمە گەسکە دارە بە حەســیرەکە، ژوور بە ژوور، هەموو پۆلــەکان بماڵم. دەمەوێ لە ماڵەکەتان نزیک ببمــەوە بەڵام ناوێــرم، من چیم بگەمە بەردەرگاتان، تفەنگ و پاســەوانی لێیە! چی بکەم، بۆ تۆ کیژی مامۆستایەکی چەپ و کۆنەشیوعی نەدەبوویت، قەمیسێکی سوور لەبــەر بکەیــت و بێتە بــازاڕ رۆژنامەکەی باوکــت ببیتەوە. جاروباریــش لە کۆڕەکان ئامادە بیت. بەختی من، بۆ دایکت بەرگدوور و لێفدوور نەدەبوو، بەردەوام دەرگاتان لەسەرپشــت بێت، ژنێک بڕوات و یەکێکی تر بێت.

تــۆش لــە دەرگا، بــە فســتانی کورتــەوە، عەبایان لــێ وەربگریت و ســەرێکیش بە کۆڵانەکــە دابکەیت. بۆ باوکت یەکەم کــەس نەدەبوو، لە کۆڵانەکەمان تەلەڤزیۆنێکی رەشوســپی گەورە بە قیســت بکڕیــت، گەنجەکانی کۆڵانەکە، منیــش لەگەڵ ئەوان، بێنە ماڵتان بۆ ســەیرکردنی تەمســیلیەکانی عەلی فەندی و فیلمە عەرەبییەکان، تا بەئاسانی و زۆر تۆ ببینم!

❊❊❊

هەمــوو قســەکانی ئەو دەنووســمەوە، چونکە من کیژەکەم نەدیبــوو، نازانم لەکێیە، تەمەنی رەنگە بتوانم مەزندە بکەم، بەڵام نازانم کیژەکەی ناوی سەما بوو، لەئامادەیی بازرگانــی تێکــەڵاو _ئەودەمانــە دەســتەواژەی تێکەڵاویش بــۆ قوتابخانەکانی کچ و کوڕ بەیەکەوە دەوامیان دەکرد، بەکارنەدەهات_ ئێســتا لەکام وڵات، لەکام شــار و گــەڕەک و خانــووش دەژیت، ئــەو نەیدەزانی دیارە من هەر نازانــم! چونکە ئەو هەر

خۆشیدەویسـت و نەیدەویسـت ناوەکەی باشتر و روونتر ئاشـکرا بکات، یان هەر لە باوک و پۆستە کۆنەکەی دەترسا.

رۆژ بـە رۆژ سـووتانی کیـژ و کوڕەکـە گەرمتـر و بەسـۆزتر دەبوو. بـەڵام بواریان نەبوو بەیەکەوە قسـەبکەن. چاوەکانیان زۆریـان بەیەکتر دەگەیاند، هەر بەو نیگایە یەکتریان ماچدەکرد. لێوی یەکتریان دەمژی، کچەکە لەسەر سینگی نەرمی کوڕەکە پاڵدەکەوت، وەنەوزی دەدا، دەتوایەوە، بەپەنجە باریکەکانی، گەمەی بە مووە نەرمە لووسـەکانی سـینگی دەکرد. ئەویش دەسـتی درێژتر دەبردە خـوارەوە، نەرم نەرم پەنجەکانی دەبوونە ئارەقە، شـیلە، کەف و عەتر دەچووە ناو بۆشـاییەکان، شوێنە گەرمەکانی جەستەی کیژەکە.

هـەر بەو نیگایە کوڕەکە تێدەگەیشـت نزیکبوونەوە لەو کیـژە، لەو جووتە مەمکەی کەروێشک و کەو بوون، ئاسان نییە. ناتوانێت بگاتە سەربانەکەیان، بەرحەوشەکەیان، سەرسینگ و مەمکی، مەمکەکانی ئەو بەس بە ستیان و سوخمە و دەرگا و پەنجەرە و پەردە و دیوار و حەوشـە نەشـاردرابوونەوە. مەمکی کیژەکەی ناوی سـەما بوو، باشـە بۆ ناوی کراوە بە سـەما، ئەگەر دیوار و حەوشـە و دایکوباوک و شـەو و رۆژ وحکومەت و عەشـیرەت و پۆسـت و پارە دەیپارێزێت، با کیژەکە ناوی زیندان بووە. سـەما، وشەیەکی ناسـکە، بە هەموو زمانەکان دەنووسـرێت، بە عەرەبیش ئاسانە، بۆ بوویتە سـەما، کێ ناوی ناوە سـەما، رەنگە پیاوێکی سـەرخۆش، ژنێکی عاشقی نائومێـد ئـەو نـاوەی لـەو کیژە نابێـت. سـەمایە و ناکرێ کەس دەسـتی بگرێت و سەمایەکی لەگەڵ بکات!

***

رۆژێکیان، پێش ئەوەی مامۆسـتاکە پارچە تەباشـیرەکە لەسەر پەنجەرەکە دابنێت، دوو سێ قوتابیش چاویان لەسەر تەباشیرەکە بێت، چونکە قاڵبەکە بەس نووکەکەی رۆیشـتبوو. بەر لەوەی قوتابییەکان جانتا و کتێبەکانیان کۆبکەنەوە، هێشـتا تۆزی تەباشـیرەکە نەرەویبووە، هێشتا لەبەر سەرما کەسـیان پەنجەرەیەکیان نەکردبووە، دەبێتە قەرەباڵغی، غەڵبەغەڵب، خشەخش، تەقەتەق، منگەمنگ و پسەپس و قرەقڕ و گاڵەگاڵ و دەمەقاڵێ و وەرە برۆین، دەی بەسـە خێراکە، درەنگە، پاڵمەدە، باشـە بەیەکەوە دەڕۆین، لە بابەتەکە تێگەیشتم خەمت نەبێت، سمتت خۆشە، قوربانی بم،

وانەیەکی قوورس بوو هیچ تێنەگەیشتم. مامۆستاکەش هیچ نازانێت. لەو جەنجاڵییە، سەما، کیژەکەی ناوی سەما بوو، زۆریش پەرۆش و شەیدای سەما بوو، پارچە کاغەزێک، نامەیەکی زۆر کورت، دوو دێر، چەند وشەیەک، پەنگرێکی گەش، پارچە کاغەزێک لەناو دەستی پاشا دەنێت.

ئەویش توند ئاگرەکە، دڕکەتیژە بەژانەکە، عەترەکە، بۆنە تەڕەکە لەناو دەستی دەکوشێت، دینامێتەکە، هەڕەشەکە، موژدەکە توند دەگرێت. دڵی دەکەوێتە سەما! بەڵام جوولەیەک ناکات، سڕدەبێت و دەڕوا و ناڕوا، دەژی و ناژیت. بڕوادەکات و هەرگیزیش بڕواناکات، نامەکە پەیڤێکی بۆندار و سۆزێکی ژووان و خەتێکی جوانیش بێت.

بەپەلە لە ژوورەکە، لە هەیوانەکە، لەبەردەرگاکەی قوتابخانەکە، عارەبانەکانی ساردەمەنی و لەفە و شەندەری و گوڵەبەرۆژە دەفرۆشن دووردەکەوێتەوە. دەستی توند قوچاندبوو، پیتەکان، نووسینەکە، ئەگەر چی تێدا نووسرابێت، زیرەیان لێ هەڵسابوو، پیتی لامەکان، ببوونە قوڵاب. پیتی ئەلفەکان پایزی ناودەستی لاری کردبوونەوە، ددانی پیتەکانی سین و شین و خاڵی زۆر لە پیتەکان دەسڕانەوە، ئەگەر کوڕەکە تۆزێک پەنجەکانی شل نەکردبوایەوە.

نامەکەی لوولداوە و ناترسێت، یان بیری لەوە نەکردیتەوە نامەکە، نووسینەکە حوبرەکەی بسڕێتەوە، دەپەڕێتەوە، بەتەنیایە، دوور لە هەموو کەس، برادەرەکانی، کوڕ و کیژەکانی ناو پۆلەکەی، دایکی، باوکی سەرخۆشە و ئاگای نەک لەو، لە شار و خێزان و کاسبییەکانیشی نەماوە.تەنیایە و دەیەوێ دەستی بکاتەوە. پەنجەکانی شلدەکاتەوە. ماسولکە باریکەکان، ئێسقانە نەرمەکانی، چەرمە شلەکە دەکاتەوە. تا پارچە کاغەزەکە، نامەکە، خۆ ئەو نازانێت چی تێدا نووسراوە، ئەگەر چاوەکانی نامەکەی نووسیبێت، داواکەی کردبێت، پەرۆش بووبیت بیبینێت! چۆن دەیبینێت، لەکوێ و چۆن!؟

نامەکە پێویستی بە راوەستان و بیرکردنەوە نەبوو. دیارە ئەویش بواری نەبووە. نەیتوانیوە بێجگە لە سووتان و پەرۆشییەکانی هیچیتر بنووسێت. هەموو ئەو رازە هەڵگرتووە بۆ دیمانەکە، نووسیبوی:

«وەرە، لە دیوارەکەی پشتەوەمان ئاودیو بە، پاش سەعات چواری عەسر چاوەڕوانت دەکەم، ئەگەر نەیەیت تەواو دیارە منت خۆشناوێت».

پاشا نامەکە جوان دەخوێنێتەوە. باشیش لە مەبەست و ناوەڕۆکەکەی تێدەگات. پارچە کاغەزەکە، نووسینە دوو دێرەکە، کوڕەکە لەسەر شەقامەکە رەق و وشک دەکاتەوە. هەناسە و دەمارەکانی مرۆڤەکە دەبێتە عامودێکی کارەبا، کیربستۆنێکی شۆستەکە، بلۆکێکی دیواری شوورەکە، مقەبای بندیوارێکی نزیک خۆی. دڵشاد و کامەران بەڵام شاناز، ترساو و نیگەران بەڵام هەر شاناز! کیژێک داوای لێدەکات، بەتەنیا، بەرۆژ و بێچەک _هیچی لە چەک و تەقەمەنی نەدەزانی_ بچێتە سەر ئۆردییەک سەرباز، بەرووتی و بەدەستی تەڕەوە، دەست لە وایەری کارەبایەکی بەتەوژم بدات. بەڵام داوایلێکراوە، داوایەکی شیرین، سەفەرێکی سەرفراز، چوونێکی مەردانە. ئەو گەنجە و دەگاتە باوەشی کیژێک، زۆربەی گەنجەکانی ئامادەیی بازرگانی، مامۆستا پیرەکان، بەر لە گەنجەکان بە جوانییەکەی سەرسامن. ئەو نازدارە، دەزانێت چۆن زۆرتر ناز بنوێنێت. گەنجە و داوای لێکراوە بێتە ناوماڵەکەیان، کەسیان لە ماڵ نییە. دیارە کیژەکە چی دەوێت، دیارە دوو هەرزەکار، دوو گەنج لەناو خانووێکی گەورە، باخێکی گوڵزار بەیەکەوە بن چ دەکەن:

زوو کوڕەکە دەست بۆ مەمکی کیژەکە دەبات. مەمکی بێ ستیان، کەس دەستی لێ نەداوە، بێجگە لە دەست و پەنجەکانی خۆی. شەوانە گەمەی پێکردووە، کیژەکەش وەک لقی باریکی شنگەبێیەک دەکەوێت. دەستەکانی شل دەبن، دەتوێتەوە، دەکەوێت. هەردووکیان رەنگ زەرد، ترساو، بەڵام تینوو. کوڕەکە هاتووە و دیوارێکی ترسناکی بڕیوە. چۆن هیچ ناکەن، هەمووشتێک دەکەن، حەزیان لە چ بێت دەیکەن، دەبنە ئاو و ئاگر، داوودەرزی، نەرم و رەق!

نیوەڕۆیە و کوڕەکە دەچێتەوە، دەگاتەوە ماڵەوە، لەبەردەم نوزە و شکان و دڵەراوکێ، کتێبەکانی لەبەردەم چاو و نیگا نەرمەکانی دایکی فڕێ دەدات. خۆشی هەستی بە ئاکار و مۆراڵێکی نامۆ دەکات. نان دەخوات، گۆرانی دوورم لە یاران بە دەنگی «قادر زیرەک» دەیهەژێنێت، بۆ دوور بم لە یاران، وا یار چاوەڕوانمە، چەند کاتژمێرێکمان لەنێوانە، رێگاکەش دوور نییە. بەڵام زۆر بەترسە، ماڵەکە دەناسێت. رەنگە بچێت و نەتوانێت بچێتە ژوورەوە. بەڵام نەیدەزانی ئەگەر بچێتە ژوورەوە، بگاتە ناو باخە گەورەکەیان، ناو ژوورەکان، کیژەکە لەکام ژوور دایدەنێت. دەچنە ژووری نووستنی خۆی، دەگەنە سەر سیسەمە نەرمەکەی، سەر چەرچەفە ئاوریشمەکە. ئەوانەی نەدیوە، کیژەکەش باسی چەرچەف و ژووری نووستنی خۆی

بۆ نەکردبوو، چونکە بەیەکەوە قســەیان نەکردبوو. ماڵەکە تەلەفۆنیان هەبوو، بەڵام ژمارەکەی نەدەزانی. ئەگەر ژمارەکەشــیان بزانێت، لەکوێ تەلەفۆنی بۆ بکات. چۆن تەلەفــۆن بکات؟ خۆ ئــەو، هەرگیز قورس و ژمارەکانی هیــچ تەلەفۆنێکی بانەداوە، نەیســوراندووە! هیچ ماڵە پلک و مامێکی تەلەفۆنیان نەبووە.

ئەو نیوەڕۆیە، بێجاما شینە هێڵە پانە تەنکەکەی لەبەر ناکات. خۆی ناگۆڕێت، بەڵام نان دەخوات. لەبیری نەماوە، چەند لەماڵەوە دەمینێتەوە. دایکی چۆن سۆز و رازی بەو مۆراڵەوە دیوە و چی پێگوتووە. باشــی لەبیرنەمابوو، ســێ چوار ســەعاتەکەی چاوەڕوانی چۆن بەسەربردوە! «بێگومان شپرزە بووە، بەپەلەش کوبە برنجەکەی بە نان و ســەوزەکە خواردووە. ماستاوەکەشــی تێکداوە، بە دایکی گوتووە دەستخۆش، بــەڵام پانتۆڵەکــەی نەگۆڕیــوە، چونکە پانتۆڵــی نوێتری بە رەنگیتــر و دیزاینیتری نەبووە».

***

زووتــر پاشــا «کوڕەکە» ماڵــی «کیژەکە» ســەمای بینیبوو، دەیزانــی ماڵەکەیان پاســەوانیان هەیە، خانووەکەیان گەورەیە، دیوارەکەی پشتەوەیان بەرزە. بەڵام دڵی بــەوە خــۆش دەبێــت، دیوارەکە تێڵبەنــد و دڕکاوی نەبوو. ئەویــش دەیتوانی وەک ســمۆرە بەدیوارەکــە هەڵبەگەڕێــت، گچکە بووە_ پێیان دەگــوت پێپان_ بچێتە ناو باخەکەیان. باشــی دەیزانی دوو پۆلیس، دوو تفەنگ و چەند مەخزەنە فیشــەکێک، لەبەردەرگاکەیان پاســەوانە. کوڕەکە دڵی بەوە خۆش بوو، رەنگە یەکێکیان وەنەوز بدات، یان لەبەردەم دەرگاکە، خەریکی ئاودانی باخچە چوارگۆشــەکە پێشــەوە بێت. دڵــی بــەوە خۆش بوو، کۆڵانەکە چۆڵە، بەردیوارەکەی پشــتەوەیان، دار و دەوەن و ســێبەرە. ئەگەر کەس نەیبینێت، کەس لەوێ نەبێت بەچاوقوچانێک ئاودیو دەبێت. دەبێتە قەدی دارێکی باخەکە، دەبێتە ریزە بلۆکێکی وشــکی دیوارەکە.

***

کوڕەکــە لەســەری شــەقامەکە، دوایی لەبــن دیوارەکە،چەند خوولەکێــک چاوەڕوان دەکات. هەست رادەگرێت. گوێی لە هیچ نابێت. پشیلەیەک خشپە ناکات. پۆلیسەکان

پەیدا نابن. دەنگی تەلەڤزیۆنەکەیان نایەت. ئاوی تەنکییەکانی سەربانەکەیان لەسەریان نارژێت. باڵەفڕەی باڵندەیەک، شنەی با، نەویبوونی شانی هەورێک، تەقەی عارەبانەیەکی دەستفرۆشێک، میوانێکی ناوەخت، ژنێکی کەساس بۆ یارمەتی و پشتیوانکردنی دامەزراندنی کیژەکەی. کەس نەهات داوا لە پیاوەکە بکات. داوا بکات تۆرەی شیش و چیمەنتۆکەی بۆ پێشبخەن. کەس نەهات، دەنگێ نەبیسترا، بۆیەش ئەو لەناو باخەکە دەجوولێت و دەچێتە بن دیوارەکە. بن باڵکۆنەکە. نزیک موبەریدەکەی لەسەر چوارپایەکی شیشی ژەنگاوی دانرابوو:

بە دوو پەنجەی نەرم، بەچرپەیەکی ترساو، تەقە لە گۆشەی پەنجەرەیەک دەهێنێت. کە نازانێت ژووری کێیە، چی تێدایە. جامەکەی پەردە گوڵزارەکە، پێشی گرتبوو. دیارە پەنجە نەرمەکە، چرپە شلەکە، دەنگێکی گەورەی لەناو خانووە داخراوەکە پەیدادەکات. چونکە کیژەکە چاوەڕوان بوو. دەیزانی میوانێکی شیرینی دێت. کوڕێکە پەرۆشە بەس بەیەکەوە قسەبکەن. لەنزیکەوە بۆنی بکات. بۆن ئەو بۆنەیە، خۆت بۆنی بکەیت، نەک یەکێکیتر پێناسەی بکات! کیژەکە، دارگوێزەکە هەست دەکات بەردێکیان تێیگرتووە، لقێکی هەژاوە. بەپەلە، بەراکردن و بەترسەوە، دەرگای پشتەوە، نووکی ئاسنە باریکەکەی پشتی دەرگاکە، رادەکێشێت و لەکونی دیوارەکەی دەریدەهێنێت، نەرم نەرم دەسکە سپییە ئەلمنیۆمەکەی بادەدات، درزێک بۆ چۆلەکەیەک، لایەک بۆ شانێکی ترساو، نیوەی بۆ دڵێکی گەرم دەکاتەوە. کوڕەکە کە گوێی لە خرەی ڕەپێشەکە دەبێت.

کە دەزانێت بەنداوەکە کراوەتەوە. بروسکە لە ئاسمان شریخەی هات. بەرەو دەرگاکە دەچێت. تا لەناو باخەکە بگاتە میوەکە، سێوەکە، هەنارەکە، سێبەرەکە، سەر قەنەفە و بەر مێزتەوالێتەکە:

پیاوێک رۆبێکی خووری هێڵداری لەبەرە. تازە قژ و سمێڵە قەیتانییەکەی بۆیەکردووە. نەعلێکی چەرمی قاوەیی نوێی لەپێیە. یان ژنێکی بەتەمەن، کوڕێکی ناسکی لاواز. یان کیژێک قاچە باریکەکانی لەژێر ماکسییە کورتەکەی بەری دیارە! کێ دەرگای لێدەکاتەوە؟ دەرگاکە بۆ ئەو دەکرێتەوە، یان یەکێک دەیەوێ بزانێت، پشیلەیەک لەودیوی پەنجەرەکەیە. دەرگاکە دەکرێتەوە. کیژەکە، سەما نەرم نەرم دەیەوێ بچێتە ناو باخەکە. لە دڵەکەی خۆی بگەڕێت. لە چاوەکانی، لەوەی ماوەیەکە دەیەوێ قسەیەکی لەگەڵ بکات. بەنەرمی لەگەڵ ماچکردن بە گوێچکەکانی

بچرپێنێت و بڵێت خۆشتمدەوێت!
دەستی دەگرێت، کوڕەکە دەباتە ناو ماڵەکە. دەرگاکە دادەخاتەوە. دادەنیشن، رادەوەستن، چییان کردبوو، ئەوانەی بۆ من نەگێڕایەوە، بەڵام گوتی ئەودەمانە بەس ماچ هەبوو، ماچی روومەت. بەڵام تا ئەو گوتی، ئێستا دایکم و باوکم دەگەڕێنەوە، هەڵسە برۆ، ماچەکەم کردبوو.

***

کیژەکە لەبەر دەرگا ئاسنە باریکەکەی پشتەوە، چاو لەوە دەبڕێت، چۆن پاشا، پاش ئەوەی ماچێکی سەبر لەسەر روومەتی دەکات. لەسەر دیوارەکە ئاودیو بێت. دوایی ئاودیوبوون کێوە دەڕوات. کەی دووبارە دەگەڕێتەوە، ئەوە جارە بێتەوە روومەتی دووەمم ماچ دەکات!
لەگەڵ تەپەی جەستەی کوڕەکە .لەگەڵ تامی ماچەکە. لەگەڵ ئاودیوبوونی کوڕەکە. یەکێک لە پۆلیسەکان، رادەپەڕێت. دەگاتە سەر دیمەنەکە. دەبینێت پیاوێک لەناو باخەکە. لەناو ماڵی بەرێوەبەرەکە و لەسەر دیوارەکە ئاودیو دەبێت. تەنگاوە و هەڵدەستێتەوە. وریا و بەتوانا دەیەوێ رابکات. رابکات و دووربکەوێتەوە ماچەکە ببات. تامەکەی لێ بەرنەبێتەوە. خۆشییەکەی توند بە لێوەکانی بگرێت. ئەو دوو سەعات لە بەهەشت بووە. هاتبوو بۆنەکە بەناوشارەکە، گەڕەکەکەیان بڵاوبکاتەوە. با دایکی بۆنی بکات و دڵی خۆش بێت! هەڵدەستێتەوە، پۆلیسەکە دەیبینێت، ئەویش رادەکات. چەند مەترێک لەبن دەستی، چەند هەنگاو دوور لە تفەنگەکەی، لە پۆستاڵەکەی، لە دەنگ و هاوار و بیگرن دزە، بیگرە دزە، نەهێڵن بڕوات، رادەکات و دەربازی دەبێت.
بەڵام ئەو گەنجە، زەوقی هەیە. دەبێ رابکات، خۆی و ماچەکە و هەواڵەکە رزگار بکات. رادەکات و دەبێتە با. دەبێتە تیر و دەڕوات و چەند کۆڵانێک دەبڕێت. کەسیش بەدەرەوە نەبوو بیگرێت. کەس لەوێ نەبوو هاوار بکات:
دزە بیگرن، بیگرن دزە، ناکرێ دەربازی بێت.
ئەو رادەکات و دوو سێ کۆڵانیش دەڕوات و ون دەبێت. بەڵام دەزانێت کتێبەکەی لەدەستی بوو، لەوێ لەناو باخەکە، یان لەدەرەوە لەگەڵ ئاودیوبوونەکە لێیدەکەویت. کتێبەکەی، جێدەمینێت. لەسەر کتێبەکە ناوی نووسراوە، ناوی خۆی و باوکی و پۆل

و هۆبەکەش دیارە! ئەو لەســەر راکردنەکە سارد دەبێتەوە، دەوەستێت.
ئاورێکی بەترس و نائومێد دەداتەوە. کەمێکیش تیری چاوەکانی دوور دەهاوێت. بەو هیوایەی کتێبەکەی لەو نزیکانە، لەســەری کۆڵانەکە لێکەوتبێت. بەڵام دڵنیا دەبێت لــەو نزیکانــە نییە، ناکــرێ بگەڕێتەوە. ناکــرێ بە رێبوارێک بڵێت کــە هاتی، لەکام کۆڵانــەوە هاتیــت. کتێبێکی من، ناوی منە بەســەرەوە نەدۆزیوەتەوە. کتێبێک لەناو جۆگەیــەک، لەبن دیوارێک، لەبەر دەرگایەک نەکەوتبوو!
دوودڵە، یان زۆریش دڵنیایە، کتێبەکەی کەوتوتە دەســت پۆلیســەکەی راوی نابوو. ئەو دەیدۆزێتەوە، یان کە پیاوەکە، خاوەن ماڵەکە دەگەڕێتەوە پۆلیســەکە شــوێنی ئاودیوبوونی دزەکەی نیشــاندەدا. لەوێ کتێبەکە دەدۆزنەوە، کە پۆلیس بۆ کەشــف و ســەیرکردنی دیــوار و پەنجەمۆرەکــە دەگاتە ســەر دیوارەکە. بەئاســانی کتێبەکە دەدۆزنەوە. ئیتر ئاسان و بەروونی ناوەکە دەزانن، بەیانی یان هەر بەو شەوە، پاش دەمێکیتــر کۆڵانەکەیــان، گەڕەکەکەیــان، دەوری دەگیرێت. دایکــی، ژنەکەی خێری لەباوکــی نەبینــی، ئینجــا نۆرەی کــوڕە تاقانەکەیەتی، لەبەر ئەویــش دەکەوێتە ناو داوێکی ترسناک.

***

کە دەزانێت کەســی بــەدواوە نییە. تارماییەک، دەنگێک، هاوارێــک، تفەنگێک راوی نانێت. ئامانج و رامانەکەی دەگۆڕێت:
بگەڕێتــەوە ماڵەوە و بە دایکی بڵێت:
دایکــە بمشــارەوە، بمنێــرە شــوێنێک، دەگیرێم. ئیتــر ئەوان، حوکمەتــن و چەندان تۆمەتم بۆ هەڵدەبەســتن. ناکرێ بڵێم من چوومەتە ناو ماڵەکە، بۆ ماچێکی نەرم و ســەیری روومەتــی کیژەکەیان. یەک ماچم کردووە. فەرموون لە کچەکەتان بپرســن. لە دیوارەکە، لە وێنەکەی سەدام حوسێن بپرسن. بەرز و شاناز لەوێ هەڵواسرابوو، ســەیری دەکردم و پێدەکەنی. تفەنگێکیشی بەدەستەوە بوو.
مــن کچەکــەم ماچدەکرد، ئەو تــوورە نەبوو. ئــەو فەرمانی گرتنی بــۆم دەرنەکرد. دەیتوانی یەکســەر هەر لەوێ بمکوژێت، من کیژی بەرپرســێکی دیاری حوکمی زاتییم ماچکردووە، لەسەر دیوارەکەی ئەوان ئاودیوبووم. کوشتن لەلای ئەو ئاوخواردنەوەیە. نیوەی ســەرکردایەتی حزبەکەی خۆیانی کوشتوە. ئینجا منی داماو چییە.

ڕەنگە بگەڕێمەوەماڵەوە، کۆڵانەکەی خۆمان تا من دەگەڕێمەوە. ئەوان گەیشتوونەتە بەردەرگاکەمان. چەندان چەکدار لەوێ کوبوونەتەوە و دایکم تەنگاو دەکەن. ژوورەکان، سەربانەکە، ناو تەنکی ئاوەکە، پشت دۆلابی جلوبەرگمان دەپشکنن. دەفتەر و کتێبەکانم دەپشکنن. دەیانەوێ بزانن سەر بەکام ڕێکخستنم. پەرۆشن نامەیەک بدۆزنەوە. عەودالْن نامیلکەیەک بدۆزنەوە. بزانن کێم هاوکارە. تا زوو من و هاوڕێیەکانم بگرن. دەربازمان نەبێت، نەگەیەنە شاخ. لەناو ماڵەکەمان خەریکی پشکنینن و لەبەردەم دایکم جنێودەدەن، هەڕەشەدەکەن. پەنجەیلێهەڵدەشەقێنن، پێیدەڵێن: کوا باوکی ئەو کوڕە! ئەو دز و تێکدەرە!

دایکم ناڵێت لەوەتی ژنی ئەو پیاوەم، ئەو خەریکی بەزمی خۆیەتی. من دایکی منداڵەکانم، کابانی ماڵەکەم، خەمخۆری دوارۆژیانم. هاوسەری ئەو پیاوە نییم. وا ناڵێت دەڵێت لە دەرەوەی هەولێرە. هەفتەیەکە لە بەغدایە، لەوێ کاسبی دەکات! دوێنێ ڕۆیشت، تا هەفتەیەکیتر ناگەڕێتەوە. من پیاوی ماڵەوەم، چیتاندەوێ!

نا واباشە، بڕۆم بەپێیان بچمە عەنکاوە. لەوێ لەلای یەکێک لە کوڕەکانی لەناو پۆلەکەمان، ئەوەی لەتەنیشتم دادەنیشێت بمینێمەوە. پێیبڵێم:

هاتوم لەدەست باوکم رامکردووە. دەکرێ شەو لێرە بمینێمەوە! بەس ئیمشەو، تۆش بە ماڵەوەتان بڵێ، ئەو کوڕە هاتووە بەیەکەوە بخوێنین. یان خۆم دوو سێ مانگی تر خوێندنم تەواو دەبوو. دواساڵم بوو. هەموومان دڵمان بە خوێندن و شەهادەکەمان خۆش نەبوو. پەنجەی هەموومان لە تایپکردن راهات، فێریانکردین تایپ بکەین.بەیەک دەقە چل و سێ وشەم تایپدەکرد.بەڵام پەنجەکانم بۆ تفەنگ و چەک تەقاندنەوە دانراوە. دواجار چارەنووسی ئەو دەستوپەنجەم هەر بۆ سەربازییە! دەبمە سەرباز و دەبێ فیراربکەم، با هەر ئێستا، لەودەمانە بڕۆم و دەربازبم. من ماچی خۆمکرد. بەڵێن و پەیمانێکم وەرگرتووە، دەڕۆم، ئەویش چاوەڕوانم دەکات. بەڵێنمان بەیەکتریداوە. ئیمرۆ ماچ و بەڵێنم وەرگرت.

***

ژنەکە نایەوێ کوڕەکەی وەک باوکی بێت، پیاوەکەی دوو کیژی بەناوی ژنە گۆرانبێژ و ئەکتەرە جوانە ناسکەکان کردووە. ئەو شەیدای ژن و شەوچەرەکانی بوو. هەموو موڵک و سامانەکەی باوکی بۆی جێیهێشتبوو، لەو بەزمە سەرف دەکات. ئەو

دروســت و بــاش باوکایەتی نەکــردووە و ناکات. دەگەڕێتــەوە و جەرگی دایکی کون نــاکات. خەفەتخانــی ناکات. شــەو دەگەڕێتــەوە، درەنگ دەچێتەوە. کــە دەگاتەوە ســەرەکۆڵانەکە، بەردەرگاکــە، دەبینیــت دایکی چوارچەمکی لەگــەڵ ژنێک، کیژێکی هاوســێیان شــانی بەدیــوار و دەرگاکەداوە. روویان لە کۆڵانەکەیــە. نەرم نەرم وەک پشــیلە بــۆ نەرمە گۆشــتێکی بن ســەبەتێکی ســەرکراوە، وەک نمەی بــاران، وەک ماچــە نەرمەکــەی لــە ماڵەکە لــە روومەتی کچەکە کــردی لێیان دەچێتــە پێش! بە رووخۆشــییەکەی دایکی، هەناسە شــیرینەکەی، کرانەوە و هەڵسانەوە و باڵکردنەوە و رۆیشــتنی هەردوو هاوزارەکەی دڵی دەکرێتەوە. تێدەگات دایکی نەترســاوە. کەس نەهاتــووە، ماڵەکەیــان نەپشــکنیوە، دەرگایان نەشــکاندووە، لەســەربانی ماڵەکەی پشــتەوە لێیــان نەچوونەتــە ســەربان و ناو حەوشــەکە! کە رووی شــیرینی دایکی دەبینێت. دەزانێت ئەویش بە ماچەکە شانازە، بەراکردن و دەربازبوونەکە سەربەرزە! دەچنــەوە نــاو حەوشــەکە. دایکی پێیناڵێت کــورم لەکوێ بوویت، بــەس پێیدەڵێت رۆڵــە: زانیــم وەک باوکــت جێمناهێڵیت، زانیم شــەویش بیت دەگەڕێتەوە! برســیت نییە، من زۆرم برســییە و چاوەڕوانی تۆم دەکرد، ماســتاوم کردووە، تەماتە و روونم کردووە، نانم رشاندووە.

ئەویش بەسۆزەوە بەدایکی دەڵێت:

دایکە، چۆن جێتدەهێڵم! «پێیناڵێت، لەو دۆخە زۆر ترسناکە گەڕاومەتەوە، دەربازم بووە، واتە تۆ جێناهێڵم».

هەردووکیان، لەســەر نیمــدەرە باریکە درێژەکەی حەســیرێکی لەژێــرەوە راخرابوو. لەدیار مەقلّییە رەشــە کۆنە دەمخوارەکە. بەتام تەماتە و روونەکە بە نانە نەرمەکە دەخــۆن، ئەوەنــدەش تینوو بوو، ماســتاوەکە فرِدەکات. هەر لەوێ ســەر بەکۆشــی دایکــی دەکات و وەنەوزێــک دەدات. بەڵام ماچەکەی ســەر لێوەکانــی توند گرتبوو، دەیەوێ بخەوێت، ماندووە، ســنوورێکی ترسناکی بڕیوە، خەرەند و رەوەزە شاخێکی ســەختی بڕیوە، ماندووە، زۆریش ماندووە. دەچێتە ســەر جێگەکەی. دیســان ماچە ناســکەکەش لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت. ماچەکە دەگوازێتەوە ژوورەوە، ژوورە نەوییە تاریکەکــە. لەگەڵ ماچەکە دەخەوێت و ناخەوێت.

❊❊❊

پاشا، کوڕەکەی بەگەنجی لەسەر دیوارە ترسناکە بەرزەکە، بۆ ماچێک ئاودیو دەبێت. قوومێک لە شـــەربەتەکە دەدات، چیتر نایخواتەوە. ئەوە چییە «ئەو دەڵێت»، ئەوە شـــەربەتی جەنجەفیل و هەنگوین و شــیرە! حەزم لێیە! «من پێمگوت».

تەلەفۆنێکـــی بـــۆ دێـــت، وەڵامی دەداتـــەوە، پێیدەڵێـــت زۆرم نەماوە، تـــەواو دەبم. چیتدەوێ! باشە بڵێ:

هەمووشتێک لەو مۆڵە هەیە.

دەرکـــەوت ژنەکـــەی بوو، تەلەفۆنی بـــۆ دەکات. ژنەکە، لەنـــاو جەنجاڵی و ژاوەژاوی شـــارەکە، لە هاتوچۆی گەرمی شـــارەکەش هەستدەکات. هاوســـەرەکەی، پیاوەکەی هێشـــتا جوانە، قەمیســـە ســـوورەکەی بەری، بۆن و بزە و نەرمی و شـــیرینی و ریز و ئارامییەکەی ســـۆز و ســـووتانی دەگەیاند. بۆیە ژنەکە، لـــەوێ لەماڵەوە، خەریکی سەیرکردنی دراما تورکییەکە بوو. خەمی ئەوەی بوو:»زوو ژنەکە بزانێت، پیاوەکەی لەگەڵ ســـکرتیرە ناســـکەکەی، کیژەکەی برســـیەتی، ئەرکی ژیان، برا نەخۆشـــەکەی باوکـــە پیرەکـــەی ناچاریکـــردووە. جوانی و ســـۆز و مۆدە و نازەکانـــی بباتە بازاڕ و مەیدانی کارکردن. لەوێ پیاوەکە، خاوەن کارەکە، لەبەر جوانییەکەی، نازەکەی، قژە ئاوریشـــمە نەرمەکەی شـــەیدای دەبێت. نایەوێ بگەڕێتەوە ماڵەوە. لەســـەر خوانەکە تەنیا خواردنەکە تام دەکات، زوو پشـــتی لە ژنە دەکات. پشـــتی رووتکردووە، رانی دیارە، باسکی بۆی درێژکردووە...».

ژنەکە لە ماڵەوە تێدەگات، هەســـتدەکات. بۆندەکات پیاوەکەی، پاشا، باسی ماچێک دەکات. روومەتی ئەو نییە، گیانبازییەک بۆ ئەو نییە و هەرگیز ئەوەی نەگێڕاوەتەوە. ســـی و پێنج ســـاڵە هاوسەرن. چەندان تاڵی و شـــیرینی رۆژگاریان بەڕێکرد و باسی ئەو ماچەی نەکردووە. نەیگوتووە، لەسەر دیوارێک ئاودیوبووم، پۆلیس راویان ناوم، تاژی ئەوان، تفەنگی ئەوان منیان نەگرت. دەربازم بوو، کۆڵانە باریکەکانی تەیراوە. گەمەی منداڵان، وەســـتانی عارەبانەیەکی تایە گەورە. کیژۆڵەیەکی دەســـت بە قاپ و مەنجەڵی خواردن. گۆپاڵی پیرێکی پشـــت چەماوەی جەمەدانی لەسەر. ئاوڕدانەوەی ژنێکی بەتەمەنی رەشپۆش.

هەڵبەزینی تۆپێکی لاستیکی زەرد و منداڵێک بۆ هێنانەوەی پەرۆشە. دەرگاکردنەوەیەک بۆ چوونە ژوورەوەی کرۆنایەکی ســـپی، خاوەنەکەی تازە لە «ســـەفوان» هێناویەتی و پاش چاوەڕوانی ســـێ ســـاڵ و پارەدانان بۆی دەرچووە. ئەوانە کوڕەکە، ماچەکەی

راناگــرن، نایبەزێنــن، ناکەوێت، دەڕوات و دەربازی دەبێت. ناگیرێت، کەس لەســەر ماچێکــی نــەرم. ماچێکــی بەپەلە و بەترس گیــراوە و فەلاقە بکرێت، ئەشــکەنجەی بدەن، هەڵیواسن؟

***

شــەو بەدیــار ماچەکە سەرسـام، پەرۆش بۆ دوو ماچــی نەکــرد. یەکێکیان بۆ رۆژ ئــەوی تریــان بۆ شــەو. دوو مــاچ، یەکێکیان بۆ دونیــا و ژیان، ئەوی تریشــیان بۆ مــەرگ و گــۆڕ! دوو ســەعات لــەلای نــاز و جوانییەکە دادەنیشــێت. قســەدەکەن، باســی هەموو مامۆســتاکان دەکەن، قوتابییــەکان، دەرس و کتێبەکان. کام گۆرانی خۆشــترە، کام فیلم دەتگرێنێت. ئەو ســەیری ماڵە گەورەکەیان دەکات، ژوورەکان، تەلەڤزیۆنەکەیان، سەلاجە و هەموو کەرەستەکانیان، قەنەفە و کورسییەکانی دووجار لەســەری دانەنیشــتوون. وێنەی پیاوێکی پیر، وێنەی باوکــی بەمنداڵی. پەردەکانی رووی دەرەوەی داخســتبوو، پۆلیســەکانی بەردەرگاشــی شــاردبووەوە. نــەرم نەرم بەچرپە قســەدەکەن، بەشــەرمەوە کیژەکە روومەتی بۆ لێوەکانی ئەو دێنێتەپێش و ماچیــدەکات، زووش روومەتی دووردەخاتەوە. دیارە ئەو بەو ماچە ئاســوودە بووە، یەک ماچ ئاگری کوژاندیتەوە.

لــەو دیمانەیــە، لــەو ژوورە ترســناکانە. کیژەکــە بارانێک بــوو نەرم نــەرم باریوە. هێشــتا عیشــق و چاوەڕوانی زامداری نەکردبوو. هیچ دڵێ، هیچ زمانێ، کەس ئازاری نەدابوو. کەس درۆی بۆ نەکردبوو، دڵی خۆش بوو! لەنیوەی رێگا تەنیا و دڵشــکاو بەجێنەمابوو.

کوڕەکــە شــەو بەئارامــی دەخەوێت. یــان دایکی دەڵێت ئــاگام لێبــوو، رادەپەڕێ. دەتویســت بقیژێنیــت، بەڵام دەنگت نەدەهــات. بەیانییش خــۆی دەگۆڕێت، پانتۆڵ و قەمیســە ســپییەکەی لەبەردەکاتەوە. کتێبەکان هەڵدەگرێت، بەڵام کتێبێکی دیار نییە. نەماوە، نازانێت لەلای کێیە!

ئێســتا کتێبەکە چارەنووســی دیاردەکات.کێ هەڵیگرتووتەوە، لەناو دەســتی کێیە! دەچێتــە دەرەوە، نەرم دەرگاکە دادەخات، نایەوێ تەقەی بێت، شــەیدای ئارامییە، دەترســێت، دەیەوێ کەشەکە، دۆخەکە ئەوەندە ئارام و کپ بێت.

ئەو گوێی لە هەموو چرپەیەک بێت، ئاگاداری کۆخە و هەناســە و ترپەی دووریش

بێت.
زوو نایەوێ بچێتە ناو شوورەی قوتابخانەکە، چونکە دەرگاکە دادەخەن. زوو نایەوێ بچێتـە ناو پۆلەکـە، چونکە پەنجەرەکانی شیشـبەندن. نەوەک کیژەکـە نەهاتبێت. نەوەک بەڕێوەبەرەکە، قوتابییەکان، چوار پێنج قوتابییە بەعسییەکە. هەمووشتێکیان زانبێت. ئاگاداری دیوار و کتێب و هەڵاتن و ترسـەکەی ئەو بن! لەبەردەرم دەرگاکە دەوەستێت، سەیری پیادەکان ناکات.
دارەکانی سـەر شۆسـتەکە، عارەبانەکانی لەفە و ساردەمەنی و کێکیان دەفرۆشت. بیری لەکن ئەوانە نەبوو، بەس چاوی لەسەر ئەوەبوو، ئۆتۆمبێلەکەی رۆژانە کیژەکەی دەهێنا، ئەو دەربکەوێت! ئەو بێت، بیگرێت، یان لەو زیندان و ترسە دەربازی بکات. ئۆتۆمبێلەکە بەسەبری لەتەنیشتی رادەگرێت.
کیژەکە، بەنەرمی دادەبەزێت، رووشـیرین، دەسـتی لەسەر ئەو روومەتە دانابوو، کە دوێنێ پاشـا ماچێکی سـەبری لێکردبوو. بەڵام چاوەکانی رووناک، گەش و شـیرین. نەرم نەرم دەسـتی بۆ درێژ دەکات و کتێبەکەی دوێنێ پاش ماچکردنەکە، لەسـەر قەنەفەکە جێیهێشـتبوو بەپەلە لەناو دەستی دەنێت و دەڕوات.
دەیەوێ پێیبلێت:
ئەوە کتێبەکەت! شـەو تا بەیانی لەناو باوەشـم، لەسـەر سـینگم بـوو. کیژەکە بە کتێبەکـە بـاش خەوی لێدەکەوێت. کوڕەکەش لەبەر کتێبەکە خەوی لێنەکەوتبوو، تا بەیانی رادەپەڕێت، هوڕێنە دەکات، دایکیشـی سەخڵەت دەکات.

***

ئەنفالـی بادینانیش تەواوبوو، هەزارەها خێزانی گوند و باخ و جوانییەکانی بادینان، بـە فڕۆکـە لـەوێ دادەگـرن، بە لـۆری و زیلی ئیڤـا لـە گوندەکانی نزیـک خاچی کلێسـاکەعەنکاوە هەڵیاندەرێژن، منداڵ و ژن و پرێسـکە و پێشـمەرگەی چەککراو و هەنار و گوێزی شاراوە و پیاوی ئەسمەری تووڕە، لەناو دڕکەزەردە و تۆز و ژاوەژاو و ترس و نائومیدی فڕێدەدەنە بەرسـینگی شـەو و دەشـت و سەرما و شەرمەزاری! هەولێرییـەکان بەیانـی زوو هاوکاریـان دەکـەن، نان و ئاو و سـڵاو و پشـتیوانییان بۆ دەبەن. لەناوشـاریش چەند تفەنگ و مسـتێک گوللە لەگەڵ سـۆران کۆدەبنەوە، قسـەدەکەن، بڕیـاری تۆڵەکردنـەوە دەدەن، بەرنامە دادەنێن، بەڵام ئەو بەدەسـتی

خیانــەت و بەســامی شــکان و تەســلیمبوونەوەی هاوڕێیەکیان، غافلگیرانە شــەهید دەکرێت.

ئیتر لەورۆژەوە کە ترسی ئەویان لەسەر نامینێت، بەعسییەکان چیرۆکی خێزانەکەی لەناو عەنکاوە دەکەن، بە بابەتێکی تری تراژیدیای ئەنفالْ، منیش لێرە، راستییەکەی وایــە، ناوی دەنێم ئەنفالْی حەوتەمی عەنکاوە.

***

سستەرەکانی ناو نەخۆشخانەکانی هەولێر. زۆر لە مامانەکان. ژنە دەست سپییەکانی هەزارەهــا منــدالْ، کیژ و کوڕیان لە هەناو و منداڵدانی ژنانی ئەو شــارە. نەرم نەرم و ســەلامەت، وەک فریشتە دەرهێناوە. ئەوانە کریســتیانەکانی عەنکاوەبوون. بەدلە ســپییەکانیان، قردێلە گەورە ئوتوکراوەکانیان، کەمەری ســپی پشتیان. ئەو ژنانەی کردبــووە بە کۆتر. ئەوانە کۆتربوون، بە باڵەفرە، بە دندوکە نەرمەکانیان دەرمانیان هەڵگرتووە و گەیشــتوونەتە تەنیشــت بالیف و لانک و ژانی نەخۆشــەکانی قورئانی لوولدراوی ناو پەڕۆی کەســکیان بەناز و پیرۆزییەوە، لەتەنیشت دانرابوو.

ئەوانیش پاش دەوام، پاش شــەونخونی ئێشــکگری درێژی ماندوو. نەرم نەرم و دەم و رووخۆش، ناســک، ئەگەرچی زۆریان قەڵەویش بوون. بەڵام دەستیان لەگەڵ ژن و منداڵ و نەخۆشــەکان نەرم بوو. بەیانییان، بە ئامانەکانی هێڵی شــارەکە، دەهاتنە ناو نەخۆشــخانەی شــارەکە. دەچوونە هەمــوو کۆڵانەکان.ئــەوان زۆر بنەماڵەکانیان دەناســی، زۆر منداڵەکانی بەدەســتی ئەوان ببوون و گەورەش ببوون. زۆر نەخۆش، بەتایبەتی ژنان بە دەرزی و تیماری ئەوان چارەســەر دەبوون!

سستەرەکانی عەنکاوە، دەستیان مەرهەم، پەنجەیان هەتوان، چاویان تیشک و نازیان شــیرین! نــاوە نوێیە زەحمەتەکانیان، بــۆ نەخوێندەوارەکانیش شــیرین و لەبەردڵان بــوو. خاچــە زیوەکانــی ملیــان، زێرەکانی ملیــان پیرۆزبــوون! شــەوانە دەمانەوە، جەژنــەکان دەهاتــن، پشــووەکانیش دەوامیاندەکرد! هەموو شــارەکە شــارەزابوون. رۆژانــە دەهاتنە ناوشــار و دەوامیاندەکرد و دەگەڕانەوە عەنکاوە! سســتەرەکان لە ئەندازیارەکانی شــارەوانی و ئیشــغاڵ و ئیدارەی مەحەلی زۆرتر دەناســران و ناویان بەباشە دەهات. دەدرەوشانەوە، جوامێربوون ژنە سستەرەکانی عەنکاوە! دەرزیان لە پیاوی نەخۆشــیش دەدا. تیماری رانی گەنجیان دەکرد، بەدیار ژانی ژنان دەمانەوە.

بەگاڵتــە و زاراوەی ئــارام، بەزمی خۆشــیان لەگەڵ ژنەکان دەکــرد، بەوەش ژانیان دەبووە بەزمی شیرین:
دایکەکانــی لەکــن کیژەکانیــان دانیشــتبوون. خەســووەکانیان، ئایەتی کورســییان دەخوێند، منداڵی سکی بووکەکەی، ئاوی کوڕەکەی لە هەناوی ژنەکەی بووبێتە کوڕ:
کوڕێک، پاش چەندان ســاڵ لەو شارە ببێتە:
قوتابییەکی زیرەکی قوتابخانەی مەولەوی، هەژار و هەڵگورد، دوایی بگاتە زانکۆ. بەڵام کە خوێندن تەواودەکات. لەدەست سەربازی و رۆژانی فیراری و نەهامەتییەکانی ئەو وڵاتە، ســەد لەعنەت لەرۆژی بوونی خۆی دەکات. بەڵام بەخراپە ناوی سستەرەکەی عەنــکاوە نابات! ئەوەی پارچەیەک گۆشــت و خوێــن و دەماری، ناو هەناوی دایکی، بەمەلۆتکەیی، بەگریانەوە، بەقژی رەش و دەســتوپەنجەی تەواوەوە دەرهێناوە.
نەجیبە، ئەگەرچی لەناو قاوشــەکانی نەخۆشــخانەی کۆماری نەرم نەرم دەڕۆیشــت. بــەڵام تەقــەی کەعبی پێڵاوەکەی کەمێک هەر دەهات. ئەو بەژن زراڤ، چووســت و چــالاک بــوو. لەو پێڵاوە بەرزانە، لە کەوتن و خزین و بەربوونەوە نەدەترســا .هەموو خۆشیاندەویســت. شیرین و ئازا، دەستپاک و سەرکەش.

❊❊❊

پیاوێــک مەلــوول بەخەمێکــی گــەورە، راســپاردەیەکی ترســناک. لەبــەر دەرگای نەخۆشخانەکەی کۆماری هەولێر. پێش ئەوەی بگاتە بەردەم پۆلیسەکەی پۆستاڵیشی لەپێــدا نەبــوو، بــەڵام هەموو مەرجەکانی پۆلیســی لــە هەندام و ئاکار و ســینگ و بەرپشــدێنی دیاربــوو. پیاوەکــەی تۆزوخۆڵ و ئارەقەی زۆری لە دەموچاو و شــانی دیاربوو،لێــی ناچێتەپێش، دوودڵ بوو، نەیدەزانی ئیشــی بەکێیە. دەیەوێ کێ لەناو نەخۆشخانەکە ببینێت.
بەر لەوەی بگاتە پۆلیسەکە،بەگومانەوە بیەوێت بچێتە ژوورەوە. بەڕێکەوت»دەشتی« دەبینێت. ئەو لەناو پیکەبە سپییەکەی بۆی رادەگرێت. باش دەیناسێت. زوو دۆست و هاوکاربوون. دەیزانی بەخۆڕایی نییە، بەو بەیانییە کەساس و کز، لەبەردەم دەرگا گەورەکەی نەخۆشخانەکە وەستاوە.
بۆی رادەگرێت، دەشتی یەکسەر پێیدەڵێت:
ــ هــا، بڵێ خێرە چدەکەی بەو بەیانییە!

ـ بەخـۆم دەزانـم چدەکەم، بـەڵام نازانم تۆ لێرە چدەکەی! دەشـتی خێرە لێرەی! «کابرا لێی دەچێتەپێش».
ـ جەوهـەر، ماوەیەکە لێرە ئەرزاقی نەخۆشـخانەکەم بـە قۆنتەرات گرتووە، رۆژانە هاتوچۆمە! «هێشـتا دەستی بۆ درێژنەکردووە تۆقەی لەگەڵ بکات».
ـ زۆرباشـە، منیش لەیەکێکی وەک تۆ دەگەڕێم!
ـ فەرموو، ئامادەم! دۆسـتایەتی ئێمە هی ئەو رۆژانە نییە. کوڕە جەوهەر، رۆژانی تەنگانەمان زۆر بەیەکەوەبووە. شـەوەکەی شـەڕە قوورسـەکەی شیشـار و ماکۆک، لەبیرتە، ئاسـمانمان لێببووە ئاگر!ئای کە رەنجمان بەفیڕۆچوو.
ـ ئێسـتاش مـن دونیام لـێ تاریک داهاتووە! «بۆ ئـەوەی زوو بیورووژێنێت زوو و بەپەلە وەڵامی دەداتەوە».
پیاوەکە چاوەڕوان دەکات، دەشـتی ئۆتۆمبێلەکەی بباتە ناو حەوشـەکە، لە فولکە بازنەییەکی بەگوڵزار رازاوەتەوە، دەسووڕێتەوە. لەپەنایەک لەتەنیشت دوو ئۆتۆمبێلی تر رایدەگرێت، دووڕناکەوێتەوە.
جەوهەر، پیاوەکەی دیاربوو شـانی بەخۆڵە و ماندووە بەرەو ئەو دەچێت! بەیەکەوە بەنەرمـی و زۆر لەیـەک نزیـک، قسـەدەکەن. پیاوەکـە پێیدەڵێـت کاوەی برام، لە باڵیسانە. لەوێ مار پێیوەداوە، رەوشی خراپە، داوای دەرزییەکیان کردووە، زۆریش بەپەلەم.
بۆیـە هاتووم و سـەرگەردانم، لەبەیانییەوە لەبەر ئەو دەرگایە چاودەگێڕم، کەسـم نەناسی، کەس نەبوو پێم بڵێت:
ـ کاکـە چیتدەوێ! «زۆری نەمابوو بگرێیت».
منیش جورئەت بکەم و بڵێم:
براکـەم دوو سـاڵە ئەندازیـاری زانکـۆی موسـڵی تەواوکردووە، ئێسـتا لە شـاخە، پێشـمەرگەیە. رۆحـی و گیانـی بـۆ ئـەو وڵات و نەتەوەیە خسـتووتە بـەر گوللە و برسـیەتی. دوێنێ، لەدەرەوەی شـار، مارێکی ژەهراوی پێیوەداوە، پێویستی بەیەک دەرزی هەیە! تا نەمرێت.
دەشـتی بە کابرا، بە خەمەکە دەڵێت:
لێـرە چاوەڕوانم بکە، مەڕۆ، لەبن عەردی بێت بۆت پەیدادەکەم.
کابـرا پێیدەڵێت لـە بازاڕ نەبوو، لەناو دەرمانخانەکان نەبوو. ئەویش پێیگوتبوو:

ئەگەر لەبەر پارەت بێت من ئامادەم. بەڵام ئەو بێ ئەوەی مۆراڵی شـــەرم و دوودڵی لێوە دیار بێت، کابرا گوتبووی:
نەخێر نییە، گوتیان بەس لەناو نەخۆشخانەی کۆماری هەیە! بەڵام ئەوەش کەسێکی بەجەرگــی دەوێت، چونکە زوو دەزانن بۆ دەرەوەیە!

***

دەشتی بەپەلە بەسەر پایەکانی بەر دەروازەکە دەکەوێت، دەگاتە ناو دەرمانخانەکە، ئەوەی دەیناسـێت، داوای لێدەکات، بەڵام کابرا، دەڵێت، ئەوەیان ترسـناکە، چونکە زوو دەزانــن بــۆ دەرەوەیـــە، ناتوانــم. دکتۆرێکیش ناوێرێــت، ئەوە بــکات، نائومێد دەکشـێتەوە و ناترسـێت ئەوانــە ناوی بدەن.بــەر لەوەی نائومێـد بگەڕێتەوە، دوور بــەدووری، نەجیبە، ژنەکەی عەنکاوە، ئەوەی خاچە زیوەکەی ملی لەســەر سـینگی دەبریسـکایەوە، دەردەکەوێت. هەردووکیان یەکتریان دەناسـی، دەیانزانی توخمیان چییــە، چــۆن بیردەکەنەوە، بەڵام قســەیان زۆر بەیەکــەوە نەکردبوو، دۆسـتایەتی گەرمیشیان نەبوو. بەڵام وەک دوائومێد، دواداواش، دەشتی روو لەو ژنە عەنکاوەییە دەنێت:
_ شـێرەژن، ئەوەم دەوێ! «بەو دەسـتەواژەیە، بەو شێرەژنە، لەناکاو بەسەر زاری دەشـتی دادێت، ژنەکە تێدەگات کابرا نیازی شەریفە».
_ بڵێ چیتدەوێ!
_ دەرزییەکی مارپێوەدانم دەوێت.
_ بۆ ناو پێشمەرگانە!
_ بەڵێ!
_ سـەر هەردووچاوم، قەسـەم بە مریەم بـۆت پەیدادەکەم. ئێمـە لێرەین خزمەتی مرۆڤ و نەخۆش دەکەین.
دەشتی دوور بەدووری لەدوای خشەی پێڵاوەکانی نەجیبە دەڕوات، «دەکرێ هەست و نەسـتی پیاویش لە تەقەتەق و بەدواکەوتنی ژنان بۆ مەبەسـتی رابوردن نەبێت».
ژنەکـە، زۆر دوورناکەوێتــەوە، زۆر ناپارێتــەوە، پــارە نادات، هەڕەشــە ناکات. زۆر دواناکەوێــت، زوو دەگەڕێتــەوە لەنــاو گیرفانــی ســەدرییەکەی پاکێتێکــی گــەورە دەردەهێنێت، بەدزییەوە،دەرزییەکە لەناو دەسـتی دەشتیدەنێت و پێیدەڵێت:

زوو، دەبێ زوو ئەوە بگاتە نەخۆشەکە!دەبێ بەو ساردییەش بمینێتەوە، لەناو سەلاجەم دەرهێناوە!
دەشتی دەرزییەکە دەبات، نەجیبەش پێینالێت دەرزییەکەم لە «هورمز» وەرگرتووە!
ئەویش ناپرسێت چۆنت پەیدا کرد.
کاوە لەبن دارتۆێک دەینالاند، پێشمەرگەیەکی بریندار، خێزانێکی هەولێری کوڕەکەیان فیرارببوو لەو نزیک بوون و ئاگایان لە ژان و نائومێدییەکانی بوو. بەڵام شەو براکەی ماندوو و برسی، بەڵام گەشبین بەس براکەی مابێت، دەگاتە بن دارتووەکە، دەگاتە سەر ژانەکە، ژەهری مارەکە، لەدوا هەناسە و شەنگ و تاقەتی نەخۆشەکە دەرزییەکە دەگاتە نەخۆشەکە. بەو دەرزییە پێشمەرگەکە چاکدەبێتەوە. کاوە لەپاش راپەڕین لەگەڵ جەوهەر و دەشتی بۆ سوپاس و شانازی بەو شێرەژنە دەچنە عەنکاوە. لەوێ دەپرسن، هەڵوەستەدەکەن، چاوەڕوان دەکەن، تا یەکێک پێیان دەڵێت:
نەجیبە لەگەڵ مێرد و منداڵەکانی، چەند مانگێکە دەرچوون و گەیشتوونەتە سوید!

❊❊❊

ڕۆژێکیان «یەک لە سستەرەکان، یان هەموویان، بەڵام یەکێکیان ڕووداوەکە دەبینێت، دوایی بە دەستەخوشکەکانی، خزمەکانی دەڵێت، ناتوانێت قسە نەکات، قسەشی نەکردبوایە، ئەوانی تر ئەوەیان لە ئاکار و شڵەژان و ڕووباری فرمێسکی چاوەکانیدەزانن، هەستیان بەپێشهاتێکی جەرگبڕ لە مۆراڵی کردبوو» ئێوارەکەی، پاش دەوام، ئەوانەی خەفەر نەبوون، خەمبار و گریاو دەگەڕێنەوە. هەموویان، سستەرەکانیماڵیان لەعەنکاوە بوو. هەموویان، ئەورۆژە، پاش دەوامی ڕۆژێکی گەرمی مانگی ئابی عەرد و ئاسمانی گڕتێبەردەدا، بەهەواڵێکی گەورەی کوشندە بەکارەساتێکی تژی برین و ژان دەگەڕێنەوە! پەرۆش و خەمبار و شانشکاو:
ــ دکتۆر ناتوانین بە ئامانە بگەڕێینەوە! «یەکێکیان دەچێتە لای بەڕێوەبەرەکەیان، ئەویش بەدلە سپییەکەی داکەندبوو، خەریکی ڕێکخستنی گرێی بۆینباخەکەی بوو، بۆ ئەوەی بەپەلە بگاتەوە ماڵ، پارووە نانێکی سەرپێی بخوات و بگاتە کلینکەکەی، چونکە دەیزانی نەخۆشێکی زۆر چاوەڕوانی دەکەن، هەندێکیان دانیشتوون، ئەوانەی بەپێوەش بوون، بەردەرگای قاڵدرمە باریکە تەسکەکەشیان داخستووە».
ــ بۆ کاترینا، ڕۆزا... دونیا گەرمە!

ــ مەسـەلە گەرمـا و سـەرما نییـە، دکتـۆر گیان بـە کاک موحەمـەد ــموحەمەد ئەحمـەد ئەربیلیـی هونەرمەندــ بڵێ بمانباتەوە عەنـکاوە، ناتوانین بچینەوە! لەبەر گەرمییەکـەش نییە، کە ناتوانین بڕۆین.

ــ دیارە دەتانەوێ لە ڕێگا بە دەنگە خۆشـەکەی مقامتان بۆ بڵێت!

ــ نا ئیمڕۆ، ئەو خۆشـی گۆرانی گەرم بکات، ئێمە نامانەوێ! دڵمان توندە!

ــ بـۆ کـێ نیگەرانـی کردون، بڵێـن، کام برینپێچ با دکتۆریش بێـت! بەس دەمتان بکەنەوە، ئێوە چاو و کلیلی نەخۆشـخانەی کۆمارییین! ئەمین عامیش ئەوە دەزانێت، خەڵکی هەولێریش ئەوە دەزانن!

ــ وەرە مەکرباز چ بووە.

ــ دکتـۆر دوایـی بەخۆت دەزانیت، بۆیـە ئێمەی عەنکاوەیی دڵمـان توندە.ناتوانین قسە بکەین.

***

دەچنـەوە و ناچنەوە، هاتوونەتەوە و نەهاتوونەتەوە، لەناو عەنکاوەن و لەدەرەوەن! ئـەوەی دەیبینـن کارەسـاتێکی گەورەبوو! ئـەوەی دەیبینن ناگێڕدرێتـەوە، ناتوانن بیگێڕنـەوە، ناکـرێ بێدەنگیـش بن، ناتوانن قسـەش بکەن، شـارەکەیان بچووکە و هەمـوو یەکتریدەناسـن، دیوارەکانیـان نەوییـە، دەنـگ و زمان و ڕەنگیـان لەیەک نزیکـە! چرپەیـەک دەبێتە هاوار، تەڕبوونی چاو و شـکانی سـۆمای و چاو و دڵۆپە فرمێسـکێک، لەنـاو کۆڵانـە تەسـکەکانی شـارەکە، ماڵەکانی نزیکن، لە سـێبەری کڵێسـای مـار گۆرگیس دەبێتە ڕووبـار، دەگاتە هەموو ماڵـەکان، گەڕەکە کۆنەکە، خانـووە قووڕەکانـی: دیواریـان پـان و دەرگایان گـەورە و حەوشـەی بەرین و دار هەنجیرێکیـش، وەک موتفـەرک لەناوەندی حەوشـەکانیان بۆ سـێبەر و شـیرینی و ناسـینەوەی یادگارەکانی لق و ڕەگیشی کردووە.

شـەوانە بە بۆنی عەرەق، بەڵێ عەرەق: ئەوان بەخۆیان بە ئاگر و کوڵان و کوشـین، تـرێ و خورمـا لەنـاو مەنجەڵی گـەورەی مـس و بەزنجیر دەکەنە عەرەق! سـاڵانە داریـان بۆ سـووتان و کوڵاندن لەسـەر خۆشـناوان بوو، دەیانزانی عـەرەق بە ئاگر چ جـۆرە دارێـک دەبێتـە ئەو عەرەقەی سـەر و بنی پیاوان مەسـت و بەهێز بکات.

دارپرتەقاڵـەکان، گوڵە ئەشـرفییەکان، تیلەی لاولاوەکانی بەرزدەبنەوە، شـارەکەی

داپۆشـیوە. شـارەکە، عەنکاوەی دێرین قوتابخانەیەکی گەورەی زانست و ڕەوشت و زانیاری بووە.

ئـەوان، ناکـرێ شـادمان بگەڕێنـەوە عەنکاوە و بچنـەوە ماڵەوە، خۆیـان بگۆڕن و ئێوارەش لەناو شەقامە سەرەکییەکە، لەبەر کتێبخانەکە، نزیک کڵێساکە پیاسەیەکی دوو سەعاتی، بۆ راز و هەناسە و نیگا سۆزدارییەکانیان بکەن. تەنوورە کورتەکانیان قەمیسە پەمبە نیوقۆڵەکانیان نیشانەی ئێوارە و شەوەکە بدەن. بەر لەوەی بگەڕێنەوە ماڵەوە، مەزە و بەفراو بۆ خواردنەوەی شـەوانەی پیاوەکانیان سـازبکەن، خەمێکی گەورەیـان هەڵگرتووە، کۆسـتێکی پرسـەداریان هێنابووەوە. ئیمـڕۆ ناکرێ ئەو ژنە سسـتەرانە، ئەوانەی بەزمانی ئیمڕۆ پێیان دەڵێن پەرسـتار! شـادمان بن و قسەش نەکـەن. خـۆ ئـەوان، یەکێکیان خوشـکێکی زراڤ و زیرەکی، لە ئـەدەب و عەرەبی و ئابـووری و ئینگلیـزی لەگـەڵ _حەمامە_ لەیـەک پۆلدا بوون. دەستەخوشـکن. دەگاتـەوە ماڵـەوە و دەگرێت، بـەدزی و بەترسـەوە بەخوشـکەکەی گوتبوو، بۆیە کیژەکەش بەگریان و بەشلەژانەوە دەڵێت:

چیتر حەمامە لەتەنیشـتم دادەنیشـت! ئێمە بەیەکەوە ئابووریمان دەخوێند. ڕۆژانە کە دەچووینە قوتابخانە، ئەو لەسـەر من رادەوەسـتا، لەبەردەرگا چاوەڕوانم دەبوو، تـا مـن دەردەچـووم ئەوانیتـری جێدەهێشـت و لەسـەر مـن دەوەسـتا. بەیەکەوە دەچووینە مەکتەب، ئەو باسی «عەبدولحەلیم حافیز»ی دەکرد، منیش دەمگوت: نا «فەرید ئەلئەترش» خۆشـترە! لەسـەر ئەو دوو دەنگە، دوو ئاوازە جیاوازە دەبووە شـەڕمان، ئەگەر کەسیش دیارنەبوایە قژیشی بەنەرمی رادەکێشام، بەڵام قردێڵەکەی تێکنەدەدام.

لـەو عەنکاوەیـە، چەپەکان دیوێکی گوتـار و مەیدانی سیاسـی وڵاتەکەیان گرتبوو، ئەوەنـدە زۆر بـوون، حزبەکەیان تەنیبـووەوە، ژن و پیاوەکانیـان، گەنجەکانیان لە زانکۆکان زۆریان چەپبوون. هەموو شـەیدای کۆتری ئاشـتی بوون، بۆیەش ئەو کیژە ناونرابـوو حەمامـە، کۆتـر! چەنـد رۆژ بوو ئەو کیـژە، حەمامە و خوشـکەکانی لە عەنـکاوە ونببوون، ماوەیەک بوو دیارنەبوون، یان دەیانبەن و نەگەڕانەوە.

حەمامـە، لەورۆژانـەی ناچێتـە مەکتـەب، ماوەیـەک بـوو نەگەڕابـووەوە، هیـچ لە قوتابییـەکان لەسـەر رەحلەکەی ئەو دانەنیشـتن، بۆیە دەستەخوشـکەکەی بەتەنیا مابـووەوە. بـۆ ئەویش ئاسـان نەبـوو قەڵەمێـک، مسـاحەیەک، راز و پرسـیارێک

لەکەسـیتر وەربگرێت! مامۆسـتاکانی ئەدەب، بیرکاری، ئینگلیزی دانەیەکی رۆنیۆی پرسـیارەکانیان، نەرم نەرم کاغەزەکەیان لەسـەر رەحلەکەی لەسەرپشت بۆ ئەویش دادەنـا. هەموویـان، مامۆسـتاکان ناویان بە نەهاتوو نەدەنووسـی. ئـەو چەند رۆژ بوو دیارنەبوو. کەسـیش نەیدەپرسـی بۆ حەمامە دیار نییە! بۆ کیژەکەی شـەیدای دەنگـی عەبدولحەلیـم بوو، چەند رۆژە لەگەڵ دەنگی زەنگە ئاسـنەکەی لەبەر دەرگا گەورەکەی هۆڵەکە هەڵواسراوە، نایەتە ژوورەوە. هەموو کیژەکانی عەنکاوە هاتوون. نیـوەی ژنـە مامۆسـتاکان خەڵکی عەنـکاوەن و هاتوون. جەژنی فەسـح و هێلکە و میـلاد نییە. بـاران زۆر نەباریوە خانـووە قوورِەکانیان رووخابێـت. ئەدی بۆ ئەو و خوشـکەکانی نەدەچوونە دەوام، لە قوتابخانەکە بەدیارناکەون؟!

❊❊❊

نیوەی شارەکە، خانووەکانیان بەرهەم و رەنج و دەسکەوتی کۆمەڵەی «خالدییە»ی نیشتەجێبوون بووە!خالدییە، کۆمەڵەیەکی هەرەوەرزی نیشتەجێبوون بوو. کۆمەڵەکە لەعەنـکاوە بـوو، بەڵام بەناوی موتەسـەریفی هەولێـر خالید نەقشـبەندی کرابوو. چونکـە ئـەو پشـتیوانی بەرنامەکە دەکات. بـەڵام بزوێنەر و داهێنـەری کۆمەڵەکە، ئەفسـەرێکی عەنکاوەیی بەپلەی عەقید_ئەودەمانە ئەو پۆسـتە سـەربازییە شکۆ و بەسـام بوو_ بەناوی «تۆما جەرجیس» گرێیەکانی کۆمەڵەکەیان بۆ دەکاتەوە. ئەو لـە دەزگا باڵاکان، لە بانکەکان، لەلای دەسـەڵاتداری ئیـدارەی مەحەلی و وەزارەتی شـارەوانییەکانی بەغـدا، لەجیاتی مامۆسـتاکان، بەتایبەتی ئەوانـەی لەبەر ئەوەی شـیوعی بوون و چاویان لەسەربوو، ئاسانکارییەکانیان بۆ دەکات.
ئەوانبـۆ تەواوکـردن و سـازبوونی نەخشـەکان،فەرمانبەرەکانیان، نەیاندەتوانی زۆر هاتوچـۆی دەزگاکان بکـەن. ئەفسـەرەکە، لەجیاتـی ژنە سسـتەرەکانی لەبەر برین و هەتوان و مامانی ئاسـان نەبوو، سـەرقاڵی نەخشەسـازی و هاتوچۆی دائیرەکانی چاکسـازی کشـتوکاڵ و زەویوزار و شـارەوانییەکان بکەن، خەمـی بۆیان دەخوارد. ئـەو، ئەفسـەرەی کـە دەگەڕایـەوە، لەنـاو جێبە سـەربازییە قووتەکـە دادەبەزی، نەجمەکانـی سەرشـانی دەبریسـکایەوە و دەگەیشـتەوە ماڵەوە، کـەس، چیتر بەو جلانەوە نەیدەبینی، دەرنەدەکەوت.
ئەفسەرە و ماندووە و ئێوارانیش، بەدەستە جلێکی ئەفەندییانەی خاوێن و بۆینباخی

شــینەوە، بەبۆنی سازگارەوە،ســەرێکی لــە مەتراندەدا و دەچــووە یانەکە، دەچووە دەرەوەی شــار و ســەیری گەنم و جۆ و فەریک و جۆخینەکانی دەکرد. سـڵاوی لە جووتیــاری گوندەکانــی قەلانچۆغــان و گەزنە و رەشــکینیش دەکرد. دەچووە ســەر گردەکەی یەلدا. بەخۆی و بەزاری خۆی بە ژنەکانی، بۆ پیرۆزیی دەچوونە سەر گرد و مەزاری مەریەمە دیان، داوای دەکرد:

دوعای بۆ بکەن، بەســەلامەتی لەو پیشــەیە، لەو بەرگ و نەجمە و دوورکەوتنەوەیە رزگاری بێت.

ئــەو لەو ســەربازییە دوودڵ و نیگــەران بوو، چونکە عیراق وڵاتی کودەتا و شــەڕ و بۆردومــان بوو. ســوپاکە بە بڕیــاری کوێرانەی سیاســی و قەومــی رەوانەی ئوردن دەکــرا، لەوێــش دەشــکا. دەچوونــە ســوریا و نائومێــد دەگەڕایــەوە. بەردەوامیش گوندەکانی کوردستانیدەســووتاند. دژایەتی باشــووریاندەکرد. پشــتیوانی کوشــتنی شــیوعییەکانیاندەکرد. مەلا و ئیمامەکانی نەجەفیان ریسوا و زیندان دەکرد.

ئەفسەرەکە، لەجیاتی ئەوانە، دکتۆرەکانی ئەو شارۆچکەیە، ئەوانەی لە بەنزینخانەکەی هەولێــر کاریاندەکــرد. ئەوانەی لــە فڕنی ئۆتۆماتیکی ســەمونی گەرمیان دەبرژاند و دەیانگەیاندە ســەندوقی بەر دووکانەکانی ناوشــارەکە. پیــاوە قەڵەوەکەی رووپێوی تاپۆ بوو. ئەو لەجیاتی هەموویان، رووبەرێکی فراوانی زەوییەکانی عەنکاوە دەکاتە، گەڕەک و قەســر و باخچە و ژووری نووستن و کتێبخانە.

ئەفســەرەکە، پیاوە ناســراوەکە، لەجیاتــی هەموو ئەوانەی دەیانویســت خانووینوێ دروســتبکەن، بچنە بانکەکەی موســڵ «بانکی تەعاونی» بۆ وەرگرتنی ســێ ســەد دینــار وەک یارمەتــی، بەڵام بەقەرز، بۆ خانوو دروســتکردن، عەقیــدە وریاکەی ناو سوپا، پیاوەکەی دوایی کوڕەکەشی دەبێتە دکتۆر و خزمەتی نەخۆشەکانی ئەو شارە دەکات، تابلۆ بچووکەکەی ناو و پسپۆرییەکەی لەشەقامی بن قەڵاتەکە هەڵدەواسێت، ناویــش بــاش دەردەکات، هەموو ئەگەر و گرێیەکانی کۆمەڵەکەی عەنکاوە ئاســان و مەیسەر دەکات.

ئەو ئەفســەرە هەموو پێویســتییەکانی کۆمەڵەکە تەواودەکات، نەخشەکە بۆ نزیکەی چل پەنجا خانووی شەش سەد و حەوت سەد مەتری چوارگۆشەیان بۆ تەواودەکات. ژمارەکان، نەخشــەکە، رێپێدانــەکان، رەزامەندییەکانی شــارەکە و بەغداش، دەداتە دەســت ژمارەیــەک مامۆســتا و فەرمانبەری ناســراوی شــارەکە. ئەوانیــش چاویان

دەکرێتەوە، شـارەزا دەبن، پاش ئەوەی شـارەزا دەبن. خەڵکەکەش زۆرتر دەیانەوێ ببەنـە ئەندام لـەو کۆمەڵەیە، زەوی وەربگرن و خانووی گەورەگەورە دروسـتبکەن، لەنـاو خانووە قووڕەکانی کۆنی عەنکاوە دەربازیان ببێت.

***

مامۆسـتایەکی شـارەزای زمانی کوردی، «مامۆستا عیسـا» پیاوێکی ماندوونەناس، لـە عەنـکاوە دەکەنە سـەرۆکی کۆمەڵەکـە «لـە کافتریایەکی هێمنی نـاو گەلەری _شیسـتا_ی سـتۆکهۆلم مامۆسـتاکە، هاوڕێی مامۆسـتایەکیتری عەنکاوە، ئەوەی لەیەکەم ڕۆژی پەیدابوون و چەسـپاندنی زمانی کوردی _ئازاری سـاڵی ١٩٧٤_ لە خوێندنی ناوەندی هەولێر کیمیا و ڕووەک و زانستەکانی بەکوردییەکی شیرینی نیمچە پـاراو دەڵێتـەوە، ئەگەرچی زووتر و جاران کەس گوێی لێنەببوو، ئەو مامۆسـتایەی «مامۆسـتا نەجیب» شـەوانە دوایی زانیم زۆرتر لە چل سـاڵ عەرەقی خواردیتەوە، بەزمانی کوردی سڵاوی لە قوتابییەک، لە مامۆستایەکیش کردبێت، بۆی گێڕامەوە».
ئـەو لـە بەرنامەی باوکە هەژارەکەی دەرناچێت، کۆشـش دەکات، ئـەوەی چەند لە ژیان ماندوو بوو، سـەد ئەوەندە پەرۆش بوو منداڵەکانی ماندوونەبن، خوێندەواربن: مـن نانـی ئەو گۆپاڵەم خـواردووە، «باوکی پێیگوتووە» دەزانـم چەند نانێکی تاڵ و بەژانـە، نامـەوێ ئێـوەش، کـوڕەکان، کیژەکانم نانـی ئەو گۆپاڵە بخـۆن! بەڵام لەبیرنەکەن، بەیانییان لەگەڵ کازیوە، زوو بۆ ژیان، شـوان بووم. لەسـەر گردەکان، زوورگـەکان، مـەڕ و بزنـی هەموو ماڵـە جووتیارەکانـم دەلەوەڕاند. لەگەڵ شـوانی گوندەکانـی نزیـک خۆمان، نان و ماسـتمان بەیەکـەوە دەخوارد. بەیەکـەوە، ئێمە جیـاوازی ئاینییمـان نەدەزانـی، مـەڕ و بزنەکانمـان، لـەوەڕ و پنچ و گیـا و ئاوی جۆگەکـەش جیـاوازی نەدەکرد. بەیەکەوە داومان بۆ ڕاوە قەتێ و تەپکە سووسـکە و کەویـش دادەنایەوە. دەچووینە سـەرگردەکانی ئاقارەکەمان. گردەکان بەرزبوون، ئێمە لەوێ خاچی کڵێسـامان دەبینی. ئەوانیش کەشـیدەی سپی مەلای گوندەکانیان لێوە دیاربوو.
مەلاکە بەر لەوەی بگاتە مزگەوت، سەرێکی لە ژانی نەخۆشێکدەدا، دەردەدڵی هەژاری خێزانێکـی ئارام دەکردەوە، لەکردنەوەی گرێی گەنجێکی سووتاویشـی دەکۆڵییەوە. لەسەر گردە بەرزەکان، دیاربوو، لەو دەڤەرە هەموو گوندێک، گردێکی کۆنی هەبوو.

هەمــوو گردێک، چیرۆکێکی شــاراوە و نەدۆزراوەی تێدابوو. شــوانەکەی عەنکاوە بە گەنجەکانی ئەو گوندانەی دەگوت:
مەتران دەڵێت، منیش بڕوادەکەم، حەزدەکەم ئێوەش بزانن: ئەو گردانە، لە هەموومان، لە گوندەکەمان، لە ئاین و پەرستگاکانمان کۆنترن، ئەوانە خۆراگرن، بەرگەی سەرما و گەرمــاو بارانیــان گرتووە. نــاو و ژێرەوەی ئەو گردانەدزی زۆریــان لێکراوە، بەڵام هێشــتا گەنجینەی زۆریان شاردوتەوە. خۆڵیش زیرەکە، بەتوانایە، گردیش دەتوانێت ببێتە قەڵات، تا هەموو گەنجینەکانی نەدزرێن، ملوانکەی زێڕی یەخەیان نەپســێنن. قاپ و مەنجەڵ و کەرەستەکانیان باش هەڵگرتووە، دەیانشارنەوە، تا مێژوو و مان و بوونی خۆیان بسلمێنن، بزانە بەهاران چەند جوان خۆیان دەرازێنەوە! دیارە پیرۆزن ئەو گردانە.

❊❊❊

لەگــەڵ دەنگی زەنگەکە،من دەســتم بــۆی درێژدەکرد، هەڵســە،بابچینە حانوتەکە، وەرە بابزانین پەند و قســەی نەســتەقەی نوێ چییان لەسەر تەختە رەشەکەی نزیک ژوورەکەی بەڕێوەبەرەکە نووسیوە! حەمامە، وەرە دەرەوە، بابەیەکەوە پیاسەبکەین. با وانەزانن لەســەر هەردوو گۆرانیبێژەکە زویر و زیزبووین. با کەس نەڵێت ئەو دوو کیژە نەفامن، لەســەر شــتی وا ســادە تووڕەبوون. یان رەنگە بڵێن: بزانە ئەو دوو دەستەخوشکەکە هەردووکیان عەنکاوەیین، بەیەکەوە دێن و بەیەکەوەش دەگەڕێنەوە، لەســەر یەک تەختەش دادەنیشن، لەسەر زەوقی هونەر و گۆرانی تووڕەن!
ئەو رۆژە ژنە سســتەرەکە، براژنی کیژەکەی دەستەخوشــکی شــیرینی حەمامەبوو، بــەڵام لەگەڵ گۆرانییەکان نارێک بوو، دەڵێت:
مــن ئــەوم بینی ئەوم دۆزیەوە! «بەڵام نایەوێ پێیبڵێت لەکوێ و چۆنم دیوە!».
_ کاترینــا، خــۆت حەمامــەت بینی! باڵــە ســپییەکانی، قردێلەکەی قــژی، پێڵاوە چەرمــە رەشــەکەی لەبــەردا بــوو. دەفتەرەکــەی، کتێبەکانــی لەناودەســتبوو. کە وێنەی هونەرمەندە لاوازە ئەســمەرەکەی میســری لەســەربوو، تــۆش عەبدولحەلیمت خۆشدەوێت!؟
پیاوە داماوەکەی هەزارەها، ملیۆنەها کچی باریکەلەی نەمام شــەیدای دەنگی دەبن. ئەویــش کــە حەز لــە کیژێکی ناســک دەکات، لەبەر هەژاری داواکــەی قبوڵ ناکەن،

«زوبیـده سـەرووەت» کیژە چاو ئەسـتێرەکە، ژنەکـە، هیچ ژنێـک، کوڵمی هەرمێ و بەهـێ نەبێـت، کوڵمەکانی ئەو جووتێک هەرمێ بوون، شـوو بـەو پیاوە هەژارە، دامـاوە، لاوازە، گەرمە بکات. ئەویش کە باوکی داواکەی رەتدەکاتەوە. دووبارە داوا لـە باوکـە دڵرەقەکـەی دەکات» باوکە، توخوا ئەگەر مردم لەو گۆڕسـتانەم بنێژن، بولبولـە ئەسـمەرەکەی تێـدا نێژراوە! با تەرمەکـەم لەو نزیک بێت، خـۆم نەبوومە هاوسـەری، با تەرمەکەم هاوسەری کێڵەکەی ئەو بێت».

بـەڵام باوکـی بـە مردنەکەشـی داواکەی قبوڵ نـاکات و راز و ویسـتی عەبدولحەلیم مەیسەر نابێت!

_ کاترینا نەتپرسـی حەمامە کەی دەگەڕێتەوە عەنکاوە؟!

تا ئەوان ئێواران بەیەکەوە پیاسە بکەن، لەدڵەوەش ناڕەزایی بۆ گەنجە موسلمانەکانی لە هەولێر بۆ توانج و سەیریکردنی تەنوورەی کورت و بسکی رەشی کیژەکان دەهاتن، دەربڕین.ئێمـە تـووڕە دەبووین، چونکە دەهاتن سـەیری ژنەکانی لەبەردەرگاکانیان ئاسوودە و جوان دادەنیشتن بکەن!

_ نـا گوتـی ناگەڕێمـەوە! «براژنەکـەی لـە نەخۆشـخانەی کۆماری پەرسـتار بوو پێیدەڵێت».

_ بۆ ناگەڕێتەوە، لەکێ تووڕەیە! بەس بگەڕێتەوە منیش نامیلکەیەکی گۆرانییەکانی عەبدولحەلیم دەکڕم، شـیعرەکانی نەزار قوبانی، ئەوانەی بوون بە گۆرانییەکانی ئەو، هەموویـان لەبەر خاتری تووڕەبوونەکەی لەبەردەکەم، دەزانم شـیعرەکانی ناسـکن، ئاواز و موزیکەکانیش خۆشن!

دیارە حەمامە دوور فڕیوە، زۆر دوور ڕۆیشـتووە، بەتەنیایە، هەموویان بەیەکەوەن، چـۆن بەیەکـەوە دەفڕن، هەموویـان کۆتر نیـن، دایکیان نێرگزە، بەهـار و دیمەنی دەشتی عەنکاوە رەنگین دەکات! باوکی لەمێژە دەفڕێت، بەردەوام لەگەڵ وایەرەکانی تەلەفۆنی شـارەکە بەئاسـمانەوە بوو. بینیت حەمامە دەفڕی، نێرگزی دایکیان بۆنی دەبەخشـییە ئاسـمان، رووخۆش دەیویسـت بۆنە شـیرین و جوانەکەی زەوی، بباتە ئاسمان، بۆیە دەفڕێت!

***

باشـە تۆ! لە نەخۆشخانە جەمهوری بوویت، نزیک نەقلیات، کەی ئەوەندە دوورە! با

هەر عەنکاوەیی بین، هەموو هەولێر شارەزاین، کەی ئەوەندە دوورە، تا ئەو نەتوانی بگەڕێتــەوە! لــە نەقلیاتــەوە شــەقامەکەی تەیــراوە دەبڕیت دەگەیتــە دووکانەکان، شــیرنەمەنییەکەی عشتار، ئەوەی کێکی زەماوەند قات لەسەر قات رادەگرێت، بەقەد بەژن و شــادییەکانی ئاهەنگ و زەماوەندەکان بەرزیدەکاتەوە.

لــەوێ دەگەیتــە مزگەوتەکــە، لەناو چڵکاوەکــە تێدەپەڕیت و دەگەیتە قەســرەکان. دیوێکــی تەیراوەیە، خانووی بچــووک بچووک، دیوەکەی تریش هەر تەیراوەیە. بەڵام خانووەکانی گەورەترن. لە ســەربانەکان کۆتریش رادەگرن! لۆرییان هەیە، پیکەب و جێبیان لەبەردەرگای وەســتاوە. کوڕ و کچیــان زۆر لە زانکۆکان دەخوێنن! ئەوەندە دوورە عەنــکاوە، بــۆ حەمامە و خوشــک و دایک و بــاوک و براژنەکەی و کۆرپەکەی نەهاتنەوە!

حەمامە بۆ نەگەڕێتەوە؟ باشە لە چ تووڕە بووە؟ قسەی نەکرد! ئەوەندە چەند رۆژە بۆنــی عەنکاوەش گۆڕاوە، باخەکانی، دارپرتەقاڵەکانی وەک جاران نییە. دەی دادە، سستەرە خوێن شیرینەکەی ناو نەخۆشخانەکەی کۆماری، نەیگوت لەکێ تووڕەبووم. بــۆ ناگەڕێمــەوە؟ نەیگوت چەند رۆژە لە مەکتەب ــغائیبەــم. بریا پێتدەگوت کەس تۆی بە نەهاتوو نەنووسیوە .مامۆســتاکان دەڵێن:

ئەگەر بگەڕێتەوە،هەموو ئەزموونەکانی بۆ دەکەینەوە. بەتەنیا لەپێشەوە کورسییەکی بۆ چۆلدەکەین. با تەنیا وەڵامی پرســیارەکان بداتەوە، وانەکانی پێدەڵێینەوە، خەمی ئەوەی نەبێت. هەموو خۆشــیاندەوێت. بەڕێوەبەرەکەش گوتوویەتی:

چەنــد رۆژێکە با وا بێت! هەر دێتەوە.

توخوا وەرە بچین، سواری ئامانە دەبین، تیکیتەکەت لەسەر من. دادە بابزانم لەکوێ حەمامــەت دیوە! برســی نەبووە، هــەر جلی مەکتەبــی لەبەردا بوو، ســەدرییەکەی پیــس نەبــووە؟ تەنوورەکەی، قردێڵەکەی لەســەر بوو. توخوا لەکــن تۆش نەیگوت گۆرانییەکانــی «عەندلیــب» خۆشــترن لــە «فەرید» ئەوەی بە ــپاشــای عودــ و ــموزیکســازی زەمانەکانــ دەناســرێت، ئەوە قسەی من نییە، مێژوو و ئەرشیفەکان وایان نووســیوە! دادە با شەومان بەسەردانێت بابچین!

***

کیژێکیتــر، لەماڵێکیتــر ســۆراخی کێژێکی ئەو ماڵە دەکات. دووەمیان «ســەبیحە»

قوتابییەکەی بەشـی زانستی. ئەو زۆرتر شەیدای وانە و شرۆڤەکارییەکانی فیزیابوو، زۆرتـر حـەزی بـە تۆپی باسـکەش دەکرد. ئەویش دیـار نییە، ئەویـش لەگەڵ دوو خوشـکەکەی دیـار نییە. چـوار کچی گەنج، لەیەک ماڵ، چـوار قردێڵەی رەش، یان سـوور، لەسـەر چوار بسـک و کاکۆڵ. چوار سەدریە، چوار سـینگە دەفتەر و کتێب ناچنـە ناو ئامانەکە. ناچنە ناوشـار بۆ خوێندن. ناچنـە ناو هۆڵەکانی تاقیکردنەوە. هـەر چواریـان چەنـد رۆژە ئاگایان لـە کۆرپە سـاواکەی براژنەکەیان نییـە. نازانن «ژاڵـە» لەکوێیـە؟ منداڵەکـە، کیژەکەی تەمەنـی تەنیا چل رۆژە بـۆ ناگرێت؟ بۆ میزێـک ناکات؟ بۆ دایکی تووڕە نابێت و ناڵێت:

بەسـە کیژم مەمکـت دەرهێنام ئەوەندەی بیمژێت! راکێشـیت، شـیرم نەما، چیمان خواردووە شیر لەکوێ دێت!

ئـەدی نێرگـز، ناوی گـوڵان نییە، لەو گوڵانـە بۆن بەرهەم دەهێندرێـت. لەو گوڵانە زەوی بـە سەرپۆشـەکەی بەهارانـەی شـانازە! نێرگز، نەیدەزانی خـەم لە گوڵاڵە و بۆنـی خـۆی بخوات. یـان لە جوانی و خەونـی کیژەکانی. ئـەدی پیاوەکەی. ئەدی کوڕەکـەی چەند سـاڵ بـوو، وەک هەڵۆ، وەک پڵینگ، لەو وڵاتە بە کلاشـینکۆفێکی کۆن. سـوپایەکی هەراسانکردبوو. هەموو گوندەکانی خۆشناوەتی، دەشتی بەڕانەتی تفەنگەکـەی ئەویان دەناسـی. دەیانزانی سـۆران، لەناو سـنووری سـۆران مەیدانی دیارە! دەسـت دەوەشـێنێت، ناترسـێت. ژنەکە، رۆژانە لەبەردەم کڵێسـا کۆنەکەی عەنکاوە دەوەستێت، سەیرێکی خاچەکەی دەکات و دوعا و نزای بۆ مان و سەلامەتی و سـەرکەوتنی سـۆران دەخوازێت.ئەو ژنە لەورۆژانە دیار نییە، کڵێساش خاچەکەی وا لاربوویەتەوە، ئەویش لێرە نییە، بەدەسـتێکی بەنێرگزیخاچەکە بەرزبکاتەوە.

***

ئـەو چەند مانگێک، لە سـەرەتای قادسـیە شـوومەکە سـەربازی دەکات. لەیەکەم مۆڵـەت و گەڕانـەوەی بۆ ماڵەوە، یەخەی براکەی دەگرێت، ئەو زووتر لە قوتابییان، دواییـش لەنـاو ریزەکانـی پارتـی و لەنـاو شۆرشـی ئەیلولیش بەشـدار و ئەکتیف بووە.»ئێوارەیەکیـان لوغمێک لە شـەقامێکی عەنکاوە ـــ نزیک کڵێسـا و خاچەکەی مەسـیح، لەو شارەی زۆربەی ئەفەندی و خوێندەوارەکانیان چەپ بوون.

زۆربەی خەڵکی شـارەکەش موچەخۆری دیاری هەولێر و قەزا و ناحیە و مامۆسـتای

گوندەکانیش بوون. ژنەکانیش هاوشانی پیاوەکان خوێندەوار و چەپ و شارستان و سستەر و دکتۆر و مامۆستاش بوون_ لەژێر زیلێکی سەربازی دەتەقێتەوە، بۆ گرتنی سەرەداو و دەستی تەقینەوەکە، لەنێوان ناوی سەباح و یلدا، براکەی سۆران دەربازی دەبێت و دەگاتە ناو شۆرش». بە ناسین و ڕێکخستنەکان، سۆران دەگاتە ناو تیپەکانی دەڤەری ئاسۆس و بتوێن و پشدر. ئیتر لەوڕۆژەوە، هەرگیز بیری لە تەسلیمبوونەوە نەکردیتەوە _لەبەر هەڵوێست و وڵاتپارێزی بوو، ئەگەر لەبەر ئەوەش نەبێت، لێبووردنی گشتی بەردەوامی وەزارەتی بەرگری و سەدامیش، مەسیحییەکانی نەدەگرتەوە_ ماوەتەوە و نەچووە بۆ ناو خاکی ئیران و شارەکانی. ئەو نەچووە،چونکە پێش ئەوەی پەیوەندی بکات و بچێتە ناوشاخ، پێشمەرگەکان، تیپەکان، کەرتەکان چوونەتە ناو ئیران لەشارەکان شەڕیانکردبوو، بەرگرییان لە ناوچە ڕزگارکراوەکان کردبوو. ئەوان بۆیان گێڕابووە، بەڵام خۆی بیری لەوە نەدەکردەوە لە خۆشناوەتی بڕوات، لە بۆنی عەرەقی بیترمە دووربکەوێتەوە.

نەیویستووە بڕوات و دۆڵی باڵیسان جێبهێڵێت! نەیویستووە لەبەزمی ناو پێشمەرگایەتی دووربکەوێتەوە. حەزی نەکردووە پێیبڵێن ترسنۆکە و نەهات. ترساوە دەرنەکەوت. نەیتوانی لەپێشەوە بێت و خۆی دزیوەتەوە. تازە کیژێکی دیانی شەقڵاوە شەیدای بووە، هاوسەرگیری کردووە و کەم دەردەکەوێت.ئەو هەرگیز، بێ ورە و بێتاقەت نەبووە ئارپیچی پێهەڵنەگیرێت. نەیویستووە پێیبڵێن دەترسێت و شەوانە رادەچڵەکێت. لەوەتی ژنی هێناوە کەم دەردەکەوێت! نایەوێ وای پێبڵێن! ژنەکە، سێبەر، شووی بەو پێشمەرگەیە کردبوو. خۆی هاتبوو، وازی لە دەوام و موختەبەر و سەدریەی سپی و دەرمان و بەنج و مەعاش و دایکوباوکی و عەنکاوەش هێنابوو.

باوکی زۆری پێخۆش بووە، کیژەکەی ببێتە هاوسەری کوڕێکی تاک لەناو عەنکاوە. پێشمەرگەیەکی یەکەم لەناو کریستیانەکان! کیژەکەش رازی بەو شێوەیە دەربڕیبوو: خۆ گەنجەکان لەناوشار نیوەمردوون! شەنگیان نییە، یان فیرارن، یان نیوەرۆحن. زۆریان لە عەسکەری، شانازن دەبنە موراسیلی ئەفسەرێکی گەمژە. دەست ماچدەکەن و دەبنە شوفێری نەقیبێکی شرووگی. لەکاتی دەوام خزمەتی خۆی و نەجمە و پۆستاڵەکانیان، دوای دەوامیش لەبەر دەستی ژن و منداڵەکانیانکرنۆش دەبەن.

سۆران پیاوێکە وەک ئەستێرە چاوەکانی دەجریوێنێت. وەک ڕێواس شل و نەرمە،

مانــدوو نابێت. خوێندەوارە، خۆی لەناو دەقــە گەورەکانی جیهانی دەدۆزێتەوە .بووە بە پاڵەوان و بژاری ڕۆمان و شیعرەکانیش. دوای ئەنفاڵەکان دەمینێتەوە، حکومەت بە هەموو دەزگاکانی، بە هەموو پیاو و مەفرەزەکانی پارە سەرفدەکەن، درۆدەکەن، کۆششدەکەن، بیگرن، ئەگەرنا بیکوژن!

***

بەجلە سەربازییەکەی دەگاتەوە عەنکاوە. شەو دەچیتە یانەی عەنکاوە. لە دڵی خۆی دەڵێت، دواچارەکی عەرەقی عەســرییە دەخۆمەوە. دەخۆمەوە و زۆریش ناخۆمەوە، نــەوەک لەدەمــم دەربچێت و بڵێم هاتووم ناگەڕێمــەوە، دەمەوێ فیرباربکەم! هاتووم، شــانازم زۆر لەناو سوپا لەو شەڕە بەشدارنەبووم.
نایــەوێ شــەوەکەی زۆرتــر بخواتەوە، نــەوەک ســەری گێژببێت و قســەکانی دڵی، راســتی و نهێنییەکان هەڵرێژێت. بەڵام دەیەوێ ئەو شــەوە، ماوەیەک لەناو باخچەکە دابنیشــێت. بەدڵی خۆی، تێر بە زمانی خۆیان، بە ســریانییەکەیان قسەبکات.
باخچــەی نادییەکە، چەند مێزێکی تێدابوو. مێــزە گەورەکان، ئەفەندییەکانی زۆریان قەمیســی ســپییان لەبەردا بوو، عەنکاوەیی بوون! زۆریان لەگەڵ عەرەقە سپییەکە، یاری کاغەزیان دەکرد، دەنگیان بەرزبوو، پێدەکەنین. کەسیان ئاگایان لە هەواڵەکان و دیمانــەی نــاو تەلەڤزیۆنەکەی دوور لەســەر مێزێکی نەوی پان دانرابوو. کەســیان ئاگایــان لــەوە نەبوو، شــەڕەکان لــە موحمەرە و شــوش گەرمە. دەیانخــواردەوە و گەمەیــان دەکــرد. کاغەزیــان بەتوندی، بەتاســەوە بۆ کارتی کردنــەوە، یان جۆکەر رادەکێشــا. هەموو جۆرە گەمەیەک لەســەر مێزی ئەفەندییــە عەنکاوەییەکان دەکرا. بــەڵام مێزەکانــی تــر، ئەوانــەی دوو دوو بەیەکەوە، ســێ و چوار کــەس بەیەکەوە دانیشــتبوون. موســلمانەکانی نــاو هەولێر بوون، جڤــات و باس و دانیشــتنەکانیان جیاوازبــوو. هەندێکیان زوو لە هەولێرەوە دەهاتــن، زووش بە ئامانەکە دەگەڕانەوە. ماڵیــان لــە تەیراوە بوو، شــەوانە دەهاتنە عەنکاوە. ماڵیــان لەیەک کۆڵان بوو. دوو ســێ هەنگاو لە نادییەکی ناوشــار دووربــوو، ئینجا دەهاتنە عەنــکاوە. چارەکێکیان دەخواردەوە، بەو ڕێگا دوورە دەگەڕانەوە.

***

ئـەوەی لەنـاو هەولێـرەوە دەهـات، وایدەزانـی لـە مەملەکەتێکـی تـرەوە هاتووە. دەیخواردەوە و دەگەڕایەوە ناوشار. لەدوا وێستگەی پاسەکەش ماوەیەک دەڕۆیشت، شەقامێکی دووری دەبڕی. لە کۆڵانێک، دووان دەپەڕیەوە. لە چەند جۆگە دەپەڕیەوە. لەگەڵ یەک دوو کەسـیش دەوەسـتا و چاکوچۆنی و باسـی عەسـکەری و وەحدە و کرێی خانوو و دەردەدڵی خۆیان دەکرد و دەڕۆیشـت. چوون بۆ عەنکاوە و نادییەکە دوور نەبوو، کاتی نەدەویسـت، بەڵام بۆ گەڕانەوەی گەنجێکی سـەرخۆش، پیاوێکی سەرگەرم دووربوو، نەدەبڕایەوە:

ئەوانتا دەگەیشـتنەوە ماڵەوە. دەبوایە بۆ دواکەوتن و سیسبوونی ڕەنگ و شپرزەیی پێیەکانیـان و قسـە و بەزمی سـەیر و نامۆیان،چەند بیانـوو و هەنجەتبدۆزنەوە. بە ڕێگا و بوار و جۆگەکانی بەردەمیان، سەرکەشـانە و بێترس بڵێت:

ئای کە ماڵەوەمان دوورە!

هەر ئەو پیاوەی لە عەنکاوە شەو درەنگ گەڕاوەتەوە، دەبوایە بە سەرمای شەوەکە، بە با سـاردەکە، بە زوقمە بەسامەکە بڵێت:

مـن خواردمەتـەوە، لـە نادییەکەی عەنـکاوە خواردومەتـەوە، بەس یـەک چارەکم خواردوتـەوە، بـەڵام دەزانم پـارەی زۆرترم داوە «نەدەیزانی زۆرتـری خواردیتەوە، سەرمەسـت بووە و حیسابی خەڵکیتریشیداوە، دڵی باش بووە و بەخشیشی داوە».

سـەرماکە، تـۆ هەرگیز ناتوانیـت بگەیتە ناو ئێسـقانم، پەنجەکانـم بتەزێنیت. منی نەرم و شـلک وەک ڕێواس، ڕەقم بکەیتەوە. هەر ئەو پیاوەی دەم نادەم، دەسـت لە قەڵەم حوبرەکەی سەر گیرفانی دەدات، بزانێت لەو گەشتە دوورودرێژە ئەفسوناوییە لێنەکەوتووە. ئەگەر لەوێش لێیکەوتبێت، بەیانی دیانەکان بۆی هەڵدەگرن دەیدەنەوە. ئەو دەیەوێ بەشەویش بڵێت:

مـن لـە عەنـکاوە هاتوومەتەوە، یـەک چارەکم خواردیتەوە. باشـم لەبیـرە چارەکم کردووە بە سێ پێکب. دەزانم!

ئـەو بەقسـەی خۆی یەک چارەکی خواردیتەوە، یـان تەنیا لە چارەکی یەکەم ئاگای لە خۆی بووە. دەڵێت:

شـەو لـە عەنکاوەبـووم، بەئـارەزووی خۆم چووبووم، ئێسـتاش سـەرم وەک لانک دەهەژێـت. چـاوم ڕەشکەوپێشـکە دەکات. تەنیا یەک چارەکـم خواردیتەوە. ئەدی

ئەگەر بوتلی سەرمۆر تەواو بکەم!
ئــەدی ئەگەر چارەکێکی ئەبــو کەلەپچە، یان نیو بوتڵم لەو عەرەقە تەواو کردبوایە، سەرخۆش دەبووم، دەبوایە دەست بەکەلەپچە بمبەنە دەرەوە، بۆیەش بەو عەرەقیان گوتووە ئەبو کەلەپچە.

***

دەڕوات و دەگەڕێتــەوە ماڵــەوە. نازانێت لەو نادییە، لەســەر مێزێکی چوارکەســی، چوار ئەفەندییە لاوازەکەی بە زمانی ســریانی، کلدانییەکەی خۆیان قســەیان دەکرد، زۆرتــر دەپەیڤیــن و کــەم پێدەکەنیــن. زۆر ســەبر قســەیان دەکــرد و ماتدەبوون. کەســیان هەڵنەســتا میزێک بــکات. یەکێکیان نەیگوت، بــا کۆنکانێک بکەین. کەس نەهاتە ســەر مێزەکەیان. کەســیش حیسابی ئەوانی نەدا. ئەوانیش حیسابی کەسیان نــەدا. یەکێــک لەوانە ناوی «عەبدولمســیح، باوکــی پۆلس، باپیری ســلیۆە، باوکی ئەویــش عەنکاوەیــی بــووە ناوی یوســف بووە»، ئەو ســەربازبوو. دوو ســێ شــەو بــوو هاتبــووە. ڕێگایەکی دووری بڕیبوو. هاتبووەوە تــا دوورتریش بڕوات. لە هەوار و بنکەیەکــی دژواری ترســناک هاتبــووەوە، تا بچێتــە مەڵبەنــد و بارەگایەکی تری دژوار و ترســناکتر! بــەڵام بەرەزامەندی خۆی! کوڕە گەنجەکــەی لە هەولێر دەچێتە نادییەکــەی عەنکاوە. نادییەکەی پاســەکە لەبەردەم دەرگاکەی دەوەســتا. لەســەر شۆستەکە، لەبەردەم دەرگا ئاسنە کەسکەکەی نادییەکە. عەنکاوەییەکان، حکومەت، قەشــەکان، «مەســەلەحەی نەقلــی روکاب»، چەند دڵیان لەکن مەشــروبخۆرەکانە. چەند عەرەقخۆرەکانیان خۆشــدەوێت. بزانە چۆن وێســتگەی وەستانی ئامانەکەیان، لەبــەردەم یانەکەیان داناوە.هەموویان، ئــەو پیاوچاکانە داوایانکردووە، وێســتگەکە لەبەردەم نادییەکە بێت. ئەوانە دڵیان باشــە، پەپولەن، ناســکن، بەرەحمن، دەزانن ئەوانەی لە هەولێر دێنە ئەو نادییە، زوو سەرخۆش دەبن و ... دەیانەوێ، بەئاسانی بچنەژوورەوە، بێ کێشــە و باشــیش بێنەدەرەوە. ئەوان بەئاسانی دەچوون، بەڵام بۆ گەڕانەوەیان، دەبوایە بزانن چۆن دەچنە دەرەوە، ئاگایان لەخۆیان بێت.وێســتگەکە وادانــراوە، باران و تۆزوخۆڵ و دیدی نەیــار نەیگرێتەوە، دووریش نەبێت، میوانەکان ماندوونەبن. ئەوانەی دێنەدەرەوە ماندوونەبن، زوو بگەنە پاســەکە. دەرگاکە ئاســان بدۆزنــەوە، بەجوانی پارەکە دەربهێنن، تکیتەکە ببڕن!

دەیانــەوێ بگەنــە ناو پاســەکە، کاریگــەری عەرەقیان لــە مێشــک دەرنەچێت. جا ئەگەر سەرخۆشــەکە، پیاوەکەی لە تەیراوە هاتووە، مامۆســتاکەی لە تاپۆی ناوشار مەســاحە. بەقاڵەکەی لە شــێخەڵا لە کێشــان و فرۆشــتن یەک میســقاڵیش فێڵی لە تەرازووەکــە نەکــردووە. هاتووە وەک خــۆی نەگەڕێتەوە! هاتنی بــە جۆرێک بێت و گەڕانــەوە و دەرچوونــی بە جۆرێکی زۆر جیاواز بێــت. هاتووە و میوانە بە رەوش و نەشئەیەکی تر بینێرنەوە، گوناحە. ئەوان دڵیان باشە، نەرمن دەیانەوێ کەس لێیان دڵگیــر نەبێت! ئەو هاتووە وەک هاتنەکەی نەگەڕێتەوە.

دەیانــەوێ بەژنیان درێژتر بێت، چاویان رەنگی بگۆڕێت، ماســولکەیان ببنە ئاســن، قاچیــان ببنــە پایــەی قاڵدرمــەی کۆشــکێکی بەردین! تونــد و قایم و ئــازا و گەرم بگەڕێتــەوە. هاتــوون وەک خۆیــان نەگەڕێنەوە، ببنە پیاوێکی تــر، زەوقێکی پڕئاو، لەشــێکی پڕجۆش. دەیانــەوێ وایانبگێڕنــەوە. ئاخر ئەوانە پارەیان ســەرفکردووە. زۆر دانیشــتوون، هەســتیان بــە تاڵی و تفتی مەشــروبەکە کــردووە. کە لە گەروو و ریخۆڵەکانیــان چوویتەخوارەوە. ئەوەی کڵاوی لەســەر بوو ســەری کۆتکردووە. ئەو قۆڵی قەمیسی درێژبووە قۆڵی هەڵکردووە. ئەوەی چاکێتێکی ئەستوورە لەبەردابووە، پــاش دووەم پێک چاکێتەکەی لێ بوویتە بەڵا. چاکێتەکەی لەبەردەکاتەوە، لەســەر کۆشــی، یان لەسەرشــانی دایدەنێت! ئەوەی هاتبوو رۆژنامەیەکی بەدەســتەوە بوو، لێــی وەردەگــرن، نە ئەوەی وەریدەگرێت، بەبیری دێتــەوە بۆی بێنێتەوە، نە ئەویش لەبیــری دەمێنێت، کە هاتــووە رۆژنامەیەکی پێبووە و کڕیویەتی، نیوەی لاپەڕەکانی ســەیر نەکردووە، دایناوە بەیانی لە دائیرە لاپەڕەکانی تری تەواو هەڵبداتەوە، چەند دێرێکــی لــێ بخوێنێتەوە. ئەوان هاتبوون، ئەوان یــەک یەک دەهاتن، لە هەولێرەوە، لەناو چەندان دائیرەوە دەهاتن. هەبوو چەپ و هەبوو پارتی بوو. هەموویان هاتبوون دڵیان لەگەڵ شــۆرش و مەڵبەندەکان بوو. هاتبوون لەداخی شــەڕی ناوخۆی ناوچە ئازادکراوەکان،ناو گوندەکانی گەرمیان و سەرســنوورەکانیش دڵیان پڕ کەســەر بوو! هاتبــوون وایاندەزانی ئەگەر لە عەنــکاوە بخۆنەوە، کەس نازانێت. کەس نایانبینێت. کەس باســیان نــاکات. نەیاندەزانی، کــە دەگەنەوە بەردەم پاســەکە .کە دادەبەزن. لەســەری کۆڵانەکە، لەکن دووکانەکەی تا درەنگ، دوو ســێ پیاو لەســەر ســەکۆکە دەمانەوە، هەموویان دەیانزانی و دەیانگوت:

دیسان خواردیتەوە.

هەموویان لەبەر خۆیان دەڵێن:
دیــارە ئیمشــەویش خــۆی کەر کــردووە! چەند کوڕێکی باشــە نازانم بۆ شــەوانە وا لەخۆی دەکات.

***

وێســتگەی پاســەکەیان لەبەردەم یانەکــە، بەرامبەرە مەخفەرەکەی بەبەردی ســپی نەقــاڕی، بــۆ پتەویی دیوارەکانی دروســتکرابوو، دانابــوو! دیوارەکانی مەخفەرەکان بەبــەردی پتەویــش دروســتکرابوو، بەڵام زۆرکــەم دیانەکانی عەنــکاوە، پیاوەکانی، گەنجەکانــی، هەژارەکانیشــیاننەدەبوونە پۆلیس. لەو مەخفــەرە دەوامیان نەدەکرد. ئەوان نەدەبوونە پۆلیس، حەزیان لە ســەربازیش نەدەکرد!
دیانەکان زوو جووتیاریان کردبوو. چەندان دۆنم زەویی کشتوکاڵی خۆیان تۆ دەکرد. دوورنەیــان دەکرد. جۆخینان هەبوو.گێرە و جەنجەر و شــەنەبایان دەکرد. رەوســە گەنمیــان هەڵدەدایــەوە. کە دەیانخــواردەوە، گەنمە زەردەکەیان لــێ دەبووە گردی زێر. جۆ و نیســک و نۆکیان لێ دەبووە زێڕی رەش. ئەوان دەبوونە شــوانی خۆیان، مێگەڵــە مــەڕ و بزنەکانیــان لــە دەشــتەکەی خۆیان، تــا بن گوندی گەزنــە دەبرد. شــوانەکانیان دەچوونە ئاقارەکانی گوندی کەرک، نزیک گوندی رەشکین دەبوونەوە. دەگەیشــتنە ئاقــاری گوندەکانــی نزیک خۆیــان. دیانەکان بەخۆشــیان ئاقاریان زۆر بوو، دەشــتێکی جــوان و زوورگێکی بەپیتیان هەبوو. شــوان بــوون. وەرزێر بوون. دەبوونە شــەماس و قەشــە و خزمەتکاری کڵێســاکەیان دەکرد، بەڵام کەم دەبوونە پۆلیــس. زۆریــش نەدەبوونە پێشــمەرگە، بەڵام کەمیان لەوانە وەک ســۆران، ئازا و چاونەترس و رۆشــنبیر هەڵدەکەوتن. کەسیش وەک سۆران بەدەستی هاوڕێی خۆی، نامەردانــە و لەپشــتەوە ناکوژرێــت. پێش ئــەوەی دیانەکان زۆر بچنــە بەر خوێندن و عاشــقی شــەهادە و وەزیفە بن و ببنە شــیوعی، جووتیار و شوانیشــیان هەبوو. پێــش ئەوەی دکتۆر و مامۆســتای بیــرکاری و فەرمانبەر، ژنەکانیان ببنە مامۆســتا و سســتەر، ئەوان کاســب بوون. لە کڵێســاکان دەیانخوێند، خوێندەواربوون. لەگەڵ خوێندن و خوێندەوارییەکەیان، لەگەڵ گەنم و جۆ و نیسک و نۆک چاندن، دەچوونە دەوئــاوەکان، ســەرزێیەکان، وەک مراوی، وەک قازە ســپییەکان، وەک مامز رێگا و هەوراز و دەشــتیان ماندوودەکرد و دەیانویست زمانیان بە ئاو تەڕبکەن.

خەڵکی عەنکاوە، کاسبەکانیان، بۆ نان و دەستەنگینی دەچوونە پردێ، لەسەر ئاوەکەی کەلەکی ئاسین ئاغا، قەمیش دەکڕن. خەڵک بەکرێدەگرن، قامیشیان بۆ ببڕنەوە، بۆیان کۆبکەنەوە. لەناو لۆری باری بکەن و بیهێنەوە عەنکاوە: قامیشەکان بۆ دروستکردنی حەسیری دارەڕێ و حەسیری بەرهەیوان، بۆ هەڵدانی کەپر و سێبەر، بۆ سازکردنی سەبەتە و زەمبیل و چیغ و گەسکی ماڵەکانی خۆیان و گەڕەکەکانی ناو هەولێر، بەتایبەتی بازاڕ و دووکانەکانی تەیراوە، دروستدەکرد! پەیوەندی تەیراوە و خەڵکی عەنکاوە پتەو و گەرم بووە، کڕین و فرۆشتنی نێوانیان خۆش و بەمتمانە بووە.

***

گەنج بووم «پیاوێکی بەتەمەن گوتی» لەناو حەوشەکەمان،خزمەکان، خەریکی گاڵتەکردن و «بیست و یەک» و یاری کاغەز بووین. مام سلیۆە، بەبار، بەکەروبار، لەو تەیراوەیە نیسک و نۆکی دەفرۆشت. دەنگی دەهات، ژنان، کابانەکان، بۆ کڕینی مانگ و زەردێنە و پیرۆزیی نیسک و نۆکەکەی، لە مام سلیوە کۆدەبوونەوە. هەموویان پارە دەبەن، مەنجەڵ، پاشۆڵ و چارۆگ دەبەن. دەچن قسە و بەزمی خۆش لەگەڵ خۆیان دەبەن. ئەویش بە هەموویان دەڵێت:
نۆکەکەم کوڵەکە، جوانە، خاوێنە، هەتاوی زۆر لێداوە، بارانی زۆر خواردووە، سێبەرمان بۆیکردووە، نەرمنەرم کراون، سەبرسەبر کوتراون، هەرزان دەفرۆشین، لە بازار هەرزانتر، لە دووکانەکان زۆرتر، کیلۆمان گرانتر، رەبەمان گەورەتر، بارمان قورستر، رەنگمان زەردتر، دەفرۆشین. نیسک و نۆک، مەسیح و دادە مریەم لەو نۆکەیان خواردووە. ژنەکان لێی کۆدەبوونەوە، ئەویش دەگاتە سەر بەزمی کارت و کاغەزەکەمان، واز لە نۆک و کیلۆ و پیوانەکەی دەهێنێت، پێماندەڵێت:
وەرن، با فێری کۆنکان و «پەنجا و یەک»تان بکەم. ئەو بیست و یەکە قومارە، بۆ پارەدۆڕاندنە، بەلام کۆنکانی پەنجاو یەک بۆ بیرکردنەوە و فێڵ و یاری و وردبوونەوەیە!

***

سۆران، ئەو شەوە بەکزی و بێدەنگ، لە نادییەکە دەگەڕێتەوە ماڵەوە. چونکە نەیتوانی بە برادەرەکانی بڵێت بەیانی دەڕۆم و بڕیارمداوە. دەڕۆم هێڵێکی ڕێکخستنم دۆزیوەتەوە. ئەوان دەربازم دەکەن. بەیانی بەبیانووی ئەوەی دیانی عەنکاوەین، خاڵێکمان لە گوندی هەرمۆتەیە دەچینە کۆیە. لەوێش دەچینە پشدر و ئاودیودەبین. دەگەینە ناوچە ڕزگارکراوەکان، ئەو دەڕوات:

کوڕێکی لاوازی ڕەشتاڵەی دیانی عەنکاوە. دەبێتە سەردەستە و ئامیر مەفرەزەیەکی چالاک و تفەنگێکی گەرم! دەڕوات و نەیدەزانی ماندووببێت، نەیدەزانی بترسێت. بەڵام نەیزانی وەک مەسیح و دایکی وەک مەریم، بە ئەشکەنجە و تیر و خەم و زامێکی گەورەوە دەمرێت.

لەیەکەم ڕۆژ، یان کە لە عەنکاوە دەردەچن، ناوی دەبێتە سۆران. سۆران بە ماوەیەکی کورت، لەیەک شەڕ، لە دوو کەمین، لەکاتی بوردمانی فڕۆکە لە خۆشناوەتی، باڵەکایەتی، لەسەر هەورێ، لە سەفین و دەشتی کۆیە، زوورگەکانی دێدەوان و شوان و سەر زێی دەناسرێت!

***

سۆران زۆر هاتووتە ناوشار، لە بەڕانەتی، لەو گوندانەی زرارەتییەوەهاتووتە ناوشار. وەک مامزێکی بلەز بۆ ئەو ئاوخواردنەوە نەهاتووە. بەچەکەوە دەهات، دەستی دەوەشاند. ئەو ناو و سامی هەبوو. بەتەنیاش ترسی دەنواند. مەفرەزەرکان، چەکدارەکان، ڕەفیق حزبییەکان دەیزانی کوڕە ڕەشتاڵە باریکەکەی عەنکاوە، زوو دەگاتە ناوشار و دەسترێژێک دەکات و هەڵدەفڕێت. نەبەردییەک دەکات و دەچێتە ناو لانەیەک. ناو دەرزی دیوارێک. پەناسێبەرێکی پیری زۆر تاریک.دەیهێنن و دەیبەنەوە. بەچەک و بێچەک، بەکلاشینکۆف و دوو مەخزەن بەدەمانچەیەک و یەک مەخزەن. ئەو کوڕێکی لاوازە، بە هەموو کون و کەڵەبەنێک وەدەچێت. لەناو عەنکاوە جێگای دەبێتەوە. لە گوندەکانی بەڕانەتی، هەموو خۆشیاندەوێت!

سۆران لە یاری بالە یەکەم بوو، ئەویش بوو تیپی بالەی عەنکاوەی سەردەخست. ئەویش بوو ڕێگا و ڕۆیشتن و شەوە کاروان و سەرکەوتن و دابەزین و کۆرەڕێگا و بزنەڕێ و هەوراز و لێدانی ئاو و ڕووبار و ڕۆیشتنی بەرباران و گەیشتن بە شار و دەرچوونی بەنهێنی و گەڕانەوەی لزگین، ماندووی نەدەکرد. ئەوان ماندوودەبوون و

پشتیان دەشکا، خۆی ماندوو نەدەبوو. ئەو دەیتوانی لە گوندی باڵیسان _لەورۆژانە گوندەکە سی ماڵێک دەبوو، جووتیار و باخەوان، لەگەڵ ژمارەیەک ماڵە پێشمەرگە و بارەگای پێشمەرگە وحزبی تێدا بوو. دووربوون لەیەکتری دوو ماڵ و سێ ماڵ، لەناو یـەک خانوو، لەناو یەک ژوور، لەبن کەپـرەکان، لەناو رەزەکان، نزیک مزگەوتەکەی بەس پێشـمەرگە شـەوانە لێدەخەوت. لەسـەر کانییەکە، لەناو تەویلە و ژێرخانێک، خۆیـان زەبڵ و ریخەکەی دەماڵن و تێـدا دەژین_لەبەردەم کانی باراوێی، لەوەدەمانە بارەگا و مەڵبەند و دیدار و هەوارێکی گەورە لەوێ بوو. گەرچی گوندێکی بچووکیش بـوو. لـەوێ بەرەو گوندی «شـیرێ»، سەبرسـەبر هەنگاوەکانـی دوور لەگوندەکە، لەباخەکانـی، لەرەزەکانـی، لەکانـی و جۆگەکانی دەتباتە سـەرووی «دەرەدار» و چیای «دەرەشـیر». بەرزە بەقەد بەرزایی ئاسمان. لەوێ هەناسەسوار دەبێت.

لـەوێ پێیـەکان پفکەدەکەن، پێـڵاو بەرگە ناگرێت. تفەنـگ دوو ئەوەندە قوورس و دەمانچـە هەنـدی لوولە تۆپێـک قورس. مەخزەنـەکان درێژ و پشـدێن باریک وەک باڵـە گوریسـێک. هەورازەکـە وشـک و سـەخت و بەردەڵانە، پایەکانی سـەرکەوتن تەواونابـن، ژماردنـت لێتێکدەچێت تەواونابن! سـێبەر دەتباتـە بەرهەتاو. هەتاویش بێزارت دەکات. بەسـەرماش ئارەقە دەکەیت و وشـکیش دەبێتەوە ئارەقە گەرمەکە. لەو هەورازەدا، بەردی سـوور، رەنگ و تیشـک و هەناسەی رۆح بەبەردی سپی نەرم دەگۆڕێت. ئەویش لەبن پێی پێشمەرگە و ناڵی ولاخ، بێ خشە و بێ ئەوەی جوولەی دیـار بێت و هەسـتی پێبکەیـت، دەخزین! بەرد و پـاردە و هەورازەکەش، بە باران دەخزیـن. بە شـنەبایەکی نەرمیش بـەردی رەق دەڕۆن و ژیانت دەخەنە مەترسـی! تا سـەرکەوتن تەواو دەبێت، دەگەیتە لێژاییەک، ئەژنۆت دەچەمەێنێتەوە. دەشـتایی تەواو نابێت و ئاسـۆکەکەی بەرین و دوورە. لەوێ هەواری «ساوسـێوەکە» و بناری کێـوی سـەختی کارۆخ دەردەکەوێت. سـەخت و هەڵدێر، دەڵێیت بـە دار و ئەندازە کۆنکریـت و تەرزاو راگیراوە. تا دەگەیتە دۆڵەرەقەی بناری کارۆخ.

لەوێش رەز و سابات و باخەکانی وەرتێ. رەز و رەنگ و میوە و سێبەر، بەس لەوێ کۆکراوەتەوە. ئینجا سۆران، بێجگە لە تفەنگ و مەخزنەکانی، کۆڵەپشتێکی گەورەی کتێبی هەڵگرتبوو. کتێبی رۆمان و فیکر و بڵاوکراوە و دەسـتنووس. سـەردەکەون، دەڕۆن، ماندوونابـن، دانانیشـن، ناخـۆن، چ بخـۆن تەنیـا کتێـب و خـەم و نامە و راسـپاردەیان پێیـە. ناخۆنـەوە، چ بخۆنـەوە تەنیا ئارەقە و میـز و تفەنگی رەق و

قایشـــی چیڕ و قوماشی ڕەزیو و پێڵاوی چەرمیان پێیە!
بەر لەوەی بچێتە ناو گوندەکە. ناو ماڵەکانی ئاو و دارگوێز و سێبەر دەیانخەوێنێت. بەیانییـــان زوو لەگـــەڵ کازیـــوە، بەئاگایان دێنێت. هەتاویـــش دەیانژێنێت. بەر لەوێ بگەنە ناو مزگەوتەکە. ســێبەرە خوارەکەی، دیوارە دڕەکەی، کاریتە ئەستوورەکانی، کوڵانکە و پەنجەرە دانەخراوەکانی. یان ماڵی پیرەژنێکی ترساو، لە هەمووشت، تەنیا لــە فڕۆکە نەبێــت. چونکە فڕۆکە و چاوی پیلۆتەکــە، گوندەکەی ئەوان نادۆزێتەوە. گوندەکە گەورەبوو، لەناو ئەشــکەوتیش نەبوو.
گوندێکــی درێژی ناو ئاو و ســابات و ڕەزیش بوو. بــەڵام فڕۆکە بۆردمانی نەدەکرد، چونکە بەئاســانی نەیدەدۆزیەوە. گوندێکی ناودار، گەورە، ســەوز، تەڕ، بەهاژەهاژ، بەڵام لەئاسمانەوە دیارنەبوو. گوندەکە بەس بە ئاو و پێشمەرگە و ڕێبواری کەساس و لایدە و عاشقەکان دەدۆزرایەوە.
ســۆران و ئــەوەی بــۆ تاقیکردنەوە و ناســینی تاقەتی پیادەیی و پتەویی پشــت و قاچەکانــی بەگەڵی کەوتبوو.دەڕۆن و پشــوونادەن. لە کوێســتانەکانی بەرزی ســەر گوندەکە، سۆران، بەزاراوە شیرینە عەنکاوەییەکەی، بە خالید هەرکی هاوڕێی دەڵێت: عەجەلە چییە هەر دەگەین لە وەر×ە «گوندی وەرتێ» دەتەوێ پشــوویێک بدەین؟ دەیەوێ بڵێت، زۆر ڕۆیشتین، با بەر لەوەی بچینە ناو گوندەکە، بەر هەیوانی ماڵێک با وچانێک بدەین.
کاتــی پشــوودانە؟ ئــەوان دوو چیادەبــڕن، چۆکیــان دەنووشــتێتەوە، پشــتیان دەچەمێتەوە، ماندووش نەبوون. شــانیان بە بەردێک نەدا. سەریان بە کۆتەرەدارێک نەکرد. لەپەنایەک ئاگریان نەکردووە و چایەک بخۆنەوە. هەر دەڕۆیشــتن، کەی لەو چیا و دەشــتودەرانە، ڕێگا و ڕۆیشــتن، بۆ خەم و بەرنامە و خەباتی پێشــمەرگەی کەســاس و داماو تەواوبوون و دوماهیهەبووە!؟
ســۆران دەڕۆیشــت و ماندوو نەدەبوو. دەچووە ناوشــار و نەدەترسا. تەقەی دەکرد و شــپرزە نەدەبــوو. دەیخوێندەوە و بێــزار نەدەبوو، چاوی ژانــی نەدەکرد. دەبووە پاڵەوانی ڕۆمان و بیری بیردۆزەکان.

***

لەناو عەنکاوە لەسەر زاری سستەرەکانی ناو نەخۆشخانەی کۆماری. دەزانن حەمامە

و خوشــكەكانی ناگەڕێنــەوە قوتابخانە. كتێب و دەفتەرەكانیــان وەرناگرنەوە. چیتر ناچنــەوە ماڵــەوە. باوكیان وایــەرە پچراوەكانی تەلەفۆنی ناو هەولێر نابەســتێتەوە. هەموو دەزانن و دەگرێن كە دڵنیادەبن. ســێبەر، دایكە داماوەكە، ژنە پێشــمەرگەكە چیتر شیر ناداتە ژاڵە.ژاڵە لە عەنكاوە گەورە نابێت. نابێتە ناوەكە شیرینەكە. نێرگز وشــك دەبێتەوە. دایكیش نەما، خەم لە ســۆران و بووك و ژاڵە و دەســتی ماندووی مێردەكەی و كلێســاكە بخوات و بۆنداری بكات!

***

هەڵۆكــەی هەولێــری هەژاندبــوو. عەنكاوەی تاســاندبوو. كە شــەوانە، دەگەیشــتە ناوشــارەكە. لەتاریكی پیاوەكەی، شــەوانە قاچێكی لەسەر كارۆخ دەبوو، قاچەكەی تری لەسەر لوتكە و رەوەزە شاخێكی تری خۆشناوەتی بوو. لە گوندێك پشوویدەدا، لەژێر سابات و لەكن ژن و پیاوێك، بە دوو منداڵی ساوا و پووت و نەخۆش، خەریكی تەماتە و بیبەر و گوڵەبەرۆژە چاندنبوون، قســەی خۆشــیان بۆ دەكات، یەك بەدڵی بەهەناســە و بەســتەزمانی پێدەكەنــی. لــەوێ ئارەزوومەندانە، بەســۆزەوە چایەكی رەشــی فڕدەكرد. هەر بەپێوەبوو، دەڕۆیشــت. ئەوانیش لەناو قسەكانی، كاتی گاڵتە و بەزمــە گەرمەكانــی، لەگەڵ برادەرەكانی گومانیان لە زمان و فۆنەتیكی قســەكانی دەكــرد، بیریان لەوە دەكردەوە شــیوعییەكی عەرەب بێــت، بەگەڵ ئەوان كەوتبێت. بیــری ئەوەیــان دەكردەوە، كوڕێكی گــەردی باكوور بێت، لە زانكۆیەكی ئەســتنبۆل خوێندنــی تەواوكردبێــت، چەپ بــووە، لەدەرەوە بەگــەڵ رێكخســتن كەوتبێت، بەو هیوایــە ئەوانە، چەپی راســتەقینەبن و خەونی ناو كتێبەكانی بۆ دەســتەبەردەكەن. لــەدەرەوە هاتووە، ماوەیەكی زۆرە، كەســوكاری، برادەرەكانی، خوداش ونیكردووە، هەرگیــز لەناو ئەو بەردەڵان و شــۆرش و ململانێیــە نادۆزرێتەوە. بەڵام نەیاندەزانی، ئەو مامۆســتایەكی ناوەندی پیشەســازی دهۆك، دواییش لە هەولێر مامۆســتابووە. كــوڕی ناو بنەماڵەیەكی شۆرشــگێری عەنكاوەیە. نەیاندەزانی ســۆران لە شۆرشــی ئەیلــول نــاوی نهێنی برای بووە. ئەویش بەر لەوەی ســۆران گەورە ببێت، ئامادەیی تــەواو بــكات، كــەش و رەوشــەكەی وڵات ببێتە مەیدانی شــەڕە گەورەكــەی ئێران عیراق، پێشــتر پاش نســكۆ، هەموو كار لەو گەنجە عەنكاوەییە دەكەن، بچێتە شاخ، ببێتە كادیر و پێشــمەرگە و ئامیر مەفرەزەی ژمارەیەكی گەنجی دەڤەریكەندێناوە و

خۆشــناوەتی و ســۆرانیش. لەکەمینەکان، لەهێرشەکان، لەشەوە ساردەکان، لەرۆژە گەرمەکان و کاتی برســیبوون و هەڵگرتنی تەرمی برادەرێک و بۆنی خوێنی شــان و ران و هەناوی برادەرێکی بریندار، ئەو لەپێشــەوە و مەردانە بووە.

ئەو هەڵۆیە، شــەوەکەی دەکەوێتە کەمینی تفەنگ و دەســتی هاوڕێیەکەی و شەهید دەبێــت. لەنــاو ژوورێکی تاریــک، لەکۆڵانێکــی قیرتاونەکراوی ناو ماڵێکــی هەولێر، میوانی ئەندامێکی خۆیان بووە. بەئاســانی ئەو دەســتە گەرمە، ئەو چاوە زیندووە، ئــەو عەنکاوەییەی لەمێژبوو، تامــی عەرەقی نەکردبوو، مەزەی داوا نەکردبوو، چەند ســاڵ بوو موچەی مانگانەی مامۆستایەتی لەبیرکردبوو!

ئەو ناگیرێت،ناتوانن بەزیندوویی بیگرن، زۆر بڕوای بە رێکخســتنەکانی شــار هەبوو. لــە یەک راســپاردە و داوای حزب دوودڵ نەبوو. ئەو گومانــی لەو پیاوە هەبوو، لەو ماڵە هەبوو.لە ساتی یەکەم کە دەچێتە ناو خانووەکە، ناو کۆڵانەکە، پێی دەکەوێتە نــاو قــووڕی کۆڵانەکە، گومان دەکات، ســەیری چــاوی کابرا دەکات، کــە پێیەکانی دەهاوێت، دەیناســی، ناوی بیســتبوو، رێکخســتنەکانی شــار ناو و ژیان و رۆژانەیان دەزانــی، بەڵام ئەو دڵی پێ خۆش نەبوو!

شــان بەشانی ئەو دەڕوات، هاوین بوو، قەمیسێکی نیوقۆڵی لەبەردا بوو، پانتۆڵێکی شارلســتۆنی بەرینــی کۆنی وەرگرتبوو، بــە کابرای گوتبوو پانتۆڵەکــە فیت بەبەرم دەکات. قەمیســەکەم رەنگــی جوانە و دڵنیام «ســێبەر» زۆریــش حەز بەو رەنگە دەکات. پێــی خۆشــە بــەو قەمیســە بمبینێت. بــەڵام قەمیســەکەت دەدەمەوە، تۆ کلاشــینکۆف و ســێ مەخــزەن و رادیــۆ و جلەکانم بۆ هەڵگرە، منیــش ئەو قەمیس و پانتۆڵەت بە خاوێنی بۆ دەگێڕمەوە. ســیبەر جوان دەیانشــوات، ئەگەر دەســتمان بگاتە ئوتوێک بۆت ئوتوش دەکەین.

دەمــەوێ ســێبەر، بەجوانی و خاوێنی و ئەفەنــدی بمبینێت. ئەو دیارییەکی گەورەی بــۆ من داناوە، کیژێکی بووە، هاتوومەتە ناوشــار، نــاو ئاگر، تا کیژەکە ببینم، بزانم چاوەکانــی بــە باوکــی دەچێت، یــان وەک دایکــی، چاوەکانی نەرمن وەک ســێبەر، هاتووم ببینم حەقی خۆمە!

***

ئەو هاتووتە ناوشــار و دەیەوێ بۆ یەک رۆژ ببێتەوە بە کەســێکی شــاری. ئەدی وا

نەبووە بە ئەفەندییەکەی سەردەمی مامۆستایەتی! دووریش نییە خۆی لەبیربکات، گەنجە و سەری گەرمە! بە شوفێرەکەی تاکسی بڵێت لێخوورە بۆ بەردەم ئامادەیی پیشەسازی، بەڵام دیارە پێیناڵێت چونکە لەمێژە لەوێ دابڕاوە و رەنگە زۆریان، مامۆستاکان نەمابن، هەموویان بەو شەڕە پەرگەندە بوون. بەڵام رەنگە یەک دوو لەوانە مابن. خۆ ئەگەر بچێت ولێیان بەژووریێ بکەوێت و پێیانبڵێت:

چۆنن! من کۆنە مامۆستایەکی ئێرە بووم، زوو لێرە بووم، ناوم عەبدولمسیح بوو، ئیمڕۆش ناوم سۆرانە!

رووبەڕوو پێیانبڵێت:

سەیرە وا لێتان بەژووریێ کەوتم. هاتمەژووری بەڕێوەبەر و رووبەڕووی وێنەکانی سەدام لە ژوورەکە دەوەستم. بەدڵی خۆم و ئارەزوومەندانە قسە و رازەکانم دەدرکێنم. دەمەوێ هەموو مامۆستاکان کۆببنەوە، ژمارەیەک قوتابیش بێنە ژوورەوە، خۆمیان پێبناسێنم، من قسە بکەم و ئەوانیش بپرسن.

بێگومان ئەو ناترسێت، بەڵام دیارە کە ئەوان، بە دیتنی ئەو دەترسن و دەلەرزن. لێیان دەچمە ژووریێ، «منیش ئەفەندییم و ئاساییە دەتوانم بچمە ژوورەوە»: لەوێ دەڵێم پێشمەرگەم و ئێوە بڕواناکەن. دەڵێم مەسیحی عەنکاوەم،ئەوانیش سەرسام و چاوزەق سەیری یەکتری دەکەن!

دەچمە ناو قوتابخانەکە هەر هیچ نەبێت، دوو سێ لەوانە، بەیانی، ئێوارەکەی لە یانەی مامۆستایان، لە قاوەخانەکەی عەبۆ و گازینۆکەی شەوانەی هەولێر و مەیدانی کرێکاران، باس دەبێتە باسی هاتنی من و دەڵێن دوێنێ بەرۆژ:

ئەو بەتاکسییەکی شڕی کۆن، رەنگە دەمانچەیەکی هەر پێبووبێت، سۆران، پێشمەرگەکەی یەکێتی بێچەک، بەتەنیا هاتووتە ناو ئامادەیی پیشەسازی، ئەگەر قسەی زۆری بە سەدام و حزبی بەعس نەگوتبووایە، دەمانگوت تەسلیم بوویتەوە، ئەویش: وەک مەلا عوزێر و عەولا توورگ و سەلاح شینە، هەر ئەوەیان بڵێ، عەرەب ئەوەندە لێی ترسابوون دەیانگوت _ئەکو کاکە، ددانی وی شاش و واش، یکتل عەرەب عەلبەلاش_هاتووتەوە. من چالاکی ترسناکترم کردووە. ئەوە چییە:

هاتوومەتە ناو قوتابخانەیەکی ئاسایی، لەسەر شەقامێکی سەرەکی، چەکداری تێدا نییە، رەنگە شەش حەوت قوتابی ئیتحاد و بەعسی بن، هەر ئەوەندە و بەس، دووریش نییە مامۆستایەکی عەرەب، یان کوڕێکی دۆڕاویش لەوێ بەعسی بووبێت.

ئەوانە ئەگەر بزانن هاتومەتەوە ناو مەکتەبەکەیان، خۆیان وشـکدەبنەوە، دەچنە ناو درزی دیوارەکە، دەبنە هێڵ و سـنووری سـەر نەخشەی نیشتمانی عەرەبی، تەختەی پەنـدی هەفتـە، دەبنە سـوڵاوکەی بـاران، دەبنـە پانکەیەکی رەقی نـاوژوورەکان، هەندێکیـان خۆیـان لـە تواڵێتە پیسـەکانی قوتابییان دەپەسـتن و دەمرن و دوایی رەنگە زیندوو ببنەوە!

***

دەگەنـە ناو ماڵەکە.سـۆران دەیەوێ گوێی لە دەنگـی گریانی کیژەکەی بێت، لەگەڵ ترپـەی پییەکانی دەنگی ئەو بێت!بەرێکەوت، لەودەمانە دەنگی گریانێک دێت، چۆن دەزانێـت ئـەو دەنگی کیژەکەی ئـەو نییە! ئەو نییە،یان رەنگە لـەو ماڵە، ئەوانیش منداڵـی سـاوایان هەبێت. خۆ کابـرا گەنجە، رەنگە ئەویش منداڵی سـاوای هەبێت، یـان میوانێکیان هەبێت. خوشـکێکی ژنەکەی لەوێ بێت. ژنێکی هاوسـێیان هاتبێت چەقۆیەک بۆ دەرهێنانی باینجان و کودی وەربگرێت. ژنێک منداڵەکەشـی لە باوەش بێت و هاتبێت بزانێت ژنی ماڵەکە، کەواکەی لەکێ کڕیوە، بیەوێت ئەویش کەوایەکی لـەو رەنگـە و لەو قوماشـە بکڕێت. گریانیش وەک دەنگە، وەک ریتمی قسـەکردنە، جیـاوازە، ئەویـش لـە قـورگ و هەناسـە و سـۆز هەڵدەقوڵێت، بـەڵام ئەو خۆی گریانی ژاڵەی نەبیسـتبوو، تا بیناسـێتەوە! لەو سـی چل رۆژەی منداڵەکە هاتبووە دونیا، ئەوەندەی دەزانی هاوسـەرەکەی سـێبەر کیژێکی بووە، لەناو هەولێر بەدزی سسـتەرێکی عەنکاوەیی مامانی بووە، داوای کردبوو ناوی بنێت ژاڵە.

***

جارێکیتـر، نازانم کەی، دواجارە، یان ئازایەتی ئـەو لەوانە بەهێزتر بوو، دەچێتەوە ناوشـار. لەوێ لە گەڕەکێک نازانێت ناوی چییە، چەند لە خاچەکەی مەسـیح دوورە. چەنـد بۆنـی نێرگزی دایکـی پێدەگات.ئەو دەچێتە ناو حەوشـەکە، لەوێ بەخەیاڵ، بەئارەزوو سـێبەری هاوسـەری دەبینێت. ئەو ماکسـییەکی سـووری تەنکی درێژی لەبـەرە، نەعلێکـی لاسـتیکی کۆن، قژ کراوەی ماندوو، ژاڵەی لە باوەشـە! « ئەدی ئەویش نەهاتووتەوە ناوشار، لەوێ سستەرێکی عەنکاوەیی نەبوویتە مامانی و ناوکی

نەبڕیـوە و ئەویـش زووتـر ناوی نەناوە ژاڵـە؟» منداڵەکەی تەمەنـی چل ڕۆژ بوو، نەدیبوو، نەیدەزانی ڕەنگی چۆنە، لووتی و چاوەکانی، وێنەیان بۆی نەناردبوو، بەڵام لەدوورەوە گریانی منداڵەکەدەیتاسـێنێت، بەو گریانە خرپەیەک لەهەناوی بەردەبێت و نەیزانی بۆ!؟

هێشتا نەچووبونە ناو ماڵەکە. ئەوان پێیان لە دەرگا ئاسنە شینەکە ئاودیو نەکردبوو، سۆران لە پیاوەکە دەپرسێت:

_ جیرانەکانت خەڵکی باشن!

_ من کەسـیان ناناسـم، بەڵام ژنەکەم لەگەڵ ژنەکان هاتوچۆی هەیە، دەڵێ باشن!

_ کە دێمە ناو ماڵەکەتان دڵنیابم! «سـۆران سەرکەشانە پێیدەڵێت».

_ دەترسیت؟

_ بەڵێ!»دیسـان سەرکەشانە و ڕووبەڕوو پێیدەڵێتەوە».

_ چۆن پێشمەرگە و کادیری کۆمەڵە و بەرپرسی مەفرەزەیەک دەترسێت، بیستوومە لـە هەمـوو چالاکییەکان قارەمـان بوویت، بۆ دەترسـیت! تۆ خـۆت پچڕپوەتەوە و گوتووتەدەچمە ناو ئامادەیی پیشەسـازی. ویسـتووتە بچیتە نـاو ناوەندی ڕزگاری، لـەوێ بێچـەک خۆت بە مامۆسـتا و قوتابی و فـەراش و خاوەن حانوتەکە نیشـان بدەیت، قسـەیان بۆ بکەیت. ڕووبەڕوو، پێیان بڵێت ئێمە سـەردەکەوین و سەدامیش دەڕووخێنین.

_ نازانم لەو نەبەردییە دەترسـم! «سۆران دەڵێت».

_ دیارە عەنکاوەیی هەر ترسـاون! «کابرای دوایی غافڵگیرانە شـەهیدی دەکات».

_ نا، عەنکاوەیی ناترسـن، لە مەسـیح فێری ئاشتی و ئاسوودەیی بوون.

_ دەترسم، چونکە چەکم پێ نییە، دەترسم چونکە لەناو جەرگەی حکومەتم، لەناو هەولێرم هەمووی داگیرکراوە!

_ چـەک چییە من چەکم هەیە!

_ چۆن چەکت هەیە؟ «سەرسـام و پەشیمان کە هاتووە».

_ چەکـم هەیە دەتوانیت بەرگری پێبکەیت.

_ بـەس بتەقێت، فیشـەک بخوات بەسـە، مـن دەربازدەبم، چونکـە دوودڵ نیم لە تەقەکردن و کوشـتن! «ئەو نازانێت چەند کەسـی لە دوژمن کوشـتووە، خۆ لەگەڵ گوللەکان نەڕۆیشـتووە، بەڵام گوللەی بەنیازی کوشتن هاویشتووە. ڕوو لە ئاسمان و

بۆ ناو گۆم و بێنیشان تەقەی نەکردووە. تەقەی ترساندن و دەرپەڕاندن و راونان و ئاگادارکردنەوە و راو و خۆشی نەکردووە. رووبەڕوو، یەکسەر، بەنیشان، بەمەبەستی کوشتن تەقەی کردووە».

بەو قسـەیە، بەو فێڵە ورەی سـۆران بەرزدەبێتەوە. سـۆزی بۆ دیتنی مەلۆتکەکەی، ژاڵـە گـەرم و پـەرۆش دەبێـت! هەنگاوەکانی گەرمتـر و بلەزتـر دەکات، زۆرتر بۆ چەکەکە، نەک بۆ کیژ و هاوسـەرەکەی، نەک بۆ رەنگ و بۆنی ژاڵە و سـێبەرەکەی. دەرِوات و لزگینـە، دەیـەوێ زوو دەسـتی بگاتە ناوماڵەکە، ژوورەکە، ناو سـەندوقە دارەسوورەکەی دوو ریز نوێن و بەتانی و بالیف و دۆشەکی لەسەر ریزکراوە. رەنگە چەکەکـە لەپشـت بالیفەکانی سـەر دۆلابەکە بێت «ئەو وامەزنـدە دەکات». رەنگە چەکەکـە لەپشـت بەرمیلـە شـینەکەی نەوتی لاچەپی حەوشـەکە بێـت. دوور نییە لەنێوان موبەریدە هیلالە کەسکەکە و دیوار و شیشی پەنجەرەکە بێت. دووریش نییە لەبن سەبەتە نانە تیرە رەقەکە بێت، ئەوەی بەرانپیلێکی شینی کالی بەسەردادراوە. بیر لەوە دەکاتەوە رەنگە فیشەکیشـی کەم بێت، بەڵام هەرباشـە، یەک مەخزەنیشی هەبێت باشە.

دەچێتە ناو ئەو ماڵە، لەگەڵ ئەو پیاوە دەڕوات و ترسی نامینێت دەڵێت: لەوێ زوو خۆم دەشـۆم، جلەکانم دەگۆڕم ژنەکەشـم لەوێیە، کیژەکەشـم لەوێیە دەنێرم بۆنی نێرگزیش بێت. نێرگزەکەم، دایکم، بە کراس و کەوا شـین و سـپی و سـوورەکەی. باوکم شانسـی هەبووە، ژنەکەی ناوی نێرگز بووە. خۆ منیش زۆر شـانس و بەختم هەیە، ژنەکەم ناوی سێبەرە. ئەوەی بوویتە سێبەری من و ژاڵەش. منیش بکوژرێم، دوور نییە هەر دەکوژرێم. سێبەری ژنەکە، ژاڵە دادەپۆشێت و گەرمای نابێت، رەش نابێت. تێر خەوی شـیرین دەبێت، چونکە سـێبەری لەسـەرە، سـێبەری بەدواوەیە!

بەڵام ژاڵە و سـێبەرەکە، دەکەونە ناو سـێبەرێکی تاڵ، سـۆرانیش نامینێت، بیر لە ژاڵـە و سـێبەرەکەی بکاتەوە. دەکەونە بەر رەشـبگیرییەکە، لـە رۆژێکی رەش، لە پەلامار و هێرشـێکی کتوپر، کەس بەهانایان نایەت، مەسـیح و سۆران و تفەنگەکەی بەهانای نایەن، ئەدی مەسیح زۆردارەکان لە خاچیان نەدا، ئەدی سۆران بە تفەنگی خیانەت، نامەردانە برادەری خۆی نەیکوشت!

بـەڵام وا من، لێرە باسـیان دەکەم! زووتر و پاش سـی و پێنـج رۆژ، لە پەلامارێکی غافلگیرانـە و خیانەتکارێکی نامەردانە باوکـی دەکوژرێت، کیژەکە، ناوی نەهاتووە،

بەڵام لە بروسکەی بەپەلەی نهێنی ئەمنی ژمارە ٤٦١٨ لە ١٩٨٨/٩/١٠، بۆ هەموو دەزگاکانی ئەمنی ناوچەکە، لەگەڵ ناوی هەمووی خێزانەکەیان، لەتەنیشت دایکە تەمەن بیست و حەوت ساڵییەکەی «لەوێش سێبەری یەکترن» باسیکراوە.

***

لەسەر بەرزایی گوندەکە، بەرامبەر خانووە قوورەکان. رووبەرووی مزگەوتە نوییە لارە قوورەکە، قوتابخانەیەکی شەش ژووری بەبەرد دروستدەکرا. قوتابخانەکە، لەلایەن ئیدارەی مەحەلی سەرپەرشتی دەکرا. بەڵێندەرکە، رۆژێکیان مەساحێکی عەرەبی رەشتاڵەی سەرگەورە و کەڵەگەت و دەست و پەنجە گەورە و ئاکار لەپرلەپری مۆر، دێنێتە گوندەکە. ئەو پانتۆڵێکی گەورەی فش، قەمیسێکی سپی فشی بێ فانیلای لەبەردابوو. پیاوە کەتەکە، دەنگیشی گەورەبوو، بەو دەنگەوە لەناو زمان و ئاخاوتنە عەرەبییەکەی چەند وشەی کوردی فێری ببوو و بەکاریدەهێنا. ئەو یەکەم دامەزراندنی «وەک مساح» لە هەولێر دەبێت، گەنجە عەرەبەکە خەڵکی دەڤەری شەرگات و گەیارە و ئەوانە بوو. لەگەڵ پیرە دایکەکەی روو لەو شارە دەکات. ژنێکی بەتەمەنی دەموچاو کوتراوی بێوەژنی رەقەڵەی رەش. هەموو جلەکانیشی رەشبوون. ئەو لە بەغدا دەورەیەکی رووپێویی تەواوکردبوو، لەبەر ئەوەی موعینی دایکی دەبێت، سەربازیشی لەسەر نابێت. بۆیە یەکسەر دادەمەزرێت، پێیدەڵێن: دەتەوێ بچیتە جنوب، یان شیمال. ئەو بەخۆی، یان یەکێک فێری دەکات، هەولێر باشترە، ئیتر بەفەرمانی ئیداری لە وەزارەتی ناوخۆی بەغدا دەگاتە ئەمانەتی گشتی ناوخۆی حوکمی زاتی، لەوێش «وەک گەنجێکی شەرمن و ترساو و شڕ و بێکەس» دەینێرنە ئیدارەی مەحەلی، ئەودەمانەش دائیرەکە، بەر لە تەواوبوونی بینایە سپییە سێ نهۆمەکەی پارێزگا، بەرامبەر دادگاکەی مێزەرێکی شینی فەیرۆزی لەسەر گومبەتەکەی بوو. ئەوەی ناوی دەبیست یەکسەر دەیگوت کوردە، میرزا پیاوێکی شیرین و سادە و زیرەک بوو لە هەڵسوکەوت، دەیزانی چۆن لەگەڵ خەڵکەکە کاربکات. بۆیەش بەماوەیەکی کەم دەبێتە یەکەم رووپێوی ئیدارەی مەحەلی. لە هەموو شار و گوندەکان، لەگەڵ هەموو خاوەن موڵک و بەڵێندەرەکان، لەگەڵ ئەندازیارەکان، ئەوانەی سەکی پارەیان لەبندەست بوو. لەگەڵ شوفێرەکان، نەرم و شیرین بوو. ناوەکەی ناوێکی کوردی بوو، بەڵام ئاکار و شەقاو و زمان و جلوبەرگ و کوترانی

دەموچاوی دایکی، هەموو خەسڵەت و مۆراڵی مسۆگەری عەرەبییان دەگەیاند.
مساحە عەرەبەکە، ئەو ڕۆژە لە گوندەکە، لەسەر بەرزاییەکە، موختار و دوو ئەفەندی و دە دوازدە پیاو و منداڵی لێ کۆدەبێتەوە. یەکێکیان جامێک ماستاو، ئەوی تریان دوو بەردی پانی یەک بەدەستی میرزا، بۆ شیش کوتانەکە رادەگرن. هەموویان لە خۆشی قوتابخانەکە بەردەستی دەکەن، موختارەکە، کوێخاکەی گوندی دڵی خۆشبوو، دەیویست بە ئاواییەکەیان بڵێت، یان ئەوە لە ئاکاری دەبینرا، کە ئەو دەوری هەبووە لەو گوندە قوتابخانە بکرێتەوە. ئەوانیش وەک بەحرکە و گوندەکانی تر قوتابخانەی خۆمان هەبێت، بۆچی کوڕەکانیان بچنە گوندان، بە کەر و وڵاخ و پاسکیل و بەپیادەیەش بچن، قووڕی ناو دەغڵ و ڕێگاکان بشێڵن، ئەگەر ئەوانیش قوتابخانەیان هەبێت، کیژەکانیشمان دەتوانن ئارەزووە تینووەکانیان بە کتێب و دەفتەر و قەڵەم و جانتا بشکێنن، هەر هیچ نەبێت چەند ساڵێک بخوێنن.

***

بۆ بناخەلێدانی قوتابخانەکە گێچەکە دەڕێژن، نەخشەکە دادەنێن، دیوارەکان دیاردەکەن، خەڵکەکەش هەموو سەیری دەستە گەورەکەی مساحەکە دەکەن، قایش فوتەکەی بۆ رادەکێشن، یارمەتیدەدەن، کە تەواویش دەبن، دیسان منداڵێکی باریکی ناوقەد حەیزەران مەسینەیەک ئاو، بۆ دەستشووشتنی میرزا و بەڵێندەرەکەی بە کۆنە جێبێک هاتبوو دەهێنێت، دەستیان دەشۆن و پیرۆزبایی بە ئامادەبوان دەڵێن، یەکێک لە ردێن سپییەکان، بە بەڵێندەرەکەی دەستێکی خاوێنی جلی کوردی لەبەردابوو دەڵێت:
_ کاکە ناوت چ بوو!؟
_ ناوم سەعید نەقارە! «دەستەجلێکی کوردی قاوەیی لەبەردابوو»
_ خەڵکی هەولێری؟ «موختارەکە لێیدەپرسێت».
_ بەڵێ، ماڵمان لە گەڕەکی تەیراوەیە، نزیک مزگەوتی کوێتی.
_ لەمێژە ئەو ئیشە دەکەن «دەیەوێ بیدوێنێت و ببنە برادەر»
_ لەوەتی بەرد و نەقاڕی و قەڵاب و دیوار و قۆنتەرانت هەبووە، ئەو جۆرە ئیشمانکردووە. هەمووما‌ن وەستا و کارزانین!
_ ئاگاتان لە خەڵکی ئەو گوندە بێت، نەچی کرێکار و پاسەوان و شتی وا لە

هەولێرەوە بێنێت!

ـــ خەمــت نەبێــت! دەزانــم، خەڵکی ئێرەش ئیش پێدەکەم. ئەوانە بۆ من باشــترن. دەزانم، بێ تۆش ئەوە ناکەم.

ئەوانــەی دەتوانــن کاربکەن ژمارەیــان زۆر نییە، زۆری ســەربازە، ئەوەی دێتەوەش خوڵقــی نییە. «تاســاون، ترســاون، دوودڵن نازانــن بگەڕێنەوە بکوژرێــن، نەدەکرا بەفیراریش لەناو گوندی بمێنێنەوە».

***

بەیانــی بەڵێندەرەکــە دەچێتە نــاو ئیدارەی مەحەلی، ناو پارێزگا نوێیە ســپییەکەی پشتی بە مزگەوتەکەی مەحمود عەلاف دابوو. مزگەوت و چەندماڵێک پەنجەرەکانیان، دەیانڕوانییە حەوشــە گەورەکەی، کە تەنیا دوو سێ ئۆتۆمبێلی لێدەوەستا. دەیەوێ ســەرێک لــە ئەندازیارە سەرپەرشــتیارەکەی بــدات، ئەوەی لەگەڵ ســێ ئەندازیاری تری بەتەمەن گەنج و کاملیش بوون. ئەوان لەناو یەک ژوور، لەســەر کورســی رەق بەدیــار مێزی ئاســنی دوو چەکمەجەیی شــڕ دانیشــتبوون. کە ســەبەتێک کاغەز و فایل و دەفتەر و کتێبیان لەســەردانراوبوو. لەناو دۆلابە بەجامخانەکەی گۆشــەیەکی ژوورەکەش، چەند فایل و کتێب و بەشــپرزەیی ریزکرابوون، زۆریان لەبەر ئەوەی لە مێژبوو دەســتی نازیان نەگەیشــتبوو راســتیانبکەوە، لاربیوونەوە. لەوێ لەو ژوورە، کورســییەک بۆ بەڵێندەرەکە دەدۆزنەوە، کورســی یەکێک لە ئەندازیارەکانی هێشــتا نەهاتبوو، یان بۆ ســەردان و پشــکنین لە دەرەوەی شار بوو. ئەویش دەست بەسەر کورســییە رەشەکە دادەهێنێت و لەسەری دادەنیشێت:

ـــ چیتــان کــرد، خەڵکــی گونــدی کێشــەیان نەبوو، شــوێنی قوتابخانەکــە بە دڵی هەموویــان بــوو؟ «ئەندازیارەکــە قــژی بــۆ ســەرەوە داهێنابوو، مژێک لــە جگەرە سۆمەرەکەی دەدات و پێیدەڵێت».

ـــ بەڵــێ، هەمــوو پێیان خۆشــبوو، میرزاش گێچەکەی بــۆ پێداکردین، هاتووم بزانم چیدەڵێن. «قیت لەســەر کورســییەکە دانیشــتبوو، دەمیشــی پاش قســەکردنەکەی دانەخســتبوو، وەک ئــەوەی بیــەوێ بە زمانی ئــەو و بە دڵی ئەویــش ئەندازیارەکە قسەکەی بکات».

ـــ مــادام میــرزا تەختیتیکردووە تــەواو. بەیانی بڕۆن بناخەکــە هەڵکۆڵن، وادەزانم

ئەرزی ئەو گوندانە چەقێنە زێدی خۆمە دەزانم، هەڵکۆڵینی زۆر ناوێت، ئەو ئاقارانە ڕەقکارە، چل پەنجا سانتیمەترێک هەڵکۆڵن و بەردی لەبن رابێخەن، بەڵام چیمەنتۆی تێمەکەن تا خۆم دێم سەیرێکی دەکەم! پێنجشەممە دێم، لەوێش دەچمەوە بەحرکە، لەمێژە سەرم لە دایکوباوکیشم نەداوە.

_ باشە ئیمەش کە تەواوبووین ئۆتۆمبێلێک دەهێنم و دەچین!

«بەڵێندەرەکە کە دەست بۆ چاکەی بەردەمی دەبات، دەزانێت ساردبوویتەوە، بەڵام دوو فڕی بچووکی هەر لێدەدات. هەڵدەستێت و دەیەوێ بوارێک بدۆزێتەوە بە ئەندازیارەکە بڵێت، دەچین و زۆریش دەچین و ئێمەش چاومان لە تۆش و لە ژمێریارەکەش دەبێت، ئەو نانە بەتەنیا ناخورێت، بەشی ئێوەش دەکات».

❊❊❊

ئێوارەیەکیان، بەڵێندەرەکە، تا دواریزی دیوارە بەردەکە، دوابەردی تاشراوی سپی، دوا دەمە خاکەناسی چیمەنتۆکە، بەرزبوونەوە و پەیداکردنی سێبەری دیوارەکە، لەسەر کارەکە لە گوندەکە، لەدیاریان دەمینێتەوە. ئەو دڵی نەدەهات ئیشەکە جێبهێڵێت، نەدەبوو بڕوات، هەر دەبوو ئێوارە بگەڕێتەوە. وەستا و هەندێ لە کرێکارەکان بباتەوە هەولێر. یەک بەیەک لەبەردەمماڵەکانیان، نزیک کۆڵانەکانیان، لەناو بازاڕ دایانبنێت. ئەو دەمینێتەوە، هێشتا بۆنەکەی بەیانی لە لاروومەتی دابوو مابوو، لەبەر هەتاوەکە، لەناو تۆزی چیمەنتۆ و تەقەتەقی بەردشکان و دەستبردن بۆ ڕاگرتنی بەردێک و وەستان بەدیار خێت و شاقوڵەکە، دەموچاوی بۆر و بەگەرد کردبوو. نیوەڕۆش کە دونیا گەرم دادێت، پشدێن، جەمەدانییەکەی دەکاتەوە، لەسەر کوشنی جێبەکەی، لەپێشەوە جوان لەسەریەک دایاندەنێت!

ئەو، بەر لەوەی پشدێن و جەمەدانیەکەی لەناو جێبەکە دابنێت، جێبە کەسکە قووتەکەی لەتەنیشت قەڵابە بەردێکی رووکراو، وەک ددان دەبریسکانەوە ڕاگرتبوو. دەیزانی بۆدی و جامی پێشەوە و سەردەرگاکانی، نەرمە تۆزێکی وردی وەک کلیان لەسەرنیشتبوو.

لەدوورەوەش، دوور لە گوندەکە، لە بەرد و چیمەنتۆ، بە نەخشەیەکی هاوشێوەی هەموو گوندەکانی ناوچەکە و عیراقیش دیواری قوتابخانەکەی لەسەر بەرزاییەک دروستدەکرا، سۆران جێبەکەی دیبوو، یان پێیانگوتبوو، جێبەکە و خاوەنەکەیان بۆ

دەستنیشانکردبوو! دەیانزانی کابرا پیاوی حکومەت نییە، ترسی لەسەر نییە، بە دڵ و گیان لەگەڵ پێشمەرگەیە، رقی لە بەعسە! بۆیە ئەگەر بشزانێت پێشمەرگەیەکی هەڵگرتووە. دەیەوێ بە دەمانچەیەکی لامای بچووکی شاراوە و چەند فیشەکێک، بچێتە ناوشار. نامەیەکی ترسناکی کورت یان درێژی پێبێت، ترسی نەبوو.

***

جێبەکە لەگەڕانەوەی، پاش دەستهەڵگرتنی وەستا و کرێکارەکان پیاوێکی لەپشتەوە، لەناو کرێکارەکان سواریش کردبێت، کەس گومانی لێناکات: سەربازەکانی سەیتەرەکە، عەرەبەکان_هەموو عەرەببوون، بەڵام بەعسی و زۆر دڵسۆزی حزب و حکومەت نەبوون_ ئەفسەرەکەیان، نائیب زاپت و عەریفەکان خۆشیاندەوێت. ئەو بە زمانە عەرەبییە شڕەکەی، خۆشی نەیدەزانی لەکێ، کەی بەدروستی بەو عەرەبییە شڕە فێربووە، چونکە یەک رۆژ سەربازی نەکردووە، چەندساڵێک پێشمەرگە بووە، یەک وشەی عەرەبیشی لەو شاخ و بارەگا و گوندەکان نەبیستبوو. لە بەغدا و شارەکانی تر کەبابخانەی نەبووە. دەبێ لە هەندێ لە گۆرانییەکانی سەمیرە تۆفیق فێربوویت!»لەوزەمانە، ژنەکە، دەنگ و چاو و سینگ و سمت و شەوقی سیم و پولەکەی فستانەکانی بەری، پیاوانی زۆر شەیدا و حەیران کردبوو».

ئەوان لەو سەیتەرەیە بەجلە کوردییە خاوێن و بەرەونەقەکەی رێزی دەگرن. چونکە بەدەستی خۆی، بەڵێندەرەکە: جاروبار کەبابیان بۆ دەهێنێت، بە پاکێت و دانەدانەش جگەرەی سۆمەر و بەغدایان دەداتێ، بۆ ئەفسەرەکەش رۆسمن یان گرێڤن و دیمۆریلە پەنایەک لەناو گیرفانی دەپەستێت. بەیانییان، ئەو رۆژەی چیمەنتۆ و خەباتە و سپی و پیوان و نەجاری هەبوایە، کە دەهات بەدەستی خۆی، بەرێزەوە سەموونی نەرمی لە فڕنەکەی تەیراوە بۆ دەبردن: ئەوانیش جێب و قەمەرەکەی ئەویان نەدەپشکنی، دوو دوو سەریان لێی دەبردە ناو قەمەرەکە، بە کاکە کاکە بەخێرهاتنیان دەکرد و دیاری خۆیان وەردەگرت. کە ئەودەگەیشتە بەردەم داری سەیتەرەکە، نەیاندەهێنایە خوارەوە، لەبەر گەرما و هەتاوەکە رایاننەدەگرت. ئەوان گومانیان لەو نەبوو، لێی نەدەترسان. لەگەڵ ئەوەش، سەربازەکان، کە تازە ریشیان بەنادڵییەوە تاشیبوو، پێنج شەش سەموونی گەورەی رەقی سەربازییان دەدایە کرێکارەکان. قووتی گۆشتی مانگا، قەمیسی خاکی نوێ، نیتاقی باشی پشت_بە

بەخشیشــی کــەمـ_ دەدەنە کرێکارەکان، وەســتاکانی حەزی لێدەکــەن، نیتاقەکانی دەیبەستن، پشتە قەڵەوەکان گەورەی دەکەن، باریک و لاوازەکان بۆ خۆیان گچکەی دەکەنەوە!

***

ئــەو ماوەیــەک بوو، لەژێر ســاباتی بەجێماوی بیســتانێک چاوەڕوان بــوو. دەبینێت جێبەکــە دەجوولێتــەوە، لێی دەچێتە پێــش. بەنەرمی و بەچەک، یان کابرا دەزانێت چەکی شــاراوەی پێیە و رایدەگرێت. ســڵاوکردن و قسەکردنی تێدا نەبوو، بەدەستی ئاماژەی بۆ دەکات بچێتە پشــتەوە. ئەویش، بەپەلە و ئازایانە لەوەیان شــارەزا بوو. لەگەڵ ســەبرکردن و هەڵوەســتەیەک خۆی، بەژنە سووک و لاوازەکەی فڕێدەداتە ناو جێبەکە. ئەدی ئەو زوو و زۆریش یاری باســکە و باڵەی نەکردووە. کە ئەو ســواری پشــتەوەی جێبەکــە دەبێــت، خــۆر ئاوانەببــوو. دەڕۆن، دووردەکەونــەوە، زەردەی خۆرەکــە رووناکییەکــی شــیرین و ترســاوی بە زوورگ و دەشــتاییەکە دەبەخشــی. روو و رەنگێکــی ئاڵتۆنــی پەخشــانکردبوو. لەدوورەوە بۆرایــی گوندی مەلا ئۆمەر و پیرمــام دیاربــوون. هێدی هێــدی دیمەنەکە دەبوونە زێڕ، بەرگی ئاوریشــم! بەڵام لە عەنکاوە، دوور و زۆریش دوور نەبوو، ملی درێژی بریقە و رووناکی کڵێســا گەورەکە دیاربــوو. دانەدانــە چرا و دەنگی ئۆتۆمبێلیش دەهات. لــەدوور، پێش ئەوەی بگەنە بەنزینخانەکــە، ســەیتەرەکە، ســۆران بــە بەڵێندەرەکە نالێت پێشــمەرگەم و چەکم پێیە. ئەوانیش، بەڵێندەر و وەســتاکە لەپێشــەوەبوون. ئەویش لەگەڵ چوار کەســی تــر. چوار کرێکاری مانــدوو. کە بەیانی زوو، بەر لە کازیوەش دەرچوون. هاتوون تا ئارەقە و شــەنگ و تاقەت و چاو و دەســتیان هەبوو، ئیشــیان لەگەڵ بەردی رەق، چیمەنتۆی تیژ، هەتاوی گەرم، هاواری وەســتا و چاوی بەڵێندەرەکە ئیشــیانکردووە و نەوەســتاون. ئەوەندەیان خواردووە ســکیان پڕبێت، ئەگەرنا خواردنەکەیان: گەرم و نــەرم و چــەور و زۆر و تــەڕ و شــیرین و کولاو و برژاو نەبــوو. چییان خواردووە، ســەمونی بەیانی، تەماتەی زۆر و چا و ماســتی گوندی و هێلکەیان خواردبوو. بەڵام سۆران ئەوانەشی نەخواردبوو، بەدرێژایی رۆژەکە، لە کەندەڵانێک، لەپەنا سێبەرێک، لەگەڵ چاوەڕوانییەکی دژوار و زۆریش تاڵ، وەک ژەهر و تریاق خۆی دەشــارێتەوە. چاوەڕوانی ئێوارەی زۆر درەنگی کردووە، جێبەکە بگەڕێتەوە. شــەو بێت، عەنکاوە،

شارەکە، ماڵەکان، خانووە قووڕەکان، گەڕەکەکانی جەمعیە کەمێک نزیکتر ببێتەوە. شارەکە بەرەو هاتنی ئەو بێتە پێشەوە. خاچی سەر کڵێساکە، خاچە زیو و زێڕی ملی ژنان، خوشکەکانی بیپارێزن!

ئەو، لەناو جێبەکە لەناو ئارەقە و بۆنی چیمەنتۆ و بۆنی چیمەنتۆ و دەستی ماندوو و شانی بریندار خۆی ماتدەکات. بەڵام دەمانچەکەی سواربوو، چاوی زەقبوو. جێبەکە چادری نەبوو، ڕێگاکە ئەوەندە خۆش نەبوو، خێرا لێیبخوڕێت. ئەگەرنا کزەبای ئێوارەکە هەراسانی دەکرد. بەڵام باش بوو، دەرەوەی لێ دیاربوو، دەشتێکی کشومات. دوور بەدووری دەیبینی بەرخەوانێک دەگەڕێتەوە. بەوەیان منداڵی خۆی و گۆپاڵەکەی باوکی، بۆنی نێرگزی دایکی بەبیردێتەوە. جاران زوو، کە منداڵ بووە، لەو دەشتە، لەو سەرسینگە کەسک و ئارامە. ئێواران منداڵەکانی عەنکاوەش، بەرخیان دەلەوەراند، فاقیان دادەناوە. سەرفراز بەرخەکانیان دەبردە سەر جۆگە ئاوەکەی لەدوورەوە دەهات. دەڕۆیشت و خوڕەیەکی نەرمی دەگەیاند. لەناو جێبەکە، بەردبەردی ئاقارەکەی دەناسییەوە. بۆنی دەکردنەوە. ئەوجارە زۆر بۆنیان دەکات، شنەباکە، کزەباکە دەستماڵێکی بۆندار جریوەیەکی لەزەت و سەرەپەنجەیەک لە ئاسوودەیی پێدەبەخشی. وا دیسان دەچێتەوە ناو عەنکاوە. دەیەوێ مەلۆتکەکەی، کیژەکەی هەواڵی ناردبوو ناوی بنێن ژاڵە ببینێت. بەڵام نازانێت، یان بۆنی کردبوو، ژنەکەی، منداڵێک، کۆرپەیەک خۆیان شاردوتەوە، لەوێ نین، کەس نادۆزێتەوە لێیان بپرسێت، سێبەر لەبەر هەتاوکە ونبووە، نێرگز لەبەر گەرما و گەردەلوول سەرکزبووە، حەمامە هێلانەی تێکچووە، ژاڵە تاڵترە تامی! نازانێت،کارەسات لەوە کوشندەتر هەیە، نەزانیت ژنت، کیژت، دایکت، چوار خوشکت، براکەت، ئەوانە چاو و دەست و هەست و مێشکیان هەیە، ئینجا دیارنین، ونبوون، خۆیان شاردیتەوە، چوونەتە ناو قەپێڵکە گوێزێک، بن سەبەتەیەک، هەموویان لەناو دڵۆپە ئاوێکی روون خۆیان شاردوتەوە.

ئەو بەدزی هاتووتە ناوشار، رووت و برسی و داواکراو، داروبەرد، جاش و ئەمن و خۆفرۆش بۆ دیاری و بەخشیش، کون بە کون، بەرد بە بەرد، گەڕەک بە گەڕەک لەدوای دەگەڕێن.چۆن ئەندامانی خێزانەکەی بدۆزێتەوە؟ دوور نییە خۆشی سەرگەردان بێت!

لەناو جێبەکە، ئەو ئێوارەیە رەنگی زەردهەڵنەگەڕابوو، دیار نەبوو، فیرارە. نەدەزانرا

چەنـد رەفیـق حزبی پلــەداری لەناو عەنــکاوە و هەولێر کوشــتووە. چەند خائین و بەکرێگیراو، بۆ گرتن و فرۆشتنی بەزیندوویی و بەمردوویی پەرۆشن بیگرن. سۆران، بــە کوردییەکەی خۆی باش نەیدەزانی، بەڵام بە خەیاڵ دەیزانی بڵێت:

«گــۆزەی ئاوی لەرێی ئاوێ دەشــکێت!»،خەم و نســکۆ و کارەســاتەکە ئەوە بوو، گــۆزەی رەق و بەقــەوزەی ئــەو، بەتەنیا ناشــکێنن. ژمارەیەک گــۆزەی دڵ، چاوی کانــی روونی تژی لە وردە ماســی _چاویش وردەماســی شــین و رەنگینی تێدایە_ جۆگەی ئاوی ژیان، هەناسە و فنجانی بەختی کیژانی مێلاڤ، باڵ و رەنگ و سەمای پەپوڵەیەکی چل شەوەش دڵرەقانە، بەبەرد نا، بەشەختەش نا، بەدەستی کابانێکی کەساســیش نەبوو، نا، هەموو ئەوانە بەئاگر دەشکێنن!

جێبەکە، بەشەلەشەل دەڕۆیشت. لە سەیتەرەکە بەسەلامەتی، بێ تەفتیش دەربازیان دەبێــت. ئــەو بەڵێندەرێکــی ناســراوە، کرێکار و وەســتا و دیوار و مەتــر و بەرد و چیمەنتۆ و نەخشــەی بناخەکەی پێیە! دوو ســەد ســێ ســەد دینارێکی لە گیرفانە، چەنـد کرێکاری ماندووی هەڵگرتووە.ســەیتەرەکە نەک لە کرێکارەکانی پێشــتەوەی جێبەکــە ناترســن، کرێکارەکان نــەک تەقە ناکەن، ئەوەندە ماندوون شــەو لەســەر جێگەش لە بەرامبەرژنەکانیشــیان کەمتەرخەم و شــەرمەزار دەبـن! تاقەتی هیچیان نەمــاوە! ئاکاری ئەویش، لە ئاکاری هەموویان ماندووتر و بەغوبارتر دەردەکەوت.

یەکێک لەوانە، زەرد و باریک، دیاربوو باســک و دەســت و دەمارەکانی ملی رەق و ئەستوور بوون، بەگاڵتە دەیگوت:

شــەوانە، ئێستاش، لەسەر ئەو ماندووبوونە دەتوانم دوو سێ گان بکەم!

ئەوی تریان، گەنج تر بوو، بەڵام نەرم و شــل و فش دیاربوو، دەیگوت:

دەکــرێ، گانیش هەر هەندی دە بەرد هەڵگرتن زەحمەتە!

مــن ئیمــڕۆ هەموو بەردەکانم تاشــیوە. هەمووم هێناوەتە بەردەســتی وەســتا، بۆم بەرزکردیتــەوە و رامگرتــووە و دامناوە، ئەویش نوکە پەنجەیەک، ناولەپێی دەســتی بەنەرمی لێداوە. مانای ئەوەیە دەتوانم بیســت ژنیش رەحەت بکەم!

بیســت، کەم نییە! دیارە بوویتە سوڵتانەکانی عوسمانی!

***

ســۆران بەر لەوەی بێتە ناوشــار، پێش ئەوەی بەرێبکەوێت، بەرپرسەکەی دەبینێت.

شـــەو دەگاتـــە گوندێکی نـــاو گەردییان، نزیـــک عەنکاوە و بەرامبەر داری شـــەکران. گوندەکانـــی بەڕانەتـــی و زراریـــی و گەردی و خەیلانیی پشـــت بەســـتۆرە و هەریر و زێـــی بچووک، تا دەگەیشـــتە نـــاو هەرکییەکانی هەنجیرۆک و کەلەکی یاســـینی ئاغا. کێشـــە و هاتوچـــۆ و کەمیـــن و ڕەبیـــەی ســـەربازی کەمتربوو. ســـەیتەرەی عەنکاوە بـــەرەو بەحرکـــە دواخاڵـــی پشـــکنین و ســـوپا بوو. ئیتـــر ناوچەکە کەمتر پرووشـــکی شـــەڕ و مەفرەزە و کەمینی بەردەکەوت. ســـۆران بەو گوندانە دەگاتە هەولێر. بەناو عەنـــکاوەش دادەڕوات. چەندانجـــار لەناو جێبی مامۆســـتاکانی ئـــەو گوندانە. بەجلی ئەفەندییانە هاتووە و دەربازی بووە و دەســـتی وەشـــاندووە، بەرێگایەکی تر، لەگەڵ دەســـتە و کەســـیتر، بێ ئەوەی هەڵوەستەیەکیش بکات، بۆی دەرچووە، چالاکییەکی گەورەی کردووە و کتێبی نوێی بۆ خوێندنەوەش هێناوە. سێبەری هاوسەری بەنازی چاوە ڕەشەکانی پێیگوتووە:

«ســـێبەرەکەم، تۆ ســـێبەری من _بەزمانی کلدانیـ_ ســـوپاس بۆ مەســـیح دیســـان گەڕایتەوە».

«وەرە، فێرە تەقەکردنت دەکەم و ئەو جارە لەگەڵ خۆم دەتبەم، وەکو _ئەیوب و زەکییە_ی مەڵبەند!».

«نا، ناکرێ، ئەدی نازانی دووگیانم».

«قوربانی کۆرپەکەمان دەبم».

لـــە عەنکاوە بـــەرەو هەولێر بەڕێدەکەوێـــت، بەبەردەم مەرکـــز تەدریبەکە دادەڕوات. ســـەیرێکی کۆڵانـــە تاریـــک و قووڕاوییەکانـــی کورانی عەنـــکاوەش دەکات. کە بەقەد رووبارێکـــی بچـــووک، ئاوی شـــین و پیســـایی لـــەدوا ماڵەکانی کۆڵانەکـــە دەهاتە ناو زێرابێکـــی لوولەیـــی. چڵکاوەکە دەگەیشـــتە نـــاو باخچەکانی نزیـــک مەرکەزەکە. ئەو لەوێـــش گـــوزەر دەکات، دەگاتە بەرامبەر بارەگا گەورەکەی جیش ئەلشـــعبی. دوایی خانـــووە نەوییـــە زەردەکانی نائیب زاپتەکان و شێســـتمەتری، لە مزگەوتی ســـپییش ڕەتدەبێت.

لـــە شـــەقامی کـــۆگای ئاســـن و دار _حەید و خەشـــەبـ_، کۆگای شیشـــی ناوەندی حکومـــەت. لـــەوێ دەچێتە ناو گەڕەکێکی تری جەنجاڵ. لەو گۆڕەپانەی بەســـیمێکی دڕی بـــەرز دەورەی گیـــراوە. کۆگاکـــە بە دەرگایەکی شـــڕ داخرابوو. لەوێ شـــیش و ئاســـنی هەموو شـــار و قەزاکانی _کوا قەزا مابوو، کوا ناحیە مابوو، کوا لەو وڵاتە

گوند و مەزرا و باخ و کانی و مزگەوت مابوو_ لەو گۆڕەپانە شیشـــی هەموو خانوو و دەزگا و ڕێگاوبانەکان دابەشـــدەکرا. چەند فلات و عارەبانە دەســـتی و شانی زامدار و دەســـتی شەقکراو. ئەوانە، بەپەلە شیشەکانیان دەگەیاندە گەڕەکانی حەی سەدام و حەی عەســـکەری و جیش شـــەعبی.هەروەها گەڕەکێک، تێدا دوو ســـەد ســـێ سەد مەلایەک لە گەڕەکە نوێیەکەی پشتی شۆرش. لەناو خاکێکی تەڕ و نەرم و قووڕاوی، لەسەر رووبەرێکی هەوراز و نشێو، چەندان جۆگە و زەلکاو و گومی گەورە گەورەیە، دروســـتدەکرد. پارچـــە زەوییەکانی ئەو گەڕەکـــەی بەنیازبوون، لەنـــاو قووڕ بەبلۆک دروســـتبکرێت. زەوییەکانـــی بەخۆڕایـــی یان بەنرخـــی یەک دینـــار درابوونە مەلاکان _ئیمـــام و خەتیـــب و موئەزیـــن و خادمیش_ رووبەریان دوو ســـەد مەتر و زۆرتریش بوون، یان پارچە زەوییەکان بێ جیاوازی درابوونە پۆلیسەکان. یان جاشەکانی سەر بە مەفرەزە خاســـە و ئەمن و موخابەرات و ئیســـتخبارات. زەوییەکانی ئەو گەڕەکەی هێشـــتا ئـــاو و کارەبـــای نەبوو، زەوییەکانـــی بەبڕیاری تایبەت درابوونـــە ئەوانەی لە بەغدا رەزامەندییان وەردەگرت. ئەوانەی پارێزگارە ســـمێڵ رەشەکەی بەردەوام قاتی زەیتونی لەبەردەکرد، بەئارەزووی خۆی دابەشیدەکرد. ئەوانەی لە بەرەکانی قادسیە شەهید دەبوون، ناویان لە ئیدارەی مەراتبی وەزارەتی بەرگری لە بەغدا دەگەڕایەوە. زەوی بـــۆ کەمئەندامەکانی هەموو شـــەڕەکان. گەڕەکەکە نـــاوی نەبوو، قیرتاوی تێدا نەبـــوو، خانـــوو و کەلاوەکانـــی نیوەیان تـــەواو ببوو، لەدوورەوە بە بـــۆڕی ئاویان بۆ راکێشـــابوو. گەڕەکەکە شەوانە تاریک، بەرۆژیش شپرزە و کەساس بەدیدەکرا.

***

بە تاکسییەکە، لاداکەی بەیەکەوە سۆران و کابراکە لەنزیک مزگەوتی سپی سواردەبن. دەچنە ناو ئەو گەڕەکە. کابرا دەچێتە پێشـــەوەی لاداکە، دەبێ ئەو لەپێشـــەوە بێت. خۆ ســـۆران شارەزا نییە. راســـتە ئەو زۆر هاتووتە ناوشار، ناو عەنکاوە، گوندەکانی گەردییـــان، بـــەڵام بەتەنیـــا نەبووە. بۆ ســـەیرکردن و ناســـین و ســـەردان و دەوام و نەخۆشـــی نەهاتـــووە. هاتووە بـــەدزی دەمانچەیەکـــی پێبووە. بە چەکێکی شـــاراوە هاتووە و بەپەلەش گەڕاوەتەوە. بەڵام نەترســـاوە. شوفێرەکە بە کابرا دەڵێت:

_ کام عەردی مەلایان!

_ بۆ دوو ناوچە بەو ناوە هەیە؟! «سەرســـام و بەدەنگێکی قەبە».

ـــ ئێمەی شـــوفێری تاکســـی دەزانین! بەڵێ دوو هەیە، لە دوو ناوچە لەو شـــارە مەلا پارچە زەوییان وەرگرتووە. لە شـــۆرش و لەپشـــت نەخۆشـــخانەی سەدام، پشتەوەی سێتاقان و سەر کەندەکە!

ئێمە دەچینە عەردی مەلایان. سۆران بیر لەوە دەکاتەوە ئەگەر عەرد بێت و بەناوی مەلایان بێت! دەبێ ئەو شوێنە چ بێت! بۆ ناڵێن مزگەوت! بۆ ناڵێن تەکیە، خانەقا. عەرد و مەلا مانای چییە!؟

شوفێرەکە پیاوێکی خاوێن بوو. لە هەردووکیان پۆشتەتر و خاوێنتر بوو. ریشتاشراو، قەمیسـێکی نیوقۆڵـی ئوتوکراوی لەبەردابوو. دوو قەڵەمی لەسـەر گیرفانی دانابوو. بۆنـی خۆشیشـی لێدەهـات. دیارە ئەویش لەوانـە بووە، مۆڵەتە خەسووسـییەکەی کردبووە بە تاکسـی. پاش دەوامان تاکسـی ئیشـدەکات. دیارە مامۆستا بووە، یان فەرمانبـەری دائیرەیەکی ئاسـایی بوو بێت، یان پۆلیسـە، یان سـەربازە، بەمۆڵەت گەڕاوەتەوە. شوفێرەکە لە کابراکە دەپرسێت:

ـــ کۆڵانەکەتـان ئۆتۆمبێلی لێدەردەچێت، چڵکاو نییە!

ئەویش سـەرێکی بۆ بادەدا و پێیدەڵێت:

مەترسـە دەردەچێت، تا بەردەرگامان بەردرێـژە! لاداکەت ناچەقێت. ئەگەر بچەقێت هەردووکمـان بـۆت پاڵدەدەین. «سـۆران هەر لەناو تاکسـییەکە سـەیری پانتۆڵ و قەمیسـەکەی بەری دەکات. ئەگەر تاکسـییەکە لە کۆڵانێک لەناو قوورِ بچەقێت، بێنە خـوارەوە و پاڵـی پێوە بنێـن. دوور نییە بکەوێتـە ناو قوورِ، هەموو گیانی سـواخ بدرێت، دیارە ئەو بۆ پاڵدان و قوورشـێلان هاتووتە ناوشار؟!».

❊❊❊

تاکسـییەکە سەبرسـەبر لەناو کۆڵانەکان دەڕوات. سـۆران زۆر سـەیری خانووەکان دەکات ـــ نیگاکردنەکەی زۆریش ئاسایی نەبووـــ دەرگا دوودەرییەکان. پەنجەرە شەش پەردەییەکان. باڵکۆن و هەیوان و دەرگا ساجەکانی پێشەوە. ئەو شارە خانووەکانی هەمـوو دەرگایـان گەورە و بەرین و دوودەرییە. دیارە هەموویان ئۆتۆمبێلیان هەیە؟ هەموویان تویوتا و لادا و بەرازیلییان لەناو گەراجی خانووەکانیان راگرتووە؟ هەموو حەوشەیان کەپری مێویان هەیە؟ دارپرتەقاڵیان، باوەش باوەش پرتەقاڵی گرتووە!؟ سـتارەی نەخشـینیان بەکەرپـووچ و نیوەبلۆک بۆ کـردووە؟ ئـەو خانووانە پارەی

زۆریان لێ سـەرفکراوە؟ ئەو هەموو بلۆکە لەکێ هاتووە؟
دەڕوات،ئەو لە پەنجەرەی لاداکە سـەیری دەرەوە دەکات. دڵنیایە کەس نایناسـێت. خەڵکی ئەو گەڕەکە ئەویان نەدیوە. رەنگە قوتابییەکی ئامادەیی پیشەسـازی ئەگەر زۆر لەنزیکـەوە بیبینێـت بەگومانەوە بیناسـێتەوە، بەڵام بڕوا نـاکات ئەو ئەفەندییە لاوازە ئەسمەرە مامۆستا عبدولمسیح بێت، ئەو چەند ساڵە ناو و هەواڵیشی نەماوە، چۆن رۆیشـت هەر ئەو رۆیشـتنە بوو، ئەو عەنکاوەییە لێرە چ دەکات، لەو گەڕەکە، بڕواناکەم ئەوە ئەو بێت! ئەگەر قسەی لەگەڵ بکات، ئەگەر سەربردەیەک بگێڕێتەوە رەنگە بەبیری بێتەوە. ئەوە مامۆسـتا عەبدولمسـیحە، ئەوەی ئامادەیی پیشەسـازی میکانیکی تەواو کردبوو.
دەڕوات. لەچەند کۆڵانێک پێچدەکەنەوە. هێشتا لاداکە لە هیج جۆگەیەک نەچەقیبوو. ڤۆلتی پێشـەوەی نەشـکابوو. پەنجەریـش نەببوو. دەڕوات،سـەیر دەکات رووبەندی خانووەکان، بە لەبخی خۆڵەمێشـی داپۆشـراوە. تێدا رەنگـی کراوەیان کەمە. زەرد و شـین سـووری تێدا نەبوو. لەسـەر شـەقامە سـەرەکییەکە، بەر لەوەی بچنە ناو کۆڵانەکە، خانووی دوو نهۆمی گەورە، رووبەند و سـتارە و دیوارە بەرزە درێژەکان، رەنگیـن بـوون. نەخـش و بـەردی حەلانیـان تێدا بوو. بـەڵام لەناو ئـەو کۆڵانانە، خانـووەکان، نـەوی و تەڵخ و مـات دەردەکەوتن «بۆ چیمەنتـۆ و دیوار و بلۆکیش کەساس دەبینرێت؟».
ئـەو زووتـر، پاش ئەوەی خوێندن تـەواو دەکات. لەناوەندی کاوەی دهۆک، دواییش لەناوەنـدی ئیسـکانی هەولێریش، لەدامێنی ئەو خانـووە قووڕانەی، کۆڵانەکانی زۆر تەسـک و تاریکیـش بوون. خێزانەکان لەوێ خەباتیان دەکـرد، منداڵەکانیان فێرین. کوڕ و کیژەکانیان خوێندن تەواوبکەن. دەسـتیان بگاتە موچەیەکی باش. تا لەوێ، لـەو کۆڵانـە، لەناو ئەو خانووە نەوییە تاریکە قووڕانە دەربازیان بێت. لەو ناوەندییە لەناو کوڕەکانی خوێنیان گەرم و سـەریان تاسـاو. دەبێتە مامۆستای هونەر.
لەناو تاکسـییەکە دەڕۆن و کەسـیش ئەوەی نەدەبینی، گەنجەکان هەموویان خۆیان شـاردوتەوە، کێ بەدەرەوەیە: زۆریان سـەربازن، لەوێش لە بەرەکان، لەناو کونەکان خۆیان شاردوتەوە .بەردەوام سوپای ئیران هێرش دەکات. دەیەوێ زەبرێکی کوشندە و تۆڵەیەکی زەبروەشـێن لە سـوپاکە بکاتەوە. کۆڵانەکان ختمی ناو قووڕ و تاریکی ببـوو. کەس بەدەرەوە نەبوو. دیوارەکان تاریک، بەردەرگاکان خامۆش. تەلەڤزیۆنی

ژوورەکان هەواڵی شەڕ و کەللەسەر و خوێن و تانکی شکاوی نیشاندەدا.لەبەر ئەو جۆش و سامناکییە بوو، لە سەربانەکان، ئەلیەرە باریکەکان دەلەرینەوە. وایەرە رەشە باریکەکانیش، خوێنیان لێ دەچوورایەوە.

***

بەر لەوەی سۆران لەگەڵ کابرا بگەنەوە ماڵەوە، لەبەردەم دەرگاکە کابرا دەست بۆ گیرفانی شەرواڵی، یان بەر باخەڵی راناکات بۆ دەرهێنانی کلیلی دەرگاکەیان، چونکە: لەو کۆڵانە، لەناو ئەو گەڕەکە میللییە نوێیەی هەموو خانووەکانی بەبلۆک دروستکرابوون و دروستدەکران. کەس دەرگای دەرەوەیان داناخات.
ئەگەر دەرگاکەش دابخەن! دەرگاکە: بەپاڵێکی سووکی شانێکی ماندووی کارکردنی رۆژانێکی دوورودرێژی قوورس، ئاساییە دەرگاکەی دەرەوە، ئاسنەکە بکرێتەوە. دەرگاکە بە تەقە و خشەی کلکی پشیلەیەکی زەردی پووت و سیسیش، چونکە خاوەن و ماڵیشی نییە، ئەگەر دەرگای ماڵەکانیشیان _تێدا کەم نازی پشیلە دەکێشن، کەمیش گەرم لەباوەش دەکرێن و ئازاریش دەدرێن، بەڵام ئازان خۆراک پەیدادەکەن_ پێنەکرابوایە. پشیلەکان، وا خولڵقاون لە هەموو دەرگا و سەردیوارەکان چوونەتە حەوشەکان. ناو ژوورەکان. بن قاڵدرمەکان، نێوان کەلەن و درزە و شوێنە فێنکەکانی ناو ماڵەکان و دەرگاکانیان کردیتەوە. دەرگاکان بەنووکە و سەرەمەنجەڵ و تەقەی خوان و خشەی قاپی خواردەمەنی نێوان ماڵە هاوسێیەکان، ئەگەر زۆریش بەیەکەوە نەژیابن، ئاسان و نەرم بۆ یەکتری دەکرێنەوە. کوا کەسی بێگانە، ئەو کۆڵانانە دەناسێت. چۆن نەیارێک دەتوانێت لەناو قووڕ و تاریکییەکانی ئەو گەڕەکە دەربازی ببێت. بتوانێت دزی بکات. بتوانێت گوڵ و قەدی ناسکی لاولاو و پەلکی کەسکی مێو و بۆنی شیرینی رەیحانیان ببات. دەرگای حەوشەیان، بەسەر و پێی کوڕەکانی، لەیاری فوتبۆل هیلاک و شەلالی ئارەقە دەگەڕێنەوە، دەکرانەوە. دەرگای ماڵەکانی ئەو گەڕەکە، بەشان و دەستی کیژەکانی ماکسی زەرد و سووری تژی وردەگوڵ و بەژن لاولاو، ئەوانەی پاش مورووبانێ و ساپساپانێ، لەسەر یەک پێ دەگەڕێنەوە ماڵەوە، دەرگای ئاسنی دوودەری بەچوارچێوەی گەورە و پانیش، ئاسان و نەرم دەکرێنەوە.
دەرگای ئەو ماڵانە داناخرێت. شەوانەش، ئەو دەرگایانە لەپشتەوە، تا درەنگ

ئینجا بە شیشـێکی ئاسـنی ژەنگاوی، بە تەقەتەق و خشەخشـە بەر لە خەوتن، بەر لـە تەواوبوونی فیلمی شـەوی تەلەڤزیۆنەکان دادەخرێن. ئـەوەی بەنیازیش بووبێت، سـەرێک لـە کوڕەکەیان، یان ماچێکی خێرا و سـووتان لـە کچەکەیان، یان داوایەک لە کابانەکەیان، یان نەخۆشـێک بپرسـێت و بێتە ئەو ماڵانە، ئاسـاییە و دەرگایان دانەخراوە، داناخرێت، تا ئەودەمانەی، گوێیان لە رەپێشـی شیشـەکەی پشـتەوەی دەرگاکە دەبێت.

ـــ ئەو گەڕەکە ناوی چییە!؟ «سـۆران دەپرسێت».

ـــبڕواناکـەم نـاوی هەبێـت. خەڵـک زوو لەبەر قـووڕ و چڵکاوەکەی ناویـان نابوو، پۆتیناوە!

ـــ باشە ئەوانەی ئۆتۆمبێلیان هەیە چۆن دەگەنەوە ماڵەوە! «پێشمەرگەیە و بەدزی هاتووتە ناوشار خەم لەوانە دەخوات».

ـــ کۆڵانەکان دەرناچن، کەسـیش لەو گەڕەکە ئۆتۆمبێلی نییە!

ـــ کەس نیەتی؟ «بەسەرسـامییەوە دەپرسـێت، لەگەڵ عەنکاوە بەراوردی دەکات، کـە زۆر لە فەرمانبەرەکان ئۆتۆمبێلیان هەیە».

ـــ دیـار نییـە، لادایەکـی سـپی. فیاتێکـی ئیتاڵی کەسـک. بەرازیلییەکی سـوورم لەبـەردەرگای کەس نەبینـی. قەلابێکی ئەلبـی، مان، سـەلاحەدینیش نەهاتووتەوە بـەردەرگا و بندیـوار و نزیک ئەو ماڵانـە. بەڵام دیارە، هەموویـان گەراجیان هەیە، بـەڵام ئۆتۆمبێلیـان نییە. هەمـوو خانـووەکان گەراجەکانیانئەرزەکـەی کۆنکریتە و سەرەکەشـیان بـە کەپری میو داپۆشـراوە. بـەڵام! هیچ سـوپەرێکی هێڵی بەغدا ـــ هەولێر، شـەوانە ناگەڕێتەوە ناو ئەو گەراجانە، لەژێر کەپرەکان ناوەستن! گەراجیان هەیـە، ژنـەکان، کابانی ماڵەکان، گـەورە کیژەکانیان گلەیی ناکەن، بە مێرد و برا و کوڕە شـوفێرەکانیان ناڵێن، کەمێک ئۆتۆمبێلەکە ببەنە دەرەوە، با دوو سـەتڵە ئاو بە حەوشـەکە دابکەم! با کزەبایەکی فێنک لە سـینگ و بەرۆکمان بدات.

***

سـۆران، چەنـد سـاڵ بـوو نەچووبـووە ناو ماڵـی خێزانێکـی شـاری. میوانداری نەکردبوون.بەدەسـتی، بەنووکی کلیلی ناودەسـتی، لە دەرگای ئاسنی حەوشەیەکی نەدابوو. ئەو زۆریش هاتبووە ناوشـار. شـەوانە، بەرۆژیش ماوەتەوە، هاتووە بەپەلە

لــە درزێکــی باریک چوویتە ژوورەوە. بەشــەویش لەهەمان درز، وەک داو و لاســکی لاولاو ئاودیــو بوویتــەوە. بۆیــە بیــری لەوە دەکــردەوە، دەبێ شــیرازەی ئەتەکێتی ناومال و خێزانی ئەو سەردەمە چۆن بێت! سفرە و خوان، مەغسل و تەوالێتەکانیان چۆنــە. پێشــوازی و خواردنــەکان، مارکــەی ســەلاجە و تەلەفزیۆنیان نــاوی چییە، هێشــتا عەشــتار و قیســارە ماوە. دیقەت و ســافی بەرنامەکانیان چۆنە. جلوبەرگی منــدال و پــەردەی بەرپەنجــەرە و کورســییە نایلۆنــە فافۆنەکان و تاقم پلاســکۆی خواردن و مەنجەڵە تیفالەکانیان گۆڕانی زۆریان بەســەرداهاتووە. تا دەگاتە ئەوەی دەیەوێ بزانێت، خەڵکەکە، شــارییەکان، شــێوەی قسەکردن و هەڵسان و دانیشتنی ناومــال و بەردەرگاکانیــان چۆنە و چەنــدی گۆڕاوە! پاش ئــەو دابڕانە زۆرە، دەبێ مندالانــی خێزانی شــارەکە، کــچ و کوڕەکانیان، چ جــۆرە یارییەک بکــەن. مندالان لەســەر چ دەبێتە شــەڕیان! بۆ ژنان دانە دانە وا ســەرپۆش دەبن!؟ کیژەکان کەمتر پانتــۆڵ لەپێدەکــەن؟ کیژەکانی دەچنــە مەکتەب بۆ تەنوورەکانیــان کورت نەماوە؟ پیاوەکانیان شــوێنەواری شــەڕەکانی قادسیە و ســەربازی و جێشی شەعبییان پێوە دیارە؟ لە حەوشــەکانیان مۆدەی چ جۆرە گوڵێکە؟ هێشــتا لەناو باخچە چوارگۆشە نەوییەکانیان، دوو ســێ ســاڵ جارێک، خۆڵ و لمی نوێی تێدەکەنەوە. گوڵی نازناز، لــە پانایــی دوو ریزە کەرپووچەکەی نێوان فریز و گەراجەکە، پەلدەهاوێنە دەرەوە و دەگەنە ناو فریزەکەش، چاوی گوڵەکانیان ــنازنازەکانــ وەک چاوی پشــیلە لەسەر فریز و سەر کەرپووچەکان دەبریسکێنەوە!؟ حەوشەکانیان، باخچە چوارگۆشەکانیان گوڵــە هێــرۆ، دوو دارپرتەقاڵ و زەیتونێکــی تێدایە. ئەو خانووانە بە قەرزی عەقاری ــئەودەمانــە حــەرام و حەلاڵ نەبووــ کــراوە. هەموویان پــارەی حکومەتی تێدایە، مانگانــە پارە لە موچەکانیان دەگێڕنەوە.

دەیەوێ بەچاوی خۆی ببینێت، لەناو ماڵەکان، وەک گوندەکان دەست بەشەکر و چا و نەوت و زەخیرە وەدەگرن! ئەوانیش گەمارۆیان لەسەرە، لێرەش غاز کەمە. لەمێژە ئەو لەســەر کورســی و مێز، نانی نەخواردووە. لەمێژە لەو شارە دابڕاوە، کە قوتابی پیشەسازی بووە. لەوێ بەیەکەوە لەگەڵ کیژ و کوڕەکانی مەسیحی، شەقلاوەییەکان، دیانەکانــی بۆنــی ســەفین و بەفریان پێوەبــوو. لەگــەڵ عەنکاوەییەکانی وەک گەنم برژابــوون. دەســتی یەکتری زۆر دەگــرن، لەیەکتری نزیکدەبنــەوە، کچ و کوڕەکان، دەســتی یەکتریدەگرن تا لێیان دەبێتە شــایی، هەڵپەڕکێ بەزمی هەڵپەڕین. بەوەش

تیپێکی شـــایی، کچ و کوڕان، گەنجە بەژن شمشـــاڵییەکان، کیژەکانی تەنوورەکانیان لاســـایی «نەجلا فەتحی»یان دەکردەوە، چاویان وەک وێنەی سترانبێژەکانی فارس، «عائیـــدون» وێنەکانیان لەگەڵ خۆیان لە ئیرانەوە هێنابووەوە.

کـــوڕ و کیژە دیانەکانی ئامادەیی پیشەســـازی هەولێر، تیمێکی شـــایی ســـازدەکەن. دەبنە سونبلی شایی و جلی کوردی. وێنەکانیان، ڕەنگە جوانەکانیان، بزاڤ و ریتمی شـــاییە کوردییەکەیان، دەکەوێتە سەر بەرگی گۆڤار و ڕۆژنامەکانیش.

لەمێـــژە، ئـــەو لەســـەر خوانێک نەبـــووە لەگەڵ پارووکـــردن، نان لوولـــدان، کەوچک بەرزکردنـــەوە، گۆشـــت لێکردنەوە، پاروبادان، تەقەی قاپ و کەوچک، لێســـتنەوەی ماســـتی ناو مەنجەڵ و چاتێکردن و نانبرژاندن، نەوەک فڕۆکەیەک بوردمانیان بکات، چاوێکی لە ئاسمان نەبووبێت!

بەتایبەتـــی کە هاوســـەرگیری لەگەڵ «ســـێبەر» دەکات. یان پـــاش چەند مانگێک، کە دەزانێت ژنەکەی دووگیانە. دەزانێت نازی زۆرتر، ئارامی و ئاســـوودەیی دەوێت! لەبەر خۆی و کۆرپەڵەکەی هەناوی.

***

ئەو هاتووتەوە ناوشـــار، دڵنیایە خواردنەکە ژەهری تێدا نییە!؟

دڵنیایـــە خێزانەکـــە، ژیانیان جیاوازی لەگەڵ خێزانێکی گوندە ئازادکراوەکان هەیە!

یان ئەوانیش کەســـاس و داماون. لەشـــاریش بۆردومان هەیە، پشـــکنین و ڕاووروت هەیە. لێرەش، کوڕ دەڕوات و چەند مانگێک ناگەڕێتەوە، دایکوباوک بۆی دەسووتێن، کوڕەکـــەی مەرگـــی بەچاوانـــی دیوە و دەیـــەوێ فیراربکات و نەگەڕێتـــەوە، ئەوانیش پێیدەڵێن:

کوڕە ئەو جارەش بگەڕێوە، خودا کەریمە، خودامان هەیە، بڕۆی فیرار بکەیت، ژیانی هەموومان دەبێتە جەهەنەم!

لێرەش لەو شارە گەورەیە، بێگانە حوکمی دەکات، پارێزگارە بەناو کوردەکەی شاناز و سەربەرزیشـــە کە بە زمانی کوردی قســـە ناکات، سێشـــەمموان لە ڕۆژی دیمانەی هاوڵاتیـــان بەناچـــاری، ئەگەرنا یەک وشـــەی کـــوردی لەدەم دەرناچێت، ژنەکەشـــی کوردە، ژنەکەی زمانە عەرەبییەکەی باشیش نییە، ئینجا لە دەرەوە پارێزگارەکە بە عەرەبی قســـە دەکات، پاش ڕاپەڕین، چەند ساڵ پاش دامەزراندنی حکومەتی هەرێم

یەکێک گوتی:
ـ ئیمـڕۆ کۆنـە پارێزگارەکەی سـەردەمی بەعس لە هەولێر مـرد! «بەیەکەوە لەناو ئۆتۆمبێلەکە دەگەڕانەوە ماڵەوە، نەیدەزانی ئەو بەو هەواڵە سـەخڵەت دەبێت!».
ـ مردووە، هەمووومان دەمرین، بەڵام ئەو کەسـاس و داماو مردووە، بەلەنگاز ژیاوە! «کەمێک دەنگی ریکۆردەرەکە کەم دەکات».
ـ وانییە! «زۆریش دڵنیایە».
ـ چۆن؟ «بەچرپەیەک».
ـ نازانـم چـۆن ژیاوە، لەکوێ بووە، بەڵام دەزانم پرسـەکەی لەگەورەترین مزگەوتی شـارەکە بوو، مزگەوتی جەلیل خەیات! «قسـەکان دەکات و سـەیری ناکات، چاوی لەسـەر باڵەخانەکەیەک بوو، دوو سـێ سـاڵە تەواو بـووە و پەنجەرەکانی تاریک و رووبەندەکەی بێ تابلۆیە».
ـ بڕوا ناکەم، چونکە دەبێ پرسـەکەی میللی و گەورە و خەمبارانە و کۆسـتەکەش گەورە بووە! بڕواناکەم! لەو مزگەوتە پرسـە گەورەکان دەکرێت.
ـ بڕواناکەیـت. دەسـت بـۆ تەلەفۆنەکـەی دەبـات. ژمارەیەک دەدۆزێتـەوە و پلی پێوەدەنێت و کابراش زوو هەڵدەگرێت و قسـە دەکات:
کاکە رۆسە چۆنی!؟ دوێنێ گوتت چووبومە پرسەی «ئەبو نەوفل» گوتت پرسەکەی لەکێیـە! ئەویش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت:
دوێنـێ دوارۆژ بوو، لە مزگەوتی جەلیل خەیات بوو.
ـ کام مزگەوت؟
ـ جەلیـل خەیـات، دیارە گوێت گران بووە، من پیرم تۆ بۆ!

❊❊❊

سۆران، لەگەڵ کابراکەی رێکخستن بۆی دیارکردبوو دەگەنە ماڵەکە، دەچنە ژوورەوە، ئەوجـارە بەر لەوەی فیلمی شـەو، دواهەواڵی تەلەفزیۆنەکـە تەواو بێت. ژنەکە، بێ ئەوەی پیاوەکەی پێببلێت دەرگاکە دادەخەت. لەگەڵ پێوەدانەکە، شـەقە لە دەرگا ئاسنە شینە گەورەکە دێنێت.
شیشـە ژەنگاوەییەکە لەپشـتی دەرگاکە رادەکات. بەو شیشـە رەقە درێژە هەموو جیرانەکان، منداڵەکان، گەنجەکان، میوانەکان تێدەگەن، ماڵەکە دەرگایان داخسـت،

زوو دایدەخـــەن، نایانـــەوێ کەس لـــە دەرگایان بدات، کەس بـــێ دەرگا لێدان بچێتە ماڵیان. ئەوە دەزانن، بەڵام نازانن بۆ ئەوە دەکەن، گومان لە هەمووشـــتێک دەکەن، تەنیا گومان لەوە ناکەن، پیاوەکەیان، ســـەر بە رێکســـختنێکی نهێنی بێت.

***

پیاوەکە خەیاتە، «ئەوە پیاوێکیترە، کەســـایەتی ئەو، کات و ســـەردەمانێکی کەمێک جیاوازترە» بەرگدوورەکە، لەناو قەیسەری، لەناو کۆڵانە باریکەکە، لەدیار مەکینەکە، بیـــر لـــەوە دەکاتەوە، چۆن لەبەر بەرخـــان بووە، دێتە ناو قەیســـەری، منداڵ بووە، لەگـــەڵ باوکـــی هاتـــووە، نا لەگەڵ باپیـــری، چونکە زووتر باوکـــی هاتووتە هەولێر و دامەزرابـــوو، زووتـــر خزمێکی هانیدەدا ئەویش بێتە شـــار، بەڵام کوڕەکە زۆرتر خۆی بە کوڕی باپیری زانیوە، وایزانیوە ئەو نەرمترە، ئەو دەستی گەرمترە، لەکن باپیری دەمینێتـــەوە. لەبەر جەژن، یان دڵی باپیری جووڵاوە، ئەگەرچی پێی خۆش نەبووە، بـــەڵام هاتـــووە، چونکـــە حەزی لەبـــەر بەرخان بووە، دەچێتە شـــار شـــەرواڵێکی بۆ دەکەن، باپیری بە خەیاتەکە دەڵێت:

ـ وەســـتا قوربانی دەســـت و مقەســـت بم، با شـــەرواڵەکەی کورت نەبێت، کوڕەکە گـــەورە دەبێـــت. لەو تەمەنە کوڕیش زوو باڵا دەکـــەن، زۆر نا هەر چەند مانگێکی تر «یەک بســـت» بەژنی هەڵدەدات. شەرواڵەکەی یەک بست درێژتر بۆ ببڕە و بدوورە. پاش بیســـت ســـاڵ و دواتر و ئێســـتاش وەســـتاکە، لێی دەبێتە گرێ و جلی کوڕان، شـــەرواڵی مێردمنداڵان یەک بە بەژنیان دەدوورێت.

«با کەمێک درێژتر بێت!».

«من ئەوە نادوورم، بڕۆنە کن خەیاتیتر، تا لەو قەیســـەرییەبم، تا لەســـەر مەکینە بم و دەرزیەم لە دەســـتدا بێت، شەرواڵی کوڕان بەقەد خۆیان دەدوورم!».

ئەو دەڵێت: زوو هاتمە سەر مەکینە و دەستم بە دوورمانکردووە، پەرۆشی فێربوونی شـــەرواڵ بووم، بە بیســـت رۆژ فێربووم! بەس لە رق و لە تۆڵەی ئەوەی باپیرممنی هێنابووە شار شەرواڵم  بۆ بکات، شەرواڵێکی درێژی بۆم دووری، تامم لە دۆخین و رۆیشـــتنی شـــەرواڵەکە نەبینی! درێژ بوو، گوایە بەیەک مانگ، درێژدەبمو شەرواڵەکە بـــۆم گچکە دەبێتەوە، بەڵام شـــەرواڵ دڕا و پینەمان کـــرد و یەکێکی تریان بۆ کڕیم، شـــەرواڵەکە هەر بۆم گەورە و فش بوو.

...

بەر لەوەی لەگەڵ خەیاتەکەی ناو بازاڕی قەیسەری بگەنەوە ماڵەوە، زووتر پێیدەڵێت: سۆران ئاگاداری خۆت بە، زوو زوو خۆت دەکەیتە ناوشار و زەبرێک دەوەشێنێت، ئاگرێک دەکەیتەوە و دەربازت دەبێت. تۆ سوسکەی، تۆ داوی باریکی لە کونی دەرزیش بێت دەربازت بووە، بەڵام دوو جار سێ جار زۆرتر ناسراوی، حکومەت دەزانێت ئاگات لە خۆت بێت!

_ دەزانم حکومەت دەزانێت.

_ دەباشە ئاگات لە خۆت بێت لەبەر خاتری مەسیح.

_ ئەوە لەکێ فێربوویت!

_ منیش دەزانم! ژنەکەم بندیانە، ئێستاش سۆزی بۆ مەسیح هەیە. «دوایی، پاش چەند ساڵ کە دەگەنە ئەوروپا، هەموو ئامراز و مەرجەکانی ژیان و رۆژانەیان تەواو دەکەن، سەفەری زۆر دوور و فرەلایەن دەکەن، دەچنە هەر شارێک، لە هەموو سەنتەرەکان، ژنەکە بەردەوام و ئارەزوومەندانە چاو لە خاچ و کڵیسای کۆن دەگێڕێت!».

❊❊❊

دەچمە عەنکاوە، بۆ دوو مەبەست دەچم. زۆریش دەچووم لەوێ بخۆمەوە و دیمانەش بکەم. دووربکەومەوە و بگەڕێمەوە هەشتاکانی سەدەی رابردوو! دەمەوێ لەو نووسینە نزیکببمەوە. لە چ نزیکدەبمەوە!؟ تەمەن دەڕوات و سۆز و رازەکانیش دووردەکەونەوە! لە چ نزیکببمەوە، وا چاوەکانم رەنگەکان باش نابینێت. چاویلکەکەش نزیکدەکەمەوە دووریدەکەمەوە هەر باش نییە، بەڵام ناتوانم لەو بابەتە خۆم بدزمەوە، یان دەستبەرداری بم، نووسین ژیان و وەستانیش مردنە.

دەگەڕێمەوە ناو خەڵکەکە، ناوشارەکە، شارێکی گەورەیە و دۆزینەوەی ئەدرێسێک ئاسان نییە. ژنێک، نازانم رەنگ و چاو و بەژنی چۆن بوو، تەنیا گوێم لە دەنگی بوو، ویستی بمبینێت، ئیمڕۆ بەیانی لە کێندەرێ، لەکام شەقام دوورونزیک و زۆر و کەم، لەکوێ، کام شەقام و کافتریایەک نزیک بێت، لەگەڵ کات و دیمانەکە بگونجێت، چەند جار نەگونجا، نە من بەرگەکانی رۆمانی هەولێرم بۆ ئەو برد، نە ئەویش لەبەر سێبەری قژە سپییەکەم پشوویەکی ئاسوودەیدا، یەکترمان نەبینی،

بەڵام لە تەلەفۆن دەیگوت:

قژە سـپییەکەت بوویتە سومبڵی شار و نووسەرەکان!

هەر کەسـێک لەو شـارە دەگریت، دیمانەی دەکەیت، بەتەمەن، بەداوە سـپییەکانی قژی، بەنەخۆشـییە زۆرەکان، بەدەرمانە زۆرەکانی ناو قوودی و کەپسـولە و پاکێت و رەنگەکانیان، سەربردەیان زۆرە بیگێڕنەوە:

لەو بەشەی رۆمانەکە، مێژوویکە، بەڵام چیتر کەسەکە، پاڵەوانەکە _وەک دەستەواژەی باوی رۆمان_ ناوی ئازاد نییە. ئازادە کوورەچییەکەی لە ساڵی ١٩٧٤ بەفشە بەگەڵ شۆرش دەکەوێت، دوایی سەربردە و رۆژانەکەی خەڵک و شەڕ و گوندەکان و دۆزەکە دەنووسێتەوە، کە لە بەرگی »هەولێر چۆمان» نووسراوە. ئەو ئازادەش نییە، ئەوەی لە بەرگی «هەولێر سـەعدی گچکە»،مامۆسـتاو شـارەزا و پسـپۆری رەنگ و تابلۆ بووە، ئەوەی بەئارەزووی خۆی، لە رق و داخی گوندەکەی تێدا مامۆستا بووە، لەوێ کیژێکـی لەگـەڵ رەنگ و پاکی ناسـیووە، دەڕوات! دەڕوات و زۆر دوور دەڕوات.ئەو ئێسـتا بـۆ خۆی، لەناو بازنەیەکی شـیرین و گوڵزار جوان دەژیـت. لەناو خانوویکی سـەد مەتری کۆڵانێکی جەنجاڵ، بەڵام ئاسـوودە وەک رەنگەکانی دەژیت. دڵیشـی وەک قژی سـپییە، لە ژینیش سەرفرازە، وازم لەویش هێناوە.

لەو بەرگە ئەوەی سەربردەکان دەنووسێتەوە و دەگێڕێتەوە خۆمم، خۆم دیمانەکەمان کردووە، لەگەڵ خەڵکەکە قسـەم کـردووە، یەکە یەک تەلەفۆنم بۆیان کردووە، خۆم پێیان ناسـاندووە و نەرم نەرم پێمگوتن:

_ مـن «شـێرزاد هەینی»یـم، لە سـوید و هەولێـر دەژیم، خەریکی نووسـینەوەی مێـژووی هەولێـرم، بەڵام بـە رۆمان، بـە فەنتازیـا و دیکۆمێنتی مێژوویـی. ئەگەر هەموو رۆماننووسـەکانی جیهانی ئەدەب و لەوانە ناسـراوەکانیش رۆمانی یەکەمیان رەنگدانەوەی ورد و دروستی ژیانی خۆیان بێت، رۆژانەی شیرین و تاڵی خۆیان بێت، ئەوە لە بەش و بەرگەکانی دوایی، یەک دوو سێ هەموویان، لە خۆیان لە جلوبەرگ و گونـد و سەرکەشـی و درۆ و هـزر و رازەکانیـان دووردەکەونـەوە، ئەزموونیـان پەیداکـردووە و چوونەتـە ناو ژیان و مـاڵ و دیوار و بەهار و پایزی ژیانی خەڵکیتر. منیـش لـەو بەشـە و بەشـەکانی تریـش لەناو دیکۆمێنیـت و قسـە و راز و وێنە و بیرەوەرییەکان ئیشـدەکەم! خۆشـم ئەو کەسـەی دیمانەی دەکەم، پێم سەیرە چۆن دەیاندۆزمەوە. وائاسـان هەولێرییە شـەرمنەکان دێنە گۆ و قسەم بۆ دەکەن، رازیش

دەدرکێنــن، ئارەزوومەندانە دڵیان دەکەنەوە، یەکێکیان گوتی:
لــە گوندەکەمان خوێندن و قوتابخانەی تێکەڵاوی هەبوو، رۆژێکیان، لەبەردەم دەرگا تەسکەکەی لەناو دیوارە قوورەکە دانرابوو، چاوەڕوانی هاتنی مامۆستاکەمان بووین، چاومان بڕیبووە پەڵە هەورێک ببارێت، بەهار و دەغڵ و چاومان تەڕ بکات. منداڵبووم، وابزانــم هەســتم بە مــێ و کیژ و مەمک و دەستکوشــین بە هیچ مەبەســت و رازێک نەکردبوو. دەبێ وابوو بێت؟ هەســتم بەوە نەکردبوو، لەبەردەم دەرگای پۆلەکەمان، دەستم لەسەرشانی کیژەکەی هاوپۆلم بوو، ئەو جیرانمان بوو، ناسیارمان بوو. دەستم لەسەرشانی بوو، نەک لەبەر ئەوەی کیژە، کە مەمکی گەورەبوو سۆزم دەورووژێنێت، لەبــەر ئــەوەم نەبــوو، گــەورە بین دەســتمان هەر لەناو دەســتی یەکتــر بێت. یان هەردووکمــان بەبیرمان بێتەوە، هەردووکمان بۆ یەکتری بجوولێن و بمانخوورێت. لەو جوولە بەستەزمانانەیەدا، نازانم بۆ و چۆن چاوی بەڕێوەبەرەکەمان _ئەفەندییەکەی قاتێکی شینی نوێی خاوێنی لەبەردابوو، بۆینباخیشی بەستابوو، بێگومان ئەو یەکەم ئەفەنــدی بــووە بۆینباخی هێناوەتە ناو دید و ناســینی گوندەکەمان_ ئێمەی بینی. نازانم چۆن داری حەیزەرانی شلکی ئەو گەیشتە من، رەنگە چاوێکی نەیار، هەستێکی تینوو، ویســتێکی شاراوە، حەســوودەییەکی کۆن، دڵپیســییەکی ناشیرین، چاوێکی ســیس، دیمەنی دەســتی من و شــانی ئەوی، گەیاندبووە بەر دەست بەڕێوەبەرەکە، دارەکــە، زۆرداریی‌ەکــە. دوور نییە، وێنەمان، دەســتی ناســک و بەســتەزمانی من و شــانی لاســکە گوڵی ئەو، لە ئاسمانا لەســەر پەڵەهەورەکە دەرچووبێت. ئەویش لە پەنجەرەکــەی، لە ئاوێنەی ژوورەکەی ســەیری پەڵەهەورەکەی کردووە بزانێت باران دەبارێــت، یــان نابارێت و دەتوانن بە جێبەکەیــان بگەڕێنەوە، یان لە ماڵی کوێخاکە دەمینێنــەوە، لــەو نیگایەدا ئێمەی دەبینێت. لەو هاوســۆزە گەرمەدا، مامۆســتاکە، بەقیژە دێتە سەر سەرمان. دەستی من لەسەرشانی کیژەکە بەتوندی دادەگرێت. دە داری توندی بەرقەوە لە دەســتە نەرمەکەم، زووتر لەسەرشــانی کیژێک بوو دەدات. دە دار، لەگەڵ دارلێدانەکەش زمانی دەگەزێت. هەڵدەســتایەوە ســەرپێی، دار بە دار زەبر و ژانەکەی زۆرتر دەبوو.
ئیتر لەورۆژەوە، لەگەڵ ژن و گوڵی ناســک و شــەماڵ و ســروەیەکی میوان و مەلەی ئاو و جریوەی مەڵ و لەنجەی ئاورینگ دەســتم دەتریوێنێت. ســەرەپەنجە نەرمەکانم ژاندەکــەن! هەســتم بە جوولــە و بزاوتن کرد بــۆ ژن. ئازارێک بــوو، رایچەڵەکاندم،

سـزایەک بوو، لە گوندەکەمان خوێندنم لەبەرچاو کەوت، نەچوومەوە سەر رەحلەکە، بەرامبــەر تەختەرەشــەکەی بـە دوو ســینگی باریکــی ســەرتیژ لــە دیــوارە قوورە قەڵەشــتییەکەدرابوو، دانەنیشــم. چیتر دەستم لەسەرشــانی کیژەکە و کیژی تریش دانەنا و ئەویشم نەدیتەوە! ئیتر ئەو دەستە. پەنجەکانم کەوتنە بەر زەبری کارکردن، ماندووبوون، ســەرما و قەڵەشــتن و زامداربوون و درک و دواییش سیاسەت و زیندانم بینی و تفەنگم پێی هەڵگرت. منیان بە شــەڕیش ســپارد، شــەڕێکی درێژ، شــەڕێکی خوێناوی. هەموو شــەڕەکان، شــەڕی سەرســنوور و بێسنوور و شــەڕی براکوژییش. شــەڕێک بــەردەوام بــۆ نان، بۆ پشــوودان، بــۆ تەواوکردنی خانووەکــەی ئەرزەکەم بە ســەد قــەرد و بەڵێن و چاوەڕوانی کڕیبوو. شــەڕەکان، بــەو هیوایەی بەردەوام، کوڕەکانــم دووربن لە شــەڕ.کە خۆمزۆرم بینــی و زۆریش ئازاریاندام، پیر و ماندوو و شــەرمەزار و سەرکەش و مەردانەش تێدا دەربازم دەبێت!

***

هەوشــار، کاتت هەیە شەو بەیەکەوە دابنیشین!؟

ــ بەچــاوان کــەی گەڕایتەوە. «زوو وەڵامی تەلەفۆنەکــەی ئەو دەداتەوە، ئەگەرچی کــەم وەڵامــی تەلەفۆنی دەدایەوە، چونکە خەڵکەکە، داوا و راســپاردەی زۆریان لەو هەبوو».

ــ لەمێــژە لێــرەم! « کەمێــک رووی گــرژ دەبێت، بەڵام نایــەوێ هەڵبچێت و توورە بێت».

ــ بۆ دیار نیت! عەیبە.

ــ کاتی ئەوە نییە، دەتوانی شــەو لە عەنکاوە بەیەکەوە دابنیشــین.

ــ زۆریــش پێم خۆشــە! لەکوێ بەس عەنــکاوە بێت، من نایەمە نــاو هەولێر! لەوێ دەخنکێم!

ــ باشــە نزیک ماڵی خۆتان، شــوێنەکە خۆت دابنێ باشە، سەعات نۆی شەو باشە!

ــ زۆرباشــە، کام یانە باشە، کێندەرێت دەوێ!

ــ جەمعیەی کلدانی!

ــ باشــە. بەڵام ئەگەر کەمێکیش دواکەوتم چاوەڕوان بکە!

ئەو فێربوو لە دانیشتن و هاتنەکانی دوادەکەوت، بەڵام سۆران لە هاتنی بۆ عەنکاوە

دوانەدەکەوت، زوو زوو بە جێبێکی شـڕ، بە بەرازیلییەکی نوێ سـەرێکی لە عەنکاوە دەدا. ئـەو بـەردەوام پـێ و دەسـت و چـەک و نامـە و داوایەکی لـەوێ هەبوو. تا ڕۆژێکیـان، پـاش ئەنفاڵی بادینانیش دەکوژرێت و ڕەگوریشـە و چاو و کەسـوکار و چالاکییەکانی لەناو عەنکاوە دەبڕنەوە! لە ڕۆژانی یەکەمی ڕاپەڕین، یاد و ئێسقان و باسی خۆی و خێزانەکەی دەگەڕێتەوە ناو عەنکاوە، بەردەم کڵێسا و دەروازەکەشی.

ئەو باوکی هەوشاری دەناسی، دەیزانی لە دواکەوتن ڕاهاتووە، هەرگیز زوو و پێشتر نەچوویتە دەوام، مەکتەب، عەرەزاتی سـەربازی و سەرخوانی نانخواردن، چوونە ناو حەمام، بەڵام زوو زوو بەیانییان بۆ هەراسانکردنی منداڵەکانی و تووڕەکردنی ژنەکەی، زوو بێ ئەوەی نوێژ بکات، بێ ئەوەی بە حەیاتی بەدڵ و ویسـتی خۆی دەسـتنوێژی شووشتبێت، زوو بەر لە بانگدانی مەلا ـــ دەنگی بانگدانی مەلای مزگەوتەکانی کورانی عەنکاوە و گوندەکانی نزیکی دەگەیشتە ناو عەنکاوەش ـــ چالاکانە و بێ خۆگڵخاندن لە خەو هەڵساوە، چای سازکردووە و نانی گەرمی کڕیوە، جگەرەیەک دوو و زۆرتری لـە خوورینی بەمژی قووڵ و بەتامەوە کێشـاوە و دووکەڵـی هەڵمژیوە. ئەو دەیزانی پیاوەکەی چەندان سـاڵە قژی سـەری بۆیە دەکات و زووش سمێڵی دەتاشی، یەکەم ماڵکردن و بارکردن و گواسـتنەوە و کڕینی دۆلاب و کەلوپەلی ماڵی تازەی بەشـڕی و بەڕێکـەوت، یان بەبەرنامە ماڵی هێناوەتە عەنکاوە، خانوویێک:

تۆزێـک دوور لە شـەقامەکەی ئێواران، خەڵک پیاسـەی تێدا دەکەن، شـەقامەکانی گەنجـان زۆرتـر دەسـتی یەکتـری دەگـرن. ئێواران کە دەسـتی گـەرم و نەرم زۆر یەکتریان دەگرت، چاو ڕەشتر دەکران و سمت لەناو پانتۆڵی هاوینە نازیان دەنواند، پەخشـانی شـیرینی و دڵسۆزی و وەفاییان دەنواند. دوور لەو ئاپوورەیە، خانوویێکی گەورە لەسـەرەکۆڵان و سـەر سـێکوانێکی قیرتـاو، بەڵام یەک نهـۆم، باخچەیەکی گەورەی بۆ خواردنەوە و دانیشـتن و گەمەی کوڕە بزێوەکانی بەکرێدەگرێت.

ـــ چـۆن بیرت لەوە کردەوە ماڵت بهێنیتە عەنکاوە؟

ـــ نازانـم، مێردمنـداڵ بووم، زۆریش ورد و نەرم و گچکەش بووم، باوکم و مامەکانم لۆرییـان هەبوو، بارکردن و فرۆشـتنی گەنم و جۆیان لـەو عەنکاوەیە دەکرد، لەگەڵ ئەوان و شانازیش، هاتوومەتە سەر دەڕاسە و گەنمم کێشاوەتەوە. دیانەکان، وایدەزانی لۆرییەکانی ئێمە، دەڕاسـەکەمان، شـەو ئیشـکردن و ڕۆژانەمان بەخێرو بەرەکەتە. لەوێ سـاڵانە دەشـتێکی بەجـەرگ و زەرد و زێڕینمان دەدووریـەوە. گەنم و جۆمان

لەناوەندی عەنکاوە، لەبەر سـێبەری کڵێساکە، نزیک مارت شمۆنی پیروز رووەدەکرد، دەکردە جۆخین، دەکردە رەوسە، ئێمەیان خۆشدەویست. ئێمەش دڵسۆزانە ئیشمان بۆ دەکردن و پارە و ماندووبوونمان مسـۆگەر بوو.

«لەورۆژانـە، ئـەو دڵی دەکەوێتە سـەر ئەو شـارە، ئەو خەڵکە. کـە ژن دەهێنێت و دەبێتـە مـاڵ و تێدا دەژیـت. لەودەمانەش عەنکاوە گچکەش بـوو، بەڵام خانووی بەتاڵـی زۆر بـوو، ئەوانەی خەڵکـی گوندەکانی نزیک عەنکاوە بوون، لە نفووسـیان نووسـرابوو، زێدی لەدایکبوون عەنکاوە، بەپێی مەرجەکانی شارەوانی، دەبوایە:

خێزانـی شـەهید و مەفقـود و پۆلیس و مەلا و پیاوانی ئەمـن و فەرمانبەران و ... بەنادڵـی و پێیـان خۆشـیش نەبـوو، پارچەیەک ئەرزیـان لە عەنـکاوە وەردەگرت، ئەرزەکانیشـلەوێ نەدەفرۆشـرانەوە، کڕیاریان کەم بوو، خانوودروستکردنیش ئاسان نەبـوو. ئەوانـەی بەناچاری لەوێ ئەرزیان وەردەگرت، خانوویان بە سـولفەی قەرزی عەقـاری و پـارەی شـەهیدانە دروسـتکرد، خانـووەکان زۆر دەبـوون و دەمایەوە و بەکرێیان دەدا».

ـ وابزانم کە قسـە دەکەیت، بە زمانی سـریانی کەس نازانیت موسلمانیت!

ـ کەس گومانی نییە. تا خۆم نەڵێم موسلمان و هەولێرییم، کەس بڕوا ناکات. کاکە تەمەنم هەمووی شـەوانە لەو شـارە بەسـەربردووە، شەوانەی ئەو شـارە مەستییە، خەونە، هەست و نەستەکانم دەبێتە خوناو و وەک هەوریش لە ئاسمان ناز دەکات و دەبریسکێتەوە و پیرۆزیشە، لە هەور پیرۆزتر بەدی ناکەم. شەوانەی ئەو شارە، نەرم نەرم دەڕوات، کشـومات، مەند و ئاسـوودەیە! کوڕەکانم، کیژەکانم لێرە لەدایکبوون و چوونەتە بەرخوێندن و تەواویان کرد، لەو شـارە. چەندان سـاڵە بەرۆژ بۆ دەوام چوومەتـە هەولێر، بەپەلەش گەڕاومەتەوە. چوومەتە سـەر شێسـتمەتری بۆ کڕینی پێویستییەکان، لەوێ گەڕاومەتەوە.

لەبـەر خۆشەویسـتییم بۆ ژیانـی ئێرە، کەمتر چوومەتە پرسـەی خزمان، ئەوانیش گلەیی زۆرم لێدەکەن، کەم دەچمە سـەر گۆڕی باوکم، دایکم دەمشـواتەوە و جنێوی شـیرینم پێـدەدات، کـەم سـەردانی ئەویشـمدەکرد «قەبـرت پڕ نووربێـت، ژنێکی بەسـتەزمان و خاوێن بوو». کەم دەچمەوە هەولێر، کەم شـارەزای شـارەکەم، لەو هەولێرە گەڕەک هەیە نەمدیوە. لەپاش کۆچڕەوەکەوە نەچوومەتە پیرمام. ئێسـتاش شـاری نازداری کۆیەم نەدیوە. نازانم مەرزی حاجی ئۆمەران چۆنە! نازانم خەڵک بۆ

دەچنە ئیران و تامی چی لەو وڵاتە داپۆشـراوە، کەساسـە دەبینن! ئێوە هەمووتان دەچنــە چایەخانــەی مەچکۆ و چا و قــاوە دەخۆنەوە، پشــووێک دەدەن و یەکتری و خەڵکیتریــش دەبینــن. لەنــاو قەیســەری پەنیری کوردی، لانک بــۆ منداڵەکانتان دەکــڕن، من لەمێژە نەچووم و زۆریش ئارەزوو ناکەم!

***

ئەو ســەربردەی زۆرە، هەشــتاکانی سەدەی رابردووی لە رووانگە و رۆژانەکانی خۆی باش لەبیرە _ئەوەندە کۆن بووین سەدەیەک مێژوو و رابردوومان تێپەڕاند_ دەیگوت منداڵبــووم، زۆریش بچووک و لاواز و دەســتم چل فلوســەکەی بــاش نەدەگرت، کە منیــان دەنارد لەکن «ســۆفی لۆبیا»، پیاوەکەی زســتان و هاوین، یەک قەدە جلی لەبەردەکــرد، جەمەدانــی هەر دەبەســتا و خــۆی هەڵدەکرد و توند خــۆی دەپێچا. چۆن نەیدەهێشــێت لۆبیای ناو ســەبەتەکەی ســاردبێتەوە، گەرما و سەرماشخۆشی شــپرزەی نەکەن. من دەســتم بچووک بوو، بەڵام توند چوار دە فلوسییەکەم دەگرت و دوو کۆڵان، چەند بەردەرگام لەدوای ســۆفی لۆبیا دەکرد. نەمدەدۆزیەوە، بەدوای دەنگە نەرمەکەی دەکەوتم، بەیانی بوو، دەنگی باش دەڕۆیشــت _دەنگ بۆ نەڕوات و نەبیسترێت، ئەودەمانە کەشەکە هێمن و چۆلەوانی بوو_ جامەکەم پێی پڕدەکرد. لــە ماڵــێ دەیانزانــی کە من دەچم، لۆبیای زۆرتری پێ تێدەکەم، بە دوو ســێ چوار بنپیاڵە وازم لێی نەدەهێنا، دەپاڕامەوە، نازم دەکێشــا، ســکی بە دەســتە قاوەییە وردە رەقەکــەم دەســوتا، بەزەیــی پێمدەهاتەوە، چونکە کە دەگەیشــتمە نزیک ئەو و شــەروڵم راکێشــا، بانگم دەکــرد، ئەوەندە غــارم دابوو، ترپەتــرپ و لێدانی دڵم، دەگەیشــتە گوێچکەکانی ئەویش. ئەویش، هەســتی بە لێدانی دڵم دەکرد. لەورۆژەوە فێربووم ژیانماندووبوون و کۆششی زۆری دەوێت! دەبێ دڵت گەرم دابێت، دەستت بلەرزێت، ئارەقە بکەیت، تا بتوانیت بژیت، ژیان و دواییش خۆشــگوزەرانی!
ژیانــی ئــەو جڤاتــە، لەنــاو ئەو داروبــەرد و ئایــن و رۆژانەیە، دیــارە کەژیان فێڵی دەوێــت! مــن دەمزانــی مام یوســفی عەرەقفرۆش دیانە. باشــم دەزانــی، چونکە لە کۆڵانەکانی گەڕەکەکەمان ماڵی دیان زۆر بوون. ئەویش جیرانمان بوو، منی دەناسی و خێزانەکەمانی دەناســی. هەر چوار مامم و براکەم و ژنەکانی ئێمەشــی دەناســی. دەمزانــی ئەو موســڵمان نییە. بەیانــی برنجی جەژنی نەخــواردووە. ئێوارەکەی بەر

لــە رۆژی جــەژن، ژن و منداڵەکانــی نەچوونەتە ســەر قەبران. لە گۆڕســتانی ئیمام موحەمەد، لەوێ نەبوون و ســورەتی یاسینیان لەســەر مردووەکانیان نەخوێندووە و کۆنەبوونەتەوە. بۆیە ئەو، بەیانییەکەی جەژن دووکانەکەی دەکردەوە. منی لاســار! دەچوومــە بەردەرگای دووکانەکەی، ناو تاق و شووشــەکانی بۆ فرۆشــتن و دواییش بۆ خواردنەوە و مەســتبوون ریزکرابوون. لە کەپوو و داوی ســمێڵە سپییەکەی نزیک دەبوومەوە، نزیک هەورییە ســووره تەنکەکەی، لایەکی تا نزیک پشــدێنە توندەکەی هاتبووە خوارەوە، دەمگوت:

ـــ جەژنت پیرۆز بێت مام یوسف! «منداڵێک قاتێکی نوێی منداڵانەی باشی لەبەرە، کوڕێکــی هاوتەمەنــی خۆی، بەڵام وەک ئەو قاتی نوێی لەبەر نەبوو، پێیدەڵێت وەرە جەژنانــە لەو پیاوە وەردەگرین، نیوەی دەدەم بە تۆ».

ئەویش ســەری بەرزناکاتەوە، دەمــی ناکاتەوە، ناجوولێت، بە تەلەفۆنە رەشــەکەی بەردەمی قسەشی نەدەکرد. بەڵام! کە کوڕەکە لێی دێتە ژوورەوە و جەژنە پیرۆزەی لێدەکات، چاوە سیس و کزەکانی یەکسەر لەناو دووکانەکەی دەگێڕێت، نەوەک! لەگەڵ ئەو پیرۆزباییە، لەگەڵ دەنگی ناسکی کوڕە گچکەکە،شووشەکانی بەسەریەک بکەون! بەربینەوە، شووشــە ملدرێژەکان، شووشە رەنگینە پانەکان، لاربینەوە. شووشەکانی عەرەق، ترێ و خورمایە کوڵاوەکە، ســادە و ناســک و خۆشــباوەڕ و راستگۆن. دوور نییە شووشەکان هەموو شووشەکان، بەو جەژنانەیە. بەو دەنگە ناسکە، شووشەکان لەناکاو لەجیاتی ئەو، وەڵامی منداڵەکەبدەنەوە، دەترسا شووشەکان شان لەیەکبدەن و بکەونــە خــوارەوە و وەڵامــی منداڵەکە بدەنەوە. شووشــەکان ملیان بســووڕێنن، چاویــان بکەنــەوە و ســەریان راتەکێنن، بۆ ئــەوەی جەژنانەیەک بدەنــە منداڵەکە. چونکە دیارە و دەزانین: بوتڵە عەرەقەکان بەر لەوەی بکوڵێن، بترشێن، بپاوڵێون و هەڵگیرێن و لە شووشــە بکرێن، موســلمان بوون. ئەوانە زووتر خورمای رەش و تەڕ و شیرین و پیرۆز بوون، ناوی خورما، دار و بەر و سێبەرەکەی لە حەڤدە سوورەتی قورئانــی پیرۆز هاتووە. خورماکە بەر لەوەی ببێتە عەرەق، موســڵمان بووە، رەنگە بۆ ئەو منداڵە بلەرنەوە، بچەمێنەوە، ببنە جەژنانە! شووشــەکان بکەونە خوارەوە و بشــکێن، برژێن، بگرێین، چاویان برژێت!

جەژنانەکــەم پێدەگــوت و دەچوومە دەرەوە، دووردەکەوتمەوە چونکە ئەو هەســتی نەدەجــوولا و وەڵامــی نەدەبوو. لەدەرەوە ســەیرێکی موغازەیەکــی بەرامبەری ئەوم

دەکــرد. چەنــد منداڵێکم دەبینی بەجلی رەنگاورەنگ، بەپەلــە، بەڵام کیژەکان نەرم نەرم، کوڕەکان دەڕۆیشــتن و لەناوەندی شــەقامەکە دەچەقین، چاوەڕوانی ئەوانیان دەکرد. ســەیری منداڵەکانم دەکرد، شــەوقی رەنگی عەزییەی کیژەکان، روونی قژی کوڕەکان، چاوم لەســەر جلــە نوێیەکانیان، بریقەی پێڵاوەکانیــان، جانتای کیژەکان و گیرفانــی کوڕەکان وردە پارەی تێدا دەزرنگایەوە، دەڕۆیشــتن وەک ئەوەی نەزانن کام رێــگا، کام کــۆڵان دەچێتە بن لەیلوکان، دەچێتە ناو ســەیرانەکە، لای ســینییە پاقــڵاوەکان، ســەر شــیرنەمەنییەکان، بۆنــی پرتەقاڵ و ســێو و لەوەزینە و کێک و گەزۆی ســەر عارەبانە و دەستفرۆشــەکان، جۆلانەکان، کەر و عارەبانەکانی منداڵیان بەپیاســە دوور و زۆر دوور دەبــردە نزیــک گردەکــەی قاڵینــج ئاغــا، نزیــک ئاوی کەسکوســوور. منداڵەکان دەڕۆن و منیش دەگەڕێمەوە بەر دووکانەکەی مام یوسف:

ـ مامە جەژنت پیرۆز! «دیســان وەڵامی نادداتەوە».

دەچوومە دەرەوە، لە یەکەم دووکان، دەســتم بە قەپەنگە داخراوەکانی دووکانەکان دادەهێنــا. تەقــەم بە چینکــۆ و دەرگا دارەکان، لــە چاپخانەکەی مــام گییو دەدا. دووکانەکــەی حاجــی حەمــەد کەرانــە ـئەوەی بــەس گندۆرە و تــەرۆزی و میوەی خۆماڵی دەفرۆشــت ـ ئیبراهیم پاسکیلچی، لەگەڵ فرۆشــتنی پاسکیلە نوێیەکان، تا ماڵــەکان، قوتابخانەکان گەرم بن سۆبەشــی چاکدەکردەوە. حەمە ویســی چایەچی، پیاوە عەجەمەکەی کوردییەکەی باش نەبوو، گاڵتەشی بە تورکمانی هەولێرییەکانیش دەهــات. دووکانــەکان هەمــوو داخرابــوون، جەژنــە و ئەویش یەخەی مام یوســفی عارەقفرۆشی گرتووە و جەژنانەی دەوێت.

دەچوومە بەر دووکانەکەی کەس نەیدەزانی چ دەفرۆشــێت و دەکڕێت، بەتایبەتی بۆ منداڵێکی بچووک، بۆ جەژنانە، بەو بەیانییەی جەژن هاتووە تەشقەڵە بە مام یوسفی عەرەقفرۆش دەکات، دەســت لە قەپەنگــی دووکانەکەی حاجی نادر و کەبابخانەکەی دەدات، کە دووکەڵ و بەز و چەوری چەند ســاڵەی پێوە بوو. لەوێش کتێفرۆشــەکەی پێیاندەگوت شەشاو: ئەوەی زۆربەی رۆژەکان بیجامای لەبەردا بوو، دەیانگوت هەموو دونیا گەڕاوە، کەســیش نەیدەزانی چ قەومە، کەســیش بڕوای نەدەکرد خانەنشــینی ئەفســەری ســوپا بێــت، بــەڵام دەیانزانی ناوی فاروقــە ـدوایی بەبیــری هاتەوە لە پەنایەکــی بەرامبــەر ماڵەکەیــان نزیک دووکانەکــەی لە کۆلانێکــی باریکی عارەبان، گامێشــێکیان راگرتبــوو، بــەڵام نازانێت ماوەی چەنــد بوو ئەو گامێشــەیان هەبوو،

سـوودی چ بوو، گامێشـەکەش چۆن لەو پەنا و کەلاوەیە بێ ئاو دەژیا، رەنگە هەر مانگایەکی رەشـی گەورە بووە، ئەو بەبیری منداڵی ئەودەمانە وایزانیبێت گامێشـە ــ دووکانی خەیاتەکە.

من دووبارە دەگەڕامەوە بەردەم دووکانەکەی مام یوسـف، دیارە دەمویسـت نۆرە و گەمەکـەی جەژنی پێش بنلەیلوکان لەوێ تەواو بکەم! شـەقێکم لە دووکانەکەی مام ئەحمەدی سەمونفرۆش دەدا، دەگەیشتمە دووکانی ئیبوی بەربەر، لەتیفی مەغازەچی و سـەعاتچییەکەی هەرگیـز سـەعاتی بـە قیسـتی مانگانـە بەکەس نەدەفرۆشـت. دەگەڕامـەوە و یەخەی مام یوسـفم دەگرت، داوای جەژنانـەم لێدەکردەوە. ئەویش، تـووڕە، بەڵام زۆریش نا، ئارەزوومەندانە پێنج فلوسـێکی بە نیوچەوانی وەدەنام بێ ئەوەی پێم بڵێت:

جەژنی تۆ، نەک من پیرۆزا!

ئەو بە دوو پەنجە پارەکەی لەناو دەسـتە وردەکەم دانا، بەڵام زووتر، دوایی دەزانم پیاوێکیتری دیان، پەنجەکانی لەسەر سکم داناوە، منیان لەسەر قەرەوێلە باریکەکەی ئـەو درێژکردبوو، دکتۆرەکە بە مامم دەڵێت:

دەی سکی رووت بکە. «ئەو مامەم هەموو ئەو جۆرە ئیشانەی لە ماڵە گەورەکەمان دەکـرد. یەکـەم رۆژی لەدایکبوونـی هەموو منداڵەکان، نفوسـی بۆمـان دەرهێناوە، ئێمـەی دەبـردە سـینەماش و کۆکامـان بەدەسـت و پـارەی ئـەو خواردیتەوە. کە نەخـۆش دەبوویـن ئێمەی دەبردە لای دکتۆر ــ ئاگوب نیشـایان ــ دکتۆرەکەی ماڵی لـە عەنـکاوە نەبوو. ئەرمەنی بەغدا بوو، لە سـێکوانێکی بەرچاوی گەڕەکی ئازادی، بەرامبـەر گۆڕەپانەکـەی فوتبۆڵـی ئیدارەی مەحەلـی خانووێکی گـەورەی کردبوو، لەبـەر ئـەوەی دیوارەکـەی دەرەوەی نـەوی بوو، بـاخ و بەرپەنجەرە و کورسـی و جۆلانەکەیـان لـەدەرەوە، بـۆ ئەوانەی باڵابەرزبـوون، یان لەناو ئەمانە دادەنیشـتن دیار بوو. دەیانگوت: دکتۆر ئاگوب نەخۆشـە، بۆیە بەیانییان بەپێیان سەبرسـەبر، دەچووە دەوام، ئۆتۆمبێلەکەشـی لەدوای دەڕۆیشت. ئێمەش دەمانگوت: درۆیە چۆن دکتۆر نەخۆش دەبن. ئەو دکتۆری منداڵان بوو، لەگەڵ ژنانی شـارەکە، کە هیچیان زمانـی عەرەبییان نەزانیووە، باش زمانی کوردی فێرببوو».

بەر لەوەی دکتۆرەکە سـەرەپەنجەکانی لەسـەر سـکی نەرمی منداڵان دابنێت، ناوی خودای هێناوە، بیسـملای گوتوە.بۆیە کەم لە خەڵکەکە دەیزانی مەسیحییە.

ماڵەکانــی کۆڵانەکــە یــەک ماڵبووین، شــەوانە دەچووینە ئەو ماڵــەی تەلەڤزیۆنیان هەبوو، لەدیار شاشــەکە دادەنیشــتین، کە دەبووە بارانیش هەر لەدیار بارانی ســەر شاشــەکە دادەنیشــتین. بارانەکەشی خۆش بوو، تامێکی سیحراوی هەبوو، دەیانزانی بارانەکە، خەتخەتەکەی چاک دەبێتەوە، قسە و گۆرانی و وێنەکان دەگەڕێتەوە، لەو بەزمــە هیوا و چاوەڕوانم بە شــیرینی دەبینی، فێربــووم بەگەورەیی هیواداربم! ماڵی مام یوســفیش لەو کۆڵانە بوو، ناسیارمان بوو.

***

ئەو شــەوە، لە یانەکە هەموو مێزەکان میوانی فرەرەنگیان لەســەر بوو. گەنج و پیر، ژن و پیــاو، ئــەوە عەنکاوەیــە. ژنان شــەوانە، خێزانەکانیش تا درەنــگ لەدەرەوە، لەبــەردەرگا، باخچــەی ماڵەکانیــان دەمینێنەوە. لەوێ بێگانە، خــودا دەزانێت کیژە باریکەکەی، بە شووشــە گەورەکە، بەو دەمــە تەنکە بچووکە، بیرە فڕدەکات، لەکام وڵات هاتووە، کەی هاتووە و لەکوێی ئەو وڵاتە کارمەندە، ناوی چییە، لەکام هوتێل دابەزیوە؟! من نازانم و نایناســم، بەڵام خەڵکی تر هەیە باش دەیناســێت. ئەوانیش نازانن، من بەو قژە ســپییە هەورە باڵدارە فڕیوە، لەکێ هاتووم و بۆ شــەوانە، دێمە ئــەو یانەیــە، شــەوانە لەگەڵ میوانــی نوێ و هاوڕێ تازە و جەســتە و ئاکار و کاتی جیاواز هاتووم!

لەسەر مێزێکی تری ئەو باخچەیە، ئەو نادییە دوو جەمەدانی، دوو ئەفەندی پۆشتە، ســێ گەنجی هاوتەمەن، چەند پیرێکی عەنکاوەیی شــیوعیەت و مێژووی حەفتاکان و هەشتاکان کۆیکردونەتەوە، بەڵام باسی شیوعیەتی ناکەن! لەنزیک کوورە و شووشە و خەڵووزی نێرگەلەکان، چوار پێنج پیاوی شان گەورە، کەللەزل، دەنگ گەورە سەر مێزەکەیان بەشووشە و قاپی خواردن داپۆشراو بوو، شوێنی نەمابوو چیتری لەسەری دابنێــن و داوات چیتــر بکەن، بــەڵام رەنگە خۆیان بتوانن زۆرتــر بخۆن و بخۆنەوە! هەموویــان خەریکــی ئایفۆنەکانــی خۆیانن، قســە لەگەڵ یەک ناکــەن، وەک ئەوەی بەدرێژایی رۆژەکە بەیەکەوە ببوون، لەیەکتری بێزاربن. شاشــە سپییەکەی بەدیوارە یانەکە هەڵواســرابوو، دەنگی کزکرابوو. لە وێنە و جوولەکانیش کەس نازانێت، دیار نییە چیدەڵێن، ســترانەکە خۆشــە، یان ژنە رەشپۆشــەکەی ناو فیلمەکە بۆ دەگریت و چەپکە گوڵە ســوورەکەی دەســتی بەرەو کوێ دەبات. دەنگە کپکراوەکەش ئەگەر

باسی خەڵکی ناو باخچەی یانەکەش بکات، بەباش یان بەخراپ کەس نییە وەڵامیان بداتەوە! هەموو سەرقاڵن و دەخۆنەوە و سەیری وێنە و مەسیجەکانیان دەکەن: کە لە هەموو گۆشەیەکی ئەو جیهانە، لە ماڵی جیاواز و گۆشەی دوور و نازی گەرم و بانک و ئۆفیسی پشت دەریاکانیش دەگەیشتنە ناو مۆبایلە تەنکە لووسە نەرمەکان. نادییەکە بە هەموو زمانێک قسەیتێدا دەکرێت.

ئێواران، تا درەنگانی شەو، لەو یانەیە و هەموو یانەکانیتری ئەو شارە، یانەکانی خواردن و خواردنەوەی تێدا هەرزانە. یان ئەوانەی لەبەر ئەتەکێت و شوێن و شێوازی سێرڤیسەکان، خواردنەکانی تێدا گرانە و پارەی زۆری دەوێت. لەوانەی کەس کەس ناناسێت، تا درەنگانی شەو، بە هەموو زمانەکان، ستران و موزیکی سۆزدار بەدەنگی ژنانی شۆخ، ناسک، بەجوولە و جەستە رووتەکانیان کەشەکە دەورووژێنن، بەڵام زۆر لە دانیشتنەکان، لەبەر سەرقاڵی خۆیان، یان لەبەر تێربوونیان لە جەستەی ئەو ژنانەی سەما دەکەن، شەوانە بەزمانی کوردی و عەرەبی و تورکی گۆرانی دەڵێن، سمت و سینگ و مەمکیان نمایشدەکەن، ناپرژێنە سەریان، چەندان جار دەست بۆ پێک و کەوچک و میوەی بەردەمیان دەبەن، زۆرتر دەست بۆ تەلفۆنە پانە لووس و تەنکی سەر مێزەکانیان دەبەن، کە زۆربەیان دوو دانەیان لەسەر یەک داناوە.

ئەو شەوەی من هاتوومەتە ئەو یانەیە و دیمانەی «هەوشار» بکەم. ئەو شەوە و هەموو شەوەکان، ئەو نادییە وایە، ئەوە عەنکاوەیە، ئەوە شارە!

ئەوەیە عەنکاوە، بەعسییەکان، بەعسییەکانی ساڵی ١٩٦٣، نادییەکەی دادەخەن، فەرمانێکی پۆلیسی بۆ دەردەکەن، بڕیاردەدەن، دەرگاکەی دابخەن، شەوەکانی تاریک بکەن، باخچەکەی وشک بکەن، چیتر عەرەقی تێدا نەخورێتەوە، دیانەکان، مامۆستاکان لەوێ بەرۆژ و بەشەو یەکتری نەبینن، موسلمانەکان، بەئۆتۆمبێلی خۆیان، بەپاسەکە، بەپێیان شەوانە بۆ خواردنەوە روو لە عەنکاوە نەکەن. لەوێ لە بەردەرگاکە سڵاو بکەن و بڵێن:

میوانی فلانە کەسین، ناسیاری فلانە مامۆستاین، بەسەردان هاتووین. نادییەکەی دادەخەن. چۆن باخچەکە وشک نابێت؟ چۆن هەناسەکە نامرێت؟ ئەوان شەش ساڵ نادییەکەی فەرمانبەران دادەخەن، قبووڵ ناکەن:

ئەو نادییە، ئەو باخچە سەوزە، تێدا ئەو هەموو شووشە عەرەقە بخورێتەوە، شەوانە خۆیان مێزمێز، دەستەدەستە گەمەبکەن! پێبکەن، بخۆنەوە و سەریان بەرزبکەنەوە

سـەیری ئەسـتێرەکان بکـەن، چاو ببڕنـە ڕووی نانی زەرد و ناسـکی مانگ! قبووڵ ناکەن خەڵک سـەرخۆش بێت و بەخەیاڵ بەعس برووخێنێت.

نایانـەوێ کەلەپچەکانـی دەسـتیان، کۆتی پێیان بکەنەوە، ئەوان شـارێک، وڵاتێک زنجیـرە شـاخی زۆریان حەپسـکردووە، چۆن دەبێ لـە عەنـکاوە، نادییەک هەبێت شـیوعییەکان، هەولێرییەکان، قەسـابەکان، هونەرمەندەکان شـەوانە تێدا مەسـت و سـاز و ئاسوودەبن! ئەو نادییە دادەخەن و گەف دەکەن:

تا ئێمە و تفەنگ و حزب و دەسەڵاتمان مابێت، ئەو نادییە بۆ شیوعییەکانی عەنکاوە نایکەینـەوە. بـا هەر مامۆسـتا پوترس و دکتۆر حنا و برایمۆک و سـلێوە و حەبیب و عیسـا و نەجیب و پۆلس قسـە بکەن، بەدزی و بەفسکەفسـک ڕەخنەش بگرن، تا ئێمـە مابین یانەی فەرمانبەرانی عەنکاوە ناکەینەوە، بەڵام:

لەسـەردەمی دەسـەڵاتی ئەوان، لەودەمانەی ئەوان زەبر و سوپا و ڕۆژنامە و سنوور و پشـتیوانی سیاسـییان بەهێزبووە. لەوڕۆژانە بەفەرمانی موتەسـەریفی ئەودەمانە «حەمەدەمین فەرەج»، یانەکە دووبارە دەکرێتەوە:

_ گـەورەم هاتوویـن ئیشـێکمان بۆ بکـە، نادییەکەمان بکەینەوە. (دوو مامۆسـتا یەکێکی کۆنەشیوعی _بەڵام لەژێرەوە هەر شیوعی بوو_، مامۆستا لە قوتابخانەیەکی دوو نهۆمی گەڕەکی تەیراوە، زووتر مامۆسـتا بووە لە بەحرکە، شـاناز بووە بەوەی قوتابییەکانـی ئەو دەگەنە هەولێر و ئامادەییەکان و زانکۆش.

پیاوەکـەی تـر، موسـلمان و بەئەزمـوون، ئەویـش مامۆسـتابوو، دوایـی دەبێتـە بەڕێوەبـەری ناوەندییەکـەی عەنکاوە، بەدەسـت کوردایەتی و پشـتیوانی شۆرشـی کوردسـتان، زووتر پارتی بووە، چەندان جار لەسەر هەڵوێستەکانی دوورخراوەتەوە، گیراوە، لە زۆربەی شـارەکانی باشـوور وەک دوورخراوەیەک مامۆسـتایەتی کردووە، پیاوەکەی ئاکار و سـەر و شـان و شەوکەتی لە وەزیر و بەرپرسێکی گەورە دەچوو، ئەو لەودەمانە بەڕێوەبەری ناوەندی عەنکاوە بووە، لە موتەسـریفەکەش بەناسـین و خەبات نزیکبووە).

_ نـادی، لەکـوێ؟ «موتەسـریفەکەی زۆر لەوێ نامینێتەوە، تەنیا دوو سـاڵ وەک موتەسـریف ماوەتەوە، دوایی بەیەکێکی عەرەب دەیگۆڕن».

_ لە عەنکاوە! «دوو مامۆسـتاکەی لەنزیکی لە ژووری موتەسـەریف دانیشتبوون».

_ بـۆ لە عەنکاوە نادی نییە، خواردنەوە نییە!

ـــ خواردنــەوە هەیــە، لــە باخچەی ماڵەکان زۆرە بەڵام نــادی نییە! «خواردنەوە لە هەمــوو دونیــا و لە دوورگەی کریتی یۆنانیش نەمینێت، لە عەنکاوە هەر دەمینێت».

ـــ بــۆ نادیتــان نییە، بەپێی زانیارییەکانی من نادی هەبــووە، لە ناحیەی کەندێناوە نــادی هەبــووە، لە مەخمووریش هەبووە، چۆن لە عەنکاوە نەبووە و نییە!

ـــ نادییەکــی باشــمان هەبوو. پەیــڕەوی ناوخۆمان هەبــووە، بنیایەمان هەیە، بەڵام دەســتە و بەڕێوەبەرمــان نەمــاوە، ئیدارەکــەی هەڵوەشــاوەتەوە، لەســاڵی ١٩٦٣ بەفەرمانــی حەرەس قەومی داخرا! هەر لەوڕۆژانەش بوو، ئەفســەرێکی عەرەب، هەر بەشــەق و قۆنداخە تفەنگ کەســێکی دیاری شــارەکەمان دەکوژێت و نادییەکەشمان دادەخەن.

ـــ ئــەو «سەرســەرییانە گەوادن»، مــن بۆتان دەکەمەوە بــەڵام بەمەرجێک، ئەگەر مەرجەکەم قبووڵ بکەن، بۆتان دەکەمەوە، ئەگەر بیکەن، خۆم لەکن وەزیری ناوخۆ رەزامەندیتان بۆ وەردەگرم!

ـــ بەچاوان مەرجەکە پەیوەندی بەئێمەوە دەبێت، لەسەر ئێمەیە. «بەحەپەساوەیی، دەبێ ئەوان چییان پێبکرێت».

ـــ بەڵێ، مەرجەکە بۆ ئێوەیە! قبووڵ بکەن، ئێستا داوادەکەم، بەڕێوەبەری تەحریر، مامۆســتا «جودەت» نووسراوتان بۆ بەغدا بۆ بکات، هەر ئێستا!

ـــ ئامادەین، (لە جیاتی هەموو شووشــەکان، سەرخۆشــەکان، مێزەکانی کۆنکان و شەترەنج و بەزمی خواردنەوە، پیاوەکانی ساڵانە بە کۆنتراکت نادییەکەیان دەگرت).

ـــ زوڵمی زۆرمان بەدەســتی حەرەس قەومی خواردووە، شــتێکیان بۆ بکە، من لەوێ بەڕێوەبەری ناوەندییەکەی عەنکاوەم، شــانازم بتوانم شتێکیان بۆ بکەین، ئەوەی تۆ دەیکەیت بۆ من شانازییە! «مامۆستا کوردەکەی زۆر نەبوو لەسەر کوردایەتی نەفی باشوورکرابوو و هاتبووەوە دەڵێت».

ـــ مامۆســتا خەمــت نەبێت بــەڵام حەزدەکەم، ئەوانیش داواکەی مــن قبووڵ بکەن. «موتەسریفەکە دەڵێت».

ـــ فەرمــوو بڵــێ! مەرجەکــەت چییــە؟ «مامۆســتاکەی لــە عەنــکاوە بەڕێوەبەری ناوەندییەکەیان بوو دەڵێت».

ـــ ئاســانە، با نادییەکە بەناوی «نەورۆز» بێت. « حەمەدەمین فەرەج دەڵێت».

ـــ نادی نەورۆزی عەنکاوە! ناوێکی خۆشــە. «هەردووکیان بەڕێوەبەرەکە و مامۆستا

عەنکاوەییەکـەی لەنـاو هەولێـر مامۆسـتای زمانی کـوردی بوو، بەخۆشـحاڵییەوە دەڵێن» .

*** 

بووکەکـە هاتـووە و دەزانێت، یـان نازانێت، دەبێ بەو روونـو ئاگردانە لەو گوندانە زەماوەند بکات؟ لەسـەر چیاکان، لەپەنابەردان، لەناو ئەشکەوتان! مانگی هەنگوینی بەسـەرببات؟ هاتووە، بێ زەماوەندی گەرم، بێ پیرۆزبایی قەشـە و کڵێسا و خزم و دەستەخوشـکەکانی بچێتە کەژاوەی بووکێنی. بووکە و مکیاژی نەکردووە. بووکە و شـەوانە ئاسـوودە بەیەکەوە نەخەوتوون. بووکە و هەفتەی یەکەمی، تازە بووکەکە لـە عەنـکاوە هاتبوو، ئـەو بە مەفـرەزە دەردەچێت، دوور دەڕوات، بـەڵام بووکەکە بیری لەوە نەدەکردەوە سـۆران دەڕوات و ناگەڕێتەوە! چۆن زاوا لە هەفتەی یەکەم دەڕوات و نایبینێتەوە؟! بیری لەوە نەدەکردەوە گوللە و سـاچمە و فرۆکە دەرقەتی کەسێک بێت، تازە زاوا بێت «بۆیە لەو سەفەرە و چەندان سەفەری تریش سۆرانبۆ _ژنەکەی سـۆز و چەشـەیەکی نادیار و هەڵوێستێکی پیرۆز هاندەری بووە شوو بەو پێشمەرگەیە بکات_ دەگەڕێتەوە» .
شـەڕ، کەمین، دوژمن، جاش، فرۆکە، سـاچمە، خنکان، ئـاو، ئاگر، خائین، جاش، گوللـەی تەقەی لەدەسـتدەرچوون و کاتی تفەنگ خاوێنکردنەوە، تەقەی خۆشـی و ئێوارانەی نەورۆز، مارپێوەدان، وەرگەڕانی جێبێکی شەق و شڕی بێ دەرگا و چادر، تەقینـەوەی کۆنە لوغمێکی لاچەپی دوورەرێی سـەردەمی شۆرشـی ئەیلول، لافاو و بارانێکی بەهارانە، ئەوانە و رووداو و با و بروسـکی زۆری تریش:
دەتوانێـت گەورەتریـن، ئازاتریـن، گەنجتریـن پێشـمەرگە بکوژێـت و بیفەوتێنێـت. ئەوانە و زۆر رۆژەڤ و بەسـەرهات دەتوانێت گوندێکی بیسـت ماڵی، چل ماڵیش بە چاوقوچانێکی کتوپڕی ناخواسـتراو خاپوور بکات. رەوەزە شـاخێک بە رەز و پوش و دەوەنەوە بسـووتێنێت و بیکاتە سـوتماک. رەزی ترێ و باخچەی سـێو و هەرمێی زۆر بسـووتێنێت. مزگـەوت و میحرابەکـەی بەسـەر هەمـوو قورئان و جـزوە کۆنە بەرگکراوەکانی برمێنێت. بەڵام ناتوانێت زاوایەک _تەڕ و ناسک و سۆزدار و خەوین و سەرسـام و بەجۆش_ بکوژێت! بەڵام دوایی پاش ئەوەی چاوێکی گەش و دڵێکی نەرمیش بۆ ژیان دروسـتدەکات، نـاوی دەنێت ژاڵە. لەرۆژانی پاش ئەنفاڵ، کە ناوم

نـاوه ئەنفالّی حەوتەمی عەنکاوه، بەخیانەت دەکوژرێت.
ناتوانێت بووکێک ناوی «سـێبەر» بێت، له عەنکاوه هاتبێته ناوشـاخ، ناو گوندێکی بەر هەرەشـەی فڕۆکه و تۆپ و جاش و گەمارۆکان، زۆریش شـوێنەواره نەگریس و کریتەکانـی ململانێیەکانی ناوخۆشـی تێدا هەبێت، _ئـەو بەرەزامەندی خۆی دەبێته هاوژینی پێشمەرگەیەک: ئەوەی پێنج شەش ساڵه رانەوەستاوه. لەوەتی له عەنکاوه دەرچـووه، لـه هیچ نەبەردییەکـی دوورونزیک و ترسـناک و ناوبەفر و دەشـتاییش دوانەکەوتـووه. ئەو بەر له دەرچوونی سـەردانی کڵێسـاکەی مار یوسـفی کردووه، بەدیـار پرشـنگی مریـەم، چاوی گەشـی مەلۆتکەکەی دەسـتی، بەر لـەوەی بڕوات چەپکه دڕکه تیژەکەی سـەری مەسـیحی قبوول بووه و دەرچووه، کوڕەکه دەسـتی نێرگزی دایکی ماچکردووه، له کڵێسـا و دواییش له عەنکاوه هاتووته دەرەوه_ ئەو رەوشــە، لـەو وەرچەرخانه بڕیاربدەیـت بڕۆیت و نەزانی بـەرەو کام هەوار دەڕۆیت، چەند دوور دەڕۆیت! که نازانی کێندەرێیه و چەند دەمینێتەوه، هیوای سەرکەوتن و تروسـکایی هیواکەش چەند پرشنگداره، ئاسـان نییه، کوشندەیه_ لەوێ دەرچووه، هەمان رۆژ دەگاته گوندەکانی پشدر. لەوێ دەگاته ناو پێشمەرگه، لەورۆژەوه ماندوو نەبووه، نەترسـاوه، خۆی نەشاردوتەوه، ئارەقەی نەکردووه.
پێشـمەرگەیەکی ئازا و چاونەترس بووه، سـۆرانێک بووه له دەڤەری سـۆران ناوی دەرکردووه. کیژەکه، سێبەر، بەر لەوەی ببێته بووکی چیا، ببێته ژنه پێشمەرگەیەک، کـه له ئامۆژگای تەندروسـتی هەولێـر، لەناو خانووەکانی بە کۆڵانـی باریک و ماڵه شـەهید و تەم دەناسـرا، لەوێ ئەویش لەگەڵ خوێندکاران پشـتیوانی خۆپێشاندانی کردبـوو، دەنگ هەڵدەبڕێت. کیـژه جوانەکەی له یاری تێنس لەگەڵ کیژ و کوڕانیش و سـتایلی شـیرین و نازدار دەناسرا، بۆیەش دەیەوێ له چوونه شاخیش هەڵکەوتوو بێت، دواییش له گرتن و شـەهیدبوون و جەرگسووتانیش پاڵەوان بووه.

***

لـەو رووبەره کەسـکه تەسـکه، لەدیار چەند شووشـەیەک مەشـروب و خواردنێکی سـاده و دووکەڵـی نێرگەلـه ملدرێژه شووشـەییه ناسـکەکانی، لەو چەند سـاڵەی دوایـی، لـه هەمـوو ماڵ و دەزگا و سـەیران و بـاخ و مێزی ژنـان و یانەکانیش زۆر بـووه: هەمـوو رەنـگ و زمانێکی ئەو جیهانه لـەو نادییه کۆبوونەتەوه. بەشـەو، تا

دەرنگیش دەستەدەســتە و کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵکەکە، بەدیار مەشــروب و ئاخاوتن و مەســتبوون و بەزمی شیرینی دۆستانە دانیشــتوون. ئەوانە ئارەزوومەندانە هاتوون. هەڵســورێنەرانی نادییەکە، کۆمەڵەکە، زۆربەیان بەدەنگ، بەرەنگ، بەناو و پۆســتی کارکردن میوانەکان دەناســن. ئەوانیش، بەئاسانی بە دەرگا ئاسنە سپییە بچووکەکە وەک ئەســتێرە، وەک کزەبایە فێنکەکەی شــەوان، بەسەر دوو پایەکەی بەردەرگاکە سەردەکەون.

دێنە ناو باخەکە، نەرم نەرم پێیان لەســەر شــتایگری بنەیوانە باریکەکەی، بەرەو هۆلە گەورەکەی زەماوەندەکان دەڕوات، لەســەر چیمەنەکە دادەنێن.

هەڵوەســتەیەک دەکــەن، چاو لە کورســی و مێــزی بەتاڵ دەگێڕن! ئەگەر ســەر لە ئێوارە بێت، هەموو، یان زۆربەی مێزەکان، چاوەڕوانن و روویان لە میوانەکانە، چوار چوار بەدیار مێزە نەوییەکان ریزکراون. بەڵام کە شەو هەڵدەکشێ و مەشروب زۆرتر دەخورێتــەوە، بــە تەلەفۆن زۆرتر یەکتری داوەتدەکــەن، یەک یەک دوو دوو دەگەنە ناو ریز و ســەرمێزەکان، دەخزێنە نێو برادەرەکانی زووتر هاتوون. شــوێن و کورسی نامینێــت، ئینجــا بۆ دۆزینەوەی مێزێکی بەتاڵ، کورســییەکی لاچەپ، کورســییەکی شەرمن و بزێوی بەتاڵی لەبیرکراو و شاراوە مل دەسووڕێنن وچاودەگێڕن. کورسییەکە: گوێی بۆ ئاخاوتنی تەلەفۆنی یەکێکی تەنیشت خۆی راگرتووە، ناجوولێت، ناهەژێت، خشــەیەک ناکات، پەریشان و سەرسام گوێ دەگرێت، کە دەڵێت:

ژنەکە، ئاسۆس و بەهەشتەکەم، یەکجار گوتت گەرمت دەکەمەوە! ئیتر دەنگت نەما، ونبوویت. زوو گوتت من هەزار شــەوە خەوندەبینــم، دەرکەوت پیاوەکەی ناو هەموو خەونەکانم، شەوە درێژە تاڵەکانم تۆ بوویت! تەنیا تۆ! کوا نەهاتی گەرمم بکەیتەوە، وا لەرزم لێیە، ســەرما شــەکەتی کردم، بەگەرماش هەر سەرمامە. تۆ وەرە، زۆریش فێنکتر و شیرینتر لە بەفری قەندیل، تۆ شارەزای قەندیلی هەی کیژی قەندیل! هەی ژنەکەی سێبەرەکەی قەندیل ناسکی کردویت، گوتت گەرمت دەکەمەوە، منیش گوتم بەچی گەرمم دەکەیتەوە:

لە وەڵامدا گوتت: ئارەزووی خۆتە، بە هەموو ئامرازەکانی خۆم! بە هەســت و ســۆزە پرشــنگدارەکەم گەرمت دەکەمەوە. دەتوانم و ســازم ئەوەندە گەرم بیت، گەرمایی و توانەوە و ئارەقەکەت بەشــی هەموو زستان و ساردی تەمەنت بکات.

کورسییە بەتاڵەکەی، تەنیشت پیاوەکەی هیچ ئاگای لە ژاوەژاو و فڕکردن و پارەدان

و قوومی جگەرە و هەوری دووکەڵ و ژنەکانی سەر شاشەکە و کیژەکانی لەتەنیشت ئەو، بیرەی سـارد بە شووشــە فڕدەکەن و داوای لێوان ناکەن، نەبوو. کورسـییەکە دەزانێـت، لـەو نزیکە پیاوەکە رووتـە، زۆر نییە دەمێکـە رووتبوویەتەوە. پەرۆش و چاوەڕوانیشــە، دەیەوێ هەموو گەرمی ژنەکەی بگاتێ. گەرمایی جەسـتەی بگاتە ناو ماسـولکەکانی، بەڕادەیەک ئەوەی دەسـت لە نیوچەوانی بـدات وابزانێت تەندوورە. وابزانێـت کوورە و ئاگردانـی نێرگەلەکانی بەردەرگاکەیـە! گەرمت دەکەمەوە، بەڵام نازانم چۆن گەرمم دەکەیتەوە!؟ بپرسـم یان پرسیاری ناوێت، خۆت بڵێ:

کام ئەندامت سـاردی و شـەختە و شـەوەکانت دەیتاسـێنێت؟ پێم بڵێی بڕیارمداوە گەرمت بکەمەوە، هەناسـەم، وەرە سـەر سـینگم، ناو باخەڵم، بەر پشـدێنم، سـەر کەفـەڵ و سـمتم! بەو چاوە رەشـە نەرمانەم، دەتوانم ئاگری گەرمـت بۆ بکەمەوە، گەرمتدەکەمەوە، پیاوی مەزن و گەورەی وەک تۆ، ئاسان بەدەستی نەرم، بەپەنجەکانم _ خۆم زۆر سـەیریان دەکەم، بیر لە جوانییەکانیان دەکەمەوە، بەردەوام چاوەکانم لەسـەریانە_ گەرمتدەکەمەوە. من ژنێکم پێنج سـاڵە سـاردم! پێنج ساڵە جەستەم _نـەرم و لۆکـە و شـل و سـپییەکەم_ تینـوو و چـاوەڕوان و قـەرزاری گەرمایـی پیاوێکە! دەزانم خۆ هەرزەکارێک نییم، دەزانم چەند قەرزارم، شــەو نییە، رۆژ نییە جەسـتەم نەتریوێنێـت، سـینگم، مەمکەکانم، لـەرز نەگرن، دەزانم پێویسـتیان بە چییە، تینووی کێندەرێی پیاون! هەموو ئەندامانی جەستەم، نەرمەکانی، رەقەکانی، شەلەکانی، تەڕ و ئاورینگە شیرینەکانی، بەرز و تەخت و لووس و بە موو و سەروو و خـواروو و چـاڵ و گـرد و پشـت و پێش و چەور و بەئاو و باریک و ئەسـتوورایی سمتیشـم بەسـتەڵەکە، شـەختەیە، کەس نییە گەرمم بکاتەوە، نەمویسـتووە کەس گەرمم بکاتەوە! پێنج ساڵە، رۆژ بە رۆژم ژماردووە، شەوانەکانم سەختر و رۆژەکانم تـوورە و نارەحەتـن. ژنێکم دیـارە گەرمکردنـەوەی تۆ بوو مـن چاوەڕوانم دەکرد، پەرۆشـی بووم و نەمدەزانی. پێنج سـاڵە وەک بێچووە چۆلەکەیەک باڵەفرە دەکەم و لە سـەربانەکەم، لەبەر دەرگاکەمان هەڵدەفڕم و دەکەومەوە ناو هێلانە شـڕەکەم، دەسـتێ نەبوو بملاوێنێت، چاوێ نەبوو دامپۆشێت.

تۆ ئێستا نان و ئاوی منی، لەسەر بالیفەکەم جێگای سەر و قژ و دەستت بوویەتەوە، نامـەوێ کـە دەخەویـن، کـە دەچینە ناو باوەشـی یەکتـری دوو بالیفمـان هەبێت، سـەرمان لەسـەر سەرین مەسـت و ناخم گەرم و دەروونمان ئاسـوودە و خەویشمان

خۆشـــدەبێت. هەموو خۆشـــییەکانت دەدەمێ، دەتوانم بەیەک شـــەویش، داو داو قژە سـپییەکانت ڕەش بکەمەوە، دەزانم تۆ بۆن و نازت زۆر مەبەسـت نییە، دەتەوێ بە هەموو ئارەزوو و هەوسـەکانت توانا و گەرم بیت.
دەڵێیـــت: تـــۆ گەرمدەکەمـــەوە، بەیەکەوە دەبینە کـــوورە، مەشـــخەڵ و ئاگردان. با بەیەکـــەوە بیـــن، چیتـــر ئۆقـــرە ناگرم، هۆگـــری کەس نییـــم، لەگەڵ خۆشـــم نامۆم، دوورەپەرێـــزم، وەرە ئاشـــنام بـــە، هۆگـــرم بە، زۆرتر لێـــم نزیک بـــەرەوە، وەرە ناو باوەشم، ساردم، بەڵام بە تۆ گەرم دەبمەوە. ئای ساردی ژن چ ئەستەمێکە، ژانێکی چەند گەورەیە. یەک شـــەو ژن، یەک چرکەش ئەگەر باوەشـــی پێویســـتی بەناز بێت، ناتوانێت بەرگە بگریت! شـــەوی ناڕوات، هەناسەســـوار و تەنگەنەفســـە، ئەو شەوانە برســـییە و دڵی گیراوە، تینووە و قوورگی گیراوە، نەخۆشـــە و ناکەوێت، دەڕوات و ناجوولێتەوە، ژنی بێناز، ژنی بێ دەســـت پەریشانە وەک ڕەشەبا!
کورســـییەکە ماوەیـــەک بـــوو، لەوێ لەتەنیشـــت دەنـــگ و ڕەنگ و نووســـینەکان بەو ئاخاوتنە، زۆر گەرم داهاتبوو، هەڵدەپەڕی، لە هەر چوارپەلی خۆی دەدا، لاردەبووەوە، هەڵدەستایەوە، گەرم گەرم دەتوایەوە، ساردسارد و دەبووە شەختە،دارقامیشی وشک و ڕەقی بەرهەتاو و لەڤەند، قرچەقرچی شـــکانی دەهات، نرکەی ســـووتانی دەبینرا.
کورســـییەکە پەریشـــان: بەڵام لەناکاو، پـــاش قەرەباڵغی زۆری نـــاو باخچەکە داوای دەکەن، دەیبەن، ملیدەگرن، لەدیار ســـووتانەکە، لەناو ژووانەکە دووریدەخەنەوە.
ـــ شوێنەکەم خۆشە، ناڕۆم!
ـــ هەڵســـە بەســـە، میوانمـــان زۆرە، ئەفەنـــدی وا بەپێوەیـــە، ڕۆژانە کورســـی نەرم و گـــەورە و بـــەرزی لەژێـــرە. ژنـــی وا چاوەڕوانـــە، ڕۆژانە لە ئۆفیســـەکانیان، خەڵک بەکورسییەوە بۆی هەڵدەستنەوە.
کورسییەکەی دەیانەوێ بیبەن، بیگوازنەوە بەر مێزێکیتر و ناو ئاپوورە و دەمەقاڵێ و مەســـتبوونی دەستەیەکیتر. دەیەوێ نەڕوات، کەمێک قاچەکانی دەخشێنێت، ساتێک لە کورســـییەکەی تەنیشـــتی گیردەبێت، بەڵام دەســـتەکە، داوا و گواستنەوەکە توند شانی دەگرێت، ملی دەگرێت، گوێیەکانی ڕادەکێشێت، دووریدەخاتەوە، هەڵیدەگرن، بـــەڵام نوزەیـــەک دەکات و دەڵێت زۆرم دوور مەبەن، قەیـــدی نییە، با گوێم لە ڕازی قســـەکانی ئەو پیاوەی تەنیشـــتم بێت، ماوەیەکە لەگەڵ ژنێکی نەرم و پەرۆش قســـە دەکات، مـــن ئاگاداربووم ئاگریان لەیەکتری بەردابوو، نزیک بم!

باش بـوو هەڵیدەگرن و دەڕوات و کورسـییە ڕەقەکە لەوێ نەبـوو، لەوێ نەمابوو: کـە ژن و پیاوەکـە دەچنە ناو باخەڵی یەکتری، لەدیار ئەو هەموو سەرخۆشـە، کە دەبنـە دووکـەڵ و مەشـخەڵ و دەسـووتێن. باش بـوو گوازرایەوە، بۆ بـە دیار ئەو بتوێتـەوە، بلاوێتەوە، باشـتر بـوو هەڵیانگرت و دووریانخسـتەوە؟ چونکە دیاربوو، لە قسـەکانی ئێوارە، کە پیاوەکەی دەیخواردەوە، ژنەکەش بە ماکسـییەکی پەمبەی تەنکی یەخەکراوەی نیوقۆڵی نەرم لەدیاری دانیشـتووە.

دەم نـادەم لێوەکانـی بە شاشـەکە وەدەنێت و ماچێکی بۆ چـاپ دەکات. لێوەکانی ژنەکە دەگەنە ناو یانەکە، دەبنە مەزەی ئەو شـەوەی پیاوە مەزنەکە. چاوەکانی تا خەڵکەکە هەسـتی پێنەکەن چوونەتە ئاسمان بوونەتە ئەستێرە!

ئـەوان بگەنەیـەک دەتەقنەوە، خاودەبنـەوە، ژن و پیاوە مەزنەکـە جووتدەبن، ژنە لۆکەکە، لەگەڵ پیاوەکە سـواری ملی یەکتری دەبەن، دەچنە سـەر کەفەڵ و سمتی یەکتـری، ئیتـر بەکەس نایەنە خـوارەوە. دەچنە ناو یەکتری بەهەموو دانیشـتوانی نادییەکـە هاوێرنابنەوە. باشـبوو کورسـییەکە هەڵگیرا و گوازرایـەوە بەر مێزێکیتر، ئەگەرنا پیاوە مەزنەکەی قسـەی لەگەڵ ژنەکە دەکرد، دەستی درێژ دەکرد، ژنەکەی لەسـەردادەنا و لەتەنیشـت خـۆی رووتیدەکـردەوە، هەموو جلەکانـی پێدادەکەنی، لەسەر کورسییەکە شەرمی نەدەکرد، دەیگوت:

کەس گومان لە من ناکات، من پیاوە مەزنەکەم، کێ سەیری من دەکات! کێ دەزانێت من ژنێکی لووس و سـپیم هێناوەتە سـەر ئەو کورسییە. لەناو ئەو خەڵکە! کێ بڕوا دەکات ژنەکە بەو شـەوە درەنگە لەو ڕێگا دوورەوە دێت! خۆ شـارەزاش نییە، چۆن لەو شـارە قەڕەباڵغە پیاوەکە دەدۆزێتەوە، ڕەنگە ئاسـاییش بێت ژنەکە بە بۆنی، بە رازەکەی دەیدۆزیتەوە! چۆن نایدۆزێتەوە، خۆ ئەو سووتاوە، وەک خۆی دەڵێت پێنج سـاڵە برسـییە، بڕواش بەکەس ناکات، تینووە و سـەرچاوە و کانییەکان بەشێلویی دەبینێت. ناوی لەو پیاوە ناوە پیاوە مەزنەکە و زۆر بڕوای پێیەتی، بۆی سـووتاوە، وادەزانێـت بەیەک دیـدار، بەیەکەم نیگاش ئەگەر دوور بەدووریش بێت ئاسـوودەی دەکات.

***

لەگەڵ هەوشـار دەگەڕێنەوە، قسـەدەکەین، نەرم نەرم بـۆی دەچمەپێش، ختوکەی

دەدەم، دەیورووژێنم و دەگەڕێمەوە رۆژانی ســاڵانی هەشــتاکان، ئەو رۆژەی لەگەرمە شەڕەکانی قادسیە، کەس کەسی نەدەناسی، تاریک و دووکەڵ، خوێن و ترس، مەرگ و مردن نزیک بوو، دەســتی دەگەیشــتە گەردن و بەژن و هەناسەی هەموومان!

ئەو، رۆژێکیان بەر لە هێرشەکەی سوپای ئێران، بۆ سەر مەیدان و بەرە و یەکەکانی ئەوان، لە ئەفســەرەی ئیســتخباراتەکە نزیکدەبێتەوە. ئــەو زووتر دیاری بۆ بردبوو، خــۆی وەک کــوڕە دەوڵەمەندێکــی هەولێر، خاوەن کارگــە و ئۆتۆمبێل و زەویوزار و کاســب ناســاندبوو. ســەلامێکی بۆ دەکات و لێی نزیکدەبێتەوە، ئەویش پەریشــان و مانــدوو و چــاوی ســوور ببوو، رەش هەڵگەڕابوو، باســکی هەڵکردبوو، پشــتی بە لاندکــرۆزەرە خاکییەکــەی دابوو، دیــار نەبوو گریاوە یان شــکاوە، چەماوەتەوە یان خۆی کورتەباڵا بوو، سەرســام و حەپەســاو دیاربوو، یان دەیویســت شــەرم نەکات، لەترســانا، لەحەژمەتی شکانا گەرم و بەکوڵ بگرێت!

دوێنی شــەو، یان رۆژانی رابردوو، ئەفسەرەکە پێیگوتبوو:

کاکە، تۆم خۆشدەوێت، بڕوام بە تۆ هەیە، دەتوانیت بچیتە ناوماڵەکەم، کن باوک و دایکم، کن خوشک و براکانم، خێزانەکەم بڕۆ لە «قەڵەم» مۆلەتێکی یەک هەفتەیی بێنــە بۆت ئیمزابکەم، دەچیتەوە ماڵەوە.

ــ کەی، دەتوانم بڕۆم؟ «ئەویش هەر بۆ ئەو گفت و قســەیە هاتبووە بەر ســێبەر و باڵای ئەفسەرەکە».

ــ بەیانــی زوو، مۆڵەتەکە لەبەیانییەوە دەبێت! «ئەفســەرەکە رووی لە ئاراســتەی خۆرهەڵات بوو».

ئەویــش لە مــەودای دە دەقە، رەنگــە کەمتریش بێت، پســولەیەکی تەنکی مۆڵەتی لەسەر بەرگی رەقی دەفتەرێک، فایلێک بۆ رادەگرێت. ئەفسەرەکە بێ ئەوەی سەیری رۆژ و مــاوەی مۆڵەتەکە بکات، بەپەلە ئیمزای بۆ دەکات.

پێــش هێرشــەکە، نەک لە گەرمەی شــەڕەکە زووتر پێیگوتبوو دەچیتەوە، ســەرێک لەماڵی ئێمەش دەدەیت:

ــ یەکــەم رۆژ، بــەڵام بەیانییەکەی دەچیت! بــەر لەوەی بچیتەوە هەولێر! یان نا کە گەڕایتــەوە بەغدا «لەو تەنگاوییە، لەو شــەڕە جەهەنەمییــەدا، بەبیری دێتەوە، ئەو کــوڕە ناکــرێ پارەی پــێ بێت، با بگەڕێتەوە، لەماڵەوە چەند شــەوێک لە باوەشــی ژنەکــەی بخەوێــت، تا لە مۆڵەتەکەی من بۆم ئیمزاکــردووە، بێ ئەوەی حەقی خۆی

بێت، پشــووێک بدات و ئاســوودە بێت، ئینجا پارە پەیدادەکات و داواکەم جێبەجێ دەکات».

ـ بەڵێ گەورەم! دەچم، باوکی تۆ باوکی منە، بۆنم دەکات، وادەزانیت تۆ گەڕایتەوە، دایکت سوێند دەخوات تا نانی تەندووریان نەخۆم، نەڕۆم! سوێند دەخوات بەس بڕوا بە تۆدەکەم، کە تۆ ماویت و نەکوژراویت. بەس بڕوا بە من دەکات، تۆ ســەلامەتی، نەجمەکانی سەرشانت دەبریسکێنەوە!

ـ دەچیــت بــەڵام دەزانــی چ دەبەیت، چ لەگەڵ دەســتی خۆت دەبەیــت! «لەگەڵ فەرمانەکانی ســەیری دەموچاویشی ناکات، نیو هەنگاویش لەو دوور دەوەستێت».

ـ بەڵــێ گــەورەم فەرمانتە، ئامادەم! «شــەو بوو، پۆســتاڵی لەپــێ نەبوو، تاریک بوو، دیارنەبوو، نیتاقیشــی نەبەستابوو، خاولییەکی تەنکی زەرد، ئەوەندە پیس بوو ڕەنگەکــەی دیاریش نەبوو، لە مل و گەردەنی ئاڵاندبوو».

ـ یــەک غەســالە! « لــەو ســاڵانە لــە ســەد ماڵــی شــاریش، فەرمانبــەرەکان، دەوڵەمەندەکانیش، یەک خێزان غەسالەی شووشتنی جلیان نەبوو، ئەوەی دەیانکڕی، مارکە ژاپۆنییەکانی ســی ســاڵ و زۆرتریش ئیشــدەکات، چەندان مۆدیلی جلوبەرگ دەگۆڕێــن، گــەورەکان دەمــرن و بچووکەکان گەورەدەبن، کیــژەکان مەمک دەگرن و شــوودەکەن و بووک دێنە ناوماڵەکان و پیرەکان دەمرن، غەســالە ژاپۆنییەکانی بە سەد و سی، یان سەد و چل دینار دەکڕان، ئیشیاندەکرد، خاوێن دەمانەوە و ڕەنگە شیرییە سپییەکانیان دەبریسکایەوە».

ـ غەسالە بەدەستی ناچێت!

ـ دەزانــم گەمژە، بە پیکەب! دەیکڕیت، بۆیان دەبەیتە ماڵەوە!

ـ هیــچ نییە، بەچاوان! «ئەودەمانە بیر لەوە ناکاتەوە پارەکەی لەکێ پەیدادەکات. دەیەوێ بڕوات، لەدڵ و مێشــکەوە هەســتی بە بوومەلەرزەیەکی کوشندە کردبوو».

ـ خەمت نەبیت. «کە گەڕایتەوە جلەکانت بەو غەسالەیە دەشۆریت، بەو غەسالەیە ئارەقــەی ئەو شــەڕانە، ئارەقــە و خوێنی ئــەو برینانە، هەمووت بــۆ پاکدەکاتەوە! خەمت نەبێت!».

***

دەیەوێ لەو مۆڵەتە، ئەگەر هێرش نەکرێت، ئەگەر مۆڵەت ڕانەگیرێت، بچێتەوە ماڵ،

ژنەکەی بە بۆنەی هەبوونی غەسالە نوێیەکە، تا ماندوو نەبێت، غەسالەیەکی ژاپۆنی نوێــی بۆ ناردوتــەوە. لەبەر ئەو دیارییە، لەو مۆڵەتە شــەوەکانیان ببێتە دیارییەکی شــیرین و نازدار، ژنەکە ببێتەوە بووک و ئەویش زاوایەکی برســی، هەموو ئەندامێکی تینووی جەستەی بکاتە دیارییەکی تایبەت، شەوەکان، ئەگەر بەرۆژیش بوار هەبێت، بە خنکاندنی حەزەکانی سوپاســی دیارییەکەی بکات.

ئەو «مۆڵەتە هەفتەییەکەی لە گیرفانە، ترســاو و نیگەران، بەڵام زۆرتر شــادمان» هــەر بــەو شــەوە، راناوەســتێت و ئۆقــرە ناگرێت، بەیانــی لەگەڵ ئیڤاکــەی فەوج، جێبەکەی لیوا دابەزێت. هەر بەو شــەوە، شــرِە جانتاکەی لەشان دەکات، پسولەی مۆڵەتەکــە، پارچە کاغەزە نەرمەکە لە گیرفانــی، لەناو جزدانەکەی دەنێت، لەنێوان دوو پێنجییەکەی گیرفانی، لەنێوان دە دینارەکەی تاکە سەرمایەی خۆی و ژن و هەر دوو منداڵەکەی بوو، جێگایەکی نەرم و باشی بۆ دەکاتەوە. لە رەبیەکە دەردەچێت، لە بارەگای ســرییەکە. هەر بەو شــەوە لە شــانس و بەختی ئەو، بەرێکەوت ئیڤایەک بە زیکەزیکی بۆدییە گەورە و بەرزەکەی لەبن دیوارەکەی پشتەوەی ئامیر فەوجەکە، نزیک «بهو ــیانە ــ»ی ئەفسەران دەردەچێت. ئەو ناپرسێت ئیڤاکە بۆ کێ دەڕوات، چــی بارکردووە؟ تا کوێ دەڕوات و کەی دەگەڕێتەوە، شــوفێرەکە کێیە! ناپرســێت بەو شــەوە کێــوە دەڕوات. بەڵام دڵنیایــە، دەزانێت لە بەرەی گەرمی شــەڕەکە، لە رەبییەکانی پێشەوە دووردەکەوێتەوە.

ئیڤاکــە بێ لایت، بەتاریکی دەڕوات، یەک رێگای دەرچوون لەو دەشــت و مەیدانەکە هەیــە و کراوەتــەوە، دەڕوات و ئەویش هەڵدەگرێت. ئەو لەناو ژمارەیەک ســەندوقی بەتــاڵ و قــوورس. لەگــەڵ چەنــد فەردەیەکی ســپی گرێــدراوی بەژمــارە و بەناو و ناونیشــانەوە، بەڵام ســووک، دوو ســێ کەرتە ئاســن و پارچە مەکینەیەکی شــکاو، دوو تایەی پەنجەر و ویلێکی شــکاو، شــادمان و پاشــایانە سواری پشتەوەی ئیڤاکە دەبێــت. ئیڤاکــە دەڕوات، بۆ شــار و ئاوەدانــی و دوورکەوتنەوە لە شــەڕ و بەرە و کوشــتارەکەی دوایی دەزانن چەند خوێناوی و مەزن و یەکلاکەرەوە بوو. ئیڤاکە بەو تاریکییە، لەباوەشی ترس و دڵەڕاوکێ «هەموو دەترسان» دەڕوات، ئەگەرچی نەرم نەرم و لەســەرخۆ دەڕۆیشــت، بەڵام زۆر و باش و دروســت ئەو لە مردنی مسۆگەر و تراژیدیایەکی کوشندە دووردەخاتەوە!

هەوشــار شــوێنەکەی نەرمە، گەرمە، ئیڤاکە تەقەی نەبوو، هەڵبەزودابەزینی نەبوو،

پشتەوەی، ناو بۆدییەکەی نەرم و گەرم و ئارام بوو، ڕێگاکە بێترس و هەڕەشە بوو، چونکە دەگەڕایەوە و دووردەکەوتەوە.

ئەو پاشایانە لەناو بۆدی ئیڤاکەیە، مۆڵەتی هەفتەیەکی لە گیرفانە، هەولێر دوور نییە، لەو رەوشە، ڕێگاکە بۆ ئەو بستە ڕێگایەکە، چەند هەنگاوێکە، وەنەوزێک بدات دەگاتە هەولێر، تاکسییەک رادەگرێت و دەگاتە گەڕەکی ئازادی! ڕێگاکە دوور نییە مادام ئەو دەگەڕێتەوە، کە دەگەڕێتەوە ڕێگاکە و شوێنەکە نزیکە زۆریش نزیکە، چاوقوچانێکە و دەگاتەوەماڵەوە. پەلە دەکات و دەیەوێ بزانێت بەو مانگە، کوڕە چاو کەسکەکەی ئەگەر شیری دایکی نەخوات، خوشکەکەی شیری نیدۆی بۆ کڕیوە! دەیەوێ بچێتەوە، بزانێت کۆڵانەکەیان قیرتاوەکەی تەواوبووە! بەپەلەیە، زۆریش تەنگاوە بگەڕێتەوە، بزانێت هیچ بوارێک هەیە فیرار بکات. خۆ لەو چەند مانگە دەیان کوڕە کورد، سەربازی هاوڕێی لەناو فەوجەکەیان فیراریانکردووە و ڕۆیشتن و نەگەڕانەوە. سەیرە، عەرەبەکان، کوڕە تورکمانەکەی تەلەعفر و شیعەکان، پێیان سەیرە ئەو بۆ فیرار ناکات. سوپاکە کەسی کوردی لەناو نەماوە، ئەوانەی لە قەڵەم بوون، ئەوانەی شوفێریش بوون، هەموو فیراریانکرد، ئەو بۆ ماوەتەوە!؟

بەرە و شەڕەکە، با شەش سەعاتیش لە شاری عیمارە دوور بێت. با ڕێگاکەش خۆڵ و زەلکاو و قەمیشەڵانیش بێت، دوور نییە. ئەوەندەی زەحمەتە دووربکەوێتەوە، چیتر بروسک و شەوقی تۆپەکان نەبینێت. چیتر ترسی گەڕانەوەی لەدوای نەبێت. ئیڤاکە نەتەقێتەوە، ئیڤاکە نەشکێت، شوفێرەکە خەوی لێنەکەوێت، شتێک لەناو بۆدییەکە نەتەقێتەوە. کە دووردەکەوێتەوە ئاسوودەیە، با هەر ڕێگاکە دووریش بێت، با هەر ناو بۆدی ئیڤاکە جەهەنەمیش بێت. با هەفتەیەکیتر بگەڕێتەوە و مۆڵەتەکەی بە چاوقوچانێکیش تەواو بێت. ئەگەر ژنەکەی سووری مانگانەشی بێت، ئاساییە، دەگەڕێتەوە چونکە باش دەزانێت ئاگر «ئەو ئاگرەی ئەو نەیبینبوو، نەیسوتاندبوو، بەڵام باش هەستی پێکردبوو» تەڕ و وشکی ناوچەکە دەسووتێنێت.

***

بەیانی زوو هەوشار دەگاتە ناوشاری عیمارەی باشووری عیراق، «شارەکەی بەردەوام هەڕەشەی شەڕی لەسەربوو، بەڵام لەبەر ئەوەی شارێکی شیعەنشین بوو، فڕۆکە شڕە ئێرانییەکان بۆردومانیان نەدەکرد، بە بۆردمانە کوێرانەکانیان زیانیان، بەگەڕەک و

مــاڵ و قوتابخانــه و باخچــه و كۆڕ و دانیشــتنەكانی نەدەگەیاند. بــەڵام حكومەت، تەجنید و بەعس و جیش شــەعبی، وەک كلۆ و وەک گەردەلوول، وەک نەخۆشــی و پەتای ســەدەكانی ناوەڕاست گەنجەكانی لەو شەڕە هەڵدەوەراند». دەگاتە نەقلیات، لای پاســە شــڕەكان، بەردەم چایەخانەكەی هێشــتا وەستا و شــاگردەكانی ئاگریان نەكردبــووە. گڵاس و پیاڵەكانیــان نەشووشــتبو. شــاگردە میســرییەكانی _لاواز و ڕەشتاڵە و شڕ و كەساس_ لووت و دەموچاویان خاوێن نەكردبووەوە. كترییەكانی چا و ئاوی گەرمیان دانەنابوو. كاتەكە زوو بوو، گۆڕەپانەكە، تەنیا دانەدانە ســەربازی: ماندوو، شــانی شڕ، چاوی خەواڵوو، پۆستاڵی دڕاو، گیرفانی بەتاڵ، كڵاوی گەچراو، نیتاقی شــل و مرۆڤی بەزیو و كەســاس و نائومێدی تێدا دەبینرا.
ئەو بەو بەیانییە دەگاتە بەردەم پاسەكەی هاواری دەكرد بەغدا ... بەغدا. كەسیش لــەوێ نەبوو، مەیدانەكە قەرەباڵغ نەبوو، بەحەپەســاوەیی ســەیری دیمەن و مۆراڵە ســەیر و سەرســام و ترساوەكەی بكەن. سەیر بكەن و بەیەكتری بڵێن، سەیری بكە، ئەو بەســتەزمانە نیوەرۆحە، داوەشــاوە! خوێنی لەبەر نەماوە، ســپی، زەرد، مۆرە بەس لەبنیادەم ناچێت، وشک هەڵگەڕاوە. لە كوڕەكەی هاوار دەكرد بەغدا ... بەغدا نزیک دەبێتەوە، پێیدەڵێت:
«نەفەر بۆ بەغدا بۆ ســەربازان بەچەندە؟».
جارێ نەفەرمان نییە، كەس دانەبەزیوە، زووە! تۆ بە چ گەیشــتی، چۆن فریت، كوا باڵەكانت، كوا لەكوێ نیشتیەوە، هەستم بەهاتن و نیشتنەوە و كەوتن و دەركەوتنت نەكــرد! لەگــەڵ زرمــەی گوللەتۆپێک كەوتیتە ئــەو ئاقارە ڕەقە، ئــەو گەراجەی بە میــز و بۆنی پۆســتاڵی ســەربازەكان بۆگەنــی بووە، گوێم لە هیــچ زرمەیەک نەبوو، تــۆزم نەبینی، دیوارێک شــەق نەبوو، بارانیش نەباری؟ چۆن هاتی، چ مووكێشــێک تــۆی دەرهێناوە، چۆن گەیشــتی!؟ یەک كڵاو، یەک تاكە پۆســتاڵ، یەک جەنازەش نەهاتووە، نەگەیشــتوونەتە ئەو گەراجە! تۆ، جنۆكەی «ورد و نەرم و لەســەرخۆ و شــلیش بــوو» چۆن بەو بەیانییە گەیشــتیە عیمارە؟ چۆن ئــەو زەڵكاوانەت بڕیوە؟ چــۆن تۆپێک! چۆن دەســتەی ئیعدام!؟ چــۆن ترس، ڕۆحی هەڵنەكێشــاویت، كەی گەیشــتی! ســەربازێكی زۆر ئــازای یان زۆر ترســنۆكی! تــۆ. هەڵاتوویــت یان پارە دەربازی كردویت! كوا وەرە ســەیری شــان و قاچ و سینگت بكەین، بزانین ساچمە و گوللــە و كەرتە بەرد و بارووت پێوە نییە!

کوڕەکـەی هاواری دەکرد بەغدا... بەغدا ئەو قسـانەی لەگـەڵ نەکردبوو، بەڵام ئەو قسـانەی لە دڵ و مێشـکی دەخولایەوە. نیگاکەی ئەوەی دەگەیاند، سەربادانەکەی، نزیکبوونەوەی لە جلە خاکییە پیسـەکەی! ئەوەی پێدەڵێت.
برۆ لە شـوفێرەکە بپرسـە، تۆ یەکەم نەفەری، شـوفێرەکەمان کوردە! کورد دڵیان باشە پێیبڵێ. ئەو دەزانێت!

***

هەوشـار لەو شـەوە، لەو دانیشـتنە سـیحراوییەی ناو یانەکەی عەنکاوە، باسی ئەو سـاتە دەگێڕێتەوە چۆن لە شـوفێرەکەی ناو پاسـە گەورەکە بەسـەردەکەوێت. ئەو لەناو بەتانییەک، بەجلەوە، بەقەمسـەلە و پێڵاوەوە، لەریزی دووەمی کورسـییەکان پاڵکەوتبوو، دیمەنی دەموچاو و ریش و سـمێڵ و برژانگ و رەنگە خۆڵەمێشـییەکەی دەموچاو و ماندووبوون و ئارەقە و گەردی رێگادوورەکەی، لە تابلۆیەکی هونەری کۆنی ناو مۆزەیەکی ناوداری جیهانیدەچوو. دیمەنەکەی لە ئەفیشـی فیلمێکی سـینەمایی ئەو زەمانە دەچوو. ئەوانەی چەندین خەڵاتی زێڕینی ئۆسـکار و کان دەبەنەوە. ئەو خەوی لێکەوتبوو، بەڵام لەگەڵ ترپەی پێی کوڕێکی کورد، گەنجێک، ئەفسـەرەکەی مۆڵەتـی یـەک هەفتەی پێداوە بچێتەوە ماڵەوە، بەڵام لە گەڕانەوەی لە بەغدا، لەوێ غەسـالەیەکی ژاپۆنی بۆ ماڵەوەیان بکڕێت، سەلامەتی خۆی و نەجمەکانی سەرشانی بـە خێزانەکـەی رابگەیەنێت. شـوفێرەکە بەنادڵـی دەجوولێتـەوە، ورتەیەک بەیەک چـاوی دەکات و زووش پێڵووەکـەی دەجوولێتـەوە سـڕدەکاتەوە، نـەک چاوەکەی دادەخات، هەناسەشی رادەگرێت، دەمرێت، سڕدەبێت، رۆژی ئەوە بوو کەس تاقەتی کەسـی نەبـوو، بەزەیـی نەمابوو، پرسـین و خەم نەمابوو، مرۆڤ، دەسـت و قاچ و کەللەسـەر و خێزان و دایکوباوک و سـامانەکەی بایەخی نەمابوو. ئیمرۆش لە دۆخ و رۆژانەکـەی زیندوویـش بیت، گرینگ نەبوو، چونکە بەیانـی، یان دوو هەفتەیتر هەر دەکوژرێت. شـەڕەکە ئەوەندە درێژ و خوێناوی بوو، لافاو و لەهیبەکەی دەگەیشـتە دەشـتایی سـینگی گەنجەکان و کازیوەی چاو و دارسـتانی قژ و سـمێڵ و برژانگی رەشـیان. شەڕەکە شەڕ بوو. شـەڕێک بوو، مەبەستی بوو زۆرترین خەڵک بکوژرێت، تا یەک بسـتە زەوی، گردێک و باریکە رێگایەک و ربیەکی بۆگەنی و سـەنگەرێکی پڕ لە میز و گوو بگرن.

شـوفێرەکە، لەسـەر دەسـتی ئاخێکی کوردی و دڵێکی زامداری کوترای هەبوو. کە دەزانێت سـەربازێک لێی بەسـەرکەوتووە. مریشـکێکی تەڕ، کۆترێکی باڵشکاو. ئەو نـەرم نەرم پێڵـووی چاوەکانـی دەکاتەوە، بەڵام هیـچ نابینێت، دەزانێت، هەسـت دەکات کوڕێکـی کورد لێیقەوماوە، لەناو قەبرسـتانێکی گەورە هەڵسـاوەتەوە، بۆنی خوێنی ساردی لێدێت، هەولێرییەک وەک خۆی بریندارە، بەڵام گوللەی پێنەکەوتووە، قاچێکی پەڕیوە و دەستێکی نەماوە، ورگی هەڵزڕاوە، چاوی نەماوە، دەستی شکاوە، گۆزینگی ورد بووە، هەموو بڕبڕەکانی پشـتی شـکاوە، پەنجەکانی وەک گەڵای پایز هەڵوەریـون، قژی هەڵکورزاوە، کیر و گونـی پەڕیوە، ددانەکانی ناودەمی وردبوون، بەڵام بەزیندوویی هاتووە، چوست بەو بەیانییە، بەر لەکازیوە، پێش ئەوەی ئاورینگ بەڕەوێتەوە، ئەو گەیشتووە و سەلامەتە، بەڵام زۆر کەساسە! شپرزە و شێتانە سەر رادەوەشـێنێت، دەرویشانە شانی دەتەکێنێت، منداڵانە ورتەورتیەتی، هوڕێنەدەکات، برسـییە و هیچی پێناخورێت، میز راناگرێت و ئاوی نەخواردیتەوە.

ـــ وەرە دیارە کوردی! خەڵکی کوێی!؟ «چاوێکی خەوتوو و پیاوێکی شـپرزەی ناو بارێـک لوا و موو و ریس و قوماش».

ـــ هەولێر!

ـــ هەولێر ... هەولێر! «دەیەوێ بجوولێتەوە، یان سەرێکی بۆ بهەژێنێت، قسەیەکی بۆ بکات، ناتوانێت، چونکە ئەویش وەک سـەربازەکان، وەک هەوشـار رووتاوەتەوە، شـەکەتە، چاوەکانی دادەخرێنەوە و خەوی لێدەکەوێتەوە».

***

هەوشـار لەنـاو پاسـە گەورەکە ناچێتەخـوارەوە، نایەوێ لەدەرەوە خەڵک سـەیری پۆشـاک و ئـاکاری بکـەن، بەزەییان پێیبێتـەوە. ئەو مۆڵەتێکی یـەک هەفتەیی لە گیرفانـە و دەچێتـەوە، زۆریـش بیـر لـەوە ناکاتـەوە چۆن سـەد و چل و سـەد و پەنجا دینار پەیدا دەکات غەسـالەکە بۆ ئەفسـەرەکە بکڕێت. ئەو مردنە، گۆڕستانە، دەرگا گەورەکەیـە هەر رووبـەڕووی دەبێتەوە، کێوە دەچێـت! هەفتەیەک چییە، بۆ سەربازی ترساو لە شەڕی دۆڕاو چییە، چاوقوچانێکە و تەواودەبێت! ئەویش لەسەر کورسـییەک، هەموو کورسـییەکانی بە پـەڕۆی قاوەیی داپۆشـرابوون پاڵدەداتەوە، قەیتانەکانـی پۆسـتاڵەکەی شـلدەکاتەوە، نیتاقەکـەی دەکاتـەوە، دووجـار ملـی

دەتەقێنێتەوە. «لە قسـەکانی ئەو شـەوە بە منی گوت»، لەوێ و لەودەمانە، لەناو پاسەکە خەوم لێنەکەوت! بەڵام من، کە ئەوە دەنووسم، وادەزانم خەوی لێکەوتووە، ئەگـەر بۆ خەونێکی کورت، بۆ پشـوودانێکی بەتـرس، یان دەرکردنی با و بۆنێکیش بووبێـت، چونکـە دیارە ئەو لەو کاروانە ترسـناکە زۆر ماندوو بووە، زۆر لەناو بۆدی ئیڤـا بەرزەکـە وەک تـۆپ هەڵقۆزیتەوە، وەک ترس لەرزیوە. هـەر ترس بڵێ، ترس خـەوت دەزڕێنێـت و دەتخەوێنێت. خەوی شـەو و پشـوودان و خـەوی ماڵئاوایی و ژینئاواییە ترس.

هەردووکیـان، ئەو و شـوفێرەکە، هەردوو کوڕە هەولێرییەکە لە گەراجەکەی شـاری عیمارە، تیشکی گەرمی ڕۆژەکە، ژاوەژاو و بانگکردن و نوزانەوە و قیژەقیژ و هۆڕنی تیـژ و گـەورەی لۆری و پاسـەکان لە خەوەکە هەڵیاندەسـتێنن. چاویان دەکەنەوە، ملیـان درێژدەکـەن، پەنجەکانیان دەتەقێنـەوە، باش دەموچـاوی یەکتری دەبینن. لەکـێ یەکتریان دیوە، هەرگیز یەکتریان نەدیوە!

«وەرە، خەمـت نەبێت لەو پاسـە گـەورە جێگات دەکەمەوە، دەربـازت دەکەم! تۆ لـەو ئاگرە دەربازبوویێت مـن بێغیرەتم، بەسـەلامەتی نەتگەینەمەوە هەولێر، منیش هەولێرییم».

«سـوپاس، من پارەم پێیە و مۆڵەتیشم پێیە!».

«بڕۆ خۆت مات بکە، دڵنیام ئیجازەکەت تەزویرە! پارەکەی تۆشـم ناوێ!».

❋❋❋

دانیشـتنەکەمان گەرمبـوو، هەمـوو مێزەکانیـش گەرمبوون، گەرمبوون و کەسـیان سـەرخۆش نەبوون، کەسـیان بەتەلەفۆن داوایان لێنەدەکرا بگەڕێتەوە و پەلە بکەن، هەڵنەدەسـتان، پارەیـان نـەدەدا، زۆرتریان داوا دەکرد، تا زۆرتـر پارە بدەن! تازە خەڵکیتر دەهاتن، دوو دوو سـێ سـێ لەسەر مێزەکانی تازە خەڵکەکەی ڕۆیشتبوون و پارەیان دابوو، دەوەسـتن و بانگی گارسۆنەکان دەکەن:

کاکـە وەرە! بۆمـان پاکبکەنەوە. «بـەڵام ناڵێن درەنگە، دیارە بـۆ ئەوان زوو بوو، هاتبـوون پـاش نیـوەی شـەو بگەڕێنەوە، کـە دەچنەوە کـەس بـەدەرەوە نەبێت، منداڵـەکان، میوانـەکان، پیرەکانیان خەویان لێکەوتبێت، بـەس ژنەکانیان نا، بەس دۆسـتەکانیان نا، هەموو خەوتبن بەس ئەوانە پەرۆش و چاوەڕوان بن!».

نیوەشـــەویش تێدەپەڕێـت و نەڕۆیشـــتین، بەیەکـــەوە داوای چارەکێکیترمـــان کـــرد، بـــەڵام مەزەکەمان هەر مابوو، دەخۆینەوە، بەسەرخۆشـــی باســـی ڕۆژە رەشـــەکانی، شەوەکانی، بە شەڕ ڕووناکببوون، دەکرد!

من «وەک ســـەربازێکی ئیحتیاتی لاســـلکی ناو فەوجێکی مودەرعی ناوچەی شوشـــی ئیرانـــی داگیرکراو» پێش هێرشـــەکە، بەر لە گرتـــن و تۆپبارانە چڕەکە، لەودەمانەی هەزارەهـــا ســـەربازی ســـوپای عیراقی دەکەونە ناو درک و بن خـــۆڵ، دەبنە جورج و کۆلارە، دەبنە پەڕۆ و کەباب، وەک ســـونە و شـــیعە جیادەکرێنەوە، وەک ئەفســـەر و پیـــادە، خەڵکـــی کام شـــاری، «حەویجە» یان «کوفە»، شـــارۆچکەی «بەلد» یان «مشخاب»ی شارە بچووکە شیعەنشینەکەی خوارووی عیراق، تێدا چاوی رەشی ژن و بەژنی دارخورماکانی لەسەر رووباری فورات دەبریسکێتەوە. شەوەکەی مۆڵەتەکەم وەرگرتبـــوو، بەوە هیوایـــەی بەیانییەکەی لەگەڵ ـئیڤا ـکـــەی خواردن و گەیاندن و زەخیرە بڕۆم و بگەمەوە شـــار و ئاوەدانییەک.

ئەو بەشـــەو، دەرەنگ، بۆندەکات، ســـەری بە زەوییەکە وەدەنێت، چاوی زەقدەکاتەوە و هەســـت رادەگرێـــت، تێدەگات ڕۆژی حەشـــەر، شـــەوی قیامەت و کاتـــی فەنابوون و لافاوەکـــە نزیـــک بوویتـــەوە. بڕوابکەن دەزانێـــت، ئەو دەزانێت شـــتێک ڕوودەدات، تێدەگات زەوییەکە دەلەری، زۆریش دەلەری! ئاسمان نەوی بوویتەوە، زۆریش نەوی بوویتـــەوە، ئەســـتێرەکان خۆیان بە کلکی فڕۆکەیەک وەکردبوو، ترســـنۆکانە، لەپەنا هەورێکی شـــل و تەمێکی نەرم دوور زۆر دوور دەڕۆن، تا لە ئاســـمانی سەهۆڵبەندانی جەمســـەرە ساردەکە بنیشـــنەوە. هەموویان خەوتبوون، پاسەوانەکان، ئەفسەرەکانی خەفەر هوشـــیار نەبوون، بەڵام لوولە تۆپەکان، ڕوو لە خۆرهەڵات و ئیران بوون.

لـــەو گێژاوەدا، لەو سەرســـووڕانەدا، هەوشـــار گوێـــی لە گـــڕەی مەکینەیەک دەبێت، تایەکی گەورە دەســـووڕێت، تاریکاییەک دەخشـــێت، بۆدییەکی گەورە جوولە دەکات، ئـــەو خۆی پێچابـــوو، ئاگادار رادەکات دەگاتە پێش: دەنـــگ و مەکینە و گڕەگڕەکە، خۆی بە دەرگاکە وەدەکات، دەیکاتەوە دەگاتە بەر پەنجەرەکە، دەســـتی بۆ ناوەوە درێژدەکات، نەرم نەرم دەرگاکە دەکاتەوە، قســـە لەگەڵ شـــوفێرەکە دەکات، ئەویش دەیناســـێت، ئەگەرچی لەبەر گڕەی مەکینەکەی گوێی لە هیچ نەبوو، بەڵام تێدەگات کە پێیدەڵێت:

ــبـڕۆ پشـــتەوە، لەپشـــتەوە دانیشـــە، خۆت مـــات بکە. «تـــا لە ســـەیتەرەکان، لە

مەفرەزەکانی خەڵک ئیعدام دەکەن، سەرباز و ئەفسەرەکان دەکوژن، نەیبینن. با بچێتە ناو بۆدییەکە، ناو فەردەکان، سەندوقەکان».

ئیڤاکە هەڵوەستەیەک دەکات، بەڵام راناگرێت، هەر ئەوەندە بوار دەدات، ئەو دەست بە بۆدییەکەی بگرێت، بەخشەخش سەرکەوێت. سەردەکەوێت، ئەگەر لەو پەلاماردانە، لەو دەستگرتن بە بۆدییەکە سەرنەکەوتبووایە، ئێستا ئەو سەربردەکەی بۆ من لەو نادیبە لە عەنکاوە نەدەگێڕایەوە، گوێم لەو سەربردەیە رانەدەگرت! پێکێکی زۆرتریشم نەدەخواردەوە و ئەویش پێینەدەگوتم:

زۆرت خواردیتەوە، پیاوی باش بە، وەرە ئیمشەو مەگەڕێوە هەولێر، کە نازانم گەڕەکی فەرمانبەرانی دووەمی ناو هەولێر لەکوێیە، شوێنمان زۆرە! دەچینەوە، هەموو تۆیان خۆشدەوێت!

منیش پێیدەڵێم:

منیش ئەوانم خۆشدەوێت، بەڵام لە ماڵ و بەرپەنجەرە و کۆڵانەکەی خۆم نەبێت، خەوم لێناکەوێت! سەدان شەوی تر، لەوەم زۆرتر خواردیتەوە و سەربردەی تاڵتریشم نووسیوەتەوە، سەلامەت، خۆم و ئۆتۆمبێل و بیرەوەرییەکان گەیشتوومەوە ماڵەوە!

❊❊❊

ئیڤاکە کەسی تێدا نەبوو، شوفێرەکە بەتەنیابوو، کێوە دەچوو، بۆ دەڕۆیشت نازانێت! بەو شەوە بۆ دەرچوو، رەنگە هۆکاری یەکەمیش بۆ ئەوە بێت، تا من ئەوە بنووسمەوە. دووریش نییە، هەوشار بە پارە شوفێرەکەی ئیقناعکردبێت لە بارەگاکە دەربازی بکات، لە ئاگرەکە دووری بخاتەوە!

بێدەنگ وەک ئەوەی هەڕەشەی لێ کردبێت، وەک ئەوەی ئەویش مەست و خەوالۆ بوویت، دەمێک دەڕۆن لە هەژێنی زەوییەکە، لە سامی لەهیبەکە، لە لوورەلووری گورگەکان، لە باڵەفرەی باز و قەڵەڕەشەکان دووردەکەونەوە، نیو سەعاتێک ئیڤاکەی تایەکانی لەبەر بەرزی و بۆدییە بەتاڵەکەی هەڵدەپەڕی، دەڕوات!

بەیانییەکەی لەناو پاسەکە، لەپشت شوفێرەکە سواردەبێت، جانتا شڕەکەی لەبن پێیەکانی پاندەکاتەوە. لەجامی پەنجەرە گەورە پانەکەوە سەیری دەرەوە دەکات، بەڵام هیچ نابینێت، چونکە ئاگای لە دیمەن و بەرچاوی خۆی نەبوو، زۆریش دڵی بە پاسە رۆمانییە کەسکە گەورەکە خۆش نەبوو، زۆر گوێی لێبوو، ئەو جۆرە پاسانە

له ڕێگا دوورەکان پەکیاندەکەوێت، بۆیەش بەردەوام ســەرەمەکینەیان لەســەر ڕێگا دوورەکان هەڵدراوەتــەوە، شــوفێر و نەفەرەکانی لەدیــار کەلاوەکەی کفری دەکەن و دەپاڕێنەوە ئیش بکاتەوە، ئەوان:

ســکی برسییەکان، خەونەکان، موچەکان، زەوق و هەوس و ڕاسپاردەکان بگەیەنن. ئەوانەی لەناو پاســەکە بوون زۆربەیان سەربازبوون، بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت. هەبوو بەنیاز بوو بگەڕێتەوە تا:

لــە یەکــەم ڕۆژی گەڕانەوەی ســاچمەیەکی بچــووک، بەڵام تیژ و گــەرم و لزگین بە کەللەســەری بکەوێــت و یەکســەر بیکوژێــت. هەندێــک لەوانــە بەنیازن پێنج شــەو لەماڵەوەبن و بگەڕێنەوە، پاش دە ڕۆژ بکوژرێن و ژنەکەی لە براکەی مارە بکەنەوە، ئینجا دوایی لەســەر پارەی موچە و خانوو و ئۆتۆمبێلەکەی ببێتە شــەڕیان. هەبوو کــە دەگەڕێتــەوە دەبینێــت فەوجەکەی هەموو گیــراون. هەبوو لەماڵــەوە لەبەردەم دایکوباوکی و ژنەکەشــی، براکانی و جیرانەکانیشی دەڵێت:

دەگەڕێمەوە فەوجەکە و جێگام باشــە و ترســی نییە. بەڵام! ڕاستییەکەی وا نەبوو، ئــەو لەنــاو ئاگرێکــی گــەورە و چڕەدووکەڵێکی تاریکی گــەورەدا بــوو، ناگەڕێتەوە و فیــراردەکات. هــەر ئــەو ڕۆژە دەڕوات، بــە کۆنە پیکەبێکی ســووری شــڕ دەگاتە خۆشــناوەتی، پــاش چەنــدان ســاڵ لە ئەورووپــا بە مــۆراڵ و کەســایەتییەکی نوێ سەرهەڵدەداتەوە.

❊❊❊

پاســەکە دەڕوات و گەرمــا و برســیەتی و پیســی و ئارەقــەی و زەوقــی سێکســی نەفەرەکان، ڕێگاکەی دوورتر دەکردەوە:

ـ کاکە جگەرەت پێیە؟ «دەســتێکی لەسەرشــانە و کابرا ســەری هێناوەتە پێش و بەزمانی عەرەبی پێیدەڵێت».

ـ ئــا، ئمممــم. «دوو جگەرەی بەیەکەوە لە پاکێتە ڕۆســمنەکەی دەردەهێنێت، بێ ئەوەی ملی بسووڕێنێت و سەیری بکات بۆ کورسییەکەی پشتەوەی بۆی رادەگرێت».

ـ ســوپاس، دیــارە ڕۆســمنە، جگەرەی بەغدا و ســۆمەریش نییە. «دیســان کابرا بەزمانی عەرەبی پێیدەڵێت».

ـ ئا ڕۆسمنە، ئاگرت دەوێت؟

_ سوپاس شخاتەم پێیە.
لەناو پاسەکە، بێگومان، هەموو بیر لە چارەنووسی خۆیان دەکەنەوە. هەوشاریش بیر لەوە دەکاتەوە، چۆن پارەی غەسالەکە پەیدا بکات، چۆن بیکڕێت، ئەگەر پارەش پەیدا بکات و بیکڕێت چۆن بیباتە ماڵەکەیان. لەناو پاسەکە وەنەوزێک دەدات، خەونێک دەبینێت، لەو خەونە کورتەدا رادەچڵەکێت، موچڕکێک بە لەشی دادێت، رەنگە لەودەمانە تۆپێک بەر رەبییەکەیان کەوتبێت، شوێنی خەوتنەکەی ئەوی گرتبێتەوە.
سەیری ریزە دارخورمایەکی دەکرد و خەوی لێدەکەوت، هێشتا ریزەکە تەواونابێت ئەو دەخەوێت و پاش گاڤێکی کورت، ئەو خەونە دەبینێت و لە خەوەکە رادەچڵەکێت، رادەپەڕێت، جگەرەیەک دادەگیرسێنێت. هێشتا مژێکی لێ نەدابوو، بیر لەوە دەکاتەوە جگەرەیەک بداتە شوفێرەکەی، بەرامبەر جامەکەی پێشەوە نەک درزێک، نیوەی و گۆشەیەکی یەکپارچە وردببوو، دانیشتبوو.
جگەرەیەک بۆ شوفێرەکە رادەگرێت، دوایی پەشیماندەبێتەوە دەبێ بۆی داگیرسێنێت. بەپێوە دەست بەتەنیشتی کورسییەکەی دەگرێت و چەرخەکە دەردەهێنێت، جگەرەکە بە چەرخەکە دادەگیرسێنێت. بەر لەوەی شوفێرەکە جگەرەکە بە لێوی وەنێت، سەیرێکی جگەرەکە ناو دەستی دەکات، کە دەزانێت رۆسمنە زوو لەناودەمی دەنێت تا مژێکی لێبدات،ئەگەرچی دەیزانی ئەو جگەرانە بەئاسانی ناکوژێنەوە.
پاش داگیرسانی جگەرەکە زۆر ناڕۆن، دەگەنە رێستورانتێکی گەورە، پاسەکان لەوێ دەوەستن، نەفەرەکان بۆ: نانخواردن، نوێژکردن، میزکردن پشت تەقاندنەوە، ئاوخواردنەوە، کڕینی جگەرە و خورما و کێکی سۆلاف و لوقم، ئەویش لەگەڵ نەفەرەکان دادەبەزێت. شوفێرەکەی دەست و مەچەکی بە ئاخ و دڵ و سووتان کوترابوو، لەجیاتی جگەرە رۆسمنەکەی لە رێگا بۆی دادەگیرسێنێت، رادیۆیەکی قیسارەی بچووکی باریکی رەنگ سووری دەداتێ، تا بە وایەرە باریکەکە گوێ لە ئێستگەکان، لە هەواڵەکان، یان لە گۆرانییەکی درێژ رابگرێت.
دووبارە و بەپەلە، هەموو پەلەدەکەن، لە رێستورانتەکەی هیچ مەرجی خواردن و پشوودان و توالێت و نوێژکردن و هەرزانی و تێربوونی نەبوو، سواردەبنەوە، ئەویش لەسەر کورسییەکەی پشت شوفێرەکە دادەنیشێتەوە، سەماعە بچووکە نەرمەکە لە گوێچکەکانی دەپەستێت، میلی قیسارەکە دەسووڕێنێت، لەسەر دەنگی

بەغدا رایدەگرێت، گوێ لە هەواڵی بەرەکانی شـەڕ رادەگرێت، بەیانەکە تەواودەبێت، سـروودێکی زۆر بەجۆش، دەنگی کۆراڵێک، موزیکێکی بەجۆش، شـیعرێکی شەعبی، وتارێکی کورت، دووبارە سروودێک بەدەنگی ناودارترین گۆرانیبێژی عەرەبی عیراقی، ژنێکی تر سـروودێکی بەسۆز دەڵێت، کورتەی هەواڵەکان دووبارە دەکاتەوە، دیسان گوێی لێ رادەگرێت، باش دەزانێت شەڕەکان لەسەر «قاتیع»ەکەی ئەوان بووە، لیوا و فەوجەکانی ئەوان هێرشـی لەسـەرکراوە، یان ئەوان جوولەیان بە یەکەکانیان، بە دەبابە و تانکەکانیان کردووە _تاکی عیراقی لەو سـاڵانە هەرگیز بڕوا و متمانەی بە هەواڵ و بەیانە سـەربازییەکانی خۆیان نەدەکرد_ چەندی بڕوا دەکات، بڕوا ناکات. بەتەنیایە و ئازادە و ترسـی لەسـەر نییە و دەتوانێت گوێ لە بەرنامەکان نەگرێت و جنێوویش بدات و تفێکیش بکات، لەو توورەیی و بێزاییەش ئێسـتگەکەش بگۆڕێت.

❊❊❊

بەڕێکەوت، میلی رادیۆ سـوورە بچووکەکە، یەکسـەر دەکەوێتە سـەر ئێسـتگەیەکی ئێرانی، بەڵام بەزمانی عەرەبی! دەنگەکە کزدەکات، سەرە سەماعەکە زۆرتر پاڵدەداتە نـاو کونی گوێچکەکانی، نەوەک دەنگی رادیۆکە دەربچێت. دەنگەکە بۆ گوێچکەکانی سـاف بوو، عەرەبییەکە جوان و ئاسان بوو!

ماوەیەک هەسـت رادەگرێت، سـڕدەبێت، سـەری بەرزدەکاتەوە، ملی دەسووڕێنێت، پێیەکانی دەکێشـێتەوە، دوایی خۆی گرژتر دەکاتەوە، رادیۆکە باشـتر دەشارێتەوە، وایەرەکـەش زۆرتـر دەباتـە بن قەمسـەڵە گەورەکەی، بـەڵام دەنگەکـە، هەواڵەکە ناکوژێنێتـەوە، گوێـی لە نـاوی فەوج و لیواکەی خۆیان دەبێت، هەسـت رادەگرێت، میلی رادیۆکە ناسـووڕێنێت، دەنگەکە کزتر ناکات، دەیەوێ بزانێت هەواڵەکە چییە، ناوەکانـی رادیۆکـە دەیانخوێنێتەوە کێـن! ناوەکان زۆربوون، هەموو ئەفسـەربوون، ئەوانەی لە شـەڕەکانی دوێنێ شـەو گیرابوون، ناوی گەورە ئەفسـەرەکان، دانەدانە نـاوەکان دەناسـێتەوە. ئەو زۆری لەوانە دیبوو، دەیان جـار «تەحیە»ی گەرمی بۆ کردبوون، لەگەڵ زەبری توندی کوتانی پۆسـتاڵەکەی بۆ سـڵاوکردن، تۆزی لەسـەر زەوییەکـە هەڵکـردووە. یەکێـک لەوانە روتبـەی عەقید بوو، نـاوەکان روتبەی زۆر گەورەیان تێدا بوو. ناوەکان زۆربوون، پلە و پۆسـت و بەرپرسـیاریەتی و سـاڵ و رۆژی لەدایکبوون و شـوێنی نیشتەجێبوونی دیلەکان بەڕوونی دەخوێندرایەوە.

«هەوشـار دەیـەوێ بجوولێتـەوە، لەسـەر کورسـییەکەی هەڵبسـتێتەوە، دیسـان جگەرەیەکـی تری رۆسـمن بداتە شـوفێرەکە. بـەڵام لەبەر خوێندنـەوەی ناوەکان، لەسـەر کورسییەکە هەڵناستێت، نایەوێ رادیۆکە بجوولێت، نەوەک شەپۆل و دەنگی رادیۆکـەی بشـێوێت. ئەو دڵـی خەبەرێکی دابوو، خشـپەیەک، رازێک سـرپکردبوو، بۆیـە نایـەوێ لەریزی ناوەکان، لە ژمارەی ئەفسـەرە دیلەکانی: زۆر «تەحیە»ی بۆ کردبوون، لێیان ترسـاوە و ئازاریانداوە. شـەوانە بەقیژەی وشـەی نهێنی زەندەقیان بردووە. ئەو لەسەر کورسییەکەی بەرپەنجەرە گەورە لێل و بە شوختەکە هەڵناستێت، جگەرەیـەک بداتە شـوفێرەکە، بەڵام بەخۆی جگـەرە بەجگەرە وەدەنێت. باش بوو، بەر لەوەی سـواری پاسەکە بێت، دوو پاکێتی رۆسمنی کڕیبوو».

ئەو پەرۆشە، دەیەوێ ناوەکان یەک یەک، لەگەڵ شێوە و باڵا و دەسەڵاتەکانیان بەراورد بکات. هەڵناسـتێت جگەرەیەکی تر بداتە شـوفێرە هەولێرییەکەی لەسـەر مەچەکی «ئـاخ دڵ» کوتـراوە، وادەزانێت ناوی دیلەکان ماوە و زۆریش دەخایەنێت، هێشـتا ناوی ئەفسـەرەکان دەخوێندرێتەوە، دڵنیایە دەگاتـە فەوجەکەی ئەوانیش، ناوەکان گەیشـتووتە ناوی ئەو ئەفسـەرەی، ماوەیەک ئامیری سـریەیان بووە، ئەفسەرەکەی موچەی دابەشـدەکرد، ناوی ئەویشـی خوێندەوە، ئەگەرچی ئەو ئیحتیات بوو، بەڵام مانگانەش برێک پارەی لەو وەردەگرت، کە بەباشـی بەشـی هەردوو سەری چوون و گەڕانەوەشی مۆڵەتەکانیشی نەدەکرد!

پاسـەکە دەڕوات. لەبەر زۆر شت شەقەشـەقیان بوو: تایەکانی، بۆدییە گەورەکەی، رێگا شـکاوەکە، بایە بەتەوژمەکە، ژان و شـکانەکەی لەسەر سـنوورەکە قەومابوو: نەفەرەکان دەهەژێن، دەموچاوەکان ترش و نوزە و هەناسـەیان رۆحکێشان بوو.

شـوفێرەکە جگەرە بەجگەرە وەدەنێت، بەڵام وریایە و باشـیش دەڕوات، ئەو کەچە پاسـانە بەو جۆرە شـوفێرانە نەبێت ناڕوات، ناگات، ناتوانێت چل و هەشت نەفەری شـەکەت، چل و هەشـت دڵی شـکاو، نۆهەد و شەش چاوی سـیس و چل و هەشت گیرفانی بەتاڵ و خۆزگەی سـووتاو و جەسـتەی پیس و جلی بۆگەنی دەرباز بکات.

لەو رێگایە ماوەماوە ئۆتۆمبێلێکی گچکە، لۆرییەکی بارهەڵگری ئەڵمانی، سوپەرێکی سـپی، مالیبووی ئەفسەرێکی گەنج، قەڵابێکی باری رێگاوبان و ئیشغاڵ، تەنکەرێکی سوتەمەنی لە کوێت بارکرابێت، ئەوانە بەخێرایی دەهاتن، فلاتێکی سەرکراوە، بیست تـۆن چیمەنتـۆی لە ئوردنـەوە بارکردبێت، لـەو رەتدەبێت. یەکێک لەپشـتەوە داوا

دەکات، کاسێکتێکی بە دەنگی «سالم منکوب»ی بۆ لێبدات، تا بۆ خۆی لەناو ئەو ئاوەدانییە، لەو پاسە جەنجاڵەدا، شین و گریان و باوکەڕۆیەک بگێڕێت. ئەگەرچی نەیدەزانی لە بەرەکانی شوش چ نسکۆ و شکان و پێشڕەویەک قەوماوە، نەیزانیبوو، بەڵام هەوشار دەیزانی رادیۆیە قیسارەکە چ دەخوێنێتەوە، ناوی ئەفسەرە دیلەکان چەند زۆرە و تەواو نابێت، سەربازەکانیش بە ژمارە و پۆل پۆل و فەوج فەوج ئەژمارد دەکرێن. یەکێک پێیدەڵێت: دەی کاکە گازی بدەرێ، درەنگە، پەلەمانە ئیجازەکەمان چەندە، تۆش وەک حوشترەکەی خۆمان دەڕۆیت!

***

هەوشار سڕ و حەپەساو گوێ لە ناوەکان دەگرێت. دەترسا نەوەک رادیۆیە قیسارەکە پاترییە بچووکەکانی تەواوبێت، دەنگ و نوزەی لەبەرببڕێت. ئەو دەیەوێ پێش دایکوباوک و خێزانەکان، پێش تەوجیهی سیاسی فەیلەقەکەیان، گوێی لە ناوی دیلەکان بێت. لەگەڵ ناو خوێندنەوەکە، لەگەڵ ناوە زۆرەکان، نەجمەکانی سەرشانیان، پلە و پۆستەکانیان غەسالەکەی لەبیربباتەوە. ئەو بیری دووردەڕوات، ئەوانەی چەند ساڵە لەناو سەربازگاکان، لەناو ئۆتۆمبێلەکانی بەدیاری وەریانگرتبوو، لەگەڵ موچە زۆرەکانیان، دەستماچکردن و شکۆ و شانازییەکان، سەرکەش هاتوچۆیان بوو، ئیمشەویش، ئەفسەرە بەعسییەکان، کوڕە گەورەکانی خێزانە ئورستوکراتییەکان، سوننییەکانی خۆرئاوا و موسڵ و «جبوور» و «تەی» دیلی دەست شیعەکانی ئێرانن، ئەوانەی چەندان شاریان، بەو شەڕە، بەو داگیرکردنە خاپووربووە، ئەوانەی شەوانە موشەکەکانی سەدام تارانی پایتەختی لێکردوون بە جەهەنەم.

هەوشار لەگەڵ ناوێک، ناوی سییانی ئەفسەرێک، بەپلە و ناونیشانەکەی دەیەوێ بقیژێنێت، هاواربکات، بەڵام سۆز و کتوپڕی ناوەکە دادەمرکێنێتەوە، هەستەکە بەشان هەڵتەکاندن و هەستراگرتن دەربازدەکات. لەناو پاسەکە، لە رێگای چوونی بۆ بەغدا گوێی لە ئێستگەکەی ئێران دەبێت، ئەفسەرەکەی داوای لێکردبوو هەفتەیەک مۆڵەتت بۆ دەکەم، بەڵام دەبێ غەسالەیەک بۆ ماڵەومان بکڕیت، پێیدەڵێت و داوادەکات و حیسابی ئەوەش ناکات، هەوشار نەک پارەی نییە، لەو هاتوچۆیە بەردەوامیش قەرزارە! ناوی نەقیبەکەی ئیستخبارات ئەوەی داوای غەسالەی کردبوو، لەناو دیلەکان دەخوێندرێتەوە، جوان و باش: ناو و پلە و شوێنی نیشتەجێبوونی

خۆی بەدەنگی خۆی، لە ئێستگە ئێرانییەکە دەبیستێت. ئیتر لەودەمانە تێدەگات ئەفسەرەکە دەگیرێت و پێویست ناکات پارە قەرز بکات، بۆ ئەوەی غەسالەیەک بۆ ماڵەکەیان بکڕیت، غەسالەکە ناکڕێت، بەڵام لەگەڕانەوەی لە بەغدا بۆ نیو سەعاتێک، سەرێک لە دایکوباوکی ئەفسەرەکە دەدات.

***

لەناو دەفتەرێکی کۆنی پیاوێکی دەوڵەمەندی ئەو شارە، ئەوەم دیوە و خوێندیتەوە. شارەکە، لە بوارەکانی ئابووری و بازرگانی و پیشەسازی و دواییش کشتوکاڵی گەشەیکردووە. بیرم لەوەش کردیتەوە، ئەوانەی کارکەر و ماندوو و وردکار کاسبییان کردووە، دەتوانن بەرهەمیان هەبێت. شارەکە گەورەتربکەن، موڵکی زۆر لەو کەسانە بکڕن، کە لە باوکوباپیرانیان بۆیان ماوەتەوە:دەشتی بەیار، باخ و زەویوزار، ئاو و جۆگە و کانی، سەدان دۆنم، نیوەی شارەکە، چواردەورە و نزیکی قەڵات، نزیک منارەی چۆلی، پشت سینەمای حەمرا، ئەرزە باشەکانی نزیک گەڕەکی تەیراوە، ناو قەسرانی نزیک ئیمام موحەمەد، پێش ئەوەی بگەیتە قەسابخانەکەی دەرەوەی قەبرستانی چراخ، هەموویان فرۆشتووە و لێیان کڕیون، موڵکەکان: بوون بە ئاوەدانی و دووکان و حەسار و سیف و گەراج، بەڵام هەردوو سینەماکە سەلاحەدین و حەمرا خۆیان، منداڵی ئاغاکان دروستیانکردووە. ئەوانە پێنج ساڵ، دە ساڵ کاسبیان کردووە، لە دەفتەرەکە دیارە، لەساڵی ١٩٦١ پیاوێک بەس دەزانێت نامە بنووسێت، دەزانێت حیسابات بکات، هێشتا فێری زمانی تورکی ئەستنبۆلی نەببوو، دەچێتە ئەڵمانیا، میونشن، نەک ناو ئەڵمانیای شیوعییەکان: ئەوانەی بەدزی، لەسەر دیوار و بە دەربەند و تونێل و لەژێر هەڕەشە و مەترسیش ئاودیوی بەشەکەی تر دەبوون! دەسەڵاتدارەکانیان، بۆ کڕینی کەرەستە و خواردنی باشتر سەردانی بەشە خۆرئاواییەکەی دەکەن.ئەو پیاوە هەولێرییە، ئەو شارییە زیندووە، لەناو کۆڵانی نانەکەلییان، لەپشت قوتابخانەی «خوڵەکان»،»ئولا»ی جاران دێتە ناوشار. «خۆشی هەر لەناو جەرگەی بازار و ئاوەدانییەکە بوو، بەڵام دێتە ناو کاسبی» لەو کۆڵانە باریکە، لەناو خزمەکانی، لە پیشەی باپیرانی بەیتاری و جەراحی و دەرمانسازی و گیاوگۆل دەربازی دەبێت، کرێکاری دەکات، ماندوو دەبێت! هەموو ئیشەکانی دەست و چاو و شانی ئارەزوویان کردووە کردویەتی،

کاردەکات، شەرمی نەکردووە، لەکن وەکیلەکانی، هاوپیشەکانی، لە بەغدا، موسڵ، ئەستنبۆل، بەیروت، بەرلین، سوید، بریتانیا. لەکن سیاسییەکان و گەورە پیاوانی دەسەڵاتیش، لە هەموو بازاڕەکان گوتوویەتی:
بەهەژاری پێگەیشتووم، من بەشەو، بەقاچاخ و بەترسەوە لۆری رەژووم بردیتە بەغدا، بەشەو بیابانم بڕیوە!
کاریکردووە تا دەگاتە ئەو رۆژەی دووەم مارسیدسی رەشی شارەکە، کە ژمارەی «هەولێر ٢٥» لەسەر بوو، لەبن ئەو پیاوە دەبێت.کەس نەبوو، لەو وڵاتە، یان زۆربەی خەڵکەکە دوورونزیک پرۆشکی سیاسەت و حزبایەتی بەرنەکەوتبێت، ئەویش رۆژانێک دەگیرێت، ئەشکەنجە دەدرێت، بەهەموو تواناکانی پشتیوانی حزب و پێشمەرگایەتی دەکات. لەگەرمەی مقۆمقۆ و دانوستان و نیگەرانییەکانی رۆژانی پێش یازدەی ئازاری ١٩٧٤ دەچێتە بەیروت، ماوەیەک لەوێ، لەسەر دەریاکە بیر لەدوارۆژی رەوشەکە، دانوستان و ململانێیەکان دەکاتەوە، چەند هەفتەیەک دەمینێتەوە، لە شەقامی حەمرا دەبێت، بیری لە بن قەڵات بووە، برادەرەکانی، بەرپرس و حزبییەکانی زۆر لە ئۆفیسەکەی سەردانیان دەکرد.پەرۆشە و بیردەکاتەوە دەبێ چارەنووسی شۆرش و سەرۆکەکەی مەلا مەستەفا «گەمەکە کەوتبووە ناو بازنە و بەرژەوەندی دەرەکی و وڵاتانی ناوچەکەش» بگاتە کام کەنار! رۆژنامەکان دەخوێنێتەوە، لە برادەرەکانی پرسیار دەکات، عەقڵی رەوشی ئەوێش ناگرێت، بەڵام نازانێت پاش چەند مانگێک لەو شارە جوانە، لەسەر ئەو کەنارە نازەنینە، شەرێکی قوررس روودەدات، شارەکە خاپووردەبێت، مەسیحییەکان موسلمانەکان قڕدەکەن، مەسیحییەکان خۆزگە بە هاتنی سوپای ئیسرائیل دەخوازن، وڵات و شار و جڤاتەکە بەرەو ئاقارێکی خوێناوی و داڕمان دەبن، تا ئیمرۆ نووسەرەکانیان هەزارەها رۆمانیان لەسەر دۆخەکە نووسیوە، هەزارەها رۆمان و فیلمی تریش لەسەر سازبکەن، تراژیدیاکەی ئەو ساڵەی لوبنان تەواونابێت! لە لوبنان نائومێد دەبێت. ئەگەرچی رۆژە رەشەکانی حەرەس قەومی ساڵی ١٩٦٣ی باشیش لەبیرمابوو، بەڵام دەگەڕێتەوە هەولێر و سەرپەرشتی پرۆژەکانی دەکاتەوە.

***

شەوانە کە لەیانەی موحاربین «ئەو نادییەش لە هەولێر هەبووە، بەناوی کۆنە

ئەفسەرەکانی خانەنشین کرابووەوە، بەڵام شەوانە، کەسایەتییەکانی شار، ئەفەندییە ناسـراوەکان، بۆینباخە نوێیەکان، جەمەدانییە گەورەکان، گیرفانە گەرمەکان، زەوقە شـیرین و سـۆزدارەکان، بەزمە شـیرینەکان، گەمەکانی لەسـەر پارە و گاڵتەکردن سـازدەبوون، لەوێ دەیانخواردەوە» قسـەی لەگەڵ برادەرەکانی دەکرد، لەگەڵ کلۆ بەفرەکانـی ناو پێکی ویسـکی جـوان دەبوو، رەنگـی دەکرایەوە، شـاناز دەبوو بە کاسبییەکانی:

بەتەنیا، بێ پشـتیوانی خزم و عەشـیرەت ئیشـمکردووە، ئێسـتاش، شانازم لە زۆر شەقامە سەرەکییەکانی ئەو شارە موڵکم هەیە، دووکانی زۆرم هەیە. سەدان کرێچی و موڵکـی باشـم هەیـە، سـەرمایە و دەسـتکەوت و کـرێ و کڕین و فرۆشـتنەکان دەنووسـمەوە. بـە خۆم وردورد ناو و پارە و قـەرز و وەرگرتن و هێنان و بردنەکان دەنووسمەوە!

کـە مانـدوو دەبێت، بڕێک پارە پەیدا دەکات، روو لە کەرەسـتەی ئۆتۆمبێل دەکات، شـەیدای مارکەی جەمسـی دەبێت، بەر لەوەی ئەو بەو ناوە بناسـرێت، لە ئەمریکا، مارکەکـە لەسـاڵی ١٩٠١ دادەمەزرێت و دواتر لەسـاڵی ١٩١٢ بەرهەمـی ئۆتۆمبێلی دەگاتە ٢٢ هەزار دانە. بەڵام لە هەولێر جەمسـی و ناو و ناوداری یەک کەس بووە، لەبن هوتێلەکەی سـندباد، لەبەر سـێبەرەکەی قەڵات، نزیـک دووکانە ئاوەدانەکان، هەموو پیشە و بازار و گەراجێکی لێبووە، «ساڵح سیفۆن»یش لەوێبووە. گەراجەکەی هەموو هاتوچۆکان لەوێبوو.

لەوێ لەو شـەقامە، چەند هەنگاوێک لە قاوەخانەی مەچکۆ و عەبۆ دوور، دووکانێک بۆ کەرەسـتەی ئۆتۆمبێلی جەمسـی دادەنێت، خۆشـی جەمسییەکی سپی نوێ، زۆر نوێ لێدەخوڕێت، ئیتر لەوڕۆژەوە، پیاوەکەی لە بنەماڵەیەکی شـاری و کاسـب، بە جەمسی دەناسرێت. ئەویش شەرم لەو ناوە ناکات، مارکەیەکی ئەمریکی کە لەساڵی ١٩٠١ لـە باکـووری ئەمریکا ناسـرابووە، پاش شێسـت سـاڵ دوای ئەمریـکا، ناو و مارکە و کەرەسـتەکانی دەهێنێتە ناو هەولێر و لەبن هوتێلی سندباد لەناو دووکانێک دایدەنێت! بەو ناوە، بە پیکەبە سـپییەکەی دەناسـرێت، نازناوی نانەکەلی و جەراح و دەرمانسـاز هەڵناگرێـت، دەبێتە پیاوێکی ئەمریکـی و جلی ئەورووپی لەبەردەکات، شـەوانەش ویسکی نایابی سکۆتلاندی دەخواتەوە!

دەفتەرەکە، ئیمڕۆش کوڕەکەی شـاناز و نوێ و پاک هەڵیگرتووە، نازانم ئەویش بە

منداڵەکانــی گوتــووە، رایســپاردون، وەک دیکۆمێنتێکی شــارەکە ئاگایان لێی بێت، یادگاری ئەو ســاڵانە دەگێڕێتەوە، دەفتەرە کۆنەکەی کوڕە گەورەکەی، شــەرمم لێی نەکرد، بەتەمەن لە من گەورەتر نییە، ئەویش شــەرمی لە من نەکرد، تەمەنی لە من گەورەتــر نەبــوو، یەک تەمــەن بووین. چووە ژێرزەمینەکە، دەســتی بردە ناو دۆڵابە گەورەکــە، بەرپەنجەرەکە، لەناو دەلاقەکە دەفتەرەکەی هێنا.

لە دەفتەرەکە دیارە، پیاوەکەی ماوەیەکی زۆرە مردووە، سی ساڵێکە نەماوە و موڵک ناکرێت و ئۆتۆمبێلی دوامۆدیل لێ ناخورێت! ئەو لەو ســاڵانەی بەردەوام، کاســبی: داروبــەرد و ئاســن و تەنەکــە و بۆدی و مەکینــەی کردووە، هەموو حیســاباتەکەی بەخۆی راگرتووە. دەیزانی و دەیخوێندەوە و دەستخەتیشی باش بوو، چەند مانگێک لەکــن مەلایــەک، لــە مزگەوتەکەی ســەری کۆڵانەکەیان، یان لــە خانەقاکەی زۆر لە ماڵەکەیــان دوور نەبووە، حەرف و رســتە و نووســینی پیتەکانــی خوێندبوو، دوایی خۆی رۆژ بەرۆژ بۆ کاروبارەکانی دەبێتە کاتب و خوێندەوار و زمانزانی ســێ زمان: کــوردی، عەرەبــی، تورکیــش. لــە دەفتەرەکەی دیارە لەســاڵی ١٩٦١ کەرەســتە و یەدەگی ئۆتۆمبێلی جەمســی فرۆشــتووە. هەر لەو دەفتەرەش دیارە زووتر، لەسەر ئەو شــوێنەی دوایی پشــتی دەکەوێتە، شەقامە ناودارەکەی هەولێر «شێستمەتری» باڵەخانەیەکی ســێ نهۆم بە قۆنتەرات بۆ حکومەت دروست دەکات.

دوای ئەوەی لەو پرۆژەیە قازانج دەکات، دەســتی دەگاتە وەزارەت و ئەندازیارەکان، چاوی دەکرێتەوە، ئیشی زۆرتر و گەورەتریش دەگرێت، بەڵام واز لە مەکینە و ئاسن ناهێنێت و دەچێتە ئەڵمانیا، لەوێ لە میونشن پیاوێکی دڵتەڕ و شارەزا لە بازرگانی و ئاســن و لــۆری مەحمــود دزەیی ـ شــەش حــەوت ســاڵێکبوو دەچێتــە ئەڵمانیا، ماوەیــەک دەخوێنێــت و دوایی روو لە کاســبی دەکات و دەبێتە فرۆشــیار و کڕیاری مەکینەی گەورە، بۆدی بار و کەرەســتەی پێویســت ـ چەند ئۆتۆمبێلێکی مارسیدس دەکرێت، لۆری و قەڵاب و بارهەڵگر! دەزانێت بازاڕەکە، شــارەکە، گەشەســەندنەکە، پــرۆژەکان مەکینە و ڤانی گەورەی دەوێت! بــەڵام چۆن ئەوانە بگوازێتەوە، چۆن لە بەرلین و میونشن و هامبۆرگ بیانگوازێتەوە سەرسنوور، تورکیا و بوڵگاریا، بەیروت و یونان! پیاوەکەی زووتر لەو وڵاتە ژیاوە، لەوێ خەریکی بازرگانی بووە، شاناز بەو پیاوە هەولێرییە دەڵێت:

ـ کە تۆ هاتوویت، پارەت هێناوە، گەیشــتی، جورئەتی ئەو کاســبییە دەکەیت، من

زۆر یارمەتیـت دەدەم! «مەحمود کانبی دزەیی پێیدەڵێت».

ــ چۆن، چیتدەوێ ئامادەم!

ــ هیچـم ناوێ، بەس دەمەوێ پیاوێـک ماڵی لە تەیراوە بێت، دووکانی لەبن قەڵاتی هەولێر بێت، لەو کارە سەربکەوێت!

بۆیە کابرا، باشـیش یەکتریان نەدەناسـی، بەڵام خزموکەسـی یەکتریان دەناسی، لە ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیا، لە میونشـن بانگەوازێک بڵاودەکاتەوە، دەنووسێت:

«ئەوانەی مۆڵەتی شـوفێریان هەیە، دەیانەوێ گەشـت بکـەن، ئۆتۆمبێل لێبخوڕن، بارهەڵگر و لۆری، دەتوانن پەیوەندی بکەن و زانیاریی زۆریان لەسـەر ئەو گەشـتە خۆراییانەیـان بـۆ ڕوونبکەینەوە. بـا پەیوەندی بە ژمـارەی تەلەفۆنی منەوە بکەن، دواکاتیشم بۆ سەفەرەکە دیاریکردووە».

هـەر ئـەو ڕۆژە، لەنـاو ئەڵمانیا، لە شـارەکانی نزیـک میونشـن پەیوەندی دەکەن، دەپرسن، حەزدەکەن، دەیانەوێ دووربکەونەوە، ئەو ئەزموونەش تاقیبکەنەوە، لۆری گـەورەی نـوێ لێبخوڕن و هیچ سـەرف نەکەن، بچنـە ناو وڵاتانـی ئەوروپا، بگەنە تورکیا، یۆنان.

مەحمود دەزیی، بەرنامە و کاتی دەرچوون و گەیشـتن و دەربازبوون بۆ شوفێرەکان دیاریـدەکات، ئەویـش لۆرییـەکان، قەمەرەکانیـان ئامادەدەکات. ئیتـر کاروانەکەی قـادر جەمسـی لە ئەڵمانیا دەردەچێت، سوپاسـی گەرمی پیـاوە دزەییەکە دەکات، بەڵێنـدەدات تـا ماوە چاکەی لەبیرنـەکات! کە گەڕایەوە هەولێـر میوانداری بکات و چاکـەی بداتـەوە. دەڕۆن و هەموو لـۆری و پیکەب و فلات و قەلابەکان بەخۆرایی و بەئاسـانی دەگەنەوە هەولێر. ئەویش تا زۆر قەرزار نەبێت، پارەکەی بگاتەوە دەست و باری کرێیارەکان گران نەکات، دەیانفرۆشـێت: بەو پارەیە، بەو قازانجە، بەو ئەرک و ماندووبوونە، پارچە زەوییەک لەناو بازاڕ، لەنزیک سێبەری قەڵات دەکڕێت، دەبێتە خاوەن گراج و دوازدە دووکان!

***

قـادر جەمسـی، پیاوەکـەی لە کاروانەکـەی ئەڵمانیـا و وەکاڵەتی جەمسـی قازانج دەکات، بیر لە پرۆژەی نوێ دەکاتەوە: دەگاتە بەستەڵەکی سوید، ڤۆلڤۆ، مارکەکەی هەمـوو ئۆتۆمبێلێکـی دروسـتدەکرد. قـادر جەمسـی بیر لـەوە دەکاتـەوە ئامێرە

کشتوکاڵییەکانیان بکڕێت، تراکتۆر و دەرسەکانی «بی ئێم» و بۆلندەرکانی سویدی بێنێتە هەولێر. پارەی هەبوو، ئارەزووی زۆر بوو، دەیویست هەنگاو بەهەنگاو زۆرتر ئیشبکات، بەرنامەکانی بگۆڕێت، کاردەکات دەبێتە نمایندەی کۆمپانیا و کارگەکانی ڤۆلڤۆ لە سوید. بەر لەوەی «عومەر شێخ موس» وەک گەنجێکی سیاسی، وەک کوردێکی رۆژئاوا، بۆ خوێندن و سیاسییەک روو لەو وڵاتە بکات، قادر جەمسی لە هەولێرەوە دەبێتە نمایندەی ڤۆلڤۆی سویدی! شۆڤل و حەفارەیان لێدەکڕێت، بێ ئەوەی پارەبدات و بۆیان دەفرۆشێتەوە، بەڵام چۆن پەیوەندییان پێوەدەکات؟ چۆن تەلەفۆنیان لەگەڵ دەکات؟ چۆن پارەیان بۆ رەوانە دەکاتەوە؟ ئەوەیان لە دەفتەرە کۆنەکەی ماوە، لەکن کوڕەکەی پارێزراوە، بەڵام لەودەمانە دیار نییە، یان ئەو کاتی نەبوو سەیری هەموو لاپەڕەکانی دەفتەرە گەورە کۆنەکە بکات!

***

شەوێکیان قادر جەمسی لە یانەی ئەندازیاران ئەو کاتە لەناو باخچە جوانەکەی گلکەند بوو، بەرووی بەنزینخانەکە، لەوێ برادەرێک پێی دەڵێت:

_ ئەو پیکەش هەڵدە، با قسەیەک بکەین!

_ لە چاوت، با بەیەکەوە پێکەکە هەڵدەین.

ویسکە زێڕینەکە لەناو هەناوی نەتوابووە، هێشتا گەرم بوو. کابرا پێیدەڵێت، باوکی وریا.

ئەویش پێیدەڵێت ئەو باوکی فلانە، کەلتوورێکی عەرەبییە، من قادرم و نازناوم جەمسییە!

_ تووڕە بوویت! «کابرا هێشتا پێکەکەی هەموو هەڵنەدابوو، وەک ئەو شارەزا نەبوو، تازە فێری خواردنەوەی ویسکی ببوو».

_ برای ئەزیزم لەسەر مێزەکەمان مەشروب و مەزە و خۆشی و دڵپاکی هەیە، تووڕەیی نییە! فەرموو! برایەکی گەورەی.

_ بۆ بیر لە وەکالەتی ئۆتۆمبێلی فیات ناکەیتەوە. «دەست بە بۆینباخە هێڵدارە سین و سپییە باریکەکەی ملی دەبات» چیتگوت.

_ دەڵێم وەکالەتی ئۆتۆمبێلی فیات، با ئەوەشت هەبێت.

_ ئەوەش دەکەین، لە هەولێر کەس بیری لەوە نەکردیتەوە! «قادر جەمسی وەڵامی

دەداتەوە» بەڵام دەنگ و ئاکاری ئەندازیارێکی قژفش و کەپو گەورە، ئەوەی هەموو خۆشیاندەویست، گاڵتەیان لەگەڵ دەکرد، کە ماوەماوە بۆ بڕین و چاککردنی قژی دەچێتە بەیروت، هەر بۆ قژبڕین نەدەچوو، جۆرەها مۆدە و دیزاینی جلوبەرگ و کتێبیشی دەهێنا. کە وڵات زۆر ئاڵۆزتردەبێت، دڵە جوانەکەی هەڵدەگرێت و دەیباتە ئەڵمانیا، هەولێر و برادەرەکانی، دایکیشی دەزانێت لەوێیە نەخۆشی دڵ مردووە، بەڵام دروست نازانن کەی و چۆن ژیا و چۆنیش مرد.ئەو، دیارە هێشتا بەیەکجاری بۆ مردن نەچووبووە ئەڵمانیا، پاش ئەوەی کەمێک باسی کارەکانی ناو کارگەی مافووریان بۆ دەکات، دەگەڕێتەوە سەر باسی کتێب و سینەما و سەفەر و فشقیاتی گەنجایەتی. لەسەر مێزەکەی تەنیشتیان داوای مەزەیەکی تر دەکات، دانوستانەکەیان سارد دەکاتەوە. پارچە بووزێک لەناو پەرداخەکەی دادەنێت. چاوێک لە دیمەنەکەی دەرەوەی کە بە رووناکی بەرهەیوانەکە، رووناکی دوو چراکەی دەلەرینەوە، بەژنی چەند دارچنارێکی باخچەکەی لێوە دیاربوو. ئەگەرچی ناوقەدیان باش ئەستوور ببوو، بەڵام لقەکانی دەلەرینەوە. ئەگەر شەو نەبوایە، دیمەنی باخچەکەی گڵکەند رازاوەتر دەردەکەوت، بەوەش مەشروبی زۆرتر دەخورایەوە، بەفریش زووتر لەناو پێکەکان دەتوایەوە.

ـ «قسەکە تەواو دەکات» بڕواناکەم، ئەگەر دەزانی کەس چاوی لەسەرە من ئەوە ناکەم، سوێند بەو پێکە جوانە، هەرگیز نەبوومە رێگر لەسەر رەزق و کاسبی کەس. لەو دوو سێ رۆژە بپرسە، لە «شێخیل حاجی حەسەن» ـزووتر بەیەکەوە وەکاڵەتی چیمەنتۆیان هەبوو، دوایی جیادەبنەوەـ و «حاجی عەزیزی خرابەدراو» ـئەو پیر دەبێت، ئەبوبکری کوڕی ئیشەکانی بەڕێوەدەباتـ، لەناو ئاغاکانی دزەییان، لەناو فیتەرەکان، حەدادەکان، سەید تاج، «مەجید بەلوعە»، «عیزەدین قەرە»، »حاجی مەمەد قادر نەجار» و «زەکریای مەلا ئەمینی نەجار»، «وەلی خورشید» ـ وەکاڵەتی جگەرەی تورکی هەبووـ بزانە کەسیان بیریان لەوە نەکردیتەوە!ئەگەر کەس نەبوو، ئیش بۆ ئەوە دەکەم، کێ لەوانەش بیەوێ ببێتە شەریکم، ئاساییە، هەموو شتێک بە نووسین و حیسابە.

***

بە دەرزی بیری قووڵ و سەرچاوەی زێڕینی ئاویش لێدەردێت! بە دەرزیش دەتوانیت

دەوڵەمەنـد بیـت. پەنجە و هۆش و زیرەکی دەتوانێت دەرزی بکاتە سـەرچاوەیەکی گرینگـی کاسـبی و ژیان. پیاوە سـوورە هەولێرییەکەی لەبن قـەڵات، خەیاتی جلی ئەفەندیەتی دەکرد، مامۆسـتاکان، پارێزەرەکان، ئەفسەرە گەورەکان، خەڵک هەبوو لـە موسـڵ و بەغـدا و کۆیـە و کەرکوکیـش دەهاتنە کـن جەلیل خەیـات و قاتیان دەدووری. بەکاسـبی، بەدوورینـی جوملـەی جلـی قوتابییانی موسـل و کەرکوک و هەولێـر و دەزگا رەسـمییەکانیتر، پـارە پەیدا دەکات. ئەویـش پارەکانی بە موڵک دەدات. پارەکانی بە حەسـارێکی گەورەی نزیک شـار و بن قەڵات دەدات. بەرامبەر و نزیـک نەخۆشـخانەی هەولێری کۆمـاری، پارچە زەوییەکی گـەورەی ئیفرازنەکراو دەکڕێت.

دوو پارچە زەوی لە دوو گۆشـەی سـەر شەقامە سەرەکییەکەی شێستەمەتر، هێشتا تەنیا نەخشـەی دانرابوو دەکڕێت. لە دۆخە سیاسـییە ئاڵۆزەکەی هەولێر و ناوچەکە و عیراقیـش ئاسـان نەبـوو، ئەو پرۆژە زەبەلاحـە گەورەیە، بـە بەرینی و درێژی و زۆری پردەکان شـەقامەکە دروسـتبکرێت. بەڵام ئەو دوو موڵکە، دوو پارچە زەوییە گەورەکـەی نزیـک کۆشـک و باخەکانی ئەحمـەد چەڵەبی دەکڕێـت. بۆیەش دوایی دەیانگـوت، قسـەیان هەڵدەبەسـتا، گوایـە جەلیل خەیـات بۆیە ئـەو دوو موڵکەی بەرامبـەر یـەک کڕیـوە، تـا لەبنەوە، لەبـن شێسـتەمەترییەکە، لەبن قیـر و بەرد و پەستانەوەی شەقامەکە، تونێلێک بۆ هەردوو کۆشکەکە هەڵبکۆڵێت. تا ئەو ساڵانە، دواییـش خەڵکی سـادەکە، کە سـەیری باڵەخانەی بەرامبـەر مەحکەمەیان دەکرد، سـەیری نهۆمەکانی سـەرووی ئۆرزدییان دەکرد، لەبەر سێبەری دوورودرێژی هەردوو دیوی باڵەخانەکە، پیاسـەیان دەکرد و سەریان بەرزدەکردەوە، دەیانگوت:

درۆ نییـە، کاکـە ئەگەر بتوانێت ئەو باڵەخانەیە دروسـتبکات، ئەوەی بەو دەکرێت، بە حکومەت ناکرێت. بزانە چەند سـاڵە بینایەی ئەنجومەنی تەشـریعی و تەنفیزیان پێ تەواو نابێت. سەیر بکەن، وەرە مەڕۆ سەرت بەرزبکەوە، بەرزی باڵەخانەکەی لە بەژنی قەڵات دەدات. هەر لەبەر بەرزییەکەی، لەبەر شـکۆی قەڵاتیش، شـەش سـاڵ بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی و شارەوانییەکانی هەولێر و ئەمانەتی گشتی بەرزکردنەوەی باڵەخانەکەیـان، لەبەر حورمەتی قەڵات، ڕاگرتبوو! بەڵام دوایی، پیاوەکە نەرم نەرم ڕێیدەکرد، دەیتوانی لەسەرخۆ و بە پەیڤە شیرینەکەی، بەردیش نەرم بکات، مۆڵەتی باڵەخانەکە نۆژەندەکاتەوە.

ئەو ئەوەی کردبێت. ڕەنگە تونێلی لەبن شێستەمەتریش لێدابێت، دوو کۆشکەکەی، سپییەکەی و ئەوی تری بەیەکەوە بەستاوەتەوە!
ئەو، تونێلی لەنێوان دوو کۆشکەکە گەورەکان نەکردبوو. پیاوە سوور و نەرم و وردبینەکەی خوێندەواریشی نەبوو. بەڵام! ئەو دەتوانێت نەخشە و دیکۆر و بەرد و دیزاین و ئەسانسۆر و کریستاڵ لەناو باڵەخانەکە، دواییش هەموو جوانکارییەکانی هونەری و بیناسازی و مەڕمەڕ و نووسینی کوفی و پیتە عەرەبییەکان و فەسیفسای مۆر و کەسک و فەیروزی لەناو مزگەوتەکە بەکاربهێنێت، لە ئەستنبۆل و بەیروت و مەغریب کارمەند و نەخش و وردەکاری بێنێتە ئەو شارە! بەڵام! شارەوانی نەخشەکانی بنەڕەتی بۆ تەواوکردنی بڕینی شەقامی شێستمەتری موڵکێکی ئەو دەبڕیت. موڵکێکی ئەو، دەکەوێتە نێوان هەردوو بەرەکەی شەقامەکە.
دوایی بەشێکی دەبێتە مزگەوتێکی ناوازەی گەورە، پاش کۆشش و شانازییەکانی لەناوشارەکە، کە دەمرێت مزگەوتەکە، گۆشەیەکی دەبێتە مەزار و ناشتنگەی خۆشی. بەشی دووەمی موڵکەکە، کە جاران کۆگای شیش و دار و ئاسنی هەولێر بوو، حکومەت لێی بەکرێگرتبوو. دەبێتە مۆلێکی شەش حەوت نهۆمی مۆدێرن.
لەوێ من، لە کافتریایەک، ڕوو لە مزگەوتەکە، لەگەڵ پاشا دانیشتم باسی ژووانی کیژەکەی بۆ گێڕامەوە:
«لەسەر دیوارەکەیان ئاودیوبووم، نیوە ماچێکم کرد، گەورە و شاناز و سەرفراز، ئینجا بەناو هەڕەشەی دوو تفەنگ و هاوارێکی گەورە ماچەکەم فڕاند و دەربازم بووا!».

❊❊❊

کوڕێکی ڕەشتاڵەی باڵابەرزی شەرمن، ناوی لە زانکۆ دەرچووە. لە ئەندازیاری بەغدا دەوام دەکات. پشووی بەهار و نیوە ساڵ هاتووتەوە هەولێر. داماو، کز ناتوانێت پارە و مەسرەفی گەڕانەوەی دابین بکات. باوکە کڵۆلەکەی، دەچێتە ئەنجومەنی شارەوانی، لەوێ، ئەوانیش مەردانە ڕەزامەندی شەش دیناری هاتوچۆ و کتێب و جلوبەرگی بۆ سەرف دەکەن، فەقیرانە! کوڕەکە، خوێندنی ئەندازیاری بەزیرەکی و لێهاتوویی تەواو دەکات، حەزناکات لە دائیرەیەک، لە ئیشغاڵ یان لە شارەوانی دامەزرێت.

نایەوێ چاوی لە مەعاش و فەرمان و قسـه و بەخشـیش و منگەمنگی شـوفێرەکانی دائیـرە، فەرمانبەرەکانـی ژمێریـاری و وردەبینـی بێـت. لـەدەرەوە، لەبەڵێندەری، لەسەرپەرشتی و نەخشەسازی کاردەکات:

دە دوازدە ساڵ، دوای وەرگرتنی پارەکەی شارەوانی، ئەندازیارەکە بە مارسیدسێکی نەوی پانی رەش، ئارمەکەی پێشـەوە دەبریسـکێتەوە، لەبەردەم دەرگای شارەوانی رادەگرێـت. نـەرم نەرم دێتەخـوارەوە، چاویلکە رەشـەکەی لەچـاودەکات، قاتێکی قاوەیی لەبەرە، پانتۆڵە باریکەکەی و چاکێتە کورتەکەی جوان لە هەندامە زراڤەکەی دەوەشـێتەوە. دەرگای مارسیدسـەکەی دادەخات، فایلێکی گەورەی لە دەسـتە، بە دەنگە گەورەکەی، سڵاو و لوتفی بەرێز لەگەڵ دوو سێ کەس دەکات، بە پیاوە ورگ گەورەکـەی هاوینانیش جەمەدانییەکی لە ملی دەئاڵاند دەڵێت:

واحیـد چاوێکـت لـە ئۆتۆمبێلەکەم بێت. «نەرم نەرم و سـەرکەش بـەرەو دەروازە ئەلەمنیۆمـە شووشـەییە بەرینەکەی بەڕێوەبەر دەڕوات، ناچێتە دەروازەی ئاسـایی، ئەو لەو دەرگایە دەچێتە ژوورەوە. ئەندازیارە، لەناوشـار چەند ریزە دووکانی هەیە، ماوەیـەک وازی لـە قۆنتەرات و سەرپەرشـتیاری هێناوە، خەریکە موڵکی ناوشـار، شـوێنە بازرگانییـەکان دەکڕێتـەوە، ئەپارتمان و دووکانیان لەسـەر بەرزدەکاتەوە، هەمووشـیان بە یەک رەنگ بۆیە دەکات! دەیەوێ هەموو موڵکەکانی یەک رەنگ بن: ئەگەر یەک دیزاین و ئاکار و ڤیوش نەبن، کە ئاسـان نییە، بەیەک رەنگ رەنگینیان دەکات.

فایلەکەی دەسـتی کۆپی نەخشـەکان و سەند و داوا و تەعهد و رەزامەندی شوێنەوار و بەرائەتی قەرز و بانکی تێدا بە نیتاقێکی کەسـک بەسـتابوو. داواکارە و دەیەوێ بەرامبـەر چایەخانەی عەبۆ، بەرامبەر جەنجاڵییەکەی دەلاڵخانەکە:

دووکانە بچووکەکانی بازاڕی کارەبا و تەلەڤزیۆن و تەسجیل و هەموو وردەکارییەکانی تێـدا بـوو. لـەوێ دەیەوێ باڵەخانەیەک دروسـت بکات، بەڵام لە سـێ نهۆم بەرزتر نەبێـت، ناکرێ شـکۆ و دەرگا و ئـاکار و جوانییەکانی پێشـەوەی قەڵاتەکە بگرێت. ئەویش داواکەی شـارەوانی و مەرجەکانی بۆ دیارکەوتنی قەڵات قبووڵ دەکات.

بەڵام! پاش دوو سێ ساڵ، بەرامبەر باڵەخانەکەی ئەو، زۆرتر رووبەڕووی قەڵاتەکە، باڵەخانەیەکی بەرزتر، بەدەستێکی گەورە، بەرەزامەندی باڵاتر قیتدەکرێتەوە. شکۆی قـەڵات چییـە! «ئەودەمانە قەڵات ناوی نەبووە هۆلاکـۆ بەزین، هیچ گەریدەیەکیش

قەڵاتەکــەی بــە هێڵانــەی هەڵۆ ناو نەبردبوو» گرینگ ئەوەیە تــۆ، بۆ قازانجی خۆت چیــت پێدەکرێــت بیکە، بیکڕە بیفرۆشــە، قازانج بکە، ســازش و بەرتیل و ... بکە.

«ئەوانــە زوو قەڵاتیــان تەڵاقدابــوو، کە ماڵ و ژیــان و خەونیان لــەوێ بوو، زووتر نرخیــان نەزانیوە و دابەزیــون. موڵکەکانیان لەیەکتری نەکڕیوەتەوە، نەفرۆشــراوە، بەپــارەی کــەم، بەکــرێ ڕەمزی، بەپیاوەتــی داویانەتە خەڵک، ئێســتا چ کاریان بە کۆنە دەرگا و رووبەند و پێشــەوەی قەڵات و نەخشــەی کەرپووچ و بۆیە و دەرگا و پەنجــەرەکان هەیە. ئەوانە باڵەخانەی بەرزدەکەنــەوە، نهۆمی زۆرتر، کرێچی زۆرتر، بازاڕی گەورەتریان مەبەستە!».

❊❊❊

هەژاری، کارکردن، بەردەوامی، کۆششــی زۆر ئەوانە بەختیاردەکات. بەپارە و موڵک و باڵەخانــە و زێــڕ و خانووی گەورە و باخی پرتەقاڵ، ســەرفرازدەبن. منداڵەکانیان دەچنــە ڕۆمانیــا و پۆلۆنیا. منداڵە دەوڵەمەندەکان لە وڵاتی سۆســیالیزم دەخوێنن، دەیانەوێ فێربن و بڕوانامە بهێنەوە.

بــەڵام ســۆران عەنکاوەیی، کــوڕی پیاوە هەژارەکــەی، زووتر و شــاناز، جووتیار و شوان و دوایی کرێکارێکی ماندووی تەلەفۆناتی هەولێربووە، ئەرکی گرانی خێزانێکی گــەورەی لەسەرشــان بووە. هەژارەکــە، کوڕەکەی هەموو جۆرە کۆششــێک دەکات، بەمنداڵــی وەک باوکی، بەرخەوان بــووە، بژاریکردووە، جۆخین و پەرێز و جەنجەری کــردووە. کە هەراش بووە، لەناوشــار کاریکردووە، کرێکاری کردووە، دەستفرۆشــی کردووە، ڕەنجیکێشاوە، ویستویەتی ئەرکی باوکی سووک بکات، خێزانە گەورەکەیان ببوژێنێتــەوە. لەگــەڵ ڕەنــج و کارکــردن دەخوێنێــت، دادەمەزرێــت، پێدەکەنێــت، ڕووخــۆش، ڕەنجدەر، بــەڵام هەر ناتوانێت بەوانە ســەرفرازی فەراهەم بکات، بۆیە بە هزرێکی شۆڕشگێرانە دەست دەداتە تفەنگ، تفەنگێکی کۆن، بەڵام شاناز، حزبایەتی دەکات، دەچێتە شــاخ، ڕووخۆش وەک پێشــمەرگەیەک، ئــازا وەک چەکدار، زیرەک وەک کادیر، لادێیەک وەک جووتیار و داس و ســەرما و جلوبەرگی شــڕ و ســاپیتە دارزیو.

لــەوێ، لە کاروانێکی ترســناک، پــاش دەربازبــوون و ســەرکەوتنیش دەگەڕێنەوە، بەگومان، نەرم نەرم پێیەکان، جلە تەڕەکان، تفەنگە گەرمەکان، مەخزنە بەتاڵەکان

دەچنەوە ناو خانوویکی نەوی، دەرگایەکی تەسک، بەر ئاگردانێکی خۆڵەمێش. لەوێ ژنی ماڵەکە، دەستە ماندووەکەی ئەوان لەبرسانا و لەبەر هەژموونی سەرما و نەمانی قاچ و دەست و ئاو لە خەویان هەڵساندبوو. بەو سەرمایە، کە نان و ماستیان لەبەردەم دادەنێت، ژنەکە، بە قسە و لوتفەکانی سۆران دەگەشێتەوە، ژنەکە کامەران، وەک جامە ماستەکە دەبریسکایەوە. نانە رەقەکە لەگەڵ نەرمبوونەوەی پیرۆزتر دەبوو. چایەکە لەگەڵ هەڵمەکە شیرینتر دەبوو. سەربانەکە، سۆپاکە گەرمی کردبوونەوە، ژنەکە دەڵێت:

ـ تۆ ناوت چییە! «روو لە پێشمەرگە رەقەڵە باڵابەرز، ئاوەدانەکە دەکات، کە لەنێو ریزەکە، لەسەر لبادە شڕەکە بەزەحمەت شوێنی خۆی کردبووەوە».

ـ ناوم سۆرانە. سۆران، پوورە ئەزیزەکەم، ئای کە دەنگت لە دەنگی دایکم نزیکە! دایکم نێزگرە، بەڵام هەموو وەرزەکان گەشاوەیە، چاوی گەشە، روومەتی خوناوی لەسەرە! دایکم ماندووە، وەک تۆ بەردەوام هەستیارە، چاوەڕوانی هەمووومان دەکات، بەتایبەتی من!

ـ منیش ناوم خوناوە! «ژنەکە لەبەردەرگاکە وەستابوو».

ـ خوناو، لەناوی دایکم نزیکە، بەیەکەوە تۆ و دایکم، دڵم رووناک دەکەنەوە، تۆ دایکی منی! «سۆران دەڵێت».

ـ قسەت خۆشە، دڵت گەورەیە، نووری موحەمەد لەناو چاوەکانت دەبینم!

هەموو سەیری دەموچاوی سۆرانی مەسیحی دەکەن، بۆ ئەوەی نووری پێغەمبەر لە چاوەکانی ببینن. بۆ ئەوەی کەسیان قسە نەکەن، سۆران زوو بابەتێک دەکاتەوە و بە ژنەکە دەڵێت:

بڕیارە دایکم ژنم بۆ بهێنێت، یەکێکی بۆم دۆزیوەتەوە، مەرج بێت، تۆ دەنێرم، داخوازییم بۆ بکە، بووکەکەم بۆ برازێنەوە، لە خەلیفانەوە بۆم بێنە ئێرە! با ببیتە کیژی تۆ و کابانی ماڵەکەت.

ژنەکە دەڵێت: پیرۆزە هەزار سەلاوات لە دیداری پێغەمبەر!

***

دوابەشی چیرۆکەکەش، لەناوشاری عەنکاوە نییە، لە شوێنێکە دوور لە خاچ و رەونەقی کڵێساکانی. بەڵام رووداوەکە، نزیکە لە خەمی هەموو کریستیانەکان،

هەموو کریستیانەکانی جیهان. بە هەموو مەزهەب و بڕوا و کڵێساکانیان. هەموویان دەڵێن، وادەزانن مارت شمونی نەماوە. زوو، لەمێژە زۆردارێک، پاشا و دیکتاتۆرێکی خوێنرێژ و هزرێکی بۆگەن، خۆی و مامۆستاکەی و حەوت کوڕەکەیان کوشتووە. هەموویان نەماون، بەڵام لە هەموو مەزار و کڵێسا و ماڵ و دڵی مەسیحییەکان باس دەکرێت. بۆیان دەگرێن. چرای زۆری ورد و نزای بۆ هەڵدەکەن. دوعا و بەرەکەتی بۆ دەنێرن. کریستیانەکان، بەپیرۆزی بە موڵکی خۆیانی دەزانن. وادەزانن، لە هەموو شار و دەوڵەت و کێو و کاروانەکاندا بوونی هەبووە. وادەزانن نەماوە، بۆیە یادی ئەو ژن و کوڕەکانی دەکەنەوە. ساڵانە بۆ سۆزی ئەوان، لە هەموو کڵێساکان دەڵێن خوا یەکە و حەقە!

بەڵام لە عەنکاوە، ئەو ژنە، ئەو ئیمانە رووناکە. ئەو دڵە بەجەرگە، ئەو ژنە مابوو، زیندوو بوو. دەژیا، چوار کچ و سێ کوڕی هەبوو، هەموویان گەورەببوون، جوان بوون. هیوای گەورەیان لە دڵ رووابوو. چوار کچەکەی شەیدای زانست بوون، خەمیان لە سێبەری براکانیان دەخوارد. هەموویان بەسام، ئازا، هاوسۆزی دۆزی رەوای وڵات بوون. کیژەکان دەترسان، رۆژێک هەموویان بەدەستی زاڵم و پاشاکەی بەغدا، زەبرێکیان بەربکەوێت. شمۆنی، ماڵ و ژیان و چاوەڕوانییەکانی لەناو عەنکاوە بوو، ناوی نێرگز بوو، وەک نێزگزیش جوان، کراس و کەواکەی، شەدەکەی سەری گوڵزار و نێرگز بوو. سەدجار بە مێردەکەی گوتبوو:

«نازانم چیت داوە لەو کارە، لەو وەزیفەیە، بەردەوام دڵم لەگەڵتە دەترسم!».

«رۆژانە لەسەر دارتێلە باریکەکانی تەلەفۆن، لەسەر دیوارەکان، وەک چۆلەکە، خەم لە وایەری تەلەفۆنەکانی ئەو شارە دەخۆیت، خۆشمان تەلەفۆنمان نییە. ئەگەر تەلەفۆنیشمان هەبێت، لەگەڵ کێ قسە بکەین، کیژەکان لە ماڵ و قوتابخانەن، کوڕەکانیش سەرگەردان و دوور و ترساو! جاران زوو، کە تۆم ناسی، ئێواران، بەرخ و مەڕ و بزنەکانت دەهێنایەوە ناو حەوشە گەورەکەمان. دەبووە باعە باع و جوولە و مشەمش و ئاوەدانییەک وێنەی نەبێت. تۆ و ئەوان بۆنی دەشتودەر، گوڵ و گیاتان لێدەهات. بۆنی خاکوخۆڵ، بۆنی شیر و دڵسۆزی مەڕ بۆ بەرخەکانیان، بزن بۆ کارەکانیان!».

ئەوان، بێجگە لە حەوشە گەورەکە، ژوورە پانوبەرینە قووڕەکان،کڵێساکە، پیرۆزی مەتران و قەشەکان، دەشتێکی بەرین و ئاسمانێکی شینیان هەبوو! ئەوان، حەقیان

هەبـوو، زەوییەکانیـان، دەشـتە پانوبەرینەکەیـان هەڵکۆڵـن، جووتی بکـەن. تێدا چۆلەکـە و قەتـێ و مامـزی شـیرین رابگرن. بەر لـەوەی تۆی بکـەن، زەوییەکان، دەشتیان بەرین و درێژ و پان و لووس و شیرین بوو. لە ئاسمان دەپاڕانەوە، داوایان لە بەرائەتی حەزرەتی مریەم دەکرد، بە باران بڵێت، بە دەریاکەی حەزرەتی مەسیح خۆشدەویست هەوریان بۆ بنێرێت! گەنمیان دەچاند، جۆیان دەچاند، نیسک و نۆک! باران دەباری، هەوری شـیرین نەک ئازار و ئەشـکەنجەکانی مەسـیح،. بارانو گوڵ و بۆن ببارێت، نەک تیر و ئازارەکانی جەرگ و جەسـتەی مەسـیح و دڵی دایکی زامدار کردبوو!

ژنەکـە بە پیاوەکەی دەگـوت، بریا وەک جاران بۆ خۆمـان تۆماندەکرد، دوورنەمان دەکرد، رەوسـە و جۆخینمان هەبوو، شـوان و بێری دەبووین. حەوشەکەمان گەورە، دەشـتێکی بەپیت و بارانی جوانمـان هەبوو. لەو دونیایە لە باران جوانتر و پیرۆزتر هەیە!؟ مەسـیح و مریەم نەمابوون بەڵام بارانم هەبوو! بارانەکەش لەبەر پیرۆزیی و بەسـتەزمانی ئەوان جوان و نەرم دەباری. گەنم بە بەرەکەتی ئەوان دەبێتە فەریک! بەزەیی ئەوانە بیسـتانەکان نۆک بێ ئاودان، نیسـک بێ بژار بەردەدات و دەیفرۆشین و دەسکەوتی باشمان دەبێت.

کوڕەکان گەورەدەبن، کیژەکان بسکیان درێژدەبێت، کتێبیان زۆرتر و دەرسیان زۆرتر دەبێت! ژنەکە خەمی دەشـت و مەڕ و بزن و باران و شـیری لەبیردەچێت. دەکەوێتە نـاو بازنەیـەک، ناتوانێـت لێی دەرباز بێت. تا عەبدولمسـیح، دوایی نـاوی بووە بە سـۆران و بەو نـاوە دەڕوات، نازانێت کەی دەگەڕێتـەوە! ناتوانێت دەربازی ببێت و بگەڕێتەوە! دەرچوونی سـۆران و نەبەردییەکانـی، دەنگی تفەنگەکەی، تەقەکانی بۆ تۆڵەکردنـەوە لـە بەعسـییەکانی دەکرد. دەیـەوێ عەنکاوە بکاتـە موتفەرک. بکاتە مەزار و کڵێسـایەکی پیرۆزی مەسـیح و مریەم. بۆیە ژیانی بەعسـییەکان لەوێ تاڵ دەکات، ناترسێت و دەیانترسێنێت! ناگەڕێتەوە و ڕووبەڕوو لێیان دەدات. چاوەڕوانی تاریکی شـەو ناکات بەرۆژ لێیان دێتەدەسـت. ڕەشاش و کەمین و ڕەبیە و سەیتەرە نایگێڕێتەوە و دێتە ناوشارەکە!

***

مریەم، زۆرتر لە مەسـیح ئازاری چێشـتووە، چونکە لەبەر چاوی ئەو، بەرامبەر ئەو

ئازاریانداوە. نێرگزیش زۆرتر لە سۆرانی کوڕی و منداڵەکانی، مێردەکەی، بووکەکەی و منداڵـە چـل شـەوییەکەی ئـازاری چێشـتووە. ئەوان یـەک یـەک، بەتەنیا، یەک جەسـتە، یەک سـینگ و یەک ڕۆح دەکوژران. دەمردن، دەچوونە ئاسمان، بەڵام ئەو هەموویانی بینی. بەر لەوانە گوللە بەر ئەو دەکەوت. پێش حەمامە، ئەویان کوشت. پێش مێردەکەی ڕۆحی ئەویان دەرهێنا. پێش سێبەر هەتاو و ئاگریان لە چاوی ئەو گڕدا! پێش ئەوەی بزانێت سۆران گوللەی بەرکەوتووە، دەسترێژێک گوللە و ئاگرێکی گەورە بەر سینگی دایکی کەوتووە!

باوکە هەژارە پشت شکاوەکەی، زۆر چاوەڕوانی سێبەر و کۆرپەکەی دەکات. نەوەی خۆیەتـی، دەیـەوێ ببینێـت! لەداخانا چەندان جـار جەمەدانییە کۆنـە ڕزیوەکەی لەسـەردەکاتەوە، ئارەقەی نیوچەوانی دەسڕێتەوە. جەمەدانییەکە لەسەرە پیرەکەی دەبەسـتێتەوە، بـەو هیـوای لـە بەسـتان، لـە کردنـەوە گرێیەکانـی ناوماڵی ئەو، خێزانەکەی، زیندانەکەیان بکرێتەوە!

❊❊❊

ئەگەر مارت شمۆنی، بەس مەزار و هەوارێکی پیرۆزبێت، بۆ پیرۆزی دانرابێت. لەوێ لەناو ماڵە دیانەکان، لەبەر ڕووناکی مۆم و نزاکان نازدار بێت. ئیتر لەوڕۆژەوە، پاش کارەسـاتی کۆمەڵکوژییەکەی سـۆران و بنەماڵەکەی لەو شـارە. لەو هەوارە گەرمە، دادە نێرگز، دایە نێرگز دەبێتە شمۆنی و جەرگی دەسووتێت. پیرۆز و شکۆمەندترە، چونکە ئەو منداڵ و جگەرگۆشی زۆرتری لەبەر چاوی دەکوژرێت. ئەوان، وەک پاشا زۆردارەکەی شـمۆنی کوشـت، داوا لـە منداڵەکانی ناکەن، تۆبە بکـەن، داوایان لێ ناکەن داوای لێبووردن لە سـەدام بکەن، دەیانکوژن!

ژنە بەتوانا و کۆڵنەدەرەکە شـمۆنی، پشـتیوان بە ئیمان و بڕوا و سۆزە گەرمەکانی، وەک چۆن لە «سـەفەری مکابییەکانی جوولەکە» لە بەشـی حەوتەم باسـیکراوە و شـاناز ناوی هاتووە. سـەربردەکەی بۆ سـۆز و بڕواداری تۆمارکراوە. ژنێکە بەڕووی دەسـەڵاتی زۆرداری پاشـاکەیان «ئەنتویوگسی» وەسـتاوەتەوە. ئەویش لە تۆڵەی لادانیان لە ڕێبازی پاشـا و باوەڕەکەی، ژنەکە و حەوت کوڕەکەی دەگرێت. دەیەوێ تۆڵـەی ئیمانـداری و بڕوابوونیان لێبکاتەوە. ئەوان چۆن گۆشـتی بەرازی حەرامیان خـواردووە! چۆن لەبەر سـایەی فەرمانەکانی ئەو دەرچوون! چـۆن ملکەچ نابن، بۆ

لاسـاری دەکەن! دەچنە پەنای سـێبەر و بڕوایەکی تر، لە شـیر و یاسـا توندەکانی ئەو ناترسێن.

کوڕە گەورەکەی لەبەر چاوی شەش برا و دایکەکەی، کوشتن و سەربڕین و شەقکردنی دژواری جەسـتەی بەرامبەر سەرکەشی و بڕوابوون هەڵدەبژێرێت، دەڵێت:

ئێمـە مـردن و کوشـتن هەڵدەبژێریـن، نەک ملکەچـی تۆ بین و باوەڕمـان بگۆڕین.

«کوڕەکە بەو جۆرە وەڵامی داوای پاشـا زۆردارەکە دەداتەوە».

پاشـاکە، زۆردارەکـە بەپەلە و تـووڕە فەرمانـدەدا، مەنجەڵ و ئاگردان سـازبکەن. یاسـاولەکان، پاسـەوانەکان سـەری کوڕە گەورەکە کەولدەکـەن، چوارپەلی دەبڕن، زمانی دەبڕن، لەبەردەم دایک و براکانی شەق شەقی دەکەن. لەبەر چاوی هەموویان دەیکوڵێنـن، ئەوانیش پشـتیوان بە باوەڕ و ئیمانیان سـەیری دەکەن و شـکۆی بۆ دەنوێنن.

برای دووەمیش بەر لەوەی سـەری کەول بکەن، پێیدەڵێن:

ئەگـەر لـە رۆژانی زیندانا برسـیت بووە، دەتەوێ شـتێک بخۆیت، فەرموو گۆشـتی کوڵاومان هەیە، گۆشتی براکەت!

بـەڵام، ئـەو وەک بـڕوادار و دڵسـۆزێکی هزرەکـەی، نەفرەتیـان دەکات. پاشـاکە فەرماندەدات ئەویش وەک براکەی شـەق شـەق بکەن و بیکوڵێنن. برای سـێیەمیش کۆڵ نادات و بەرگەی ئازار و ئەشـکەنجەش بەباوەڕەوە وەردەگرێت. پاشـاکە بەوانە زۆرتر تووڕە دەبێت و برای چوارەمیش دەکوژن. پێنجەمیان روو لە پاشـاکە دەکات و دەڵێت:

ئەگەرچی تۆ سـوڵتانی سـەر خەڵکیت، بەڵام نازانیت تۆش کەسێکی هیچ و فانییت، هەموو زەبر و دەسـەڵاتێک کۆتایی هەیە، نازانیت و تێناگەیت خودا دەسـتبەرداری ئێمـە نابێـت. کەمێک چـاوەڕوان بکە، بزانـە تۆ و نەوەکەت بەر چ جۆرە سـزایەک دەکەون. بەر لە مردن و تەواوبوونی رۆحی کوڕی شەشـەم بە پاشـاکە دەڵێت:

سەرکەش مەبە، بەو خراپەکارییانە مەنازە. ئێمە خۆمان ئەشکەنجەمان هەڵبژاردووە. ئـەوەش بـەرەو ئاسـوودەییمان دەبـات. ئـەوەی رووبەڕوومـان دەبێتـەوە، مایەی سەرسـووڕمان نییە، وامەزانە کە شایسـتەیی خودا دەشکێنێت، لە داهاتوو و ژیانت ئاسوودە دەبیت.

وەک چۆن مریەم سەرکەش دەوەستێت و ناشکێت، شمۆنییش سەربەرز دەوەستێت.

کوڕەکان تێکۆشـــەر و پاڵەوان و دایکی شـــەش قوربانییەکەش ســـەرکەش، بۆیە لە کتێبی پیرۆز بەشکۆ و شانازی باسی ئەو ژنە کراوە. کوڕە گچکەکەیان، ئەویش داوا و پەیڤەکەی پاشا ڕەتدەکاتەوە و قبووڵ ناکات، باوەڕ و خوداکەی شەرمەزار بکات. دایکەکە داوای لێدەکات ســازش نەکات، لێی دەپاڕێتەوە و پێیدەڵێت:

لەو زۆرداره مەترســـە، بڕۆ ڕووبەڕووی مردن و هاوشانی براکانت.

کوڕەکـــە چـــاوەڕوان ناکات دایکەکە پەیڤەکەی تەواو بـــکات، ڕووبەڕوو بە جەلادەکان دەڵێت:

چاوەڕوانـــی چیدەکـــەن، مـــن گوێرایەڵی پاشـــا نابم،منیش پەیـــڕەوی باوکی مەزنمان موسادەبم. ڕوو لە پاشاکە دەکاتەوە:

منیـــش وەک براکانم، جەســـتەم دەکەمـــە قوربانی بیروباوەڕم، بـــەڵام خودای تاک و مەزن تۆڵەمان دەکاتەوە.

ئەویش وەک براکانی بەدژوارترین جۆر سزای دەدەن و دەیکوژن. دایکەکە بە دیتنی تـــەرم و مردنی کوڕەکان چاوەکانی دەرژێن دەمرێت.

لەبەر قوربانی دایک و کوڕەکانی، لەبەر ئەو بیروباوەڕە پیرۆزە، کڵێسای ئەو شارە، هەموو کڵێســـاکان، جەرگ و دڵ و خۆشەویســـتی کریســـتیانەکانی عەنکاوە و قوش و کرملیـــس و زاخـــۆ و شـــەقڵاوە و هەمـــوو جیهان، یادی شـــەهید شـــمۆنی و حەوت کوڕەکەی ســـاڵانە لە ڕۆژی ١٥ی تشرینی یەکەم دەکەنەوە.

❊❊❊

سۆران، لەنزیک هەولێر، لەناو عەنکاوە، لە گوندەکانی بەڕانەتی، بەتەنیا وەک وەلی دێوانـــە، وەک «موحەمـــەد عەجـــەم» و «نەبەز» لەناوشـــار دەخولێتـــەوە، تفەنگی ناوشارەکە، بە قسەی کەس ناکات، چالاکییەکانی خۆی زۆرتر دەکات، تەقە دەکات، دەڕوات و دەگەڕێتـــەوە، دەیەوێت ژاڵە و دایکـــی ببینێت. دەیەوێ بزانێت کچکەکەی چـــاوی بـــە کێ دەچێت! دەیەوێ ماچی بکات، سوپاســـی ســـێبەر بـــکات، نەوەیەکی بـــۆ خوڵقانـــدووە، نۆ مانـــگ بەژان و ڕاکردن و هەڵاتن و برســـیەتی و خۆشـــاردنەوە هەڵیگرتووە، سوپاسی بکات!

دیـــارە شـــەڕ تایبـــەت نەبووە بە پیاوان، بـــە گەنجەکان، وا ژنـــەکان، بووکێکی وەک ســـێبەر، دایکی کۆرپەڵەیەکی تەمەن چل ڕۆژە شـــەڕ گیـــرۆدەی کردووە. لەو وڵاتە،

بــۆ ژنەکــە و هەموو خەڵکەکــە هەردوو دیوی شــەڕ و ســـەرگەردانییە. لەعنەت لەو هەڵکەوت و جوگرافیایە. هەموو بەش و ســنوور و گوند و شــارەکانی شەڕی تێدایە. شـــەڕ گەیشــتووتە لوتکەی شاخەکان. ناو ئەشــکەوتە تاریکەکان. شەڕ بەتاریکیش، بەدووکەڵ و بارانیش ئەشــکەوتەکان، گوندە لاچەپەکان دەدۆزێتەوە.

ســۆران بێتــرس و بێدەســت و پێنــاو، دەیەوێ شــەویکیان بچێتەوە نــاو عەنکاوە، ســەری دایکی ماچ بــکات، کراس و کەوا ڕەنگینەکــەی، جەمەدانییەکەی باوکی ماچ بکات. لەبەر ئەوە، لەترســی ئەوە، لەبەر لێپرســینەوە و پرســیار و ترس، باوکی لە دەوام خانەنشــین دەبێت. چیتر پەیوەندییەکان نابەســتێتەوە، فنجانەکانی تەلەفۆن نابەســتێتەوە، هێڵــە پچــڕاوەکان نابەســتێتەوە. لەبــەر ئەوەی دوور نییــە، لەکاتی بەســتانەوەی هێڵەکان، باوکە تەمەن شێســت ساڵییەکەی گوێی لەوە بیووبێت:

«دیســان سۆران مەسیحی هاتووتەوە ناوشــار، چەکی پێیە، دەستی هەیە، دەیەوێ زەبرمان لێ بوەشێنێت، ژن و کیژە کۆرپەکەی ببینێت! کۆشش بکەن، برادەرەکانی، بدۆزنــەوە! بیانگرن، دەمیان چەوربکەن، بزانن کێیە، کێ هاوکاری دەکات، شــەوانە لەماڵــی کــێ دەبێت. بەپەلە، وەڵام بدەنەوە. ئیش بۆ ئەوە بکەن! هەموو شــارەکە، کلیلەکان، ڕێکخســتنەکان، زۆریان لەبن دەســتی خۆمانە، ئاگادارین، کەسمان هەیە، بەپارە و بەترس و هەڕەشــە زۆرمان دەستەمۆکردووە، بیدۆزنەوە و بیگرن».

پیاوەکە لەســەر بەرزایی عامودێکی تەلەفۆناتی ناوشــاری هەولێر، ڕەنگە وەڵامی ئەو داوایەشــی گوێ لێبووبێت، کە وەڵامی ســەرووی خۆیان و بروسکە و تەلەفۆنەکەیان داوەتەوە:

«بەچــاوان، خەمتــان نەبێــت، دەســتمان لەنــاو ڕێکخســتنەکانیان هەیــە. لەنــاو مەفرەزەکانیان خەڵکمان هەیە، ڕەوشیان ئاڵۆزە، شکاون، وەرەیان نەماوە، ناوچەی ڕزگارکراویــان لەبەردەســتدانەماوە، ئاســان نییــە بتوانن بەرگە بگرن، مەســەلەکە، مەسەلەی کاتە و بەس!».

***

ســۆران، دیســان دێتەوە ناوشــار. یەکێک خۆی تەســلیم کردبووەوە، گوتی سۆرانم بینــی لەبــەردەم ســینەمای ســیروان، کۆڵانە باریکەکــەی ناوەندەکــەی جۆگەیەکی چڵکاوی پێدا دەڕۆیشت، لەوێ لەفەی دەخوارد. سەیری رووبەند و تابلۆیە کاغەزییە

ڕەنگاورەنگەکـەی بـەردەم سـینەماکەی دەکـرد، فیلمەکە لەگەرمەی شـەڕ و ماچ و کارەسـاتەکە بـوو، بۆیـە هەموو لەنـاو هۆڵەکە بوون. لە کۆڵانەکـەش لەفەفرۆش و شـەربەتفرۆش و جگەرەفرۆش و سـەرعارەبانەکان چواردەورەیان چۆل بوو،ئەو منی بینی، گوێم لێبوو گوتی:

«وەرە لەفەیەک بخۆ، عەنبە و تورشـییەکەیان باشە!».

کابرا زوو دەڕوات، ناوەسـتێت و بەوە راناگات پێیبڵێت:

سەموونەکەشـی گەرمە و روو زەردەکەی بە کونجی داپۆشـراوە، وەرە من پارەکەی دەدەم! من پارەم بۆ چییە! وەرە مەڕۆ.دوو لەفەش بخۆ، لەبیرتە، لە شاخ و لە کاتی جەولـە و مەفرەزەکانـا، زۆرجار بیـری لەفە و سـینەما و چایەخانەکانی هەولێرمان دەکرد!

مەڕۆ، لەبیرتە، رۆژێکیان تازە لە مەفرەزە گەڕابووینەوە، زۆر ماندوو و پیسـبووین، تووڕەش بووین، لەزۆرشـت تووڕەبووین: تووڕە لە سـەرکردایەتی، لە بڕیارەکان، لە دژواری ناکۆکییەکان، لە کۆمەڵکوژییەکەی پشتئاشـان، لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئیران، لە گۆڕانکارییەکانی پاش دانوسـتانە بێهوودەکەمان لەگەڵ حکومەت!

لەبیرتـە، لەگـەڵ هەموو خەمـەکان، گەنجیش بووین، حەزمان دەکرد، دەمانویسـت ژنمان هەبێت، منداڵ دروستبکەین، بەر لەوەی شەهیدبین و شێرکۆ بێکەس شیعرمان لەسـەر بنووسـێت. پەرۆش بووین لەگـەڵ ژنێک، حەڵاڵی خۆمـان، مەمک بەرووتی ببینیـن، نـازی ژن بزانین، بزانین ژنان، چۆن دەژین، ژنـان بۆ دەگرین، کە دەگرین چییـان دەوێت، بۆ حەزیان لە منداڵە.دەمانویسـت بزانیـن، پیاو ئەگەر ژنی هەبێت، ئەگەر شـەوانە لەگەڵ ژنیک بخەوێت، دەتوانێت پێشـمەرگەش بێت، دەکرێ تفەنگی هەبێت! ژن هەیە، بیەوێت شـوو بە پێشـمەرگەیەک بکات. ژن دەتوانێت، لەناوشـار بێتە گوند و ئەشـکەوت. ژنی شـاری هەیە لە شـەڕ و بۆردومان نەترسێت. ئەوانیش وەک ژنی گوندەکان بەجەرگن، ئازان شـەوانە، بەرۆژ بیست میوان ناندەدەن!؟

وەرە راوەسـتە، لەبیرتـە مـن قەمیسـێکی نوێـم بـۆ هاتبوو، خەت خـەت، یەخەی پان، رەنگی ئاسـمانی بوو، هێشـتا نەمشـکاندبوو، نایلۆن و کاغەز و دمبوسـەکانم لێنەکردبووە، تۆ گوتت:

ئەوەی کرێوەتی زەوقی جوان بووە!

منیش بەو قسـەیە، بەو رازە، سـوێندم بە مریەم خوارد، بە شـمۆنی گوتم لەبەری

ناکەم دەبێ بیبەیت! قەمیسەکەم پێشکەشی تۆ کرد! دیارییەکەم بەدیاری بۆ تۆ کردەوە دیاری!

لەدوورەوە تۆم ناسییەوە، دەزانم و ئاگام لە هەموو برادەرەکانە، تۆ تەسلیمبوویتەوە. دیتم قەمیسەکەی منت لەبەرە، دیارییەکەی منت لەبەرماوە، هێشتا حکومەت پارەی قەمیسێکی نوێی پێتنەداوە، ئینجا رانەوەستایت لەفەیەک، دوو لەفەم، بەپێوە و لەبەردەم سینەما لەگەڵدا بخۆیت! وەرە راوەستە بابزانینگەنجەکانچۆن بەزەوقەوە لە سینەماکە دێنەدەرەوە! چیدەڵێن کە دێنەدەرەوە!

مەترسە پێت ناڵێم چەکەکەم بۆ بشارەوە. ناڵێم وەرە بەیەکەوە جاشێک، رەفیقێک، موختارێک، ئەفسەرێکی ئیستخبارات بکوژین. دەزانم ئاسان نییە شەوێک، یان نیوەڕۆیەک بێمە ماڵەکەت. باش دەزانم شوێنەکەت باش نییە. دەبێ کەسێک شەش حەوت ساڵ پێشمەرگە بووبێت، لە دەرەوە بووبێت، کە تەسلیم دەبێتەوە، دە دیناری لە گیرفانا نەبێت، ئێستا چۆن بژیت؟ چی دەبێت؟ چۆن دەتوانێت میوانداری من بکات؟ دەزانم:

تۆ لە ماڵی براکەتی، کە حەرەسی دەواجنە. یان سەرپەرشتیاری کارگە عەلەفەیەکی نزیک شارە. لەوێ، لەگەڵ ئەوان جێگا و پەنایەکت بۆ خۆت و منداڵەکانی کردوتەوە. یان من هەڵەم، تۆناتوانێت بچێتە ئەو شوێنانە، لەوێ قسەت بۆ دروستدەکەن. شوێنەکە دوورە شارە، بەترسە. شەوانە کەمین و دەرچوون و راوەفیراری تێدایە. کەواتە بۆ تۆ هیچ نەگۆڕاوە، ئێستاش هەر پێشمەرگەیت، بەڵام بە جل و دۆخ و ئەرک و فەرمانێکی ترەوە.

یان ئەو ناچێتە ئەو شوێنانە، بۆیە ناچار لەماڵی خەزووری، ئەگەر جێگایان هەبێت ژوورێک، ژوورێکی تەڕ و سپینەکراوی بەبلوکی رەق و نەۆمی سەرەوەیان بۆ چۆڵکردووە. لەوێ جێگای دەکەنەوە. ئەو بەستەزمانە چۆن من بباتەوە ماڵەوە، بەچەکەوە، کەسێکی رانراو، کەسێک، لەناوشار تەقە دەکەم، هەر لەناوشار و تا دەگەمەوە مەڵبەند «کە نازانم مەڵبەندەکەمان ئێستا لەکوێیە» تەقەم لەسەرە!

***

ئەوە یەکەم جار نییە، ئەو بەتفەنگەوە، بێترس دەچێتە ناوشار. لەبەردەم فرقەی فاروق و یەرموک و قاتیعی جیش شعبی و ماڵی بەرپرسەکان رەتدەبێت. ئەو

زۆر چووە، تەقەشـی کردووە، هەولێر و عەنکاوەشـی هەژاندووە. سـۆران مەسـیحی لـەو سـاڵانەی دوایـی، زۆرتر حەزی لەگەڵ ئـەو مەفرەزانە بوو، دەهاتنە ناوشـار و دەسـتیان دەوەشـاند. بەڵام دواجار، بەر لەوەی بگاتە ناو هەولێر، یان پاش ئەوەی بچێتـە ناوشـار: دەکەوێتە بەر کەمین، بـە تفەنگەکەی رانـاگات، ناتوانێت خۆی لە دەستڕێژەکە لابدات. نزاکەی دایکی لە مریەم و شمۆنی دادی نادەن! گوللەکان نزیک بوون، گەرم بوون، باش و زۆر و باش چاودێری کرابوو، دەستی خۆی، چاوی خۆی،ماڵەکـەی نانی تێـدا خواردبوو، ئەندامێکـی حزبەکەی. تفەنگێکی جاشـی هاوڕێی، بەرنامـەی کوشـتنەکەی داڕشـتبوو. هەر ئەویـش، زوو، کات و شـوێنەکەی ورد بە حکومـەت گوتبـوو. بۆیە لەو کەمینـە، لەبەر چاوی هاوڕێیەکەی، بـە ئاگاداری ئەو دەکوژرێت.

لە بەیانی رۆژی ١٤ی ئابی ١٩٨٨ سۆران شەهید دەبێت، تەرمەکەی دەگیرێت، چۆن ناگیرێـت! بەتەنیابـووە، کەمینی بۆ دانراوەتەوە، برادەری خۆی، هاوڕێیەکەی لەگەڵ تفەنـگ و بەرنامە و گوللەکان بووە.

پاش بردنی تەرمەکە، وەرگرتنی پاداشتی کوشتنەکە بۆ پیاوە خائینەکە. حکومەت، دەزگا ئەمنییەکان بەوەندە ناوەستن، فەرمان دەدەن: تەواوی ئەندامانی بنەماڵەکەی بگرن. شاری عەنکاوە بپشکنن. بچنە ماڵە گەورەکەیان، ناو زەوییە کشتوکاڵییەکەیان. ماڵـی کرێکارەکانـی لەگـەڵ باوکـی لـە تەلەفۆنـات کاریانکردبـوو. ئەگەرچی تازە داوای خانەنشـینی داواکردبـوو. ماڵی دەستەخوشـکی هەر چـوار کچەکە، حەمامە، سـەبیحە، نادیە، شەزا. کچەکانی لەماڵەوە مابوون، ئەوانەی لە ئامادەیی و ناوەندی دەیانخوێنـد. بەپەلەش داوادەکـەن دایکوباوکی بدۆزنەوە. پیاوەکە نەچێتەوە سـەر دارتێلێکی تەلەفۆن. بیگرن و نەچێتە ناو هێلانەیەک. ئەو شـارەزایە لە سـەرکەوتن و بەرزبوونـەوە، زوو بیدۆزنـەوە، نـەوەک لـەو بەرزاییانـەوە باڵ بگرێـت و بفڕێت. بیدۆزنـەوە، ئـەو پیرەمێـردە بدۆزنەوە، بیگرن، نـەوەک دووبارە ببێتەوە شـوان و لەگەڵ شمشـاڵ و رانەمەڕێک ئاوێتە ببێتەوە، شادی و کەیفسازییەکانی دەشتودەری ئاقارەکانـی خۆیان سـەرفرازی بکات، وەک چاوی کەسـک و بەجریـوەی خوناوێک، وەک پەپولەیـەک بچـووک ببێتەوە و ون بێت! بیدۆزنەوە و زوو بیگرن و قۆڵبەسـتی بکـەن، چونکە بەڕەڵا بێت باڵدەگرێت و دەفڕێت!

بیدۆزنـەوە، پیاوەکـەی جلێکی سـادەی کوردی لەبـەرە، با بە پشـدێنەکەی خۆی

نەخنکێنێـت. دەمانــەوێ خۆمان دووبارە، وەک کوشــتنی منداڵەکانی شــمۆنی، ژنە کۆنەکــەی مێژووی بیروبــاوەڕی ناوچەکە دووبارە بکەینەوە! بــەو دیانانەی عەنکاوە بڵێن، ئەوانە بشارنەوە، قەشە و مەتران و شەماس و رەهبانەکانیش ئەتک دەکەین. ژنەکانیان نانبرِاو، پیاوەکانیان ریسوادەکەین. دەزانین شەوانە کە عەرەق دەخۆنەوە دەبنەوە بە شیوعی، رووداوە کۆنەکان بۆ کوڕ و کیژە گەنجەکان دەگێڕنەوە. بەپەلە بچن بیاندۆزنەوە، باوکەکەمان دەوێ. دوایی دایکی نێرگزەکە. ناوە خۆشــەکەی تاڵ دەکەین، بۆنەکەی بۆگەنی دەکەین. دەچێت بووکی دەهێنێتەوە ناوشــار، تا منداڵی ببێت. سێبەری هێناوەتەوە تا هەتاو بێزاری نەکات. سێبەر هاتووە موژدەی ژاڵە بە عەنــکاوە و خاچەکەی عەنکاوە بدات! بیاندۆزنــەوە، ماڵەکان، ئەوانەی لەناو هەولێر تەســلیمبوونەتەوە، ئەوانەی ئیشــمان بۆ دەکەن، پارەمان لێ وەردەگرن، ژنمان بۆ رابــواردن بــۆ دەهێنن. هەموو ئەوانە بــەدرۆ لەگەڵ ئێمەن، تا ئەو کەســی دوێنێش بەچەکەوە، بە چاوســاخییەوە، لە کوشتنەکە، لە تەقەکانا لەگەڵما بوو، بڕوا بەویش مەکەن، بیاندۆزنەوە:

هەمــوو خێزانەکەمان دەوێ! گەورە و گچەکــەکان، مەلۆتکەکەش، ژنەکە، هەر چوار خوشــک، براکــەی با ســەربازیش بێــت. دایکوباوکە بــا گەورەش بن، کــەی ئەوانە گەورەن شێست ساڵن، ئێمە خەڵکی پیرتمان لەسێدارە داوە، گوللەبارانمان کردوون! ژنەکەی ئەوەی ناوی ســێبەرە، لە چی کەم بوو. لە هەموو کوڕە جوانەی عەنکاوە، مەسیحییەکانی شەقڵاوە و هەرمۆتە و بەغداش، دەچێت شوو بە چەکدارێک دەکات، دەوامــی خــۆی جێدەهێڵێـت. بە دوو قســەی ناو کتێبــەکان، بە گفــت و رابردووی باوکی شــوو بەو پیاوە دەکات. شــار جێدەهێڵێت و دەچێتە گوندەکان، باڵیســان، خەتێ، ناو خەڵکە رەشــورووتە برســییەکان. لەوێ هێشــتا بووکی یەک شەوە بووە، تەویلەیەک خاوین دەکاتەوە، بیکاتە خانوو و هەواری بووکینی ژیانیان، ئەوە چ جۆرە بیروباوەڕێکــە، بۆیە دەبێــت لەناوی بەرین، بیکوژین، بیکەنــە نمونەی مێژوو. لەوێ دەیەوێ، لە ژوورێک بژیت، پێش هەموو کەرەســتە و ناوماڵێک کلاشــینکۆفێک و دوو سێ مەخزەن و چوار پێنج کتێبی تێدا بێت. ئەو بووکە مێزتواڵێتی هەبوو؟ دۆشەک و سیســەم و بــۆن و مکیــاژ و قەڵەمی چــاو و لێوی هەبوو؟ لــەوێ چی لە تەنوورە کورتەکانی کردبوو! قەمیســە ســوور و پەمبە نیوقۆڵەکانی، پێڵاوە پاشنەبەرزەکان، شەوق و جیرە و زنجیر و ئاوەزێن و گۆرییەکانی، ئەدی جانتاکانی لە سوق ئەلبنات،

له کراده ده‌یکرپین، کوا ئه‌وانه له‌کوێن؟ یان ئه‌وانه‌ی هه‌موو جێهێشتووه و چووه بووه به ژن و هاوسه‌ری گه‌نجێکی فیرار، کوڕێکی سه‌رشێت، شه‌یدایه‌کی کتێبی خورافیات و رۆمـــان. ده‌ڵێـــن به‌ر له‌وه‌ی ژنه‌که‌ی بگوازێته‌وه، ســـۆران بـــه ده‌مانچه‌یه‌کی رووتی چوویتـــه نـــاو نه‌خۆشـــخانه، له‌وێ دڵداریشـــی له‌گه‌ڵ کردووه. ئه‌و ژنـــه له هه‌موویان تاوانبارتـــره، بیدۆزنـــه‌وه، بیگره! پێش خۆی کیژه چـــل رۆژییه‌که‌ی ده‌کوژین! پێش ئه‌ویش مێرده‌که‌مان به‌ئاســـانی و به‌ده‌ستی هاوڕێیه‌کی خۆی کوشتووه!

***

هه‌موویـــان ده‌گـــرن، دایکێکـــی کلـــۆل، باوکێکی شـــه‌که‌ت و چوار خوشـــکی گه‌نج و چاوه‌ڕوان و قوتابی، دڵێک له هیوا و ناز و ژنێکی به‌ســـته‌زمان و کۆرپه‌یه‌کی بێناز! ده‌یانگرن، بۆ ئه‌وه‌ی بیانکوژن، ده‌یانگرن و ده‌یانکوژن چونکه ئه‌وان مه‌ســـیحیین، لێبووردنه‌کانی قیاده و سه‌دامیش نایانگرێته‌وه. تۆبه و ده‌ستبه‌ردان و ته‌سلیبموونه‌وه‌و په‌شیمانی دادیان نادات.
ده‌یانگـــرن تا ژنه‌کـــه، دایکه‌که، نێرگزه ناســـکه‌که ده‌بێته شـــمۆنی، ده‌بێته نمونه‌ی خۆراگری:
به‌عســـییه‌کان، ئه‌منه‌کان، له‌و کوشـــتنه، له‌و تۆڵه‌سه‌ندنه‌وه‌یه، ژنه‌که ده‌بێته شمۆنی و خۆیان پاشـــایه زۆرداره‌کـــه، بێ ئیمانه‌که. ژنه‌که، دایکه‌کـــه دایکی چوار کیژه‌که، خه‌ســـووه‌که، داپیره‌که ده‌بێته شمۆنی، ئه‌وانیش پاشاکه:
ســـۆران ده‌یه‌وێ له تۆڵه‌ی گونده‌کانی خاپووریان ده‌کرد، ئه‌نفاڵه‌کان، شـــه‌هیده‌کان، هاوڕێیه‌کانـــی ده‌شـــکان و ته‌ســـلیمده‌بوونه‌وه، جووتیاره‌کانی به‌وه رانه‌گه‌یشـــتبوون دارگوێزه‌کانیـــان داکوتـــن، گوێزه‌کان کۆبکه‌نه‌وه و به‌شـــی ســـمۆره‌ش له‌نێوان ددانی بـــه‌رد و ســـه‌ر که‌فی ئاو جێبهێڵـــن، ئه‌وانـــه‌ی ترێیه‌کانیان نه‌کرده ســـرکه و مێووژ. ئه‌و له‌ســـه‌ر فه‌رمانی به‌رپرســـه‌کانی خۆی، ده‌یانه‌وێ زه‌برێک له ده‌سه‌ڵات و حزب و سه‌رکه‌شـــییه‌کانی بده‌ن. ته‌قه له گه‌وره به‌رپرسێک بکه‌ن:
ئـــه‌و له‌ناوشـــار، له په‌نایه‌کی شـــاراوه و ده‌ستنیشـــانکراویش، لـــه خانووێکی داخراو بـــه‌ڵام له‌به‌رچاو دێته ده‌ره‌وه. له‌گه‌ڵ براده‌ره‌کـــه‌ی، ئه‌وه‌ی دوایی خۆی ده‌یکوژێت، دڵسۆزه‌که‌ی بۆ دیارییه‌ک، بۆ ئه‌وه‌ی پاش سێ چوار ساڵ، بژیت، شه‌رمه‌زار، شکاو بگیرێت، دوایی به سزای حزب و گه‌ل و راپه‌ڕینی بگه‌یێنن. زۆر له جاش و خۆفرۆش

و ئامیر مەفرەزە، زۆر لەوانەی لە شـەڕەکان، خەڵکیان کوشـتبوو، دڵ و چاویان بە ڕژان و کوتـان دابـوو، زۆریان ئاگریان لە گوندەکان بـەردەدا، لەبەردەم دەبابەکان، لەگـەڵ نەجمەی ئەفسـەرەکان شـەوانە لە کەمینەکان دەمانـەوە، تەقەیان کردووە، کەمینیـان داناوەتەوە، زۆر لەوانـە لێبووردنی ڕاپەڕیـن دەیانگرێتەوە، بەڵام ئەوەی سۆران مەسیحی شەهید دەکات، دەکوژرێتەوە!

❋❋❋

بەیەکەوە بوون، کەسـیان لەگەڵ نابێت. سـۆران و برادەرەکـەی لە گوندی پیرزین، لەکـن پلکـە فاتم لەبن هەیوانـە ڕزیوەکەی، خانووە کۆنەکـەی، نانە ڕەقەکەی دێنە دەرەوە. دەڕۆن، هەردووکیان دەست بەچەک، سۆران پەرۆشە و چاوەڕوانی سێ چوار پێشمەرگە، چەند تفەنگێک، ڕێنماییەکە لە گوندەکانی پشت عەنکاوە، ڕێکخستنەکان بگەنـە کەندەکانی بن دەواجن. لەوێش بەیەکەوە، تفەنگێک پێشـمەرگە و تفەنگێکی خۆفـرۆش. پیاوێک مەرد و پیاوێکیش نامەرد.

دوو برادەر، ماوەیەکە بەیەکەوە دەخەون، دەردەچن، دەخۆنەوە، بەرنامە دادەڕێژن، بەڵام ئیمڕۆ، یەکێکیان شکاوە، بەزیوە، ماندوو بووە. دەیەوێ برادەرەکەی بکوژێت، تـا خۆی پشـووبدات. بەتەنیا لەو دەشـتە، دووریش نییە لە بەدەنـی قەڵاتەکە، لە ئۆردوگای پیرزین و بەسـتۆڕە و مەلا ئۆمەر و شـاویش، تێدا هەزارەها سەربردەی:

خەم و توانەوە و کەساسی و زیندان و کوژانەوە و جاشایەتی و زەلیلی تێدایە. لەوێ یەکێک دەیەوێ برادەرە شـیرینەکەی بکوژێت، تا بڕێک پارە وەربگرێت. خوێنی ئەو بڕژێـت، تا ئـەو خوێنی نەڕژێت! خائینەکە بەرامبەر بە سـەد دینار، بۆ دیاری یەک کلاشـینکۆف، گەنجێـک دەکوژێت. بەرامبەر ئەوە دەیەوێ سـتوونێکی کڵێسـایەکی عەنکاوە برووخێنێت. بەو پارە کەمە، بەو شـەرمەزارییە کادیرێکی:

ئازا و چەپ و خوێندەوار و پێشمەرگەی یەکێتی دەکوژێت. بۆ ئەو دیارییە، گەنجێک دەکوژێت، چوار خوشـک چاوەڕوانی دەکەن. بۆنی نێرگزی دایکی دەسـتی ماندووی باوکی، براکانی، ئەدی هاوسـەرەکەی، سـێبەرەکەی، ژاڵـە، وەک پەپولە لە دووری عەنـکاوە شـاردرابووە، چـاوەڕوان بـوو لە ئاوی پیرۆزی کڵێسـاکەی عەنـکاوە، بە دەسـتی قەشەیەکی ناسیار، بە ئاوە پیرۆزەکە تەعمید بکرێت!

کابرا بەئاسـانی لەپشـتەوە، لەکاتی دیاریکراودا تەقە لە سۆران دەکات، ئاگری زۆر،

گوللـەی زۆر، رقــی زۆر تا نەتوانێـت دەم بکاتەوە، چاو بەرزبکاتــەوە، بەنەفرەت و هاوارەکــەی گیانی ئەویش دەربچێت، بەبرینداریش لێی دەترســێت! دەترســا نەوەک زوو مەسیح، بەستەزمانی دایکی، پاکی خوشکەکانی نزایان بگاتە ئاسمان، باوکەکەی چەنـد ســاڵە گوێی لــە دەنگ و هەواڵ و رازی تەلەفۆنی خەڵکی ئەو شــارەیە، یەک چرپەی بۆ کەس نەدرکاندووە، دووزمانییەکی نەکردووە، پاک و شەریفانە دەنگەکانی ناردوتەوە ناو قوورگەکان، ناو دڵەکان.

خۆفرۆشــەکە دەیــەوێ بــە ئاگرێکی زۆر گەرم، بــە گوللەی گڕدار لە سـۆران بدات، نەوەک درەنگ تەواو بێت، نزای خوشکە گەورەکەی چەند مانگ و ساڵە، مێردەکەی لــە شــەڕە گەورەکەی قادســیە نامەیەکــی نییە، دەنگی نەبیســتراوە، یــەک پارچە ئێسقانیشی نەگەڕاوەتەوە! بگاتە برینەکانی سۆران و سارێژی بکات، کوڕەکە بە نزای خوشکە زۆر زامدارەکەی هەڵبستێتەوە، دەست بداتەوە تفەنگەکەی و هەڵبسێتەوە و ئاگر لە سینگی خۆفرۆشەکە بەربدات.

نــزای ئــەو خوشــکە، ئەدی بۆنە شــیرینەکەی نێرگــز! دادی نــادات، ئاگرەکە گەرم و گــەورە بــوو، تفەنــگ نەبوو، تەقەی لەو کــرد، تۆپێک بوو، یەک کــەس نەبوو لە پشتەوەی تەقەی لێکرد، یەک جێب خۆفرۆش، یەک فەردە پارەی زەلیلی دەیکوژێت. مەرد بوو بۆیە لەپشتەوەی تەقەی لێ دەکرێت، نەیدەویست کەس لە کەمین و شەڕ و تەقەکــردن لەپێــش ئــەو بێت، نەیدەویســت گومان لەکەس بــکات، چونکە ئازا و پاکیش بوو.

***

ســۆران بەدەســتی برادەر و هاوڕێیەکی خۆی شــەهید دەکرێت. تەرمەکەی دەبنەوە نــاو هەولێر و وێنەی دەگرن. زوو نایشــارنەوە، وێنــەی بەکوژراوی، بەزام و خوێن و بێچەک دەگرن. وێنەکەی لەناو عەنکاوە، شــەو لەســەر مێــزی نادییەکان، رۆژ لەناو قوتابخانەکان بڵاودەکەنەوە. ئەوەی بەیەکەوە مامۆستا بوون، لە ناوەندییەکانی شار دەیناســنەوە، هاوســێیەکانیان، پیاوەکەی لە پۆســت و بەرید لەگەڵ باوکی کارمەند بوو، دەیناسێتەوە.

عەنکاوە دەزانێت ســۆران نەما، یەکێتی لە شــاخ و لەسەر سنوورەکان خەمێکی تری پاش ئەنفاڵیان بۆ زیاد دەبێت. هەر ئەو شەوە، کابرا «شارەزا بوو، دەیزانی، ئەدی

بـرادەری گیانــی بەگیانی و هاوڕێ و هاوتفەنگ بـوون»، مەفرەزەیەکی ئەمن دەباتە ســەر ئەو ماڵەی دایکوباوک و چوار خوشــک و ژن و منداڵەکەی سۆرانی تێدا بوو ــ خۆیان شاردبووەوە لە عەنکاوە نەمابوون ــ بەئاسانی دەرگایان لێدەگرن، سەربانیان لێدەگــرن، نان و ئاویــان لێدەگرنەوە، ئەوانیش دەگرن، براکەی، خوشــکەکەی تری لە ماڵی مێردەکەی، چاوەڕوان لە گەرمەی شــەڕەکانی قادســیە نامەیەکی پیاوەکەی بێت، ئەوانیش دەگرن!

***

لەودەمانەی راپەڕین، خەریکی دانانەوە و دامەزراندنی ماڵ و کەســایەتی و مۆراڵ و نووســین و ســەربردە و رووناکی و موچە و ململانێی و یادی شەهیدەکان بوو. لەناو گۆڕســتانی مەعمل قیر، مەلا و کارمەندەکەی شــارەوانی، لەورۆژانە ئیشــی زۆر بوو، هەموو هاتبوون:

کورێکمان هەشــت ســاڵە دیــار نییە. «دوو پیــری نەخۆش، پیرەژنێکی رەشــپۆش دەڵێــن» کیژێکی قوتابی ناوەندی: کارتی دەرچوونــی بکالۆریام وەرگرتبووە، باوکم نەهاتــەوە، هاتوویــن گۆڕ و ئیســقان و پەڕۆی جلوبەرگیم نیشــان بــدەن. پیاوێکی عەنکاوەییش هاتبوو، تەرمی دایک و باوک و چوار خوشــک و براژن و کۆرپەیەک و تەرمی سۆران مەسیحی بدۆزێتەوە.

لــەورۆژە حەشــرەدا، لــە دۆزینــەوەی تەرم و ئێســقان و هەڵکەنــدن و پڕکردنەوەی قەبــرەکان، هەڵدانــەوە، دەمی خاکەناس، بژاردنی پارچە ئێســقانەکان، بریســکەی ددانەکان، لەوێ، لەناو خۆڵ و تەنیایی مردن بەس ددان بەئاســانی دەناســرێتەوە:

ئەوە کوڕی ئێمە نییە، گوتیان گوللەکانی بەســەری کەوتووە، ئەوەیان کەللەســەری نەشــکاوە! ئێســتاش بیردەکاتــەوە، مێشــکی تێدایــە، دەتوانێــت مێژوویکی تاڵ و ســەروەرییەک بگێڕێتــەوە. خۆڵەکەی بەســەردابدەنەوە، یان وا بێت نەوەک پشــتی دایکێکــی شــکاو، گۆچانی پیرێــک، گەنجێکی تۆلاز بیناســێتەوە. یەکێک بێ ئەوەی لــەوان نزیک بێــت دەنگی دێت و دەڵێت: ناکرێ شــەوی بەســەردابێت، زیندەوەر و سەگ بکەونە گیانی! داپۆشنەوە!

قەرەباڵغە، گۆڕستانەکە، هەموو تەمەن و رەنگ و مۆراڵ لەو گۆڕستانە کۆببوونەوە. لــە هەموویان نامۆتر، پیاوێک، دەنگی ئاســایی نییە، ریتــم و فۆنەتیکی تەواو نییە!

هەموو دەزانن کابرا مەسـیحییە! لەگەڵ شـەقلاوەییەکان نییە، تەنیایە ناوی سۆران دەهێنێت.

لەورۆژە حەشـرەدا، مەلایەک، دەنگ و سـوورەتی قورئانخوێنێـک ناڵێت: ئەو پیاوە عەنکاوەییە لەناو گۆڕسـتانەکەمان چیدەکات! ئەو تفەنگە، ئەو مەفرەزەیە ئیسـلامە بۆ لەگەڵ ئەو دیانە هاتوون! دەیانەوێ چ کارەساتێک بەسەر گۆڕستانەکەمان بهێنن! کـەس قسـە ناکات، ئایەتێـک بەرزنابێتەوە، مەلایەک ئەسـتغفرلایەک ناکات. هەموو خەریکی ناسـینەوەی ئێسـقان و پارچە پەڕۆ و وردە مورووو و داوی کڵاش و پێڵاوی لاستیک بوون.

سـەباح، لەنـاو گـۆڕەکان، خاچی زیوی ملـی دایکی دەناسـێتەوە، وەک خۆی بوو، مابـوو، باش دەناسـرایەوە، چونکـە خوێن وشـکی کردبوو. پارچەیـەک جەمەدانی باوکـی ئەویش بە خوێن رەق ببوو. مووی قژی خوشـکەکانی، براژنەکەی، کیژەکەی نۆ مانگ لە سکی دایکی و چل رۆژ لەو دونیایە ژیابوو، خۆڵ و مار و کرم و زستان و بەهـار و رەگـی دار و خۆی بەردیـش دەتوێنێتەوە، بەرگـەی نەگرتووە، بە گوللە هەنجـن هەنجنکرابـوو، بەرگەی زۆری نەگرتووە، سـاوابووە، هێشـتا ئێسـقانەکانی، کەللەسـەری، ددانیشـی نەبووە، رەق نەببوو پشـتی، وشـک نەببوو ران و باسک و کەللەسەری!

سـەباح، پشدێنەکەی سۆران دەناسێتەوە، یەکێک پێیدەڵێت:

_ تەواوە ئەوە خۆیەتی. «کابرا نە سۆران و نە براکەی دەناسی، بە فەرمانی حزب هاتبوو».

ئەویش بەدڵنیاییەوە دەڵێت:

بەڵـێ، خۆیەتـی دوو رۆژ پێش شـەهیدبوونی بینیم، ئەوەی لەپشـت بوو! دایکی بە داوی خاچە زیوەکە، دەناسـێتەوە. «ئەو یەک کەسـە دەبێ نۆ کەس بناسێتەوە». باوکـی بـە ددانەکانی. براژنەکەی بە مورووییەکی ملی. گۆڕی خوشـکەکانی بە مووی سـەر و نینـۆک و درێژی باسـک و قۆڵیان دەناسـێتەوە! هەموویـان دەدۆزێتەوە و تەرمەکان کۆدەکەنەوە.

شـەهیدەکان لەناو گۆڕسـتانێکی ئیسـلامی دەگوازنەوە عەنکاوە، بۆ کڵێسا و خاچ و مەسیح و ئەنجیل پێیاندەڵێن:

پشوو بدەن، زوڵمی گەورە لە ئێوە کراوە، پاش شمۆنی، زوڵمی وا لە کەس نەکراوە،

خودا لەگەڵتانە! لەوێ مەسیح پێشوازیتان دەکات، بەس ئێوە، وەک ئەو ئازارتان چێشتووە.

***

چەند رۆژ بوو، زەنگی کڵێساکانی عەنکاوە چرپەیەکی دەگەیاند، بۆ نوێژ و نزا و مۆم داگیرساندن و پرسە و مارەکردن و دەم تەڕکردن و پیرۆزیی حەزرەتی مریەم و ژانەکانی مەسیح لێ نەدەدرا. زەنگەکە، دەنگی جیاواز بوو، ناقوسەکە دەلەرییەوە، دەنگەکە پەخشان، دەیگوت:
لەودەمەی کوڕێکی عەنکاوە بەخیانەت، بە پارەیەکی کەم، دەکوژرێت، خێزانێک، منداڵێکی ساوا، شەش ژن، شەرەفی عەنکاوە، پیرێکی ماندوو ون بووە، بیدۆزنەوە! دەزانین نەماون، کوژراون، وەک مەسیح ئازاردراون، هەمووتان بەدوایان بگەڕێن و بیاندۆزنەوە.
هاوارەکەی کڵێسا، دەنگ و نوزانەوەی عەنکاوە، «دڵرەقی خۆفرۆشەکە نەبێت»، هەموو بە دڵ و هەست و نەستەکانیان بۆ دۆزینەوەی ئەو خێزانە پەرۆش بوون. ئەوەی مامۆستا بوو لە قوتابخانەی نیشتمانی نزیک نەقلیات، بەچرپە، بە قوتابییەکانی شاویس و پیرزین و بەستەپیازەی دەگەیاند!
ئەوەی لە شارەوانی مساح بوو، لە ئۆردوگاکانی دارەتوو و بنەسراوە، لە تۆزوخۆڵ و کەلوپەل و وردە بلۆک و خەمی خەڵکەکە نزیک دەکەوتەوە و دەیویست قسەیەکی گوێ لێ بێت. شەوان، ماوەیەکی زۆر لە نادی، یەکێک لە مێزی هەولێرییەکان نزیک دەبێتەوە، ئەوانەی لەناو بازاڕ و دەوامی مەکتەب و دائیرە و کرێکاری و دەڵاڵخانەوە دەهاتن، لەوێ کۆدەبوونەوە، دەیویست قسەیەکی لەسەر رووداوی کۆمەڵکوژی خێزانەکەی عەنکاوە، بزانن!
مام ئەلیاس، گەسفرۆشەکەی بەرامبەر شووشە و ئاوەدانییەکەی ئۆرزدی، «کە زووتر لەبەردەم سینەما سەلاحەدین بوو، لەوێ دەناسرێت، کە سینەماکە رەواجی کەم دەبێت، دەگوازێتەوە» سەرخڕە سوورەکە، ئەوەی هەموو گەنجەکان، زۆر لە شوفێرەکانی تاکسی، بەیەک لەفە و دوو لەفەی دەستی ئەو، پاکوخاوێنییەکەی تێر نەدەبوون.
بەرامبەر پیاوە خڕە و رووشیرینەکە، سەموونێکی شەقکراوی لەناودەست بوو،

ئەگــەر کڕیاریــش دیار نەبوایــە، ئەو ئامادەبوو. ئەویش خەم لــە دۆزینەوەی خێزانە ونبووەکــەی عەنــکاوە دەخوات. ئەویش لە هەندێ لــە هاوڕێیەکانی کە ژمارەیان زۆر بوو، پەرۆشانە دەپرسێت. رۆژانە گۆشت و سەموون و پیواز و تەماتە و سەوزەکانی تەواو دەکات، دووکانەکەی دەشــووات، تا دەگاتەوە عەنکاوە هەر دەپرســێت و هیچ هەواڵێکــی راســتی نێرگــز و کیژەکانی نازانێت، ســێبەر و کۆرپەلەکەی نابیســتێت! لەدڵــی خۆییەوە دەڵێت: گەلاوێژی کچم بوایە، هەر ئەوەندە خەمم دەبوو.

***

ســۆران و دایک و باوک و چوار خوشــک و ژن و منداڵەکە ون دەبن، «مان و ژیانی ئەوانە، تروســکاییەکی کز و هیوایەکی لاواز و هەواڵێکی دوور و دەنگێکی نەبیســتراو بوو» تا رۆژێکیان شــوانێک، پیاوێکی بەســتەزمان، بۆ هێنانەوە بەرخێکی لاســاری گوێــرەش، بــۆ هێنانەوەی گۆپاڵەکەی، بــۆ ئەوەی بزانێت بیرەکەی زۆرجار ســەری پێداگرتبــوو ئــاوی تێدایە، یان وشــک بووە، ئاوێنەی ژێرەوەی دەبریســکێتەوە، یان پڕبوویتەوە! شــوانەکە دەچێتە ســەر بیرەکە. لەبەر ئەوانە بوو، ئەو دەچێتە ســەر بیرەکــە، یــان بۆنێکــی کردبوو. لە ریزە بلۆکەکــە، دیوارە قووڕەکــە نزیکدەبێتەوە، ســەیری نــاوەوەی دەکات، لەنــاو بیرەکە جەهەنەمێــک دەبینێت، قەســابخانەیەک، گۆمــی خوێنــی ژمارەیەک مرۆڤ، بەجلــی هەمەرەنگەوە، بەتەمەنــی جیاوازەوە، بە ناوقەدی باریک و زراڤ و ســەری گەورە و ورد و پەنجەی ســوورکراوە و نەرمیش! شوانە عەرەبەکە _ئەوانە چەند رۆژێک بوو بەنهینی، لەپەناو زیندانێکی موخابەراتی بەدەستی عەرەب کوژرابوون، شوانێکی عەرەبیش لەناو ئاقاری گوندێکی عەرەبنشینی «گوێــر» تەرمــەکان دەدۆزێتــەوە، نــاو و تــەرم و ســەربردەیان زیندوودەکاتەوە_ لــەو بیــرە چ دەبینێت. ئەوەی ئــەو دەیبینێت، کەس ئەو دیمەنــەی نەدیبوو. کەس بەزیندوویی جەهەنەمی نەدیبوو. ئەو لەناو بیرەکە ئەوە دەبینێت! کەس پیشتر لەناو ئــەو بیــرە، بێجگــە لە ئاوی بەهاران و چاوی شــینی ئاو و ئاوێنەی ئاو و شــەونمی لەبنــەوەی نەدیبــوو، بەڵام ئەو شــوانە لە گوندی «مەچلوبە»ی نزیــک گوێر، لەناو گوندی عەرەبەکان ئەوە دەبینێت.

***

ئەمـن و جاش و شـارەوانی تەرمـەکان، تەرمی هەموو خێزانەکـە، بێجگە لە تەرمی شـەهید سـۆران دەگوازنەوە، ناو نەخۆشـخانەی کۆماری، بەشی تەشریح، لەوێ دوو پیاوەکـەی کاریاندەکـرد، نـازی مردوویان، وەک زینـدووەکان دەکێشـا، ئەوەندەی خەمیـان لە مـردووەکان، لە گریانی زینـدووەکان، بێ خاوەنی لاشـەکان دەخوارد، توابوونەوە. سسـتەرەکانی ناو نەخۆشـخانەکە دەزانن، تەرمی خێزانەکەی ماوەیەکە ون بـوون، تەرمەکانیـان دۆزراوەتەوە، دەزانن لە تەشـریحە، نەرم نـەرم یەکێکیان دەگاتـە کن پیاوەکەی کلیلی ژوورەکەی پێبوو.

دەیزانی قسـەی ناشـکێنێت، داواکەی جێبەجێ دەکات، بۆ دیتنی مردووش ترسـی لەسەرە؟ بۆ خۆ مردوو قسە ناکات؟ نابینێت؟ دەست ناوەشێنێت؟ توانا و دەسەڵات و سـامانی نییە؟ بۆ لێیدەترسـن! کابرا دەترسـا و نەدەترسـا، دەیکرد و نەیدەکرد، بـەڵام دڵـی خاوەن تەرمەکانی رازیدەکرد، بە ژنە سسـتەرەکە دەڵێت، لەجیاتی ئەو بە هەموو سستەرەکانی عەنکاوە دەڵێت:

دەزانم تەرمی زۆریان هێناوە، گوللەبارانکراون.

تەرمـەکان شـێواون، کـیژ و ژن و پیاوێکیـان لەگەڵـە، تەنیا یـەک پیاویان لەگەڵ هاتـووە: پیاوەکـە خۆی بەگەڵـداوە، مردووە و کـوژراوە تا ژنەکان، لـەو کاروانە، لەو جەهەنەمە نەترسـێن. ئەوانـەی بەکۆمەڵ کوژرابـوون کۆرپەیەکیان لەگەڵ بوو، تـا کیـژەکان، ژنەکان پێی بخافڵێن. مەحەلەبی و شـۆربا و سـیرالاکی بۆ بگرنەوە، هەموویان بەیەکەوە، لەسـەرپێ و ئامادە خزمەتی بکەن.

چـاوەڕوان دەبـن، ئەگەر گەورە بـوو قژی دابهێنن، نینۆکی بکـەن. ئەوان رازین، با شـەوانەش بگرێت، لـەو غەریبییە بۆ ئەوان ئاوەدانییە، دەنگـی تاقگەیە! پیرەکەش باشە لەگەڵمانە، دەمانپارێزێت. چونکە ئەو زۆر بەئاسمانەوە بوو، لەسەر عامودەکانی تەلەفۆناتـی هەولێـر بووە، لەوێ کرێکاری وایەر و فنجانەکان بووە، ئاسـاییە بفڕێت و هەواڵی ئێمە بباتە لای سـۆران، ئەو بە تفەنگەکەی تۆڵەمان بکاتەوە، دەربازمان بـکات. چـوار کیژەکـەی خوێندکاربـوون، دایکیـان لەگەڵـە، بۆیە لەوێ ناترسـن، پشـتیان بەهێزە، جوان بۆ مەکتەب بەرێیان دەکات، ئامۆژگاریان دەکات و گەرمیش دەیاندەپۆشێت.

منداڵە تەمەن چل ڕۆژییەکەش دایکی لەگەڵە، ئەو بۆی دەبێتە شیری سپی و گەرم

و سـێبەری ئەسـمەر و فێنکیش! هەر ئەویش دەزانێت سۆران، باوکی لەکێیە و کەی دەگەڕێتەوە.

***

کابـرا نەرم نـەرم، کلیلەکە لەنـاو کونی دەرگاکـە دەنێـت، زۆر بەوریایی، دەیەوێ دەرگا ئاسـنە رەساسییەکەی تشـریحەکە بکاتەوە. لەسەرخۆ، نەوەک مردووێکی تر، پیاوەکـەی دوو رۆژە، لەنـاو جەرگەی بازاڕ، فایلێکی لە دەسـت بووە، بەپەلە بەرەو دائیرەیەک چووە، لادایەک ئیستۆپی نەماوە و لێیداوە. کابراش سەری بە چیمەنتۆی شۆسـتەکە کەوتووە، پاش دوو سـەعات مردووە، زۆریش دڵنیایە کە مردووە، ئینجا لێـی دەترسـێت. دەترسـێت، نـەوەک ئەو خەبەر لـە کابرا بـدات. بەمردوویی زاری بجوولێت و بڵێت:

من ئاگام لێبوو، کابرای بەرپرسـی تەشـریحەکە، پیاوە لاوازەکە، ژنێکی سسـتەری هێنایە ژوورەوە، ژنەکە بۆنی خۆش بوو، باڵابەرز و خاوێن و سپی سپی بوو، هەموو تەرمەکانی ناو قاوشـەکەی پێنیشـاندا. ئەویش هەموو مردووەکانی دەناسـی، ناوی هەمووانی دەزانی، بەڵام وابزانم ناوی منداڵە سـاواکەی نەدەزانی، دیارە منداڵەکە لە عەنـکاوە لەدایکنەبـووە، ئەو و خەڵکی عەنـکاوە نەیانزانیووە بووکەکەی پلە نێرگز، ژنەکەی سۆران لەدەرەوە منداڵی بووە!

سسـتەرەکەی مامانی بووە باسـی نەکردووە، نەوێراوە لەلای کەس ئەوە بدرکێنێت، کـە ئەو رۆژێکیان لەسـەر راسـپاردەی نێرگز و لەگەڵ پیاوێـک چوویتە ناو خێزانی گەڕەکێکی هەولێر، لەوێ سێبەر ژانی لێبووە، منداڵی دەبوو، من مامانی بووم، ناوی سۆران و «هەتاو»ی خوشکی دەهێنا، چاودێریم کرد و ناوکی کیژەکەشم بەپیرۆزیی حەزرەتی مەسـیح بڕی.دیارە کچەکە، منداڵی ژنەکە بووە، بۆیە منداڵەکە چاوەکانی ئاراسـتەی سـینگی ژنە گەنجەکە کردبوو، داوای شـیری کردووە، دەستیژنەکەش بۆ کیژەکـە درێژکرابوو، وەک ئەوەی بیەوێ پێیبڵێت: مەگری ئێسـتا تاقەت و شـەنگم دێتەوەبەر و دەتهێنمە سەرسـینگم و شـیرت دەدەمێ، بشـمرم مەمکەکانم شیری بۆ تۆ پێیە!

کابرا گومان دەکات، کە کلیلەکە لەناو کوونی دەرگاکە رادەکات، نەوەک مردووێکیتر، بۆ حیسـاب و سـەرپردەکەی سـیرات بەرزیبکەنەوە، هەڵبستێت، قسـەی پێناکرێت

دەترسـێت، هەموو کردەوەکانی ژیانی وەک فیلم دێتەوە پێشچاو، دەرئەنجام ئایا بۆ کام دەروازەی دەبەن، بەهەشت یان دۆزەخ. ئەو ئەگەر بزانێت ژنێکی دیانی عەنکاوە هاتووە کوژراوەکان بناسـێتەوە. سسـتەرێکی چاوگەش و دڵ بەژان هاتووە هەواڵی کوژراوەکان بباتەوە کڵێسـا و شـەقام و ماڵەکانی عەنکاوە! ئەو قسەیەک بکات، بەر لەوەی بیبەن بۆ سـەر پردی سـیرات، «پردە باریکە نەرمە شـلە ناسکەکە»، وەک دوا پێناو و نوزانەوە ئەوەش بکات، زمان لە کوژران و بوونی تەرمی مەسـیحییەکان بـدات، تا لەوێ لە گوناهەکانی خۆش بن!

❊❊❊

کارمەندەکانی ئەو نەخۆشـخانەیە ئازایەتی زۆریان دەنواند، نەدەترسان دکتۆرەکان، فەراش و سسـتەر و برینپێچەکانیان، لەوێ «نەجیبە» دەرزی دەداتە کەسـێک، بێ ئەوەی باشـی بناسێت. لەوێ دکتۆرێک قبووڵ ناکات، خوێنی بانکی نەخۆشخانەکە، بنێرنـە نەخۆشـخانەی سـەربازی و بەرەکانـی شـەڕ، رووبـەڕوو بـە نوێنەرەکـەی نەخۆشخانەی سەربازی دەڵێت:

ئەو خوێنە بۆ نەخۆشـەکانی ئەو شـارەیە! خوێنی خەڵکی خوێنبەخشی خۆمانە، بۆ خۆمانە!

ئەفسـەرەکە، بڕییە سـەربازییەکەی لەسـەر مێزی دکتۆرەکە هەڵدەگرێت، تووڕە و نارەحەت لە ژوورەکەی دەچێتە دەرەوە، تا دەگاتە لاندکرۆزە خاکییەکەی و دەرگای پشـتەوەی بۆ دەکەن، هەر ورتە ورتە بوو. جنێووش دەدات.

❊❊❊

سستەرەکەی تەمەن و ئەزموون و نازداری و دڵسۆزی لێدەباری «زوو باوکی نەخۆش دەکەوێت، تا دەمرێت بەئیفلیجی ژیابوو. لەبەر ئەو کیژەکە بیر لەوە ناکاتەوە شـوو بکات، دڵی بکاتە پەپولەیەکی ناسـک و باڵ رەنگین بەیەخەی کوڕێکی عەنکاوەیی. ئەو خەریکی پەروەردەکردنی خوشـک و براکانی دەبێت، کە ژمارەیان شـەش کەس بـوو. کـە ئـەوان گەورە دەبن، ئیتر بیر لە هاوسـەرگیری و عیشـق و منداڵی ئەوان دەکاتەوە، نەک سـۆز و جەسـتە و شـەو و رۆژەکانی خۆی»، بە سستەرەکانی تر،

هەموو ئەوانەی چاوەڕوان بوون، دەگریان و فرمێسک لە چاوەکانیان نەدەکەوتە سەر روومەت و دواییش ســەر سەدریە سپییەکەی بەریان، دەڵێت:
چوومــە ژوورەکــەی تەشــریح ـــژوورەکەی دەکەوێتــە پەرگەیەکی نەخۆشــخانەکەـــ لــەوێ هەمــووم بینی، تەرمەکان لەوێن، داپۆشــراون، شــوراون، گوللــەی زۆریان لە ســەریانداون. دیارە چەند رۆژێکە کوژراون، فڕێدراون، ئەوەیان بەجەستەوە دیارە!
بەڵام! منداڵەکە، خەوی لێکەوتبوو،شــوێنی گوللەکانی جەستەی ئەوم نەبینی. دیارە کــە دایکی دەکوژن، هەســت دەکات، رادەچڵەکێت یەکســەر گیانی دەرچووە «بۆیە ئەو،شــوێنی گوللە و برینی لە جەستەی نەبینیووە».
دایکیشــی شــوێنی گوللەکانی پێی کوژراوە دیار نەبوو،ئەویش ژنەکە، «سێبەر»یش بە کوشــتنی منداڵە تەمەن چل رۆژییەکەی، یەکسەر مردووە، بەو کۆستە ژنەکە زوو دەمرێت «بۆیە ئەویش، شــوێنی گوللە و برینی لە جەســتەی نەبینیووە»!.
دایکەکە، «نێرگز» گوللەی پێوە نەبوو، سینگ و سەر و هەناوی شەق شەق نەببوو، چونکە کە دەزانێت، کە دەبینێت چوار کیژە جحێلەکەی دەکوژن، ئەو یەکســەر دڵی دەوەســتێت و دەمرێت «بۆیە شــوێنی گوللە و برینی لە جەستەی نەبینیووە».
ئەوانیــش، کیژەکانــی خوێندکاری ئامادەیی و ناوەندی بوون، گوللەی ســووریان لێ خەســار ناکــەن. یان ببــوورن وا نەبــووە، کیژەکان کــە دەبینن، نێرگــز، دایکیان، ژنەکــەی بــۆ گەورەکردنــی منداڵەکانی ســەدان حەســیری بۆ فرۆشــتن چنیبوو، تا بــە پــارە کەمەکەی نان و دوورینی ســەدریەی مەکتەبیان پەیــدا بکات. رۆژانە، زوو دەیــان بزن و مەڕی دۆشــیوە. ئەوان ســیس دەبــن، قژیــان هەڵدەوەرێت و دەمرن «کیژەکانیش بە بینینی مەرگی دایکیان دەمرن، بەیەکەوە هەناســەیان دەوەســتێت، چاویــان دادەخرێــت، دڵیــان دەکەوێت، بۆیە شــوێنی گوللە و برینی لە جەســتەیان نەبینیووە»!.
باوکیــان، لــە خەفەتــی بــووک و نەوەکــەی، بۆنــی نێرگزەکەی، چــوار کیژەکەی و بێ سەروشــوێنی سۆران، پڕیداوەتە کلاشــینکۆفی ئەوەی ویستوویەتی گوللەبارانیان بکات، ئەویش سی گوللەی کلاشینکۆفەکەی لە هەناوی بەتاڵکردووە، «بەڵام ئەویش گوللەی بەجەســتەوە نەبووە، چونکە لە داخی کۆمەڵکوژییەکە، سەرگەردانی سۆران و کوشــتنی بەدەستی خیانەت، یەکسەر دڵی بەردەبێتەوە، لە دەمارەکانی دەپچڕێت و دەمرێت»!.

هەموویان دەمرن کە سـێبەر، ژنەکەی ببوو بەچەتر، بە رەشـەباکەدەکەوێت، هەتاو رووتیـان دەکاتـەوە! هەموویـان یەک جەسـتە و هەناو و هەناسـە بـوون، دەمرن، دەکوژرێـن، گوللەباران دەکرێن، فرێدەدرێنە ناو بیرێکی ئاقاری گوندی مەچلوبە.
یـان یەک یـەک وەک کوڕەکانی شـمۆنی لەبەردەم دایکیـان دەکوژرێن، دەمرن، کە دەزانـن «سـۆران» نەمـاوە. سسـتەرەکە. بریـن و زام و شـەقبوون و هەڵدڕان و کونبوون لە جەستەی مردووەکان نابینێت، چونکە هەردووکیان، ئەو و کارمەندەکەی تەشـریح بەپەلە سەیری لاشـەکان دەکەن، لە کەسایەتی و ناسنامەکەیان دڵنیادەبن و دەچنە دەرەوە.

***

بەیانییەکـەی رۆژی یـازدەی ئـازاری ١٩٩١، سـۆران لەگەڵ سـەرکردایەتی راپەڕین دەگاتەوە ناو هەولێر. هەر ئەورۆژە عەسرەکەی،بە لاندکرۆزەرێکی سپی، لەگەڵشەش گەنج، دوویان سـەرکۆت، دەگاتەوە ناو عەنکاوە. شـارەکە دووکەڵی هەموو شـکان و شـەڕ و پەلامارەکانی سـەر دەزگاکانی حکومەت: ئۆردی، مەرکز تەدریب، قاتیعی جیش شەعبی، مەنزومە، فڕۆکەخانە سەربازییەکە، نەخۆشخانەی سەربازی، فەیلەق، جبەخانەی رەشـکین، مەخفەری پۆلیسی عەنکاوەی لەسەر نیشتبوو.
لەبـەردەرگایماڵەکەیـان هەموو لێـی کۆدەبنەوە، خەڵکی کۆڵانەکـە، پێش دایکی، باوکی، خوشکەکانی، خەڵکەکە: مام سلێوە، مامۆستا جان، دادە کارینا، رۆز، جنان، دنحـا، سـەمیر ماچی دەکەن، بە زمانی کلدانی، عەرەبـی و کوردی بەخێرهاتنەوەی دەکەن.
ماچـەکان تەواو دەبێـت، هەندێکیان دەڕۆن و ژمارەیەکیش بـۆ ئەوەی بۆنی بکەن، سـەیری بکەن، چاوەکانی ببینن، تێبگەن بزانن ئەو کوڕە چۆن چەند ساڵە، چەندان جار هاتووتە ناوشـار و چالاکی ئەنجامداوە و سـەلامەت گەڕاوەتەوە! ئەوان، هەموو خەڵکی هاتبوون دەستەکانی ئەو ببین، چاوەکانی ببینن، بزاننچەند تفەنگ و دەمانچەی پێیـە! بزانن، چەند جار بریندواربووە، دەیانەوێ بزانن سـۆران، عەبدولمسـیحەکەیان باڵـی هەیە، حـەوت رۆح بـووە، دووربینە، شـانی قەڵاتە، چـاوی دەریایە، دەنگی بروسـکەیە، پشـدێنی دارسـتانە، ئەو تەم یان سـێبەر بووە، خەون یان هەڵم بووە، خەیـاڵ یـان واقیع بووە، ئەدی چۆن هاتووتەناوشـار و گەڕاوەتەوە، تەقەی کردووە

و دەربازی بووە.

❊❊❊

ئـەو چەکەکـەی دادەنێت، سـەیرێکی دیـواری ژوورەکـە دەکات، کەرەوێتەکە، دوو کورسـییە فافۆنەکـەی بە وایەری نایلـۆن پێچرابووەوە، دەسـت دەداتە چەند کۆنە کتێبێکـی سـەردەمانی خـۆی و براکانی، لە دەلاقەکە کەسـاس شـانیان بەیەکتری دابوو، لەمێژبوو بەیەکەوە قسەیەکیان نەکردبوو، نەجوولابوون، دێرەکان، لاپەڕەکان چاو و دەسـتیان بەسـەردانەهاتبوو، ئەو هێشتا بەپێوەبوو، بە دایکی دەڵێت:
دایە، نێرگزەکەم، لەدوێنێ ئێوارەوە هیچی وامان نەخواردووە، برسیمانە، تینوومانە، پیسـین، ماندووین، بەڵام دڵمان خۆشـە، کامەرانین.دایکە، خۆشتریشـدەبوو ئەگەر سـێبەر و ژاڵەش دەگەیشـتنەوە عەنکاوە،دەزانی نێرگز چاوی ژاڵەمان بە چاوەکانی تۆ دەچێت.
_ کوڕم وەختە بۆیان شێت بم، ژاڵە چۆنە! «ژنەکە لەو گرانی و نەبوونییە نازانێت چ بـۆ ئـەو میوانە نازدارانە سـازبکات، ئەوانـەی چەند سـاڵە چاوەڕوانیان دەکات. چونکـە کوڕەکـەی بەس بە شـەو، لەپەنا و لەناو ماڵ و لەکـن خەڵکی دیویەتی، وا لەنـاو ماڵـی خۆیان لە حەوشـە گەورەکەیان، هاتووتەوە، قیت و زیندوو وەسـتاوە، چـوار گەنجیشـی لەگەڵـە، بەو دەمـە، چییان بۆ سـازبکات، گۆشـتیان لەکوێ بۆ پەیدابکات، شار و دووکان و قەساب نەماوە، راپەڕین بێت گۆشتفرۆش دەبێت! شار نەبێت روون و سـەوزە لەکوێ دەبێت!».
_ دایکـە، نێرگـز ژاڵـە گـەورە بووە، بە کلدانـی و بە کوردی قسـە دەکات! چاوی بەچاوەکانی تۆ دەچێت.
_ بۆ لەگەڵ خۆت نەتهێنا.
_ دایکە نەمانزانی حکومەت وا فشۆلە، بەزیوە، هیچی نەماوە، بەچەند رۆژێک هەموو وڵاتەکـە رزگار دەکەیـن و دەگەینە عەنـکاوە. ئێمە ئـەوە دوو هەفتەیە بەڕێوەیەن، ماندووین، کارمان زۆرە: چەک و راپەڕین و لێبووردنی گشـتی و ئازادییمان هێناوە!
_ کـوڕم، هەناوی گەرمم، بەخێربێتەوە، لەمێژە چاوم لە دەرگا بوو.

❊❊❊

ئەگەر تفەنگ و دەست و چالاکی هاوڕێیە خائینەکەی نەبوایە، سۆران ڕۆژی یەکەمی ڕاپەڕین، سـەعاتی یەکەمی بەیانییەکە لەگەڵ یەکەم دەسـتریژی تەقە، دەگەیشـتە ناوشـار، چونکـە ئـەو دوور نەبوو، پشـدێنی نەکردبووە، تفەنگی پێبـوو، بەردەوام چەکـدار بـوو. فیشـەکی هەبوو، هەمـوو دەزگاکانیش شـارەزا بوو، زۆر لەناوشـار دەمایەوە، زۆر گەڕەک و ماڵ و شـوێن شـارەزا بوو، بە سواری ئۆتۆمبێل و ماتۆر و پاسـکیل و بەپیادەیی شارەکەی پشکنیبوو.
دەهات و عەسـرەکەی ئەو ڕۆژە، سۆراندەگەیشـتەوە عەنکاوە، بۆنی نێرگزی دایکی دەکرد «دایکی، ژنەکەی بە برسـیەتی و ماندووبوون و کارکردنیش هەشـت منداڵی گەورە کردبوو، هەموو وەرزەکان، بێ باران و سـێبەر و خوناویش هەر نێرگز بوو».
لەوێ چاوەڕوانی دەکرد سێبەر و ژاڵەی کچی بگەڕێنەوە، ژنەکە ماوەیەک لە شەقڵاوە لە ماڵی باوکی دەمایەوە، دوایی دەهاتە عەنکاوە. ئەگەر دەسـتی خیانەت، بۆ سـەد دینار و تفەنگێکی کۆن نەیدەکوشـت، ئەو بە کەمین و دوورەتەقە و پەلامار و لوغم نەدەکوژرا، دەمایەوە و دەگەیشـتەوە عەنکاوە. زیندوو و سەرکەش دەگەڕایەوە.

***

سـۆران سپێدەکەی ڕاپەڕینپێشـەنگ دەبوو و دەهاتەوە،نەکپاش ڕاپەڕین، کە بەرەی کوردسـتانی، حزبەکان دەسـەڵات، گومرگیـان دەکەوێتەدەسـت و پارەیان دەبێت! حزبەکەی بەر لە شـەڕی ناوخۆ، لە دەروازەی شـارەکە بەرامبەر خاچەکەی لەسـەر کڵێسـاکە بەرزکراوەتەوە، دیواربەندێکی بیرەوەریی و شانازی بۆ دەکەن، تێدا:
وێنەی ئەو، بەسمێڵی ڕەش، بەچاوی جوان، بەجلی خاکی بەکەتافیە و قژە نەرمەکەی، بڵند و ڕووناکدەنەخشـێنن و دایدەنێن. دواییش لەگەڵ ڕیسـواییەکانی شەڕی ناوخۆ، کـە ئـەو هەرگیز تەقەی تێدا نەکردبوو، دیواربەند و وێنەکەی هەڵدەگرن.
نێرگزی دایک و مام پۆلسی باوکی، پیاوەکەی نیوەی تەمەنی بەسەر دارتێلی عامودی تەلەفۆنەکانی هەولێر، بۆ کارکردن و نانێکی شـەریف ماوەتەوە، هەردووکیان خۆیان بە دیواربەندەکە دەگرن، تا نەڕووخێت و نەسووتێت و هەڵنەگیرێت. دیواربەندەکەی شـەهید سـۆران، لەدەروازەی شـارەکەی: بۆنـی بەرائەت و سـادەیی و کارکردن و عـەرەق و جوانییەکانـی لێدەهـات، وێنەکە هەڵدەگرن و عەنکاوەییەکان دەترسـن و

قســـەیەک ناکەن.لەودەمانـــە مەترانیش لـــەدەرەوەی وڵات بوو، شـــەویش بوو، لەوێ دووبارە ســـۆران بە غەدر و ناحەقی شەهیددەکەنەوە!

**کۆتایی**

## شێرزادهەینی

لە سالّی١٩٥٥لە هەولێرلەدایک بووم،بەشیرووپێویلەئامۆژگەیتەکنەلۆژیایبەغداتەواوک ردووە، تالەوڵاتدەرچووملەشـــارەوانییهەولێر فەرمانبەر بووم. ئێستالەنێوانهەولێروست ۆکهۆلمدەژیم.

رۆمانـــی هەولێـــر بەردەوامە، ئەوە بەرگی نۆیەمە، هیوادارم دە بەرگی تەواو بکەم.

لەو ســـاڵانەی خەریکی نووســـینم، ٧٧ کتێبم لە نووســـین و وەرگێڕان و ئامادەکردن چاپکـــردووە، ١٥ کتێبی ترم ئامادەی چاپە.

لە ســـالّی ٢٠١٧ ئەو کتێبانەم چاپکردووە:

هەولێر قەرەچوخ رۆمان

پاسپۆرت گەشتنامە

ژنە کافرەکە رۆمان وەرگێڕان.

ژنە یاخیبووەکە رۆمان وەرگێران.

دێڵەگورگی خۆشەویســـتی و کتێب رۆمان وەرگێڕان.

## چاپکراوەکانم:

١. لە یادی سـەد سـاڵەی شارەوانیدا، ١٩٨٥ کتێبی"هەولێر"م ئامادە و چاپ کرد.

٢. هەر لە شـارەوانیدا لە سـاڵی ١٩٩٤ دا، ١٢ ژمارەی ڕۆژنامەی"هەولێر"م دەرکرد.

٣. کـەلاوە، ١٩٩١ ریپۆرتاژ، بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر.

٤. دیوەخانـی فلیـن، ڕۆژانەیە، لە ١٩٩٩ لە ڕۆژنامەی "ئاڵای ئازادی"ی بڵاو کرایەوە.

٥. هەولێـر تا دبلن ٢٠٠٠ ریپۆرتاژ، زانکۆی ئازادی بەرلین.

٦. بەغدا بۆ هەولێر ٢٠٠٠ ریپۆرتاژ، سـوید و سلێمانی.

٧. مەملەکەتی فارگۆنەکان، ٢٠٠١ ریپۆرتاژ، سـلێمانی.

٨. کاکە، ئەبو ئیسـماعیل ٢٠٠١ ، سلێمانی.

٩. بەسـەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو ٢٠٠١ ڕۆمانی گابریل مارکیز.

١٠. ڕێگای دوورم بۆ ئازادی، نیلسـۆن ماندیلا، وەرگێڕان. دەزگای موکریانی.

١١. سـارد یان گەرم "١٢" ریپۆرتاژ بوو، لە ڕۆژنامەی "هەواڵ"ی سـلێمانی .

١٢. فارگۆنـەکان، لە دەزگای بەدرخان لە هەولێر ٢٠٠٥ بڵاو کرایەوە.

١٣. مەملەکەتی کەلاوە، وەک نامیلکە / وەزارەتی ڕۆشـنبیری لە هەولێر بڵاو کرایەوە.

١٤. کۆریا پێناسـە و مێژووی کۆریای باشـوور، لەخانەی وەرگێڕان/ لە هەولێر ٢٠٠٧.

١٥. هولۆکۆسـت...وەرگێڕان ... سەنتەری نما هەولێر ٢٠٠٧.

١٦. دوو پرێنسیپسـی نازداری بێناز، دیانا و ماسـاکۆ... هەولێر/ دەزگای ئاراس ٢٠٠٨.

١٧. مارتن لۆســەر، بەشـێکە لە کتێبی ناتوندوتیژی ١/ سەنتەری مەسە لە هەولێر ٢٠٠٨.
١٨. بەرەو کۆشــکی ئالیزی، شـیراک، روایال، سارکۆزی/ و: خانەی وەرگێڕان ٢٠٠٨
١٩. ســێکس و پۆلیتیک،دیوێکە لە ژیانی دبلۆماتی فەرەنســای نوێ/ و: سەردەم ٢٠٠٨
٢٠. تەها حوســین، نابینایەکی بینا/ دۆســیەیەک لە گۆڤاری نما ٢٠٠٨
٢١. ٩٥٥ دەقە لەگەڵ شـێرکۆ بێکەس دیمانە/ دەزگای نما ٢٠٠٨
٢٢. دۆلار لــە ئەمریکا، دووبابەتی ئابوورییە/ و: دەزگای ئاراس ٢٠٠٨
٢٣. مەجبوور، ســەربردە و ریپۆرتاژە سلێمانی ٢٠٠٨
٢٤. من ڕۆژنامەنووســم، جاسووس نیم، وەرگێڕانخانەی وەرگێڕان/ سلێمانی ٢٠٠٩
٢٥. مۆســاد وەرگێڕان لە بڵاوکراوەکانی ئاوێرچ ١ و٢و ٣/ هەولێر ٢٠٠٩، ٢٠١٠
٢٦. دانپێدانەکانــی حاجی پاولۆ/ لە بڵاوکراوەکانی ئاوێر هەولێر ٢٠٠٩
٢٧. ترێنــە خێرایەکی خۆرهەڵات/ وەرگێڕان: دەزگای موکریانی ٢٠٠٩
٢٨. نهێنییەکانی سندووقەڕەشــەکە، وەرگێڕان/ وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠٠٩
٢٩. کاکە ئەبو خەلیل، بەســەرهات/ ڕەخنەی چاودێر سلێمانی ٢٠٠٩
٣٠. برادەرە جوانەکە، ڕەشـیدە داتی/ دەزگای ئاراس وەرگێڕان ٢٠٠٩
٣١. ســارا پالین ژنێکە دەرچوو لە نەریتەکان، وەرگێڕان/ دەزگای ئاراس ٢٠١٠
٣٢. دەســەڵات و نەخۆشی/ وەرگێڕانخانەی وەرگێڕان سلێمانی ٢٠١٠
٣٣. سیاســەتی دڵ، وەرگێڕان/ دەزگای ئاراس ٢٠١٠
٣٤. جیهان لە دیدی کۆشــنێر، وەرگێڕان/ دەزگای نما ٢٠١٠
٣٥. ســیڤییەکان ١ وەزارەتی رۆشنبیری، کۆمەڵە دیدارێکە/ ٢٠٠٢ _ ٢٠٠٩
٣٦. گەشــتێک بەرەو ئەوروپای نوێ دەزگای ئاراس/ وەرگێڕان ٢٠١٠
٣٧. حیکایەتەکانی غەدر و خوێن وەرگێڕان/ خانەی وەرگێڕان ســلێمانی ٢٠١٠
٣٨. چیرۆکێک لە خۆشەویســتی و تاریکی/ وەرگێڕان ئاوێر ٢٠١١ هەولێر
٣٩. تووتنەوانەکــە ڕۆمان، وەرگێڕان/ ئاوێر ٢٠١١ هەولێر
٤٠. ئەســتێرە سەرگەردانەکە ڕۆمان وەرگێڕان/ ئاوێر ٢٠١١ هەولێر
٤١. دەربازبوون وەرگێران/ دەزگای ئاراس ٢٠١١
٤٢. مافیا دەوڵەتی ســامان و خوێن/ دەزگای ئاراس ٢٠١١
٤٣. ســیڤییەکان٢ کۆمەڵێک ڕاز و دیمانە، وەرگێڕان/ وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١١
٤٤. کازیوە، ژنەکەی ناو فەیســبوک، نۆڤلێت/ دەزگای نما ٢٠١١

٤٥. غانـدی، چیرۆکـی ئەزموونەکانم لەگەڵ هەقیقەتدا/ ، ١،٢، ٣ ئاوێر٢٠١١، ٢٠١٣

٤٦. سـەگەکان لە ریگا، ڕۆمان وەرگێڕان ئاوێر ٢٠١١

٤٧. غـاردان بەدوای گورگەکاندا، ڕۆمان، وەرگێڕان، ئاوێر٢٠١٢

٤٨. سـیڤییەکان٣ کۆمەڵە ڕاز و دیمانەیە وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١٢

٤٩. دەسـەڵاتی دوو ژن ئیلیزابیتی دووەم و ئەنجیلا میرکل، بەدرخان ٢٠١٢

٥٠. چراکانی ئۆرشـەلیم، وەرگێڕان ڕۆمان، ئاوێر ٢٠١٢

٥١. شۆرشـەکانی جیهان ئامادەکردن، ئاوێر ٢٠١٣

٥٢. هەولێر، ئیبنی مەسـتەوفی، ڕۆمان/ مەڵبەندی گشتی نووسەران ٢٠١٣

٥٣. هەولێر،سـێتاقان، ڕۆمانخانەی ئەربیل/ ٢٠١٣

٥٤. گێلە، دۆستویڤسـکی، وەرگێڕان/ ڕۆمان ئاوێر ٢٠١٣

٥٥. زسـتانی خێزانەکە، وەرگێڕان ڕۆمانخانەی وەرگێڕان/ سلێمانی ٢٠١٣

٥٦. کەسـایەتە مەزنەکانی جیهان، دەزگای نما/ هەولێر ٢٠١٣.

٥٧. سـیڤییەکان ٤ کۆمەڵە ڕاز و دیمانەیە/ وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١٣

٥٨. رێنسانسـی ئەورویا مێژوو، وەرگێڕان/ ئاوێر ٢٠١٣

٥٩. چرکەسـاتی حیکمەت. فەلەکەدین کاکەیی وەرگێڕان/ وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١٤

٦٠. هەولێـر تەعجیل ڕۆمان بەرگی ٣/ چاپخانەی زانکۆ ٢٠١٤

٦١. حەلاجیـات، فەلەکەدین کاکەیی وەرگێڕان/ چاپخانەی ڕۆژهەڵات ٢٠١٤

٦٢. بۆ ئامێزێکی بۆنی تۆ ڕۆمان وەرگێڕان خانەی وەرگێڕان/ سـەنتەری نما ٢٠١٤

٦٣. دەریاوانـە خنکاوەکـە ڕۆمان، گابریل مارکیز چ ٢ لە بلاوکراوەکانی/ م. چینی ٢٠١٥

٦٤. هەولێـر تەیراوە ڕۆمان/ چاپخانەی زانکۆ ٢١٠٥

٦٥. ٩٥٥ دەقیقە لەگەڵ شـێرکۆ بێکەس، چ٢، دەزگای/ جەمال عیرفان ٢٠١٥.

٦٦. هەولێر چۆمان ڕۆمان/ ٢٠١٥

٦٧. هەولێر سـەعدی گچکە ڕۆمان/ ٢٠١٦

٦٨. کودەتایەکـی ڕۆحی، فەلەکەدین کاکەیی وەرگێڕان/ ٢٠١٦.

٦٩. گوڵەکان بۆ کێ دەپشـکوێن فەلەکەدین کاکەیی وەرگێڕان/ ٢٠١٦.

٧٠. پایەمەکانی ژێرزەوی دۆستۆیڤسـکی رۆمان وەرگێڕان/ ئاوێر ٢٠١٦

٧١. ددانپێدانان خودا لە کوێیە؟ ماکیسـم گۆرگی رۆمان، وەرگێڕان/ ئاوێر ٢٠١٦

٧٢. هەولێر سەفین، رۆمان ٢٠١٦

٧٣. ژنێک پرچم ڕەش دەکاتەوە، شـیعر ٢٠١٧
٧٤. سـەربازانی سالامینا، وەرگێڕان دەزگای ڕۆسا/ هەولێر ٢٠١٧
٧٥. دێڵەگورگی خۆشەویسـتی و کتێب، ڕۆمان وەرگێران، ئاوێر/ هەولێر ٢٠١٧
٧٦. ژنە یاخیبووەکە، ڕۆمان وەرگێڕان ڕۆسـا/ هەولێر ٢٠١٧
٧٧. ژنـە کافرەکە، ڕۆمان وەرگێڕان دەزگای م. زامدار/ هەولێر ٢٠١٧
٧٨. بەرگـی نۆیەمی ڕۆمانی هەولێر/ عەنکاوە ـ هەولێر ٢٠١٨

## ئامادەی چاپ:

١. پاییزە ساڵ، تۆماری ڕووداوەکان ٢٠٠٩

٢. گەرمێن و کوێســتان، یادەوەری و سەفەرەکانم

٣. حەریمەکانی ســوڵتانی عوسمانی، ئامادەکراوە

٤. کڵێســا لە مەملەکەتی ئورشەلیم، وەرگێڕان

٥. لەســەر پشتی حوشترەوە لە دیمەشق تا حائیل، وەرگێڕان

٦. ســیڤییەکان ٥، ئامادەکردن و وەرگێڕان

٧. ژن لە ژیانی کاســترۆ، وەرگێڕان

٨. کوبا لە ســەردەمی گەمارۆکە، گابریل مارکیز

٩. هەشــتا ســاڵ لە غەدر و خوێنی ئەخوان لە میسر، وەرگێڕان

١٠. نیکۆس کازانتزاکیس لە میســر، وەرگێڕان

١١. منداڵی دیکتاتۆرەکان، وەرگێران

١٢. ژن لــە ژیانی دیکتاتۆرەکان، وەرگێڕان


١٣. ژنە یەکەمەکە، ڕۆمان وەرگێڕان

١٤. ژنــە قەرزاری لەبیرکردنەوەیە، ڕۆمان، وەرگێڕان

**ئەوە بەرگی نۆیەمی ڕۆمانی هەولێر کۆتایی هات،**
**بە هیوای بەرگی دەیەم**

رواية

اربيل - عينكاوة ج 9



Ankawa Novel 9

# Hawler

Sherzad Heini

Erbil 2018